**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٣

**١٩٩٩ - بەرگی بیست و سێ**

---

چاپی یەکەم ٢٠٠٠

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵەكان - ٢٠٠٠/ بەرگی بیست و سێ

چاپی یەكەم: ٢٠٠٠

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ـــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە یەک ـــــ ل١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دوو ـــــ ل٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە سێ ـــــ ل٥١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە چوار ـــــ ل٧٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە پێنج ـــــ ل٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە شەش ـــــ ل٩١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە حەوت ـــــ ل١٠٣


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە هەشت ـــــ ل١٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە نۆ ـــــ ل١٤١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دە ـــــ ل١٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە یازدە ـــــ ل٢٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـــــ ل٢٦٩



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٦/٣/٢٠٠٠

خولی یەکەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٦/٣/٢٠٠٠

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٦/٣/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (دەسپێک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی کار:*
*بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٦/٣/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*
*١- وتاری کردنەوەی یەکەمی خولی دووەمی ساڵی هەشتەمی ئەنجومەن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.*
*٢- بەیانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانەوە.*
*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

**وتاری ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە بۆنەی کردنەوەی دانیشتنی دستپێکی خولی یەکەمی ساڵی نۆیەمی پەرلەمانی کوردستانەوە:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، خولی یەکەمی ساڵی نۆیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەینەوە

زۆر بەڕیز سەرۆکی هێژا کاکە مەسعود بارزانی
بەڕێزان سەرۆک و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران
بەڕێزان لێپرسراو و نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان، میوانە بەڕێزەکان
پەرلەمانتارە بەڕێزەکان

خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان بکەم، ئامادەبوونی ئێوەی بەڕێز لە دانیشتنی دەستپێکی کردنەوەی خولی یەکەمی سالی نۆیەمی پەرلەمانی کوردستاندا مایەی شانازی و سەرفرازیمانە.

**بەڕێزان:**

جێگەی خۆیەتی لەم دەرفەتە مێژووییەدا ئاماژە بە گرنگی و چالاکییەکان و ئەو دەسکەوتانەی پەرلەمان بدەین، کە سەرەڕای بارودۆخی ئالۆزی کوردستان و، لە ڕەغمی ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی هاتوونەتە سەر ڕێگایەوە، یان ئەو هەمسوو هەولی چەپەلی ناحەزانەوە، کە بۆ لە کارخستن و تەنانەت بۆ نەمانیشی دراون، ئەم سەرکەوتووانە بە ئەنجامی گەیاندوون و پەیام و ئەرکەکانی خۆی بەجێهێناوە، پەرلەمانی هەلبژێردراوی کوردستان، کە تاکە سەرچاوەی شەرعییەتە لە هەرێمدا توانیویەتی هەتا کۆتایی سالی هەشتەمی خۆی (٢٦٠ یاسا و بڕیار) دابنێت و پەسەند بکات، کە هەمسووی لە سوود و بەرژەوەندیی هاونیشتمانیان دا و بۆ پتر قایمکردنی پێگەکانی قەوارەکەمان و زێتر چەسپاندنی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان و، هەروەها بۆ بنیاتنان و پتەوتر کردنی دامودەزگا حکومی و غەیرە حکومییەکان دا بوون. دیارە لە هەرە دیارتر و گرنگترین دەسکەوتەکانیشی (بڕیاری جاڕدانی بەیاننامەی فیدرالییەت) بوو، وەک خواست و هەلبژاردەی گەلی کوردستانی عێراق بۆ پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی لەم قۆناغەی ئێستەیدا، کە ئەمەیش مافێکی ڕەواو سروشتی خۆیەتی، کە سەربەستانە شێوازی پێکەوە ژیانی لەگەل نەتەوەکانی دیکەدا لە عێراقێکی ئازادی دیموکراتیی پەرلەمانی و فرە حزبیدا هەلبژێرێت، کە تیایدا دان بە گشت مافە مرۆیی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی دابنرێت و بە پێی دەستوور و یاسا بۆی دەستەبەر بکرێن.

**بەڕێزان**

دنیا لە گۆڕانێکی ئێجگار خێراو تیژڕەودایە، بۆیە بەپێی پێداویستییەکانی قۆناخی ئیمڕۆ، چ لە ناوەوە، چ لە ناوچەکەو لە جیهاندا ڕەوشەکە وا فەرز دەکات هەرچی زیاترە گوڕوتین بە پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان بدەین بە مەبەستی چەسپاندنی دیموکراسی و سەروەریی یاسا و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاساییش لە کوردستاندا، تاوەکو بتوانین بە هەماهەنگی لەگەل باهۆز و ڕەوتی سەردەم و سیستمی نوێی جیهان و پێگەکانی دا کە بریتین لە (دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی) هەلبکەین و خۆمانیان لەگەلدا بگونجێنین، بۆ ئەوەی چیتر لە کاروانەکە زیاتر جێ نەمێنین و دوا نەکەوین، هەر لەم ڕوانگەیشەوە پێویستە لەسەرمان پەلە بکەین و وەک دەلێن قۆناخەکان کورت کەینەوەو هەنگاوی خێراتر و گورجوگۆلتر بهاوێژین بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی گەلانی تر و سیستەمە سیاسییە پێشکەوتوو پەرەسەندووەکان تاوەکو سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان و لە کایەکانی دیموکراسی و گەشەکردنی کۆمەلایەتی و ئابووریی وەربگرین، جا بە ئاکام گەیاندنی ئەم پەیامە هەرە گرنگەش وا پێویست دەکات میکانیزمی پرۆسەی

هەماهەنگی و هاوکاری و هەرەوەزیی نێوان هەردوو دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن لە هەرێمدا زێتر بکەین، هەر وەکو جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی هەمیشە داوای کردووەو جەختیشی لەسەر دەکاتەوە، دەبێ هەردوو دەستەڵات هاوشانی یەکتری لە کاردابن و پێکەوە وەکو دوو دەستەڵاتی تەواوکاری یەکتر هەنگاو هەڵێنن، چونکە لە ڕاستیدا بەبێ هەر یەک لەم دوو دەستەڵاتانە قەوارە سیاسییەکەمان ناتەواو دەمێنێتەوەو هیچ بوونێکی دروستیی نابێت، ئەم پرۆسەیەش وا دەخوازێت لیژنەکانی پەرلەمان زیاتر بە گوڕ بخرێن و پەرە بە کارو ئەرکەکانیان بدرێت و، پەرلەمانتارانیش پتر خۆیان لە هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی گەل بەتایبەتی هەژارو نەدارەکانیانەوە نزیک بخەنەوەو بەردەوام پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئێش و ئەندێشەکانیان بن و لە کرۆکی گرفت و کەموکووڕی و پێداویستییەکانیان شارەزابن و هەوڵ بدەن چارەسەری لە باریان بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێزان**

پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە مەبەستی ئەنجامدانی کارەکانی پەرلەمان و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردناو، هەروەها بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییانەو بۆ گەیشتن بە ئارمانجە هاوبەشەکانەوە، شێواز و ڕێوشوێنێکی ڕوون و ئاشکرای دیاری کردووەو، پەرلەمانی کوردستان پابەندی پیادەکردنی ئەم پێڕەوەی خۆیەتی، هیواو ئومێدیشمان زۆرە، ئەم خولەی پەرلەمان کەوا ئیمڕۆ بە ئامادەبوونی ئێوەی بەڕێز دەیکەینەوە ببێتە دەستپێکی کردنەوەی قۆناخێکی گرنگ و کاریگەری هاوکاری کردن بۆ ئەنجامدانی کارو بەدەستهێنانی بەرهەمگەلی بەپێزو بەردار، هەروەها ئومێد دەکەین لەم خولەدا چەندان پرۆژەی هەمە جۆری وەکو بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی ساڵی ( ٢٠٠٠ ) ،هەروەها یاسای دیوانی چاودێری دارایی و، هەموار کردنی یاسای پارتەکان بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوەو بڕیاریان لەسەر بدرێت و پەسەند بکرێن... ئەمەو لەتەک جێبەجێ کردن و تەواوکردنی زۆر پرۆژەی یاسایی گرنگی دیکەدا و، هەمواركردنی ئەو یاسایانەی لە ئەنجامی پیادەکردندا و یان بە گوێرەی گۆڕانی هەلومەرج و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کوردستان پێویستییان بە هەموارکردن هەیە.

**بەڕێزان**

شایانی باسە ئەوە بخەینەوەیاد چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا ڕێککەوتننامە دوژمنکار وبەدناوەکەی «الجزائر» لە نێوان دوژمنانی کورد و کوردستان مۆرکرا، لەو کاتەوە چەندین گۆڕانکاریی گرنگ وئەزموونی تاڵ و شیرین بەسەر گەلەکەمان و، بزاڤەکەماندا هاتونەتە کایەوە و، مەوداو مانای خۆیان وەرگرتووە، ئەو ڕێگا بیست و پێنج ساڵەیەی پڕ لە سەروەری و فیداکاری و خەباتە، ئەو ڕاستیەی سەلماند کە خەباتی گەلی کوردمان ڕەوایە و، ڕێگای کوردایەتی و ڕێبازی پارتی و بارزانی ڕێگای ڕاستە، ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆمان گەورەترین بەڵگەیە و

شۆڕشی گولان و راپەڕینی مەزنی گەلەکەمان لە ئاداری ١٩٩١دا کە لەم رۆژانەدا بە شکۆدارییەوە یادی دەکەینەوە، هەروەهاپەرلەمان وحکومەتی کوردستان چاکترین وەلام بون بۆ ئەو رێککەوتنە شوومە.
هەر لێرەوەش هەزاران درووود و چەپکە گولی وەفاداری دەنێرین بۆ گیانی پاکی سەرکردەی مێژوویمان بارزانیی نەمر و هەڤالە دلسۆزەکانی و یادی سەرکردەی هەمیشە زیندو کاکە ئیدریس بارزانی و هەموو شەهیدە سەربەرزەکانی رێبازە پیرۆزەکەی کوردایەتی بەرێز و شکۆوە دەکەینەوە، کە ئەم پەرلەمانەو حکومەتی کوردستان و هەموو دەستکەوتەکانی ئیمرۆمان بەری رەنجی خەبات وخوێنی گەشی ئەوانن.
لە کۆتاییدا هیواداریـن پەرلەمانی کوردستان وەک هەمیشە، بە رێنمایی و پیشتیوانی ئێوەی بەرێز و جەماوەری سەربەرزی گەل بتوانێ ئەرکە پیرۆز و مێژووییەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ و، هەردەم بە رەمز و هێمای بێگەردی شەرعییەت بمێنێتەوە لە هەرێمدا و بەهۆی یاسا و بڕیارەکانیەوە خزمەتی تێکرای کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئازاد بکات.
دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەین و بە سوپاسەوە رایدەگەیەنین، کە ئامادەبوونی ئێوەی بەرێز و، بەشداربوونتان لەم دانیشتنەماندا مایەی شانازی و بەختەوەری هەموومانە و دلنیاشین گوڕ و تینێکی تازە بە پەرلەمانی کوردستان دەبەخشێت.
ئیتر زۆر سوپاس
والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته
بەرێز کاک مەسعود بارزانی با بفەرموویت وەکو هەموو سالێک و هەموو خولێک وتارێکمان پێشکەش بکات زۆر مەمنوون دەبین.

**وتاری رێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی بەبۆنەی کردنەوەی دانیشتنی دەستپێکی خولی یەکەمی سالی نۆیەمی پەرلەمانی کوردستانەوە:**

بەرێز سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی:
بسم الله الرحمن الرحيم
خوشک و برایانی بەرێز
پێشەکی پیرۆزبایییەکی گەرمتان لێ دەکەم بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی سالی نۆیەم، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و، بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو میوانە بەرێزەکان دەکەم، مانگی ئادار بەراستی مانگی کوردە، مرۆڤ نازانێت لە کوێوە دەست پێبکات، یان لەکام یادەوە، هەرچی رۆژانی خۆش و ناخۆش، رەش و گەش، زۆربەی هەرە زۆری یادەکانی ئێمە لەم مانگەدایە، لەبەر ئەوە لەوەوە دەست پێدەکەم کە پیرۆزبایییەکی گەرم لە هەموو گەلی کوردستان بکەم بەبۆنەی نۆیەمین سالیادی راپەڕینی مەزنی گەلی کوردستانەوە کە بەراستی تەتویجی خەباتی سالەهای سالی میللەتەکەمان بوو و، راستییەکی دەرخست کە هەر کاتێک میللەتی کورد یەک بێت و

ریزەکانی یەک بێت دەتوانێت موعجیزە دروست بکات. «٧٠»ساڵ خوێنمان دا، خەباتێکی بێ وچان، بەڵام چونکە ریزەکانی ئێمە پتەو نەبوو نەمانتوانی ئەو ئامانجە پیرۆزانە بەدەست بێنین، یا بەجێ بگەیەنین، بەڵام لە ماوەی «٧» رۆژ، چونکە میللەتەکە بوو بەیەک توانیمان هەموو هیواو ئاواتی ساڵەهای ساڵی شەهیدان و میللەتەکەمان و رەنجی ئەوانیش هەمووی بەوە تەتویج کرا و، پێویستە ئێمە عیبرەت لەو تەجرووبە دەوڵەمەندە وەربگرین، هەروەها سوپاسی بێپایانی جەماوەری کوردستان دەکەم، لەناوەوە و لە هەندەران و، سوپاسی هەموو برایان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان و، سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و حزبە هاوپەیمانەکان دەکەم، بۆ یادکردنەوەی یادی وەفاتی جەنابی بارزانی کە بەراستی هەموو ساڵێک زەحمەتێکی زۆر ئەکێشن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەمە وەفایەکە بۆ خەباتی مرۆڤێک کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ میللەتی خۆی، من دڵنیام کە خۆی پێی خۆش نەبوو ئەم جۆرە یادکردنەوەیە، بەتایبەتی بۆ خۆی بکرێ، بەڵام یادکردنەوەی بارزانی بەراستی یادکردنەوەی مرۆڤێک نییە بەتەنها، یادکردنەوەی مێژووی میللەتێکە، جارێکی تر من سوپاسی ئەو هەموو خوشک و برایانە دەکەم کە زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە و، بەراستی منیش خۆم بە یەکێک لەوانە دەزانم، چۆن من کوڕی «مەلا موستەفا»م هەموو ئەوانەش بە کوڕ وکچی «مەلا موستەفا» دەزانم، لەبەر ئەوە زۆر ئەو حەقە بەخۆم نادەم کە من سوپاسی ئەوانیش بکەم، بەڵام پێویستیشە هەر بیڵێم. هەڤاڵانی بەرێز لە کاتی دامەزراندنی کابینەی چوارەمدا چاوەروانی ئەوەمان دەکرد کە دوژمنان و ناحەزانی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەن کۆسپ بخەنە سەر رێگای ئەم کابینەیە، هەوڵ بدەن کاری تیرۆری ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی تەحەدای کابینەی چوارەم بکەن، کە بەراستی دەبێ کابینەی چەسپاندنی یاسا بێت و، هەروەهاش ناوی لێنراوە، بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کەوا نەخێر کابینەی چوارەم ناتوانێت یاسا بچەسپێنێ، ئاسانترین کار کاری تیرۆرستییە، بەڵام پیسترین و چڵکنترین کاریش کاری تیرۆرستییە، هەموو کەسێک دەتوانێ قومبەلەیەک بە نیوەی شەو لە شوێنێک دابنێ بەتەوقیت و پاشان بتەقێت، ئەمە نە مەردایەتی تێدایە و نە پیاوەتی تێدایە و نە ئینسانیەتیشی تێدایە و، ئەوەی ویجدانی هەبێت و، ئەوەی زەرەیەک ئینسانیەتی لا هەبێت پەنا ناباتە بەر کاری تیرۆرستی، لە دونیای ئەمڕۆدا هەمووماندەبینین کە تیرۆر و تیرۆرستان جێگایان نییە وناشبێت، بە داخەوە لەم ماوەی رابردوودا چەند کارێکی تیرۆرستی ئەنجام درا لە هەولێر، زۆر کەسیش وایان پیشان دا و فرمێسکی تیمساحیان رشت بۆ هەولێر کەئەننەما هەولێر تەواو بووە بە جەهەنەمێک و کەس ناتوانێت لە هەولێر بژیت. هەولێر هۆلاکۆی بەزاند و زۆر هۆلاکۆی تریشی بەزاند لە دوای هۆلاکۆ ولەمەو دواش زۆر هۆلاکۆی تریش دەبەزێنێ و، زۆر تیرۆرستیش دەبەزێنێ و، هەولێر هەر هەولێرە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە دەبێت وریای ئەو پیلانە بین، مەبەست نەک تەنها ئەوەیە کە پیشان دەن کابینەی چوارەم ناتوانێت یاسا بچەسپێنێ و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار کات، مەبەست ئەوەیە فیتنەیەکیش دروست بکەن لەناو خۆمان،

بەتایبەتی لە نێوان پارتی و حزبە هاوپەیمانەکان و ،لەناو میللەتی کورددا، هەر زوو لە هەندێ مانشێتی هەندێ ڕۆژنامە لە دەرەوە نووسرابوو کە (جەزائری دووەم لە کوردستانە) ، کوردستان قەت نابێت بە جەزائری دووەم، چونکە نە حزبە ئیسلامییەکان و نە حزبەکانی تر ئەو زەمینەیان لا نییە کە کوردستان بکەن بە جەزائری دووەم، ئەمە دەبێت خەونی دوژمنان بێت و دەبێت لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە گۆڕ، لە هەمووشی ترسناک تر ئەوەیە کە سبغەی ئیسلامی لەو تیرۆرستانە بدرێت، یا بمانخەنە موقعێک کەئەنەما ئێمە دژی ئیسلامییەکان رەفتار دەکەین و ئیجرائات دەکەین، من لێرەوە ئەڵێم بەهیچ شێوەیەک ئێمە ئامادە نین و، ناشبێ رێگە بدرێت بە هیچ دەزگایەک کە ئیجرائات لەگەڵ هیچ کەسێک بکرێت لەبەر ئەوەی ئیسلامییە، چونکە ئێمە خۆمان لە هەموو ئەوانە خۆمان بە ئیسلامی تر دەزانین و، زیاتریش بڕوامان بە خوا و بە قورئان و بەسوونەتی پێغەمبەر هەیە، من بە پیلانێکی دەزانم بۆ بەدناوکردنی ئیسلام، کە هەمیشە ئەم کارە تیرۆریستیانە و ئەم کارە تیرۆریانە بخەنە پاڵ ئیسلام، بەراستی ئەوەی ئیسلام بێت یەک عەبدی خوا ناکوژێ، ئەگەر شەرعەن کوشتنی جایز نەبێت، تو قومبەلەیەک دانێیت لەسەر جادەیەک نازانی کێ دەکوژێت، ژنێکی بێ گوناه دەکوژێت، منداڵێکی مەعسوم دەکوژێت، ژنێکی حامیلە دەکوژێت، پیاوێک دەکوژێت، جا لەبەر ئەوە ئەوەی موسڵمان بێت لەبەر خوا ناوێرێ ئەمە بکات، لەبەر ئەوە هەرچی ئەمە دەکات بەراستی نە موسڵمانە و نە ئینسانیشە، بێگومان تیرۆرستیش دەبێت شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، خۆی لە ژێر پەردەی حزبێکی ئیسلامی، غیری ئیسلامی، لە ژێر پەردەی شەریکەیەک، هەر چۆنێک بێت ئەبێت غیتائێک بۆ خۆی دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بێت کاری تیرۆرستی خۆی ئەنجام بدات، ئەگینا خۆ ناتوانێت قتعەیەک بۆ خۆی دروست بکات و لەسەری بنووسێ ئەمە بارەگای تیرۆرستی فلانە، بەڵام دەبێت لێرە ئێمە هەموومان وریا بین، هەموو حزبەکان و هەموو دامودەزگاکان، ئێمە نەهێڵین تیرۆرستان هێلانەی خۆیان لەناو ئێمەدا دروست بکەن، زۆر هەوڵ درا کەوا واپیشان بدرێت کە هەندێک حزبی هاوپەیمان ئیتیهام بکرێت، بەراستی ئێمە هیچ حزبێک ئیتیهام ناکەین و، حزبە رەسەنەکان دوورن لەم کارانە، بەڵام لە هەموو حزبێکدا و لە هەموو دنیاهەیە تیرۆرست لە فرسەتێکی موعەییەن سوود وەردەگرێت، تاوەکو ئاشکرا دەبێ، کە ئاشکرا بوو ئیتر تەواو، ئێستاش خۆش بەختانە دەتوانم پێتان رابگەیەنم کە ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆرستان گیراون و ئیعترافیشیان کردووە و، دەدرێنە دادگاش و، داوای من لە دادگا ئەوەیە کە دادگاییەکی عادیلانە بکرێن و، هەموو مافێکی بەرگری لە خۆیان پێ بدرێت، بەڵام هەر سزایەکیشیان چووە سەر دەبێت جێبەجێ بکرێت، دەبێت تیرۆریست لەناو ئێمەدا جێگای نەبێت، تیرۆرستی لە کوردستان بنبڕ بکرێت و، تیرۆرستان نابێت رەحمیان پێ بکرێت، من دڵنیاشم کە هەموو حزبەکانیش لەو باوەڕەدان و داواشیان لێ دەکەم کە ئەوپەڕی هاوکاری بکەن لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ بنبڕ کردنی تیرۆر و تیرۆرستان و، ئەمە کارێکە تەکلیفێکی ئیلاهییە و تەکلیفێکی نیشتیمانییە و، ئەرکێکی پیرۆزە، هەموومان دەبێت

بەو ئەرکە هەڵسین، کوردستان لە مێژە ولاتی فرە نەتەوەیی و فرە دینیە و، ئێستاش بەوە سەربەرزین کەوا ولاتی فرە حزبیشە، کوردستان لە هەموو شوێنێک زیاتر تەسامحی دینی تیادا بووە، تەسامحی نەتەوەیی تیادا بووە، کوردستان موڵکی هەموومانە، بەڵام بەحەقیقەت ئێمە ناتوانین بدعەی هەندێ کەس قەبوڵ بکەین، کە شتی تازە هەندێ جار دەبینین لە هەندێ رۆژنامە، یا لە هەندێ شوێن، کوردستان ولاتی هەمووانە، هەمووماین براین پێکەوە، هەمووماین یەک مافمان هەیە و یەک حقوقیشمان هەیە و، یەک واجیباتیشمان لەسەر شانە و، شتی موستەنەع لە کوردستاندا نابێت قەبوڵ بکرێت و، ئەو تەسامحە دینیەو نەتەوەییە تێک بدات، نابێت قبوڵ بکرێت و قبوڵیش ناکرێت، پێویستە کوردستان ولاتێک بێت ئەو خەڵکەی کە تێدا دەژیت ئازاد بێت لە بیروڕای خۆی، ئازاد بێت لە شێوەی ژیانی شەخسی خۆی لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو دابوونەریتەی کە هەیە، ئێمە ناتوانین تەقلیدێکی کوێرانەی غەرب، یا ولاتێکی تر بکەین، ئێمە دابوو نەریتێکمان هەیە، عورف و عادەتێکمان هەیە، ئێمە پابەندین پێی بە رەچاوکردنی ئەو عورفوعادەتە. ئەبێت ژیانی هەر کەسێک ئازاد بێت و، هەروەها بیروڕای سیاسی هەموو کەسێکیش ئازاد بێت، من ئومێدەوارم ئەو بەرنامەی کە لە پێش بوو، بۆ بە موونەسەسات کردنی هەموو دامودەزگاکان بەسەرکەوتوویی تەواو بێت و، پێموایە ئێمە ئەبێت زۆر زۆر هەوڵ بدەین بە هیمەتی هەموولایەک کە هەموو دامودەزگاکان بین بە موئەسەساتی بۆ ئەوەی میزاجی فەردی ئیتر نەتوانێت هیچ تەئسیرێک لە وەزعی ژیانی ئەم خەڵکە بکات، یان لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکەمان، ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم یاسای ئەحزاب و یاسای چەک هەڵگرتن جێبەجێ بکات، هەتا ئەگەر تەعدیلیشی بوێت بدرێت بە پەرلەمان بۆ ئەو تەعدیلەی کە پێویستە، بەڵام دەبێ ئەمە جێبەجێ بکرێت و، ئێمە تا بتوانین بەرەو شارستانیەت بچین، ئەو دیاردەی چەک هەڵگرتنە لە ناو شاردا دیاردەیەکی ئەوەندە جوان نییە و، ئەو هێزانەی کە مجاز نین بە قانون نابێت چەک هەڵگرن و چەکیان پێ بێت، ئێمە پێمان خۆشە تا بکرێت بە تەفاهم و بە خۆشی، بەڵام بۆ چەسپاندنی و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بەکار هێنانی زۆریش ئەبێت بەکار بێت ئەگەر پێویست بوو، ئەبێت ئەم یاسایانە جێبەجێ بکرێن، هەروەها داواکارم تەنسیقێکی تەواو هەبێت لە بەینی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و، رۆژ بە رۆژ زیاتر بێت و، پێکەوە هەوڵ بدەن لەگەڵ حزبە هاوپەیمانەکان چ ئەوانەی بەشدارن، یا ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمن، یا لە پەرلەمانن، هەوڵ بدرێ باشترین شێوە و باشترین رێگا بدۆزنەوە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان. بابەتی تر ئەوەی کە هەموو جار دەبێت باسی بکەین و ، بەداخەوە شتی زۆر جدیش کە تا ئێستا نەهاتووەتە دەست مەسەلەی ئاشتییە، ئەوەندەش باس کراوە ئینسان هەندێ جار شەرم دەکات ئەوەندە باسی ئاشتی بکات بە بێ ئەوەی نەتیجەیەکی هەبێت، دیسان من ئەڵێم ئێمە ئیتیفاقێکمان هەیە کە ئیتیفاقیەی واشنتونە، لێرەوە من جارێکی تریش دەڵێم ئێمە مولتەزمین بەو ئیتیفاقە، ئەو ئیتیفاقە چۆن ئیمزا کراوە بە بێ زیاد و کەم ئێمە ئامادەین جێبەجێی بکەین، وەکو ئیتیفاقی

لەسەر كراوە. ئەگەر ئێستا تەفسيراتی تر هەيە كە هەيە و ناگونجێ لەگەڵ مەتنی ئيتيفاقەكە ديسان ئێمە ئامادەين ئەگەر رێگای تر هەبێت هەنگاوی تر بهاوێژين بۆ ئەوەی ئاشتی بچەسپێت، چونكە هيچ شتێكی تر نابێت بە بەديلی ئاشتی، لێرەوە من دەڵێم ئێمە ئامادەين و بە جديش بير لەوە دەكەينەوە، بەڵام دەبێت چوارچێوەكەی ئيتيفاقيەی واشنتون بێت، سەبارەت بە ئێمەوە وەكو كورد، ئيتيفاقيەی واشنتون گرنگترين وەسيقەيە ، لەبەر ئەوە نابێت ئێمە بەدائيل بۆ ئيتيفاقيەی واشنتون بدۆزينەوە، بەڵام ئەگەر ديسان لەسەر ئەو تەفسيراتەی كە هەيە نەگەين بە يەک، ئێمە حەز دەكەين يەكسەر دەست بە تەتبيع بكەين و، دەست بە هەڵبژاردن بكەين، بۆ ئەوەی نەچينە ئەو تەفسيلاتەی ئيدارە هاوبەش بێت هاوبەش نەبێت چی لێ بێت رەنگە لەوە نەگەينە ئەنجام، ديارە تەفسيلاتی تر هەيە و هەركەس بۆچوونی خۆی هەيە، بەڵام بيبڕينەوە، كورتی بكەينەوە ئێمە دەست بە ئاسايی كردنەوە (تطبيع) بكەين و، دەست بە هەڵبژاردن بكەين، كاتێكی دياريكراو دابنێين بۆ هەڵبژاردن سێ مانگە، شەش مانگە، ساڵێكە چۆن رێككەوتنی لەسەر دەكرێت و، ئەنجامەكانی هەڵبژاردنيش هەموو شتێک يەكلا دەكاتەوە، پێموايە ئەمە باشترە لەوەی كە بچينە ناو تەفسيلات، چونكە ئەگەر بچينە ناو تەفسيلاتەوە رۆژ بە رۆژ گيروگرفتی زياتر دەبێت، تەعقيداتی زياتر دێتە پێش. بە هەر حاڵ ئێمە بير لە بەدائلی تر ناكەينەوە بۆ ئاشتی دەبێ هەموو هەوڵێک بدرێت ئێمە ئەو ئاشتييە بچەسپێنين، بەڵام ئەم كۆسپانەش هەيە تەفسيراتی جياواز هەيە بۆ رێكەوتننامەی واشنتون، پێشمان وايە بەديل نييە بۆ رێككەوتننامەی واشنتون.

ئيتر لە كۆتاييدا من ئومێدەوارم هەموو حزبەكان دەست بدەنە ناو دەستی يەكتر، وڵات وڵاتی هەموومانە پێكەوە هەوڵ بدەين ئەو ئازادييە رۆژ بە رۆژ زياتر بچەسپێنين زياتر خزمەتی ميللەتی خۆمان بكەين و هەموو پێكەوە لە يەک سەنگەر دابنێن دژی تيرۆر و تيرۆرستان و ئەوانەی پاڵيان پێوەدەنێن، ئێمە ناتوانين ئەگەر سەربەست و ئازاد نەبين لەم وڵاتەدا بژين، لەبەرئەوە بە هەر نرخێک بێت دەبێت بيدەين بۆئەوەی كوردستان بە ئازادی و سەربەرزی بمێنێتەوە.

لە كۆتايشدا هەزاران سڵاو دەنێرين بۆ گيانی هەموو شەهيدانی رێگای رزگاری و هەربژين و، هەر بژی كوردو كوردستان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک كاكە مەسعود بارزانی دەكەين.

ئێستاش جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كاكە نێچيرڤان بارزانی با بفەرموێ بۆ پێشكەش كردنی بەيانی حكومەتی هەرێم.

**بەيانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان رێزدار نێچيرڤان بارزانی بە بۆنەی كردنەوەی دانيشتنی دەستپێكی خولی يەكەمی ساڵی نۆيەمی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان

ميوانانی بەڕێز

سڵاوتان لێ بێت

خۆشحاڵم ئەمرۆ بەبۆنەی خولی يەكەمی ساڵی نۆيەمی كۆبوونەوەكانی پەرلەمانی كوردستان

بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گەرمترین سڵاوو پیرۆزبایی بە سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنم، هەر لە رێگەی ئێوەشەوە سڵاوو پیرۆزبایی لە میللەتەکەمان بکەم کە ئێوە وەکو نوێنەرانی میللەتی کورد لێرە کۆبوونەتەوە، هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئەم خولەی وەک خولەکانی پێشووی بە سەرکەوتوویی بەرێوە ببات. پەرلەمانی کوردستان بەرهەمی خوێن و خەباتی یەک سەدەی میللەتی کوردە و مایەی شانازی و هیواو چاوتێبڕینی هەموو خەڵکی ئێمەیە چ لەناوەوەی کوردستان بێت یان لە هەر شوێنێکی تری دونیا بێت.

رۆڵ و بایەخی پەرلەمانی کوردستان هەر ئەوە نییە کە تاقیکردنەوەی خۆبەرێوەبردنی ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەم دەزگایەوە دەستی پێ کردو، میللەتی کوردو خەڵکێکی زۆریش لە دونیا لە رێگەی ئەو پرۆسە دیموکراتییەوە متمانەی خۆیان بە ئێمە دا، بەڵکو رۆڵی پەرلەمان کە دامەزراوێکی شارستانی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەلە، پێویستە وەک چاودێرو سانسۆر ئاگاداری کاری حکومەت و دەزگاکانی راپەڕاندن بێت و لەکاتی پێویستدا لێیان بپێچێتەوە و، هاوکاریان بکات و رۆڵی خۆی لەم بارەیەوە بەتەواوەتی ببینێ. پەرلەمانی کوردستان لەو رۆژەوە کە دامەزراوە هەتا ئەمڕۆ چەندان بڕیارو یاسای دەرکرووە کە بۆ رێکخستنی کاری حکومەتەکەمان و ژیانی میللەتەکەمان زۆر گرنگ بوون، هەندێک لەم بڕیارو یاسایانە زۆر چارەنووسیش بوونە وەک بڕیاری فیدرالیزم کە جێ شانازی هەموو گەلی کوردستانە و، ئێوە لەم هۆڵە ئەم بڕیارەتان پەسەند کردووە، بەڵام وەک خۆتان دەزانن دونیا ئەمڕۆ پێی ناوەتە قۆناخێکی پێشکەوتوو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، یەکێک لە بنەماو پرەنسیپە گرنگەکانی ژیانی دیموکراسی ئەو پەیوەندییەیە کە پەرلەمان و حکومەت بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو دوو دەزگایە واتا پەرلەمان و حکومەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا تەواوکەری یەکترن، چەندی پەرلەمان چاودێری و سانسۆری خۆی رێکوپێکتر بکات بۆ سەر کاروباری دەزگاکانی حکومەت هێندە کاروبارەکان بەرەو پێشەوە دەچن و رێکوپێکتر دەبن و رێگەی دوور کورت دەبێتەوە، چەندیش حکومەت رێکوپێکتر بێت لە کارو کردەوەی خۆی و یاساو بڕیاری باش و پێویست بخاتە بەردەمی پەرلەمان هێندە ژیانی وڵات بەرەو گەشاوەیی دەچێت. ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستاندا حەز دەکەین ئەوەتان پێ رابگەیەنین کە لەماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بەرنامەی کاری کابینەی چوارەمی حکومەتتان بۆ روون دەکەینەوە، هەروەها پلانی یەک ساڵ ئیش کردنی حکومەتیشتان بۆ روون دەکەینەوە، هەروەها بوودجەی گشتی ساڵی (٢٠٠٠)یش ئامادە دەبێت بۆئەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستانەوە و پەسندێتی وەربگرێ بۆ جێبەجێ کردنی، ئەو کاتە هەموو کارو ئەرکەکانی خۆمان بە دورو درێژی روون دەکەینەوە، هەروەها ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەمایە بەجێی بگەیەنێ لەو بەرنامەی کە ئێمە بە پەرلەمانی رادەگەیەنین بۆتان روونی دەکەینەوە و دەیخەینە بەردەم پەرلەمانەوە.

خاڵێکی تر کە من دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم هەر جەخت کردنە لەسەر قسەکانی سەرۆک بارزانی سەبارەت بە مەسەلەی تیرۆرو تیرۆریست لە کوردستان و بەتایبەتی ئەم تەقینەوانەی ئەم دواییە لە هەولێر، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم هیچ حزبێکی سیاسی ئیسلامی تاوانبار ناکەین بەوەی کە ئەمانە دەستیان هەبووە لەم ئیشەدا، بەڵام لەناو هەموو حزبێکدا خەڵک هەیە کە لەوانەیە ئەم کارە ئەنجام بدەن، مەرج نییە تەنیا هەر چەند حزبێکی ئیسلامی ئەم کارە بکەن، لەبەرئەوە ئێمە داوا لەم حزبانە دەکەین حزبە ئیسلامییەکان و حزبەکانی تریش لەم بوارەدا هاوکاری ئێمە بکەن. مەسەلە ژیانی خەڵکە و ژیانی رۆژانەی میللەتە و پێمان وایە پاراستنی ئەمنی و هێمنی

هاوولاتیان تەنها ئەرکی ئێمە نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو حزبێکی سیاسیە لە کوردستاندا، ئێمە داوایان لێ دەکەین لە جیاتی ئەوەی بەیانات دەربکەن، لە جیاتی ئەوەی کە لە کوردستان دەکرێت بۆ گرتنی تیرۆرستان وا گەورە بکرێت کأنما ئێمە شالاوێکی گرتنی خەڵکی کە سەر بە حزبەکانی ئیسلامین لە کوردستان دەکەین، لەجیاتی ئەوە با بێن هاوکاری ئێمە بکەن، ئێمە ئەو تیرۆرستانە دەستنیشان بکەین و بە خەڵکیان بناسێنین و هەروەکو جەنابی سەرۆک بارزانیش فەرمووی چ پێویست بێت سەبارەت بە ئیجرائات لە دادگا لەگەڵ ئەمانە دەکرێت، هەرگیز ئێمە لەم بوارەدا بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی ناکەین.

لەکوردستاندا رێگا لە هیچ ئازادییەک نەگیراوە، نە ئازادی کاری سیاسی، نە ئازادی رۆژنامەوانی، نە ئازادی بیروڕا دەربڕین و، نە ئازادی تاکە کەسی (فردی)، بەڵام رێگە لەو کەسانە دەگرین کە بەتەمان بە تەقینەوەی رۆژانە لە صالۆنی حەلاقی، یان لە شوێنەکانی تر بەتەمای ئەوە بن کە ژیانی رۆژانەی خەڵک تێک بدەن، ئێمە دروشمی خۆمان کە چەسپاندنی یاسایە لە کوردستان بە جدی وەرمانگرتووە و هەموو قوربانییەکیش دەدەین لە پێناو ئەوەی ئەم یاسایە جێبەجێ ببێت لە هەموو کوردستاندا.

جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە میللەتی ئێمە زۆر پێویستی بە ژیانی گەشاوەو هەنگاوی دیموکراسییانەو هێمنی و تەبایی هەیە، سەد ساڵە لە پێناو رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ رەنج و قوربانی دەدەین، ئەم پەرلەمان و حکومەتە بەرهەمی تێکۆشانی پێشمەرگەی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و خەباتی نیو سەدەی بارزانی نەمرە و پێویستە هەموومان ئەم دەستکەوتە بپارێزین و بەرەو پێشی ببەین. لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەم ئینشائەڵلا موەفەق و سەرکەوتوو دەبن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەین بۆ پێشکەش کردنی بەیانی حکومەت. بەڕێزان دووبارە سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین، هاتنتان مایەی سەربەرزی و شانازیمانە.

لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنە دێت. دانیشتنی بەیانی بۆ ئەندامانی پەرلەمان سەعات (١٠)ی بەیانی دەست پێ دەکات. زۆر سوپاستان دەکەین فەرموون با بچینە هۆڵی پەناگیری لەوێ هەندێک پشوو بدەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «١»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٣/٢٠٠٠

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((۱))

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/٧ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو.***

***ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دانیشتنی ژمارە (١)ی خولی یەکەمی ساڵی نۆهەمی پەرلەمانی کوردستان بەناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٣/٧)دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەم دانیشتنەدا هەر ئەم خاڵەمان هەیە. با کاک محەمەد حەسەن بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی یاساکە.

بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢و بناءً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني، شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ القرار الآتي:-

قانون ديوان الرقابة المالية لأقليم كوردستان العراق
القانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبنية أزاءها:-
١- الأقليم: أقليم كوردستان العراق.
٢- المجلس الوطني: المجلس الوطني لكوردستان العراق.
٣- الديوان: ديوان الرقابة المالية للاقليم.
٤- المجلس: مجلس الرقابة المالية في الاقليم.
٥- الرئيس: رئيس ديوان الرقابة المالية للاقليم.
٦- سلطة الرقابة: المجلس ورئيس المجلس وكل موظف في الديوان يخوله احدهما سلطة الرقابة.

**المادة الثانية:**

تؤسس سلطة للرقابة المالية العليا في الاقليم تدعى (ديوان الرقابة المالية لأقليم كوردستان العراق) وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري وله القيام بجميع التصرفات القانونية لتحقيق مهامه ويمثله رئيسه او من يخوله.

**المادة الثالثة:**

يكون الديوان تابعاً للمجلس الوطني ومرتبطاً برئيسه.

## (تشكيلات الديوان)

**المادة الرابعة:**

يتشكل الديوان من :-

اولاً:

١- رئيس الديوان: ويكون رئيساً للملجس.

٢- نائب الرئيس: نائباً للرئيس.

٣- المدراء العامون في الديوان: اعضاء في المجلس.

ثانياً: المديرية العامة للديوان وتتكون من:

١- مديرية الشؤون الادارية والحسابات.

٢- مديرية الشؤون القانونية.

ثالثاً: المديرية العامة للرقابة المالية والتدقيق.

رابعاً: المديرية العامة للشؤون الفنية.

خامساً: مكتب رئيس الديوان: ويرأسه موظف بدرجة مدير.

سادساً: مكتب نائب الرئيس: ويديره موظف بدرجة مدير.

سابعاً: ينعقد المجلس مرة واحدة على الاقل كل شهر بدعوة من الرئيس ويكتمل النصاب بحضور اكثرية الاعضاء ويتخذ قراراته بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساويها فللرئيس صوت الترجيح.

**المادة الخامسة:**

يشترط فيمن يعين رئيساً للديوان ما يلي:

اولاً:

١- ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

٢- ان تكون له خدمة فعلية بعد نيله شهادة جامعية اولية في العلوم المالية او الاقتصادية او القانونية مدة لاتقل عن (١٢سنة) و لمدة لاتقل عن (١٠) سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الماجستير في احدى العلوم المذكورة او(٧) سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الدكتوراه فيها او ان يكون قد اشغل منصب وزير لمدة لاتقل عن سنة ويحمل كحد ادنى الشهادة الجامعية الاولية.

٣- ان لايكون محكوماً عليه بجريمة تنتقص من نزاهته او سمعته.

ثانياً: يكون رئيس الديوان بدرجة وزير ويتم تعيينه وتنحيته بقرار من المجلس الوطني بناءً على اقتراح من رئيس المجلس الوطني وله حقوق الوزير في كل ما يتعلق بالراتب والمخصصات والحقوق التقاعدية والخدمة والتشريفات.

**المادة السادسة:**

تكون لرئيس الديوان صلاحيات وزير المالية فيما يتعلق بشؤون الديوان وملاكاته موازنته.

**المادة السابعة:**

لايجوز اتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس الديوان فيما يتعلق بأعماله الرسمية في اداء مهامه الوظيفية إلا بعد الحصول على اذن من المجلس الوطني، ومن رئيس الديوان فيما يتعلق بنائبه والمدراء العامين وبقية موظفي الديوان.

**المادة الثامنة:**

اولاً: أ- يكون نائب الرئيس بدرجة خاصة.

ب - يشترط فيمن يعين نائباً للرئيس ان تتوفر فيه الشروط التالية:

١- ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

٢- حاصلاً على شهادة جامعية اولية في العلوم المالية أوالاقتصادية أوالقانونية وله خدمة وممارسة فعلية في وظيفة ذات علاقة بمهام الرقابة مدة لاتقل عن (١٢سنة) و مدة لاتقل عن (١٠)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الماجستير في احد العلوم المذكورة او(٧)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الدكتوراه فيها.

٣- ان لايكون محكوماً عليه في جريمة تنتقص من نزاهته او سمعته الوظيفية.

ثانياً: يشترط فيمن يعين مديراً عاماً:

أ- ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ب - حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل في اختصاص ذات علاقة بمهام الرقابة وله خدمة وممارسة فعلية في وظيفة ذات علاقة بنفس المهام مدة لاتقل عن(عشر سنوات)بعد التخرج.

ج - ان لايكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

د - ان لايكون محكوماً عليه بجريمة تنتقص من نزاهته او سمعته الوظيفية.

**المادة التاسعة:**

يتفرغ رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون والقائمون بالرقابة والتدقيق لواجبات وظائفهم وليس لأي منهم ممارسة اية مهنة او عمل آخر ولو كان خارج اوقات الدوام الرسمي عدا نشر مؤلفاته وإلقاء المحاضرات.

**المادة العاشرة:**

لرئيس الديوان استحداث او الغاء مديريات او دوائر او اقسام او شعب ضمن تشكيلات الديوان.

**المادة الحادية عشرة:**

تخضع للرقابة المالية وسلطتها:-

١- ديوان المجلس الوطني.

٢- ديوان مجلس الوزراء.

٣- المحاكم عدا مايتعلق باختصاصاتها القضائية.

٤- كل ادارة عامة او مؤسسة او مصلحة او مصرف او هيئة او ادارة او لجنة تتصرف بالاموال العامة جباية او انفاقاً او تخطيطاً او صيرفة او تجارة او انتاج اعيان او تقديم خدمات.
٥- للمجلس الوطني ان يقرر اخضاع اي جهة اخرى لم يرد ذكرها في هذه المادة لرقابة الديوان.

(مهام الديوان)

المادة الثانية عشرة:

أولاً- يقوم الديوان بمهام الرقابة وتدقيق حسابات الجهات الخاضعة للرقابة المالية والتأكد من سلامة تطبيق القوانين والأنظمة والتعليمات وفقاً للقواعد والاصول والمعايير المعتمدة والطرق والوسائل المتعارف عليها وله:
١- فحص وتدقيق معاملات الانفاق العام بما فيها الرواتب والمخصصات والمكافآت للتأكد من سلامتها.
٢- التأكد من عدم تجاوز الاعتمادات المرصدة لها في الميزانية.
٣- التأكد من استخدام الاموال العامة للاغراض التي خصصت لها وعدم حصول هدر او تبذير او سوء تصرف فيها وتقييم مردوداتها.

ثانياً- فحص وتدقيق معاملات التخمين وتحقيق وجباية الموارد العامة للتأكد من صحة الاجراءات المعتمدة وسلامة تطبيقها.

ثالثاً- تقديم العون الفني في المجالات الحسابية والرقابية ومايتعلق بها من امور ادارية وتنظيمية والمساهمة في وضع وتطوير القواعد والاصول والمعايير المحاسبية والرقابية.

رابعاً- تنظيم دورات دراسية تطبيقية للموظفين وغيرهم و للمجلس منح الملتحقين بها المخصصات التي يقررها.

خامساً- ابداء الرأي في الجداول والبيانات والتقارير المتعلقة بنتائج الاعمال والنشاطات والاوضاع المالية للجهات الخاضعة للرقابة وبيان مدى تنظيمها وفق القوانين والقواعد والاصول الحسابية المعتمدة ومدى تطابقها مع حقيقة المركز المالي ونتائج النشاطات المذكورة.

سادساً- يقوم الديوان بتقديم تقرير(نصف سنوي)الى المجلس الوطني يتضمن آرائه عن الاوضاع المالية والادارية والاقتصادية في مجال الرقابة المالية في الاقليم والمهام التي قام بتأديتها.

سابعاً-
١- للديوان حق الاطلاع على الوثائق والاضابير والمعاملات والاوراق ذات العلاقة بمهام الرقابة المالية العادية والسرية ويستثنى منها مايقرر المجلس الوطني إستثناءها بناء على اقتراح الوزارة او الجهة المختصة او رئيس المجلس الوطني على ان تناط مهمة الاطلاع على الوثائق المستثناة برئيس الديوان حصراً وله في سبيل ذلك اجراء الجرد او الاشراف عليه والحصول على جميع المعلومات والاجابة على استفساراته من كافة الجهات الخاضعة للرقابة.

٢ـ الديوان هو الجهة التي تختص في البت فيما يدخل ضمن صلاحياته او اختصاصاته او مهامه.

٣ـ للديوان بموافقة المجلس الوطني اجراء الرقابة السابقة على التعاقد او الصرف لأية جهة خاضعة للرقابة تدعو المصلحة العامة لذلك.

٤ـ اجراء الرقابة للتأكد من استعمال المنح والمساعدات والتسهيلات والقروض والامتيازات التي تقدمها الجهات الرسمية في الاقليم للاغراض التي قدمت من اجلها بما فيها الاحزاب والمنظمات والجمعيات والنوادي.

(اختصاصات وصلاحيات المجلس)

**المادة الثالثة عشرة :**

اولاً : للمجلس منح موظفي الديوان المخصصات التالية استثناءً من قانون مخصصات الدولة :

أـ مخصصات رقابة لاتتجاوز(١٠٠٪)من راتب الموظف.

ب ـ مخصصات نقل ومخاطر ومهام خاصة لاتتجاوز اي منها(٥٠٪) من راتب الموظف.

ج ـ منح قدم لاتتجاوز(سنة واحدة) في كل درجة لأغراض العلاوة والترفيع لموظفي الديوان ممن يتميزون بكفاءة عالية او يبذلون جهوداً استثنائية وفق تعليمات يقرها المجلس لهذا الغرض.

ثانياً : اقرار خطط واسس العمل في الديوان واساليب تنفيذها .

ثالثاً : تحديد نطاق عمل مديريات ودوائر الديوان وقواعد تنظيمها .

رابعاً : اعداد مشروع الموازنة السنوية للديوان وارسالها الى وزارة المالية لادخالها ضمن الموازنة العامة للاقليم.

خامساً : دراسة التقارير والمواضيع التي تعرض عليه من قبل رئيس المجلس الوطني ورئيس الديوان واتخاذ القرارات والتوصيات والاجراءات اللازمة بشأنها .

(صلاحيات الرئيس)

**المادة الرابعة عشرة :**

اولاً : دعوة رئيس اية جهة خاضعة للرقابة المالية لحضور اجتماعات المجلس في الامور المتعلقة بدائرته.

ثانياً : للرئيس عند الاقتضاء وعلى الوجه الذي يقرره اشراك موظفي الاقليم والخبراء والاختصاصيين وذوي الكفاءات في اعمال الرقابة او اشراكهم في اجتماعات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت لقاء مكافآت غير مرتبطة بوزارة.

ثالثاً : للرئيس ان يطلب من الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بالوزارة مايلي :ـ

اولاً : احالة الموظف المسؤول عن المخالفة المالية الى لجنة الانضباط المختصة او فرض العقوبات المناسبة التي تدخل ضمن صلاحياته.

ثانياً: تضمين الموظف المخالف الاضرار التي تكبدتها الدائرة بسبب مخالفته وذلك في القضايا التي ينتهي التحقيق فيها.

ثالثاً: اقامة الدعاوي المتعلقة بالمخالفات المالية ومتابعتها لدى المحاكم المختصة على ان يقوم الديوان بتزويد الجهات المعنية بما لديه من معلومات وادلة عن تلك المخالفات.

رابعاً: احالة قضايا الجرائم المالية المكتشفة الى رئاسة الادعاء العام في الاقليم لتحريك الدعوى العامة بشأنها.

**المادة الخامسة عشرة:**

اذا وقع خلاف بين الديوان واحدى الجهات الخاضعة للرقابة ولم يتم الحسم بينهما مباشرة فلرئيس الديوان عرض تفاصيل الموضوع على المجلس الوطني ويكون قراره باتاً.

**المادة السادسة عشرة:**

تعتبر مخالفة لأغراض هذا القانون الاصول والتصرفات التالية:

١ـ عدم الالتزام بالقوانين والانظمة والتعليمات والبيانات المالية.

٢ـ الاهمال او التقصير الذي يؤدي الى هدر الاموال العامة او زيادة الكلفة او الانفاق او الضياع او الاتلاف.

٣ـ الامتناع عن الرد على رسائل الديوان او عدم الاستجابة لملاحظاته او تأخير الاجابة دون مبرر ضمن المدة التي حددها الديوان.

٤ـ التستر على المخالفات الواقعة او تأخير اشعار الديوان بها.

٥ـ عدم ممارسة الصلاحيات القانونية والادارية لوقف التمادي في الاجراءات المخالفة او ردع المخالفين.

## (الاحكام الختامية)

**المادة السابعة عشرة:**

يخضع موظفوا الديوان لقانون الخدمة المدنية وقانون الملاك وقانون انضباط موظفي الدولة فيما يتعلق بنقلهم او تعيينهم وترفيعهم بما لايتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة عشرة:**

أـ يخول هيئة رئاسة المجلس الوطني صلاحية تعيين نائب الرئيس والمدراء العامين في الديوان.

ب ـ يخول رئيس الديوان صلاحية تعيين منتسبي الديوان.

**المادة التاسعة عشرة:**

تحدد واجبات واختصاصات دوائر الديوان بنظام.

**المادة العشرون:**

للرئيس بموافقة المجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الحادية و العشرون:**

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة الثانية و العشرون:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**د .روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز كاك حەسەن باڵەتە دەكەین. بەڕێزان گوێتان لە خوێندنەوەی پڕۆژەی یاسای دیوانی ڕەقابەی مالی بوو، ئێستا ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسا و دارایی دەكەین. لێرەشدا بە هەلی دەزانم بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و داد بكەم، هیوادارم ئەوانیش بە تێروتەسەلی دیراسەتی پڕۆژەكە بكەن و بەرێككەوتن لەگەڵ بەڕێزان سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادە بن بۆ ڕۆژی گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاساكە. جارێكی تر زۆر سوپاستان دەكەم، بەڕێزان بە هەلی دەزانم ئەمە یەكەم دانیشتنی خولی یەكەمی ساڵی نۆهەمی پەرلەمانە و هەواڵێكی خۆشەویستمان بەجێی هێشتووین و لە نێوانماندا نەماوە. داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك ڕاوەستن بۆ گیانی پاكی هەڤاڵی خوالێخۆشبوومان كاكە ئازاد قەرەداغی. دوای دەقیقەیەك ڕاوەستان. بەمە كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێت سوپاستان دەكەم.

| | |
|---|---|
| **د.ڕۆژ نوری شاوەیس**<br>**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** | **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سكرتێری ئەنجومەن** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٢»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/٣/٢٠٠٠

**خولی یەکەم**

**ساڵی نۆیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((٢))

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/٣/٢٠٠٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/٣/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوو)ی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموار کراوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/٣/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ زیندوو کردنەوەی یادی لە دایکبوونی ڕابەری نەتەوەیی هەمیشە زیندوو مستەفا بارزانی و گفتوگۆ کردن دەربارەی دانانی ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ ئاهەنگێرانی ساڵانە، بەو بۆنەیەوە.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو.

ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستانەوە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دەکەینەوە.

بەڕێزان

بەرنامەی کار، یەک خاڵە ئەویش زیندوو کردنەوەی یادی لەدایک بوونی ڕابەری نەتەوەیی هەمیشە زیندوو مستەفا بارزانی و، گفتوگۆکردنە دەربارەی دانانی ڕێ و ڕەسمی تایبەت بۆ ئاهەنگێرانی ساڵانە بەو بۆنەیەوە.

بەڕێزان وەکو ئەزانن پێش (٩٧) ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا سەرۆکی نەتەوەیی موستەفا بارزانی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو تێکۆشەری گەورەی کوردەواری هاتۆتە دنیاوە، لە بنەماڵەی شێخانی بارزان کە ناسراون بە ڕاپەڕین و خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان.

بارزانیی نەمر هەر لەگەنجێتییەوە بەوە ناسرا کە پێشمەرگەیەکی چەلەنگ و، فەرماندەیەکی دیاری نێو عەشیرەتەکەیەتی، لە ڕێڕەوی خەبات و شۆڕشەکانی بارزاندا بارزانی نەمر بوو بە سەرکردەی بێ منافسی کوردی عێراق، بارزانیی نەمر شەخسییەتی بەو شێوەیە پەرەی سەند کە لە بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی کلاسیکیەوە، بزووتنەوەکەی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی نیشتمانی ئەویش بە دامەزراندی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێش ئەوەش تێکەڵ بوونی لە نیشکردندا لەگەڵ حزبەکانی تری کوردستانی.

بارزانیی نەمر تاکە سەرکردە بوو کە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ڕۆڵی خۆی هەبوو، لە ئەنجامیشدا بە تاکە سەرکردەو رابەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ناسرا.

بارزانی جگە لەمە لە ژیان و، لە ئەزموونی پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی باڵای جیهانی هەبوو، کاروانێکی بێ هاوتای شۆڕشگێڕانەی لە کوردستانی عێراقەوە بەناو ئێران و تورکیادا کرد بۆ خاکی سۆڤیەت ئەمەش پاڵەوانێتی و کارێکی پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕانەی بێ هاوتا بوو کە چووە ناو ئەزموونی قوڵی میللەتانەوە بە تایبەتی ئەو میللەتانەی کە دەستیان دابووە خەباتی چەکداری لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا.

بارزانیی نەمر لەوانەیە کاتەکەمان ئەوەندە نەبێت کە ئەو مافەی بدەینێ بە قسەیەک یان دوو قسە، چاکە ئاماژە بەوە بکەین کە هونەری هەرە گەورەی بارزانیی نەمر ئەوەیە کە لە ماوەی نێوان شەڕ لە کوردستانی عێراق دا ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیهێشتووە ئەم شەڕە ببێتە شەڕی نێوان کوردو عەرەب، هونەری ژمارە یەکی ئەوە بوو، لەوانەیە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا ببینین کە میللەتێکی ژێر دەست خەبات دەکات و، داوای مافی خۆی دەکات، ئەو خەباتەی وەردەچەرخێ و دەبێتە شەڕێک لە نێوان دوو نەتەوە یان دوو رەگەزدا، هونەری گەورەی بارزانی نەمر ئەوە بوو کە ئەم شەڕە نەبێتە شەڕی کوردو عەرەب و، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی بە شێوەیەکی مرۆڤانەو دیموکراتیانە هێشتەوە کە ئیمڕۆش ئەوڕێبازە هەر بەردەوامە.

بارزانیی نەمر ئاڵای ئەوەی بەرز کردەوە کە شۆڕش و حزب دەبێت لە خزمەتی گەلدا بێت و، گەلیش واتا جەماوەری فراوانی گەل، ئەویش بریتییە لە هەژارو نەداری ئەم گەلە.

بارزانی ڕاستە ئاڵای شۆڕشی کوردی بەرز کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کوردیشی بە هەموو جیهان ناساند بەشێوەیەکی وا لەوانەیە بێتە یادی هەمووتان لە پەنجاکانیشەوە تا هەفتاکانیش کە بووترایە کورد یان بارزانی هاوتای یەک بوون، بە بارزانی کورد دەناسرا، بەکوردیش بارزانی دەناسرا.

جگە لەمانە هەمووی وەکو ئەوەی باسم کرد بارزانی مێژوویەکی پڕ ئەزموونە، مێژوویەکی بەرز و مەزنە کە لە ڕاستیدا بە وەسفێک، یان دوو وەسف، بە وتارێک یان دوو وتار حەقی خۆی هەرگیز پێ نادرێ، وەکو ساڵەهای ساڵیش ئێمە وەکو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو پارتەکانی

کوردستانی و، بگرە پەرلەمانی کوردستان و، حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵمان داوەو ئیش کراوە بەو ئاراستەیەی کە بە تەواوەتی دیراسەی مێژوو و ئەزموونی بارزانیی نەمر بکرێت و، کەڵک لەو ئەزموون و مێژووە وەربگیرێت و، تا ئێستاش نەتوانراوە بە تەواوەتی حەقی خۆی بدرێتێ.
ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆمان بۆ ئەوەیە کە ئێمە لە رۆژی لە دایک بوونیدا کە ساڵانە یادی دەکەینەوە و ئەم ساڵ نەوەد و حەوتەمین ساڵیەتی کە رێ و رەسمێکی وا پیشان بدەین بە پلەی یەکەم بایەخی هەرە گەورە بە رۆژی لە دایک بوونی بدەین، چەند ساڵێکە لە رۆژی لە دایک بوونی بارزانیی نەمردا هەڵمەتێکی گەورەی دار ناشتن دەکرێت بەڵام لە راستیدا کارەکە لە سنووری ئەو هەڵمەتەی دار ناشتنەدا وەستاوە و بەو ئاراستەیە دەڕوات کە خەڵکەکە وا بزانێت رۆژی دار ناشتنە، ئێمە لەم رۆژەدا دارێکی زۆر دەنێژین و هەڵمەتێکی فراوان دەکەین. ئێمە دەبێت ئیشێکی وا بکەین کارێکی وا بکەین کە بە خەڵکی خۆمان و جیهانی پیشان بدەین کە ئێمە لەم رۆژەدا یادی بارزانیی نەمر دەکەینەوە و، ئەم دارناشتنە بەشێکە لەم یادکردنەوەیە، ئینجا ئەم دانیشتنەمان بۆ ئەوە بووە کە ئاماژە بەوە بکەین و دیراسەتی ئەو بابەتە بکەین، ئایا چۆن بتوانین مافی تەواو بەو رۆژە بدەین، بۆ ئەم مەبەستەش پێخۆشحاڵم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەم بارەیەوە چییان هەیە قسەی تێدا بکەن، ئەوەی دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە تاوەکو بەڕێز کاک فرسەت ناو نووسیان بکات.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ناوەکان ئەوانەن، ئەگەر یەکێکم لەیاد چووبێ ئاگادارم بکەنەوە.
کاک فرەنسۆ، کاک ئەحمەد سالار، خوشکە شەفیقە، خوشکە فوزیە، خوشکە زەهرا، مەلا موحسین، کاک ئەمین مەولود، کاک ئیبراهیم، کاک جەعفەر، کاک سیروان، کاک عەبدولخالق، کاک مەلا هادی، کاک د.رزگار، کاک حسین عەلی کەمال، کاک فەلەکەدین کاکەیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ رۆژی ساڵوەگەڕی نەود و حەوتەمین ساڵی لە دایک بوونی بارزانیی نەمرە، رۆژی لە دایک بوونی شۆڕشوانییە لە کوردستان، رۆژی بڵاو بوونەوەی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی و نیشتمان پەروەرییە لە کوردستان، رۆژی لە دایک بوونی تەسامحی دینی و نەتەوەییە لە کوردستان، رۆژی لە دایک بوونی بزووتنەوەکانی چەکداری و شۆڕشەکانە بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەی کوردو کوردستان.

ئێمە کە یادی ڕۆژی لە دایک بوونی بارزانی دەکەینەوە، یادی هەمیوو بەسەرهاتەکانی بارزانی دەکەینەوە، یادی ئەوە دەکەینەوە کە بارزانی لە تەمەنی سێ سالیدا لەگەل دایکی تووشی گرتن و بەندیخانە بوو، یادی ئەوە دەکەینەوە کە لە شازدە سالیدا سەرکردایەتی (٣٠٠) چەکداری کردو بەرەو ناوچەی شێخ مەحمودی نەمر چوو بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر، یادی ئەوە دەکەینەوە کە بە ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەرەو شێخ سەعیدی پیران چوو بۆ یارمەتیدانی شێخ سەعیدی پیران، یادی ئەوە دەکەینەوە کە بارزانیی نەمر سەرکردایەتی شۆڕشی سالانی (٣١) و (٣٢)ی بارزانی کردو دوای شکستی شۆڕش لە شاخەکانی سنووری کوردستانی عێراق و تورکیا خۆی بە دەستەوە نەداو لە شاخەکان مایەوە تا خوا لێخۆشبوو شێخ ئەحمەد لەگەل کاربەدەستانی عێراق ڕێککەوت و وای کرد بارزانیش بگەڕێتەوە، یادی ئەوە دەکەینەوە کە بارزانی تووشی ژەهر خواردن کرا لە موسل، یادی دەربەدەری و ئاوارەبوونی بارزانی و بارزانییەکان دەکەینەوە لە خوارووی عێراق، یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە بارزانیی نەمر بەخۆی و نیشتمان پەروەران و ئەندامانی حیزبی هیواو دلسۆزانی کورد لە سلێمانی دەرباز بوو بەرەو ئێران چوو، یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە شۆڕشی (٤٣)ی بەرپا کرد، یادی دامەزراندنی لیژنەی ئازادی لەگەل هەڤالە ئەفسەرەکان دەکەینەوە کە لە مانگی (٢)ی سالی (٤٥) لە بارزان دامەزرا، لیژنەی ئازادیش وەکو حزبێک بوو کە سەرکردایەتی ئیدارەی شۆڕشی (٤٥)ی بارزانی دەکرد، یادی بەشداربوونی بارزانی و هەڤالەکانی دەکەینەوە لە کۆماری مهاباد، یادی ئەوە دەکەینەوە کە تەنها سەرکردە و تەنها هێز کە بەرگری لە کۆماری مهاباد و لە کوردی ئێران کرد دوای ڕوخانی کۆماری مهاباد بارزانیی نەمرو هەڤالەکانی بوو، یادی ڕێڕەوە دوورو درێژەکەی بارزانی کە (٥٢،٥١) شەوی خایاند و سنوورەکانی عێراق و تورکیاو ئیران و بە حوکم و قوەتی لولەی تفەنگەکانی خۆیان خۆیان گەیاندە سەر ڕووباری ئاراس و لە ڕۆژی (١٨/٦/ ١٩٤٧) دوا کەس کە لە ڕووبارەکە پەڕیەوە بارزانی بوو.

یادی ئەوە دەکەینەوە کە قاسملۆ لە کتێبەکەی خۆی دا دەلێت بەرگری کردنی بارزانی دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد قەرەبووی شکەستەکەی کردو هیواو ئومێدێکی خستە دلی میللەتی کوردەوە لە ئێران.

یادی ئەوە دەکەینەوە کە سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێرانی دەلێت تا ئێستا من تووشی شەرکەری وا نەبوویمەو، تووشی سوپای وا نەبوویمە، ئەگەر سوپایەکی لەوانەم هەبووایە لەوانەبوو توانیبام هەموو دونیا داگیر بکەم. یادی دەربەدەربوون و ئاوارەبوونی (١١) سالی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت دەکەینەوە.

یادی گەڕانەوەی بارزانی دەکەینەوە لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ (براغ) و لەوێوە بۆ (قاهیرە)و دانیشتنی لەگەل (جەمال عەبدولناسر) و گفتوگۆو دانووستاندن لەسەر مافەکانی ڕەوای کورد.
یادی گەڕانەوەی بارزانی دەکەینەوە بۆ بەغدا لە (٦/ ١٠/١٩٥٨) کە وەکو قارەمانێکی عێراقی

پێشـوازی لێ کرا، یادی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول دەکەینەوە، یادی دەرچوونی بەیانی (١١) ئادار، یادی شکستی شۆڕشی ئەیلوول دەکەینەوە، ئەو نەکسەیەی کە هەموو سەرکردەکانی کورد خۆیان لێ بێ خاوەن کردو تەنیا بارزانی و کورەکانی خۆیان بە خاوەن زانی و لەناو میللەتی خۆیان مانەوەو لە ناو پێشمەرگەکان مانەوەو تا جارێکی تر شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد.
یادی بەرپاکردنی شۆڕشی گوڵان دەکەینەوە، جارێکی تر یادی دەربەدەربوونی بارزانی دەکەینەوە، یادی سەفەر کردنی بارزانی دەکەینەوە لە ئێرانەوە بۆ دواجار لە (١٩/٦/ ١٩٧٦) بۆ ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی. یادی کۆچکردنی بارزانی دەکەینەوە، یادی هێنانەوەی تەرمە پیرۆزەکەی بارزانی و ئیدریسی نەمر دەکەینەوە کە ئەم یادەش بوو بەهۆی یەک پارچە بوونی میللەتی کورد. جارێکی تر ئێمە کە یادی بارزانی و هەموو ئەو یادانەش دەکەینەوە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە شانازی بە رابووردی خۆمان و رابوردووی سەرکردەی خۆمان بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەزموون و دەرس لەو تەجروبانەی ئەو وەربگرین، هەوڵ بدەین ئەو کارە چاکانەی کە ئەو کردوونی چاکتری بکەین، بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر لە شوێنێک تووشی هەڵەیەک بووبین هەوڵ بدەین جارێکی تر هەڵەکان دووبارە نەکەینەوە.
برادەرێکی نووسەر پێشنیاری کردبوو پێموایە بۆ کاک مەسعودی ناردووە کە وا بکەن لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ یادی سەد ساڵەی بارزانی، لە ئێستاوە لیژنەیەکی بەرز و پسپۆڕ ئامادە بکرێ و دروست بکرێت بۆ ئەوەی بۆ یادی سەدەمین ساڵەی لە دایک بوونی بارزانی کۆنگرەیەکی گەورەی جیهانی بە هەرچیەک ناو دەبەن دروست بکرێت و پێک بهێندرێت.
من لەو یادە سەری رێزو نەوازش بۆ بارزانییی نەمر بۆ ئیدریسی هەمیشە زیندوو بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان بۆ هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی دادەنوێنم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد کاک فرەنسۆ هەریری دەکەین، کاک یۆنادم یوسف کەنا فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە هەمان بۆچوونەکانی برای بەڕێز کاک فرەنسۆ تەئیید دەکەین. مافێکی رەوایە هەموو میللەتێک سەرکردەی خۆی رموزی خۆی، بە رێزو ئیحترام و شایستەییەوە باس بکات و، یادیان ببێتە هاندەرێک بۆ نەوەکانی میللەت و، بەرەو پێش رێبازی ئەو خەباتگێرە بگرنەبەر. بێگومان ئێمە وەکو کاک فرەنسۆ ئەوە نازانین ئەو تەفسیلاتە باس بکەین، بەڵام ئەو شتەی کە لە بیرمانە لە یادی بارزانی نەمر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ئەتوانم بڵێم بووە سونبلێکی یەکگرتنی ریزەکانی ئەم گەل و نیشتمانە بە هەموو بەشەکان و چینەکان و رۆشنبیرییەکانییەوە.

وەکو میللەتی (ئاثوری) لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول، لەسەرەتای هاتنی لە دەرەوە هەر لەگەڵ کورد پێکەوە شان بە شان خەباتی خۆی کردووە و وەکو ڕەمزێکی یەکگرتنی ڕیزەکانی ئەم میللەتە بووە، هەروەها بەهەموو بەشەکانی هزری (فکری) بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی، بارزانی توانی چەپ و ڕاستی ئەم میللەتە بەیەکەوە بەڕێوە ببات لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی کە هاتنە پێشیش لە شەستەکانەوە، بەڵام دیسان ساڵی (١٩٧٠) کە ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بەدەست هێنا دیسان بەسینگێکی فراوانەوە کێشەکانی ناوخۆی چارەسەر کرد. هەروەها نەک تەنها ڕیزەکانی ناو میللەتی کورد، بەڵکو لەناو بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقیش ئەو ڕۆڵە مەزنەی هەبوو کە هەمیشە ناوچەکانی شۆڕش دەتوانم بڵێم بوبو بە ناوچەی ئارام بۆ برا شوعییەکان و بۆ خەباتگێڕەکانی تری عێراق چ ناسیونالیستەکان و چ دیموکراتخوازان.

ئەمڕۆ بە مافێکی ڕەواو ئاسایی دەبینین هەرچی بڕیارێک بدرێت بۆ ڕێز لێنان لەم یادە پیرۆزە و، ئێمەش پشتگیریتان دەکەین و، سەری ڕێزو نەوازش بۆ یادی بارزانیی نەمر دادەنوێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئاهەنگێڕانمان بەو بۆنە پیرۆزەوە وەفایەکەو پەیمانێکە بۆ ئەو سەرکردەیە بۆ ئەو ڕەمزە و، بۆ گشت شەهیدانی گەلی کوردستان و، بۆ مێژووی میللەتەکەمان کە قوربانی داو ئێستا بەرهەمی ئەو قوربانییانەی بارزانیی نەمر و گشت شەهیدەکان ئەتوانم بڵێم بەشێکی باشی هاتەدی، ئینجا بە بەیانی (١١)ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) یان بە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١).

هەر میللەتێک و هەر گەلێک ڕەمزی خۆی هەیە، ئێمەش بە شانازییەوە دەبێ ئاهەنگ بگێڕین بۆ ڕەمزی مێژوویییمان بارزانیی نەمر، ئاهەنگێڕانمان بەو بۆنەیەوە جەخت کردنێکە لەسەر ئەو قوربانییانەی ئەو نەمرە دای لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، پەنجا ساڵی ڕەبەق لە خۆشی و ناخۆشی توانی بەلێوەشاوەییەوە سەرکردایەتی میللەتەکەمان لە ئاشتی و شەڕدا بکات، لەبەر ئەوە بڕوام وایە دەبێ بگەڕێینەوە بزانین ئەم سەرکردەیە، ئەم ڕەمزە چۆن توانی ببێتە سنبولی میللەتەکەمان ئایا بە بڕیار بوو یان بە ئیرادەی میللەتەکە بوو؟، نەک تەنیا لە کوردستانی عێراق بەڵکو لە گشت پارچەکانی تری کوردستان بە حەق سەرکردەیەکی دیموکراتی بوو و بڕواشی هەبوو بە فرە لایەنی (التعددیە السیاسیە) و، فرە نەتەوەیی و دینی و هەروەها باش ڕەنگی دایەوە لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا، هەتا لە بارودۆخی نائاسایی و نالەباری زۆردا دەزگاکانی شۆڕشی پێک هێنا لەسەر بنەمای (تعددیە) و لەسەر بڕوای بە دیموکراتییەت و، بەشدارکردنی حزبەکانی تر لە دەزگاکاندا.

بەحەق سەکردەی گشت میللەت بوو نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ نەتەوەکانی تریش و هەتا بۆ عەرەبیش کە بەشداری کردبوو لە شۆڕشی ئەیلول دا، هەروەها بۆ تورکمان و ئاشوورییەکانیش، دژی حزبایەتی تەسک بوو و بەیەک چاو تەماشای کوردی دەکرد و هیچ جیاوازی نەدەکرد، بڕوایەکی تەواوی هەبوو بە برایەتی کوردو عەرەب و نەتەوەکانی تر و، ئەوە یەکێک بوو لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی کە ئێستا ئێمە لە پەرلەمان و حکومەت و لە فیدرالیەتەکە و لە رەوشت و رێبازمان و هەڵسوکەوتماندا پەیڕەوی دەکەین.
لە کۆتاییدا دەڵێم کە ئاهەنگێڕانمان بەو بۆنەیەوە ئەرکێکە و وەفایێکەو پەیمانێکە بۆ ئەو رەمزە و، بۆ مێژووی میللەتەکەمان و قوربانییەکانی هەتاکو گەلەکەمان هەموو ئەمانجەکانی خۆی بەدی دەهێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاک عەبدولخالق زەنگەنە دەکەین، بەڕێز خوشکە زەهرا حاجی تەها فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣/١٤ رۆژێکی مێژووییە لە دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی میللەتی کورددا، رۆژا لە دایک بوونا سەرۆک و باوکی نەتەوەی کورد، نەک بە تەنها لە کوردستانی عێراق بایەخداره بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا رۆژێکی مەزن و شکۆدارە ...
کاروانی خەباتی بارزانیی نەمر پتر لە نیو سەدەی کیشا، کێشەی کوردی بە جیهان ناساند تاکو ئازاد بن و مافی خۆیان هەبێت...
بەڵێ بارزانیی نەمر ناسنامی میللەتی کوردە. ئەمرۆ ئێمە سەرفراز و سەر بلندین ئێمە مەڵبەندێکمان بەناوی رێبەری کورد بارزانی لە زانکۆی ئەمەریکا هەبێت و کورد وەکو ماددەیەکی دراسی لە پرۆگرامی ئەم زانکۆیەدا بخوێندرێ.
بارزانیی نەمر باوەڕی بە هەموو چین و توێژ و ئەو نەتەوانە هەبووە کە لە کوردستاندا ژیاون و هەروە ها خەمخۆر و پشتیوانی ئافرەتان بووەو دەیەویست پێش بکەون لە کاری جەماوەری و سیاسیدا نەخاسمە وەکو رێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان و، لە سەر پێشنیاری جەنابیان لە (١١/١٢/١٩٥٢)(ی.ئا.ک) دامەزرا و لە کۆنگرەی (٥) دا ئافرەت بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردرا.
بیر کردنەوە و ساغ کردنەوەی ئەو بیرەوەریە ئەرکێکی پیرۆزی هەموو کوردێکی شەرەفمەندە ...
سۆز و پەیمان نوێ دەکەینەوە کە دڵسۆز و وەفاداری ئەو رێبازە پیرۆزەی بین
هەزار سەلاو لە گیانی دامەزرێنەرو دانەری رێبازی کوردایەتی و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز زەهرا حاجی تەها دەکەین، بەڕێز مەلا موحسین موفتی فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە رۆژێکی مێژووییە لەلای هەموومان و لەلای هەموو گەلی کورد و بەتایبەتی لەلای زانایانی ئاینی لە کوردستاندا، کەسایەتی سەرکردەی هەمیشە زیندوو لە دڵی هەمواندایە، جەنابی مەلا موستەفای بارزانی مرۆڤێکی خەیالی و ئەفسانەیی نەبووە، بەڵکو کەسێکی واقیعی و لە کردەوەکانی خۆیەوە خۆی بەو خەڵکە ناساندووە، ئەوەی وتوویەتی هەوڵی داوە لە قسەکانیدا هاتووە بە کردار جێبەجێی بکات و لە سەرو و توانای خۆیەوە هەوڵی داوە خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی بکات و خزمەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکات، بۆیە بە پێویستی ئەزانین هەموو کەسێک کەسایەتی خوالێخۆشبوو سەرکردەی نەمر مەلا موستەفا بناسێت و لێی شارەزا بێت و پێی ئاشنا بێت و ئەو دەرس و عیبرەتانەی کە لە پێشترەوە باس کرا لە تەمەن و ژیانی ئەو سەرکردە نەمرە وەربگیرێت. من بە پێویستی دەزانم چەند پێشنیارێک هەیە بیکەم دەربارەی کەسایەتی مەلا موستەفا.

یەکەم: بەو هیوایەی کە وشەی مەلا موستەفا لە کوردستاندا لە یاد نەکرێت، چونکە ئەوە ناوێک بوو هەمیشە خۆی شانازی پێوە دەکرد و هەوڵی بۆ دەدا، حەزی دەکرد بەو ناوەوە بانگ بکرێت و، جێگای شانازیشە بۆ زانایانی کورد مەلاو سەیدای کورد لە کوردستاندا لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا کە سەرکردەیەکی ئاینی و سەرکردەیەکی میللی توانیویەتی خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی بکات، لەبەرئەوە داوا وایە لەسەرکردەکانی ئەمڕۆی کوردستان بە تایبەتی هاوڕێبازانی مەلا موستەفای بارزانی هەردەم بەناوی سەرکردەی نەمر مەلا موستەفاوە ناوی بەرن و باسی بکەن.

دووەم: ئێمە گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەردەمی حەزرەتی پێغەمبەرو هەموو پیاوە گەورەکانی ئیسلام دەبینین زیاتر گرنگی و بایەخ دراوە بە رۆژی لە دایک بوون نەک بە رۆژی کۆچ کردن، پێغەمبەر (د. خ) لەبارەی خۆیەوە دەفەرمووێت (ذلک یوم ولدت فیە) ئەوە رۆژێکە منی تیا لە دایک بووم. دەبینین لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا لە رۆژی لە دایک بوونی پێغەمبەرەوە هەتا مانگی مەولود بایەخێک و گرنگیەکی زۆر ئەدرێت بەو سەرکردەیەی کە سەرکردایەتی هەموو جیهانی ئیسلامی کرد، مەلا موستەفاش یەکێک بوو لە شاگردەکانی حەزرەتی پێغەمبەر و، یەکێک بوو لە هاو رێبازەکانی و یەکێکە لە شوێن کەوتووانی رێبازی ئیسلامەتی و دڵسۆزێک و قارەمانێکی گەلی و نەتەوەیی ئێمەیە، لەبەرئەوە پێم باشە و پێم زەرورییە لە رۆژی لە دایک بوونیدا ئێمە لە کوردستاندا هەوڵی ئەوە بدەین ئەو رۆژە زیندوو بکرێتەوە و ئەو رۆژە لە کوردستاندا خەڵکی بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە بچنە سەردانی مەزاری نەمران، چونکە

بەراستی لە رۆژی لەدایک بوونیەوە بکرێتە جەژن و خۆشی بۆ گەلی کورد، چونکە ئەو خزمەتی کردن و، مایەی شادی و خۆشحالییە، نایەوێ خەلک خەمی بۆ بخوات، بەلکو خەلک پەند و عیبرەتی لێوە وەربگرێت، بۆیە تکام وایە ئەمە بکرێتە خالێکی گرنگ ولە سالانی ئایندەماندا لە رۆژی لەدایکبوونیەوە بۆ داهاتوو چەندی پێ دەچێت ئەو خەلکە بچێت بۆ زیارەتی مەلا موستەفای بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو، خالی سێیەم زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە گرنگی وبایەخ بە رێبازی مەلا موستەفای بارزانی بدرێت و، هەموومان باوەرمان بەو کارە و بەو قسەیە هەیە لە رووی کردار و عەمەلییەوە و لە رووی قسەو گفتەشەوە هەمووی جێبەجێ ببێت باشە، ئەبێت بزانین رێبازی بارزانی رێبازی ئیسلامەتییە و، رێبازی کوردایەتی پاکە و، رێبازی نیشتمان پەروەرییە بۆ هەمووان، بۆیە چەند بکرێت بایەخ بەم لایەنە بدرێت، لایەنی ئەخلاق و رەوشت، لایەنی ئیسلامەتی و دینداری کە هەموومان لەبیرمانە چەند رۆژێک لەمەوبەر لەم هۆلەدا سەرۆک بارزانی باسی ئیسلامەتی کرد، فەرمووی :«ئێمە نامانەوێ کەسێکی تر باسی ئیسلامەتی بکات بەسەر ئێمەدا و موزایەدەی پێوە بکات، هەرکەسێک خزمەت دەکات ئەوە شتێکی چاکەو بەکەلکە، بەلام ئێمە لە هەموو کەسێک زیاتر خۆمان بە شوێنکەوتووی ئیسلام و فەرمایشتەکانی قورئان و سونەتەکانی پێغەمبەر دەزانین«د.خ» ، لەبەر ئەوە گرنگی دان بەو رێبازەی سەرکردەی نەمر بارزانی کە رێبازی ئیسلامەتی و ئەخلاقە و نیشتمان پەروەرییە، کارێکی پەسەند و شیاو و دلسۆزی و وەفادارییە بۆ مەلا موستەفا و، بۆ ئیسلامەتی و ولاتەکەمان و، ئەوەش بزانین و لەبیری نەکەین کە ئیسلامەتی لە چەرخی ئەوەوە و ئەو بووە میراتگری راستەقینەی سەرکردە نەمرەکانی پێش خۆی لە شێخ سەعیدی پیرانەوە هەتاکو دەگاتە خۆی و هەتاکو دوای خۆیشی کە بەو ئیستمرارییەتەوە بەردەوام بوو، لەو کاتەوە ئیسلامەتی لە کوردستانی ئێمەدا زیاتر بووژایەوە و خزمەتی کرا بەو توانا موتەوازعەی کە لەبەردەستیاندا بوو لە هەموو شێوەیەک گرنگی و بایەخی پێدەدرا و، بایەخێکی زۆر بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وبەگەل و نەتەوەکانمان دەدرا، لەبەر ئەوە بە بروای من ئیسلامی سیاسی ئەمرۆ و دوێنێ پەیدا نەبووە، ئیسلامی سیاسی راستەقینە ئەوەیە کە خەلکەکە خۆی خزمەتی ئیسلام بکات و، بە ئیسلامیش خزمەت بە نەتەوەکەی بکات و، نەتەوەکەیشی خزمەت بە یەکتری بکەن، ئەمە لە چەرخ و زەمانی سەرکردەی نەمرمان مەلا موستەفا پەیدا بوو، زیاتری کرد و پەرەی پێدا و، میراتگری سەرکردەکانی پێشی خۆی بوو، ئەوەی کە بینیمان پێش دوو هەفتە لەمەو بەر زیاتر لە «١٥٠٠»زانای ئاینی لەسەرانسەری کوردستاندا چوونە سەر مەزارگای مەلا موستەفای بارزان و کاک ئیدریس، ئەوە نیشانەیەکی کرداری و راستەقینەیە کە ئەو خەلکە وەفادارە بۆ سەرکردەکەی خۆیان و، ئەو خەلکە بە خۆشەویستییەوە حەزیان کردووە کە هاورێبازی ئەو سەرکردە نەمرە بن، چونکە ئەو سەرکردەیە لە ناو دلی خەلکیدا دەژیت و، بە دروشم و قسە نییە، بەلکو ئەمە شتێکی راستەقینەیە و خەلکی هەستی پێ کردووە و ، بەیاری یەزدان ئومێد دەکەین کە زیاتر

بناسرێت و، ئەوانەی کە نەوەی ئەمرۆن زیاتر ئەو کەسایەتییە مەزنە بناسن کە سەرکردەیەکی ئیسلام پەروەر و نیشتمان پەروەر بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا یاد بەخێر جەژن پیرۆز بەهات و فەر، گەلێک باری خەمی کلۆڵی گەلێک گران بوو، چەشنەها ستەم و جەوری رۆژگار، ساڵەهایە، بەڵکو سەدەهایە ئەشکەنجەو چەوسانەوەی دیبوو، گەلێکی زۆر لێکراو، ئاهو نزولە هەڵکشاو لە قاپی بارەگای یەزدانی مەزنی دا و یەزدان بە نەواو دلژڤانیەوە بە دەنگ هاواری ئەو گەلە پاکژە دیرینەیەوە هات، پاداشتی پێ رەوا بینین، جوانترین خەلات، باشترین وگرانترین دیاریی خودایانە، مەزنترین دڵنەوایی دانەوە، ئەوەبوو «بارزانی مستەفای» کردە دیاری و پێشکەشی گەلی کورد و کوردستانی کرد، بەڵێ، لە جەرگەی تار و نوتەکی شەوانی دەیجوور و یەڵدای درێژ خایانەوە، ئەستێرەیەکی گەلاوێژی پرشنگدار و زێرین بزەی ژیانی جریواند و بووە مانگی چواردەی بەرچاو روونکەرەی کاروانێکی گرفتارو شەکەت، بووە خۆرو ئاسۆکانی ئاواتی کوردی چراخان و گوڵرەنگ کرد. لە دایک بوونی گەورە، ژیانی گەورەتر کرد، پڕ بایەخ و پڕ واتاو پڕ مەبەست تر کرد. دەست دانە دەستی شکستە حاڵان بوو بۆ هەستانەوەو گۆڕدانە بەر خۆ. گۆڕانییەکی ئەزەلی وەک عەردو ئاسمان دەریاو زەریاو رووبارە بێ خەوەکان، بووە خەونی زیندوو، خەونی هێنانەدی، بارانی دڵنیابوونی شین بوونی بەرەکانی رەنج و دەنگدانەوەی دەست پاکانەی خەرمان بەرەکەتی بوون. دەسا یاد بەخێرو جەژن پیرۆز.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەم بۆنەیە لەو بۆنە نازدارانەیە کە شایستەی ئەوپەڕی گرنگی پێدانە تا نێوادی ئەو رابەرو رێ پیشاندرە مەزنەبێ کە لەسەر تەختی زێڕینی نەتەوەکەمان شایانی هێندە خەرمانەی جوانی شانازییە کە ئەم گەردوونە بە گەورەیی خۆیەوە، هێشتا وەکو پێویست بە پانتایی فراوانتر خواستن بکات.

بەڕێزینە دەمەوێ بۆ جوانترو شیاوتر بەرێ کردنی ئەم جەژنە بڵێم و پێشنیار بخەمە دیارتان کە دەبێ دوو لایەنی سەرەکی رەچاو بکرێ، یەکەمیان، بۆنەیەکی میللیە واتە (شخصی) دەبێ لایەنە میللییەکە فراوانترو رازاوەتر بکەین، چونکە خۆی لە خۆیدا بۆنەی هەموو گەلی کوردستانە، بە سەرجەم نەتەوەو بیرو بۆچوون و چین و توێژو بەرەوە... کەواتە لایەنی کەرنەڤاڵی گەلی رەنگ و رووی هەرە دیاریەتی، ئەمەش پێویست بە پتر فراوانکردنی بوارو مەوداکانی کەرنەڤاڵە کە دەکات، ئاهەنگ و سەیران و خۆشی، بەچەشنە ها جۆر چێژ ببەخشن بە هەموان.

لایەنی دووەم، لایەنی رەسمی دەگرێتەوە، کە پاش لایەنە گەلییە فراوانەکە دێ و لە هەمان کاتدا، هەرچۆن سروشتی تایبەتی راپەڕینەرانی لە خزمەتی جوان رازاندنەوەی ئەو لایەنەدا دەبێ،

پێشنیار دەکەم لە پای جوان بەسەرکردنەوەدا، وەک حکومەت، ئەم کارانە ئەنجام بفەرمویّ:-

١- دانانی خەڵات و میدداڵی بارزانیی نەمر بۆ گشت بوارەکانی داهێنان بۆ ئەوانەی شوێن پەنجەی ئەفراندنیان لە سەرجەم مەوداکانی ئەدەب و هونەرو زانست و وەرزش... بە تەوێڵی سەردەمەکەوە دیارە. ئەو ڕۆژە دەبێتە دوو جەژنەی مرۆڤی بە توانا.

٢- کردنەوەو بایەخ دان بە یادگارییەکانی بارزانیی نەمر، چ بە دامەزراندنی پەیمانگە، یان مەڵبەندی باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بارزانیی نەمرو ڕێبازەکەی، هەروەها ئەرشیفی بەندی و مۆزەخانەو چەندین بابەتی دی لە خۆ دەگریّ.

٣- بەسەر کردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و هەموو ئەوانەی شایستەی کۆمەک و ڕێزلێنانی تایبەتین.

٤- کردنەوەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر و هەموو ئەوکارانەی کە بارو گوزەرانی خەڵکەکە باشترو لەبارتر دەکات.

٥- نرخاندنی ئەوکارو کردەوە چاکانەی کە لەو ساڵەدا ڕۆڵی لە ئاشتی و ئاسوودەیی و برایەتی دا هەبووە.

٦- بەسەر کردنەوەی نەخۆشخانەکان، بە تایبەتی نەخۆشخانەی منداڵبوون، بۆ شیرینی و دیاری بەخشینەوە، بە تایبەتی ئەو دایکانەی لەو ڕۆژەدا منداڵیان بووە.

٧- گرتنی کۆڕو سیمینار و کۆنگرەی تایبەت لەسەر ڕێبازی بارزانی و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی باس و بابەتەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە.

٨- گرنگی دان بە ئاوەدانکردنەوەی هەواری نەمران، بەرزانی سەربەرزان، چ لایەنی ڕێگاو بان و وێستگەی حەسانەوەی ئەو هەزارەها تامەزرۆیەی خولیای دیداری جێ نزرگەی یارانیان لە دڵا نەخشە، بۆ ئاسانکردنی کارەکە پێویستە بە درووست کردنی گۆڕەپانی فراوان بۆ وەستانی ئوتۆمبێل، دروست کردنی خانوویەکی گەورە بە ناوی ماڵە باوک، دانانی مەڵبەندێکی بەڕێوەبەرایەتی دارستان، سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ، بایەخدان بە بوونی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی... پرۆژەی ئاوو کارەبا بە شێوەیەکی گونجاوتر.

٩- بۆ پتر ڕازاندنەوەو پێشوازی لە بۆنەکە، پێشنیار دەکەم بەر لە هاتنی بۆنەکە بە چەند ڕۆژێ، لەسەرانسەری هەرێم دا، هەڵمەتێکی گشتی بۆ خاوێن کردنەوەو جوانکردنی گشت شوێنێ دەست پێ بکات، واتا لەناو ماڵەکانەوە بۆ شەقامەکان و بۆ کۆی شارەکان.

١٠- ڤیستیڤاڵی هونەری، لەسەرجەم بوارەکانی هونەرە جوانەکاندا، تایبەت بەداستانی ڕەنج و خەباتی بارزانیی نەمر، ساز بکرێ و خەڵاتی سەرکەوتوان بکرێ. بەتایبەت ڤیدیۆ کاسێت و فلیمی سینەماو لایەنەکانی شانۆ و لایەنەکانی تر. جارێکی تریش یاد بەخێر، جەژن پیرۆز، کورد سەربەرز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکە لەلای خۆمانەوە هەر بیری، یا هەر شتێک کە بیستبێتمان لە بارزانیی نەمر لێرە لەم هۆڵەدا بیخەینە روو، من لێرەدا باسی حاڵەتێک لەو حاڵەتانە دەکەم کە لە رێبازی پیرۆزی بارزانییەوە میللەتی کورد فێری بووە و، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی. زۆر جار باس لە رێبازی بارزانیی نەمر دەکرێ و یەکێک لە موفرەداتی رێبازی بارزانیی نەمر ئەوەیە کە بە درێژایی ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆی و، بە درێژایی شۆڕشی ئەیلولی مەزن رێگەی نەداوە مێژووی پارتی و شۆڕشی رزگریخوازیی گەلی کورد بە (ئیرهاب و تیرۆرەوە) لەکەدار بێ.

لە ماوەی دوورو درێژی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا سوپای نیزامی عێراقی زۆر جاران لە کوردستاندا ئیرهابی مونەزەمی ئەنجامداوە، گوندیان سووتاندوە، خەڵکی بێ گوناهی مەدەنی، ژن ومناڵ و پیاوی پەککەوتەیان کۆمەڵ کوژ کردووە، دەغل ودان و ملک ومالی خەڵکیان سووتاندوە بۆ ئەوەی زیان بە ئابووری لادێ بگات کە تاکە سەرچاوەی باربووکردنی شۆڕش بوو.

بەرامبەر بەو کارەی رژێم کە وێرای دانانی ئابلوقەی ئابووری لە سەر گوندەکانی کوردستان بۆ هەمان مەبەست ئەنجامی دەدا، پێشنیاری ئەوەش هەبوو کە با شۆڕشیش لە پشتی بەرەکانی شەڕەوە لە ناو شارەکانی عێراقدا بۆ لاوازکردنی توانای ئابووری رژێم، کارگەو شوێنە ئابووری و هەندێ شوێنی دیکە بتەقێنێتەوە، بەڵام بارزانیی نەمر قەت رێگەی بەو کارانە نەدا، نەوەک کەسێکی بێ گوناهی مەدەنی، پیاوێک، ئافرەتێک، منالێکی تێدا بکوژرێت.

لە نێو سوپای عێراق و لە ناو دەسەڵاتدارانی رژێمیشدا زۆر جار کەسانێک هەڵکەوتوون کە بەتایبەتی دوژمنایەتی گەلی کوردستانیان کردووە، لە گوندەکاندا، لە بەندیخانەکاندا بە ئاشکرا تێکۆشەران و خەڵکی رەشورووتی کوردیان جوملە کوژ کردووە، شۆڕش لە تواناشیدا بووە لە نێومال و لە شارەکاندا تۆڵەیان لێ بکاتەوە، بەڵام چونکە بە ئیرهاب حسێب بووە، بارزانی نەمر نەیویستووە شۆڕشی کوردیان پێوە لەکەدار بێت.

هەندێک لەو کورد کوژانە ئێستاش ماون و دەستی تۆڵەیان دەگاتێ، هەندێک لەوانە دوای چەندین تاوان بە دیلی دەستی شۆڕش کەوتوون و دواتر ئازاد کراون، هەندێکیان دواتر لە ناو رژێم لێیان قەوماوەو روویان کردۆتە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان، بارزانیی نەمر نەک هەر لێیان بوردووە، و داڵدەی داون، بەڵکو رێگەی داون لە ناو شۆڕشدا دەوریش بگێڕن.

وەستانی بارزانیی نەمر لە رووی ئیرهاب و تیرۆر و رێگەگرتنی ئەو زاتە پاکە لە تۆڵە و تۆڵە کردنەوە وای کردووە وێرای نزیکەی نیو سەدە لە شەڕ و شۆڕش خەڵکی عێراق لەسەر ئاستی

میللی و جەماوەر نەبنە دوژمنی یەکترو، هەمیشە بواری ئاشتی لە بەردەم میللەتدا بەکراوەیی بمێنێ. بایەخدانی بارزانیی نەمر بەناوو ناوبانگی گەلی کوردو کێشە ڕەواکەی ئەوەندە مەدروس و پێشوەختە بووە لە دژی ئیرهاب کە دەبێ بە شانازییەوە لێی بوانین و باسی لێوە بکەین چونکە لەسەردەمێکدا بارزانیی نەمر نەهی لەتیرۆر کردووە کە بزاڤی رزگریخوازیی گەلانی دیکە لەژێر پەردەی شۆڕشگێڕیدا بەسەدان تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە کە لە مێژوودا لە سەریان و لەسەر بزاڤەکانیان بە تاوان حیساب دەکرێ. سەرۆک حوسنی موبارەک جوانی گوتووە کە دەڵێ: «بارزانی پیاوێکی مەزنە دەبێ مێژووی ژیانی بخوێنینەوە»، جا ئەگەر ئەو بەڕێزە دەربارەی بارزانیی نەمر ئاوا بڵێ، ئەوا ئەرکی ئێمەی کورد بۆ خوێندنی مێژووی ژیانی سەروەری نەتەوەکەمان دەبێ هەزار ئەوەندە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێزان لە راستیدا ئەم یادە ئەوەیە کەوا چەند قسەی لەسەر بکرێت هەر کەمە، چونکە رۆژێکی تایبەتیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لە ئەندامان و میوانە بەڕێزەکان بەرنامەی تریان هەیە، هەر بە بۆنەی ئەمڕۆشەوە ئێمە ناتوانین بە درێژایی رۆژەکە هەمووی هەر لەسەر ئەو بابەتە راوەستین، جا تکام وایە تەرکیز بکرێتە سەر پێشنیارەکان، لەوانەیە ناوی هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نەخوێنمەوە لەبەر کورتی کات، ئەوان ئەگەر پێشنیاری دیاری کراویان هەیە دەتوانن بە نووسراو پێشکەشی بکەن و، دەیخەینە پرۆتۆکۆلیشەوە،جا ئێستا من لەگەڵ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەسەر ئەوە رێککەوتووم کە هەندێک لە ناوەکان کورت کەینەوە و، بە پێی بەرنامەکەمان برۆین بەرێوە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ کە ١٤ی ئادارە «٩٧»ساڵ تێدەپەرێت بەسەر لەدایک بوونی باوکی نەتەوەی کورد موس بارزانی لە گوندی بارزان مەڵبەندی خواناسین و خەبات و راپەرین، هەرچەندە باس لەگرنگ رۆژە پیرۆزە بکەین هێشتا ناتوانین مافی خۆی بدەینێ، چونکە پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوەی هەیە، وەکو دڵۆپێک دەرهێنی لە دەریایەک وایە، بەڵام لەم رۆژەدا پێویە مرۆڤی کورد، ئەگەر بە چەند وشەیەکیش بێت هەستی خۆی دەربرێت و رێزی خۆی نیشان چونکە بارزانی موستەفا ئەو مەشخەڵەیە کە گیانی راپەرین و شۆرش و یەکبوونی عەق رۆڵەکانی کوردستانە، میللەتی کورد بە بارزانییەوە ناسراوە کە ئێمە ئێستا زیاتر پێویستیمان بە سیاسەت و رێبازەکەی هەیە، بارزانی موستەفا هەر لەسەرەتای ژیانیی تەمەنی بە دەیان وێستگەدا تێپەریوە، کە هەر وێستگەیەک گوزارشت لە بارودۆ کوردستان دەکات، نەک تەنها لە بارودۆخی تاکە کەسی، یا خێزانەکەی، یا عەش چونکە بۆ کورد و کوردستان دەژیا، لە دایک بوون و بەسەر هاتی ئەو پەیوەندی راستەو

به کوردەوە، هەڵکشان بووە بەرەو لووتکە، کۆمەڵێک مانای مێژوویی و نەتەوایەتی تێدایە، بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی و مۆرکی رەسەنایەتییەوە ناسراوە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی هەیە، تا نەوەی دوارۆژ وەکو خۆی بیخوێنێتەوە، تا ژیانەوە بۆ گیانی جەماوەری کورد دووبارە بکاتەوە. رێبازی بارزانیی نەمر قوتابخانەیەکی مەزنە بۆ نەوەکانی کوردستان کە دەیان و سەدان کادری ئەو قوتابخانەیە سەرکردایەتی سەربازی و عەسکەری بزاڤی رزگاریخوای کوردستان دەکەن، کە سەرکردەی لایەنەکانی تری کوردستانیش رۆژێک لە رۆژان قوتابی ئەو قوتابخانەیە بوون و بارزانیی نەمریش مامۆستا و سەرکردەیان بووە، هەژاری موکریانی رەحمەتی لێ بێت باشی فەرمووە کە دەڵێت:«بارزانی بەرەو ئازایەتی هانی داین ، رێگای پیاوەتی نیشان داین، دوژمنی بۆ بێ هێز کردین، تاریکی لەسەر لابردین ، مانگی ئاسمانی کوردانە، بێ ئاوا بوونە و نەمانە»، داوای لێ بووردن دەکەم کەوا ئەو قسانەی کە دەیکەم زۆربەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و کاک فەرنسۆ کردیان، جا بۆیە قسەکانم کورت دەکەمەوە، بە باشم زانی کەوا لەم یادە پیرۆزەدا چەند پێشنیارێک بخەمە روو:

١ـ دانانی بەردی بناغە، یاخود کردنەوەی هەر پرۆژەیەکی گەورە کە خزمەتی بەرچاو بە گەلەکەمان دەگەیەنێت لەم رۆژەدا بێت.

٢ـ بارزانی سەرەڕای ئەوەی کە چرای رۆشن کەرەوەی رێگای خەبات و ژیانەوەی کوردە، بەندەیەکی خواپەرست و دڵسۆز و دەست و دڵپاک و هەژار دۆست بووە، بۆیە پێشنیار دەکەم دەزگایەکی گەورە بکرێتەوە بە ناوی «دەزگای بارزانی» بۆ یارمەتی دانی هەژاران و لێقەوماوان کە سەرەڕای هاوکاری و کۆمەکی هەرێم هەرچی یارمەتییەک لە دەرەوەی کوردستانەوە دێتە هەرێم، یاخود کۆمەکی ناوخۆیی بگاتە ئەم دەزگایە و لەوێوە بە یەکسانی دابەش بکرێت بەسەر خەڵکانێکی شایستەدا.

٣ـ بەردەوام بوونی ناشتنی نەمام و درەخت، بەڵام پارێزگاری لێ بکرێت، نەک هەر ناشتنی، چونکە مانای ژیانەوە و ژیان دەدات، گرنگی تایبەت بدرێت بە کەلتووری بارزانی لەگەڵ کردنەوەی مووزەخانە، یا ئەرشیف، یا مەرکەزێکی مێژووی تایبەت بە کەلتووری بارزانی، پاش کردنەوەی مەڵبەندی موستەفا بارزانی لە واشنتۆن، لێرەش لە زانکۆی سەلاحەدین بەشێک بکرێتەوە بەو ناوەوە بۆ هاوکاری ئەو زانکۆیە.

لە بارەگاو شوێنە گشتییەکاندا ئاهەنگ ساز بدرێت و، خۆشیش نیشان بدرێت. کۆتایی دێنم بە فەرموودەیەکی بارزانیی نەمر کە پڕە لە دەرس و عیبرەت، لە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانی پێشمەرگەدا فەرموویەتی:«ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێت، دوژمن هەزار جار هێزی زیاتر بێت ناتوانێت بمانشکێنێ، ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان نەبێت وەڵاهی بە ئێوە بڵێم هەزار دەفعە لە ئێستا بەهێزتر بین دەشکێین و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین» لەم رۆژە پرشنگدارەدا جێگای خۆیەتی سەری رێز و نەوازش دابنەوێنین بەرامبەر بە گیانی پاکی بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی

هەمیشە زیندوو و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان، سلاو و ڕێز بنێرین بۆ ئەو هەڤالانەی بارزانی کە تا ئێستا لە ژیاندا ماون و، لەو پێشمەرگە قارەمانانەی شۆڕشەکانی بارزان تا شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گولان و، پارێزگارانی شەرعیەت کە لەسەر ڕێبازی بارزانی بەردەوامن، بژی بارزانی ، بژی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی بارزانی گرێ دراوە بە خەبات و تێکۆشان دژی زولم و زۆرداری و دژی ستەم و دژی چەوسانەوە بۆ بەدیهێنانی مافی هەژاران و بێ دەسەلاتان، نەک تەنها لە پارچەی باشووری کوردستان، بەلکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان و، ئەمەش ڕاستییەکە دیارە وەکو ڕۆژ. بارزانیی نەمر خاوەن پەیامێک بوو، خاوەن ئامانجێکی ئاشکرا بوو، ئەگەر بێین و لێکۆلینەوەیەکی زانیستیانەی بکەین، لەوانەیە بارزانی وەکو سەرکردەکانی تر وەکو خەلکێکی تر دەرکەوتووە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەلکو خیسلەتێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو پێوانەیە و ئەو مەعیارەی کە بارزانیی پێ دەکێشرێ لەگەل خەلکانێکی تر دەبینین کەوا جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئەگەر تیۆری زانستی سەرکردەکان بخوێنینەوە ئەوەی کە پسپۆرن و دەست بالان لەم بوارەدا و لەسەر بارزانی جێبەجێ کرابێت، لەوانەیە کەم هەبێت وەکو بارزانی بێنە پێش چاو لەو تیورە زانستیانە بۆ کێشان و پێوانی ئەو سەرکردە بەرچاوانەی کە هەن، وەکو تیۆری خیسلەتی سەرکردە، وەکو تیۆری هەلسووکەوتی سەرکردەیی، ئەم هەموو تیۆرە زانستیانەی کەوا پسپۆران دایان ناوە، لەوانەیە ئەگەر لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت هەمووی لەسەر بارزانی جێبەجێ دەبێت، حیکمەتی سیاسیانەی ئەو، پەیوەندییە ئینسانییەکەیەتی لەگەل هەڤالانی و، پەیوەندی و نزیک بوونی ئەوە لە میللەتی خۆیەوە، لە خۆبوردنی ئەوە، ئەمە هەمووی وای لێ کردووە کە هەموو تیۆرە زانستییەکانی لەسەر جێبەجێ ببێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بلێین بارزانی نە وەکو سەرکردەیەکە و، نەوەکو جلەوکێشێکە، بەلکو ڕووداوێکە و، ئەم جۆرە ڕووداوە لە مێژوودا زوو زوو نایەتە دەرکەوتن، نەوەکو تەنها ناوە ناوە نایەتە دەرکەوتن، بەلکو لە ماوەی دوور و درێژیش لەوانەیە وەکو بارزانی نەیەتە دەرکەوتن و، ئەو کەسەی، یا ئەو ڕێکخراوە سیاسیەی کەوا هەلسووکەوت بە ڕەفتار و حیکمەتەکانی بارزانی نەکات لەوانەیە تووشی هەلە و سەلبیات ببێت، لە پێش چاویشمانە کەوا ئەو خەلکانەی دژی بارزانی ڕاوەستان و سەرپێچی ڕێنماییەکانیان کرد چ کاریسەو چ هەلەیەک بەسەری ئەواندا هاتووە، جا لە کۆتاییدا حەز دەکەم دوو پێشنیارم هەیە پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەم بەو ئومێدەم کەوا بە دلی ئێوە بێت، بە ڕای من ڕۆژی ٣/١٤ بڕیارێک بێتە وەرگرتن، ئەویش یا لە هەر شارێک، قوتابخانەیەک، یا

کتێبخانەیەک، باخچەیەکی گشتی دروست بکرێت، هەروەها بارزانی زۆر مرۆڤێکی بەسیت بوو لە خواردنی و جلوبەرگی و لە هەڵسووکەوتی، روحیەتی ئەو وەکو چینی هەژار و بن دەستان بوو، لەبەر ئەوە من پێمخۆشە کەوا رۆژی ١٤ ئادار ببێتە رۆژێک دژی بەد مەسرەفی و تەرەف و لە پشتیوانی هەژاران بێت، جارێکی تر سەری رێزو نەوازش بۆ بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ دادەنوێنین و، بۆ گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی جیهان، بژی کورد و کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی بەبۆنەی یادی ٩٧ ساڵەی لە دایک بوونی بارزانیی نەمرەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە جەنابی سەرۆک بارزانی و لە هەموو رێبوارانی رێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی نەمر و لە ئێوەی بەڕێز و لە گشت گەلی کوردی کۆڵ نەدەر دەکەم . لە راستیدا بارزانیی نەمر یاد کردنەوەی هەموو بیرەوەرییە خۆش و تاڵەکانە،بارزانیی نەمر لە خۆرا نەبوو بەو سەرکردە مەزنەی کە ئەمرۆ هەموو گەلی کورد بەهەموو چین و توێژەکانیەوە بە هەموو باڵە سیاسیەکانیەوە بارزانیی نەمر بە رەمزی نەتەوە بە سەرۆکی نەتەوە بە خەمخۆری نەتەوە بە باوکی نەتەوەیی دادەنێن، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم شەش حەوت رۆژەی کە بینیمان بەتایبەتی لە یەکی ئازارەوە کە چۆن پۆل پۆل چین و توێژ و لایەنە سیاسیەکان و پیاوانی ئاینی بە پیاوانی ئاینی برا مەسیحیەکانیشمانەوە بەرەو مەزاری نەمران دەرۆیشتن بۆ دەر برینی دڵسۆزی و وەفاداری و ئەمەک داری بۆ رێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی نەمر. بۆ ئێمەی پێرەوانی رێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی نەمر جێی سەربەرزییە کە ئەمرۆ بارزانیی نەمر نەک تەنها ئێمە بە سەرکردەی خۆمانی دادەنێین بەڵکو هەموو دانیشتوانی کوردستان لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان و هەر کوردێکی دڵسۆز لە هەر سوچێکی ئەم جیهانەدا بە سەرکردە و سەروەری دادەنێن و براکانمان لە نەتەوەکانی تریش و دەرو جیرانمان کە چۆن شانازی بە بارزانیی نەمرەوە دەکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە ئەنجامی وەکو گوتمان ئەو خەبات و تێکۆشانەدا هاتووە کە بارزانیی نەمر لە ماوەی پەنجا ساڵدا پێرەوی کردوە و پیادەی کردوە وسەرکردایەتی کردوە. قسە زۆرە کە بیکەین بەلام برایانم لە پێش من زۆریان لە سەر بارزانی گوت من چەند پێشنیارێکم هەیە، پێشەکی پشتگیری لە پێشنیارەکانی کاک ئەحمەد سالار دەکەم بەراستی چەند پێشنیارێکی بە پێزی پێشکەش کرد جگە لەو پێشنیارانە من پێم باشە لەو بڕیارەی کە بەبۆنەی ٣/١٤ وە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرچووە کە بەرۆژی پشوو و داندراوە ئەگەر هەموار کردنێک بکرێت لە گەڵ پشوەکەدا رۆژی یاد کردنەوەی بارزانی نەمر بێت، واتا بەتەواوەتی پشوو نەبێت بەڵکو یاد کردنەوە بێت لەگەڵ پشوەکەدا و ئامادە بوون هەبێت چونکە عادەتەن لە پشودا خەڵک

دەچێتەماڵی خۆی و دەوام نیە، بەڵام لە جیاتی دەوام کردن ئامادە بوون هەبێت لە قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگا و لە دام و دەزگاکانی هەرێمدا بۆ ئەوەی یادی ئەم رۆژە پیرۆزە بکرێتەوە.پێم باشە بەم بۆنەیەوە دیسانەوە بەتایبەتی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا وانەیەک هەبێت، هەروەها لە پەیمانگاکاندا پەیمانگای مەڵبەندی یان پەیمانگاکانی تر بەتایبەتی و لەزانکۆدا لەکۆلیژەکانی علومی ئینسانیدا ئەگەر ناوی پیرۆزی بارزانیی نەمر واتا ژیان و بەرخودان و کەلە پووری بارزانیی نەمر وەک وانەیەک بگوترێتەوە دەبێ کادری وای بۆ ئامادە بکریت بۆئەوەی ئەم وانەیە بگوترێتەوە، وانەیەکی واش بێت لە هەر قۆناغێکی خوێندندا لە ئاستی ئەم قوتابیانەدا بێت واتا بکرێت بە ماددەیەکی سەرەکی لە قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆکاندا بخوێندرێ. لە رۆژی ٣/١٤ دا هەر تەنها ئامادە بوون نەبێت بەڵکو وتار و مقالات لە سەر بارزانیی نەمری تێدا بخوێندرێتەوە واتا لەم رۆژە پیرۆزەدا ئەو یادە بکرێتەوە بە شێوەیەکی وا کە شایستەی بێت جگە لەوە من پێم باشە لەو رۆژەشدا سەردانی نەمرانی تێدا هەبێت جا چ بەکۆمەڵ بێت یان دیسانەوە پۆل بە پۆل بێت و هەروەها کردنەوەی ئەو پرۆژە تازانەی کە ئێستا باس کران شتێکی پیرۆزە ئەگەر لەو رۆژەدا بێت جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم بەتایبەتی لە پێرەوانی رێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی نەمر.سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناصح ،وەکو باسم کرد کاتەکەمان هەر ئەوەندە هەڵ دەگرێ کە قسەی تێدا کرا لە راستیشدا چەند پێشنیار هەبێت باشە بۆ ئەم بابەتە، دانیشتنەکەش بۆ ئەو پێشنیارانەیە کە بیرەوەری بارزانی نەمر بایەخی تایبەتی پێبدرێ چاکتر احتفالی پێ بکرێت، بۆیە وەکو باسم کرد هەندێ لە بەرێزان کەناویان نووسرابوو بواریان نەبوو کە قسە بکەن ، ئەو پێشنیارانەی کە هەیانە بینووسنەوە پێشکەشی بکەن ئەوانەش لەناو پرۆتۆکۆلدا دادەنێین و لە بەر چاوی دەگرین دوا وتە بۆ بەرێز کاک فەلەکەدین کاکەییە سەرۆکی لیژنەی بالای یادەکانی ئادار و نەورۆز بابفەرمووێ

**بەرێز فەلەکەدین کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەوەی کە رێگەتانداین لەو رۆژە پیرۆزەدا چەند تێبینیەک روون بکەینەوە.برادەران لێرە زۆر باسی گرنگی بۆنەکە وکەسایەتی بارزانیی نەمریان کرد بەتایبەتی هاوکاری ئازیزم کاک فرەنسۆ، من لێرە ئەوە دوپات ناکەمەوە بەلام وەکو لیژنەی بالای یادەکانی ئادار و نەورۆز کە حکومەتی هەرێم دایناوە دەمەوێ چەند روون کردنەوەیەک بخەمە روو.

جارێ ئەم لیژنەیە، لیژنەی بالای یادەکانی ئادارو نەورۆز، یەکەم جار سالی ١٩٩٧ لەلایەن کابینەی سێیەمەوە دامەزرا وئەو رۆژەی کە ناو نرا هەر بۆ ئەو شتانە بوو کە برادەران پێشنیاری دەکەن بۆ یادکردنەوەی بارزانی بوو بۆ یاد کردنەوەی هەموو ئەو بیرەوەریانە بوو کە برادەران ئاماژەیان بۆ کرد لەوانەش کردنەوەی پرۆژە و کردنی بەشادی و ئاهەنگ. پێشنیاری بەرێز کاک

مەلا محسن بەجێیە کە ئێمە زیاتر بایەخ بدەین بە لە دایک بوون، ڕاستە وەکو پێغەمبەران بەتایبەتی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لێبێ زیاتر بایەخ بە لە دایک بوونی دەدرێ هەروەها مەسیح درودی خوای لێبێ بایەخ بە جەژنی لە دایک بوونی دەدرێ. سەبارەت بە بارزانی کاتێ لەساڵی ١٩٩٧ لە کابینەی سێیەم بریار درا بەندە و کاک فرەنسۆ و کاک د.ئیدریس و برادەرانی شارەوانی لەو لیژنەیەدا بووین لە بنچینەوە هەر بۆ ئەمە بوو کە لەم ڕۆژەدا بایەخ بدەین بە ڕۆژی لە دایک بوون کە تاکوو ئیستا نەتواندراوە، دیارە بەرنامەی دەوێ،ئەم پێشنیارەی برادەران پێشنیاری زۆر باشن، پاشان ڕێک بخرێ و یەک بخرێ،هەروەها سەبارەت بە ناوی مستەفا بارزانی ڕای شەخصی خۆم من لەگەڵ ڕای ملا محسنم کە مەلا مستەفا بارزانی ناوێکی عەلەمە، ناوێکی ڕسمیە، ناوێکی مێژووییە زۆر جێگای خۆیەتی کە بەکار بێت و بارزانیی نەمریش بەکار بێت چونکە زۆر کەس لە سەری را هاتوون بەلام ئیمە ئەمڕۆ لە یادی مستەفا بارزانی کۆدەبینەوە. یادەکانی ئادار وەکو کابینەی سێیەم بایەخی پێ داوە بوو بە تەقلیدێک، ئیستا کابینەی چوارەمیش هات پەسەندی کرد و چەسپاندی و لە سەری دەڕوات و ئومێدەوارین کابینەکانی تریش لەسەری برۆن بۆئەوەی ببێتە تەقلیدێکی میلی و نەتەوەیی لە کوردستاندا چ بۆ یادکردنەوەی راپەرین یان ئەم یادە ١٤ی/ئادار یادی هەڵەبجەی شەهید یان شێوەی کردنەوەی جەژنەکانی نەورۆز هەروەها چەژنی ١١/ ئادار هەروەها ٨/ئادار چەژنی ئافرەتان ئەمانە هەمو لە ئەنجامی ئەو بریارە بوو کە وردە وردە خەریکە پەرە دەستێنێ و باش تر دەبێت هەرووەها ئەم ڕۆژە داندرا بۆ هەڵمەتی درەخت چاندن ئەوەش زیاتر بۆ ریز لێنان لە بارزانی بوو، کە یادی لە دایک بوونی ببێتە دار چاندن و بوژاندنەوەی جوانی و پێشکەوتنی کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر بایەخ بە لە دایک بوونی بدەین ، ئێمە ناتوانین لەم ڕۆژەدا خەڵک مەنع کەین کە ئامادەبێت، ئەوە ناکرێ بەلام دەمەوێ بە کورتەیەک ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی یەکی ئادار بایەخی پێدرا؟ یەکێکی بۆ سایکۆلۆجی ئەو میللەتانە دەگەڕێتەوە کە وەفا زیاتر کاری تێدەکات دووەمیش ئەوەیە ئێمە ساڵی ١٩٧٩کە بارزانیی نەمر وەفاتی کرد یەکەم ساڵی دوای وەفاتەکەی کە ساڵی ١٩٨٠ دەکات لە یەکەم بیرەوەری کۆچی بارزانیی نەمردا مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی چووین بۆ شنۆ کە لەوێ نێژرا بوو یەکەم یادکرد نەوەی بوو کە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێ کادرو پێشمەرکە چوین ئیدی لەوەو دوا بوو بەتەقلید هەر ساڵێک ڕوژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو بەتایبەتی سالەکانی ١٩٨٢ و١٩٨٣ و ١٩٨٤ هەندێ جا زیاتر لە ١٥ هەزار کەس لە برا پێشمەرگە و برا پەناهەندەکان دەچوین ئەم یادەمان دەکردەوە و، کە گەراینەوە بۆ کوردستان چەسپا و لەسەری ڕۆیشتووین ، ئەو یاد کردنەوەش باشە ، بەلام من لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە یادی لە دایک بوون بکەین بە جەژنێکی میللی ئیدی ئەوە باس کردنی چۆن دەوێت؟ چۆن بیکەین ؟ ڕەنگە لەو پێشنیارانەی کە کراوە پاشان ئێمە لە حکومەت لەگەڵ پەرلەمان دراسەی دەکەین بەرنامەیەک دادەنێین. کاک عەبدوالخالق باسی ئەوەی کرد کە بارزانی بایەخی بە دیکراتیەت داوە، زۆر راستە هەموو دیکۆمێنتەکان وا دەڵێن، زیاتر لەوەش پێش چەند ڕۆژێک تەمەشای ئەرشیفم دەکرد لەیاداشتەکانی بارزانیی نەمر لە شەستەکانیش هەمیشە داوای ژیانی پەرلەمانی کردوە،یەکێ لەمانە یاداشتێکە لە ١٩٦٥ یەکێکی تر یاداشتێکی ١٩٦٧ە لە هەموو ئەو یاداشتانە کە بارزانیی نەمر بە حکومەتی عێراقی داوە یان لەگەڵ حزبەکان دانیشتووە یەکێ لە

خالەكانی گەڕانەوە بووە بۆ ژیانی پەرلەمانی بۆ عێراق و دانانی پەرلەمان و هەڵبژاردن بووە و داوای دەستوورێكی كردوە بۆ عێراق، ئەوە هەمیشە داواخوازیەک بووە لە داخوازیەكانی بارزانی لە هەموو حكومەتەكان ، ئەمڕۆ خۆش حاڵین لە كوردستان ئەم ئاواتەی هاتە دی و ئومێدەوارین لە داهاتووشدا لە عێراق بێتە دی.

خاڵێكی تر كە باس كرا سەبارەت بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بەڵێ بارزانیی نەمر ئاین پەروەرێكی مەزن بوو، خودا ناسێكی مەزن بوو و لەسەرچاوەی ئیسلامیەوە بەو خودا ناسیە گەیشتبوو لە هەمان كاتیشا جەوهەری لێبووردەیی ئیسلامی پێرەو دەكرد و ئەو جەوهەرەش لە ڕێبازی بارزانی زۆر روون بوو، بارزانی بەرامبەر بە ئاینەكانی تر لێبوردە بوو دەتوانین بڵێین بەشێوەیەک دەچوە رێوە كە هەموو ئاینێک وای دەزانی كە بارزانی هی ئەوە، بارزانی هێمایی لێبووردنی ئاینی و نەتەوەییە، دەبێ ئەم لایەنە رۆژ بەرۆژ زیاتر بچەسپێنین هەر وەكو لە پەرلەمان چەسپاوە لە حكومەتی هەرێم زیاتر بچەسپێ.سەبارەت بەو خالانەی كە بەرێز ئەحمەد سالار باسی كرد حەز دەكەم خاڵێكی بچوک روون بكەمەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە كوردستان یەكەم جار یادی بارزانی كرایەوە بەبۆنەی نەوەد ساڵەی، ئەو ساڵە نەوەد ساڵ بەسە ئەم یادەدا تێپەری و ئێمە لە سەلاحەدین كۆنفرانسێكی فراوانمان بەست زۆر لە كەسایەتی رۆشنبیری ئەو سەردەمە بەشدار بوون و سێ رۆژی خایاند و ئەم پێشنیارانە زۆری هاتبوو، دیارە لە بەر هەڵو مەرجی سیاسی ناوخۆ دوا خرا،ئومێدەوارین ئەم پێشنیارانە لەگەڵ ئەوانی تر یەک بخەین و شتێكی باشی لێ دەر دكەین، ئومێدەوارین بۆ ساڵەكانی دادێ هەر لە ئیستاوە كاری بۆ بكرێت.سەبارەت بە ئێمە كە باسی یادی بارزانی دەكەین لە ١٧/ نیسانی ئەم ساڵ لە واشنتن كۆنفرانسێكی فراوانی ناوەندی مستەفا بارزانی دەكرێتەوە كەوا زانكۆی ئەمەریكا بەشێكی بۆ تەرخان كردوە،ناوەندی مستەفا بارزانی لە واشنتن نەک تەنها بۆ لێكۆڵینەوە بۆ ژیانی بارزانیە بەڵكو بۆ هەموو لێكۆڵینەوەیەكە لەسەر كورد و دەربارەی كوردستان لە هەموو پارچەكانی تر دەربارەی هەرشتێک لەسەر كوردو، بەند نیە تەنها بە پارتێک یان كەسێک بەڵكو بەندە بە هەموو كەلەپووری كوردی و هەموو لایەنێكی سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری، لەوانەیە ئەم جارە كۆنفرانیسێكی نێو نەتەوەیی گەورە بێت كە لە واشنتن دەبەسترێت و ئومێدەوارین سەركەوتوو بێت.لێرەدا جارێكی تر بەناوی خۆم و بەناوی برادەرانی تر لە لیژنەی بالای یادەكانی ئادار و نەورۆز لە حكومەتی هەرێم كە هاوكاری ئازیزم كاک فرەنسۆش ئەندامێكە زۆر سوپاسی پەرلەمان دەكەین كە بایەخ بەو یادە دەدات و ئومێدەوارین بە هەموو لایەک بتوانین ئەو یادە لە ویژدانی میللەتی كورددا زیاتر بچەسپێنین وەكو هێمایەكی نەتەوەیی و سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز كاک فەلەكەدین كاكەیی، بەرێزان لە راستیدا دانیشتنەكە بۆ ئەوە بوو كە پێشنیار و بیرو را بخەینە روو دەربارەی چۆنیەتی یاد كردنەوەی بەچاكترین شێوە، یادكردنەوە بۆ لە دایک بوونی بارزانیی نەمر راستە زۆر شت كراوە بەلام ئەوەی لەو ماوەیەی دواییدا تێبینی كراوە بەو شێوەیەیە كە تا رادەیەک زۆر روون نیە و ئەمە چونكە یادێكی نیشتمانیە كە لە پەرلەمانەوە بریاری لە سەر دراوە، لە پەرلەمانی كوردستان كراوە بە رۆژێكی رسمی پشووی رەسمی و بە رۆژێكی ئاهەنگ گێران، باش ئەبێ ئەگەر رێو رەسمێكی رێک و پێک بكرێت بۆ ئەم رۆژە، لە رووی پرۆتۆكۆلیەوە چۆن رێک دەخرێ بەم بۆنەیەوە هەستین؟

له راستیدا زۆر پێشنیاری چاک کرا وزۆر سوپاسی ئەو بەرێزانە دەکەین کە پێشنیارەکانیان پێشکەش کرد وئەوانەی کە پێشنیاریان هەیە و پێشکەشیان نەکردوە مافی خۆیانە کە بە نووسراو پێشکەشی بکەن. بە رای من باشترین شێوە ئەوەیە ئێمە ئێستا لێژنەیەکی کاتی پێک بێنین بۆ دراسەت کردنی ئەم پێشنیارانە و هەر پێشنیارێکی تر کە هەیە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دانیشن دراسەتێکی تەواوی بکەن، دواتر پێشنیارێکی رێک و پێک پێشکەش بە پەرلەمان بکەن تاکو بریاری لەسەر بدرێ، من پێشنیار دەکەم ئەم لێژنە کاتیە لەم بەرێزانە پێک بهێندری، من تەنها ناوی ئەندامانی پەرلەمان دەخوێنمەوە:

بەرێز فرەنسۆ هەریری.

بەرێز سەرکیس ئاغاجان.

بەرێز ئەحمەد سالار.

بەرێز سەعید یعقوبی.

بەرێز د. ناصح.

بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە.

بەرێز عبدالخالق زەنگەنە.

بەرێز سیروان کاکەیی.

بەرێز زەهرا حاجی تەها.

ئەگەر لەسەر ئەم پێشنیارە تێبینی نیە دەیخەینە دەنگدانەوە کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەرێز فرەنسۆ هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیار دەکەم لە برادەرانی لیستی مۆریش یەکێک لەگەڵ لێژنەکەدا بێت

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەرکەسێ کە خۆیان پێشکەشی بکەن ئێمە رازین ،پێشنیارەکە لە جێی خۆیەتی ئەوە دەمینێتەوە کە خۆیان یەکێ دەست نیشان بکەن هیچ گرفتی لەسەر نیە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا،زۆر سوپاس.

بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆمان دێت، دانیشتنی پەرلەمان سبەی سەعات دەی بەیانی دەبێت هیوا دارم لە کاتی دیاری کراودا بەرێزان ئامادە بن، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی بڕیار: ١
## مێژووی بڕیار: ١٤/٣/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی مادده (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی خۆیدا کە لە ڕۆژی ١٤/٣/٢٠٠٠دا بەسترا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:

پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجومەن دەربارەی ڕێ و ڕەسمی تایبەت بە زیندوو کردنەوەی یادی لە دایکبوونی ڕابەری کورد بارزانیی نەمر لە (١٤)ی ئاداری هەموو ساڵێکدا.

دووەم:

لیژنەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک دێت:

١-فرەنسۆ هەریری.
٢-سەرکیس ئاغا جان.
٣-ئەحمەد سالار.
٤-سەعید یەعقوبی.
٥-د.ناسح عەبدولغەفور.
٦-محەمەد حەسەن باڵەتە.
٧-عەبدولخالق زەنگەنە.
٨-سیروان کاکەیی.
٩-زەهرا حاجی.
١٠-نوێنەرێک لە لیستی مۆر.

سێیەم:

لیژنەی پێکهاتوو دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران بکا، یان ئەو لایەنەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەخویل کراوە بۆ گەیشتن بە باشترین شێواز بۆ ڕێورەسمێ کە پێویستە دەستنیشان بکرێ بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو یادە نەمرەی لە دایک بوون کە شیاوی گرنگی پێدان بێت.

چوارەم:

دەبێ لیژنەی پێک هاتوو ڕێنماییەکانی دەربارەی بابەتەکە پێش تەواوبوونی خولی گرێدانی ئێستا کە پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات.

پێنجەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (پەرلەمان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

د.ڕۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٣»**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ١٥/٣/٢٠٠٠

خولی یەکەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((٣))

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/١٥

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٣/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەبیر هێنانەوەی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید کە چەکی کیمیایی لە دژی دانیشتووە بێ تاوانەکانی بەکار هێنرا.***

***٢ـ داواکردنی متمانە پێدان بە ڕێزدار (عەبدولرەحیم شێخ عەلی فەیلی) بۆ دامەزراندنی بە پایەی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و ئەنجامدانی سوێند خواردنی یاسایی.***

***٣ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەمووارکردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢).***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو.***

***ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەی ئەمرۆمان دەکەینەوە.

بەڕێزان پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان دەکەم کە لەم دانیشتنەدا ئامادەن. بەرنامەی کاری ئەمرۆمان بەم جۆرەیە:

١ـ بەبیر هێنانەوەی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید کە چەکی کیمیایی لە دژی دانیشتووە بێ تاوانەکانی بەکار هێنرا.

٢ـ داواكردنی متمانه پێدان به ڕێزدار (عەبدولرەحیم شێخ عەلی فەیلی) بۆ دامەزراندنی به پایەی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و ئەنجامدانی سوێند خواردنی یاسایی.
٣ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەمواركردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢).

لەبەرئەوەی نوێنەرانی شاری هەڵەبجەی زیندوومان داوەت کرد وەکو میوان بێن لەو خاڵەی دەربارەی هەڵەبجە بەشداری بکەن، وا دیارە ئەوان جاریێ خەریکی چالاکی ترن لەوانەیە دوا بکەون. بە پێویستی ئەزانین خاڵی یەکەم و دووەم جێگۆڕکێیان پێ بکەین، جا بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێ ئەم جێگۆڕینە لە بەرنامەی کاردا دەبێ بخەینە دەنگدانەوە.

کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات کە خاڵی دووەم پێش بخەین؟.. سوپاس.. کێ دژە؟.. بە تێکرای دەنگ وەرگیرا.

ئێستا دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین، بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران با بفەرمووێت.

**بەڕێز نێچیرفان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای بەخشندە:**

هەروەکو لە تەشکیلی کابینەی چوارەم ئێمە باسمان لەوە کرد کە هەڤالانی حزبی شیوعی کوردستانی بەشداریمان لەگەڵدا دەکەن، بەلام لەبەر هەندێ باس و گفتوگۆ و مەشوەرەتی ناوخۆیان لەوانەیە ئەوە دوا بکەوێت و، ئەمرۆ ئێمە دەبینین کە دوای تەواو کردنی گفتوگۆ لەناو خۆیاندا بڕیاری ئەوەیان داوە کە بەشداری لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن کە ئەوە جێی خۆشحاڵییە، جێی سەربەرزییە بۆ ئێمە و ئێمە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەین و خۆشحاڵین بەوەی کە ئەوانیش بەشداریمان لەگەڵدا دەکەن، چونکە ئەم هەڤالانە لە خەباتی خۆیاندا زۆر تەجروبەیان هەیە، هیواداریـن کە وجودی ئەوان لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم ببێتە مایەی بەرەو پێشەوە بردنی ئەو دروشمانەی کە کابینەی چوارەم هەڵیگرتووەو، ئەوان زیاتر هاوکاری ئێمە بکەن بۆ چەسپاندنی ئەو ئامانجانەی کە لە کابینەی چوارەمدا دەستنیشان کراون.

حزبی شیوعی کوردستانی کاک (عبدالرحیم شیخ علی) ناسراو بە (حەیدەر فەیلی)یان پاڵاوتووە بۆئەوەی وەکو وەزیر بەشداری بکات، دوای ئەوەی وەزیری گواستنەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە پەرلەمان پێشکەش کردووە ئێمە داوا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین کە بڕوا بە وەزیری تازەی گواستنەوە و گەیاندن بدات، ئەوەی تر کە من دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە کاک حەیدەر لە خەباتگێڕانی کۆنە لەناو حزبی شیوعیداو زۆر زەحمەتی کێشاوەو پێشمەرگایەتی کردووەو لە شاخ بووە، لە ڕاستیدا وەکو خەباتگێڕێکی کۆن و پێشمەرگەیەکی شاخ بۆ ئێمە وەکو کابینەی چوارەم جێگای شانازییە کە حزبەکەیان ئەوەیان پاڵاوتووە کە بەشداریمان لەگەڵدا بکات، من داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە بڕوای پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، بەڕێزان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری کاک (عبدالرحیم شیخ علی فیلی) کرد بۆ پۆستی وەزیری گەیاندن، مەسەلەی متمانە پێدانی دەخەمە دەنگدانەوە.

کێ ئەوە پەسەند دەکات کە (کاک عبدالرحیم شیخ علی فیلی) متمانەی پێ بدرێ بۆ پۆستی وەزیری گەیاندن؟.. سوپاس.. کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ متمانە درا بە بەڕێز (عبدالرحیم شیخ علی فیلی). لێرەوە پیرۆزبایی لێ دەکەین با بفەرمووێ بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز عەبدولرەحیم شێخ عەلی فەیلی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

«من (حیدر شێخ علی) بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، ڕێز لە یاسا بگرم، بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەست بە خاڵی سێ یەمی بەرنامەی کار دەکەین، کە یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەموارکردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوە.

لەسەر داوا کردنی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوە بۆ هەموارکردنی پێڕەوی ناوخۆ. تکایە لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً لأحكام الفقرة (٨)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ مايلي:

اولاً: تلغى المادة السادسة والثلاثون من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق المعدل.

ثانياً: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**د.روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەوەش ناوەكانى ريژەى ياساييە:

١ـ ئەحمەد سالار ٢ـ شێخ موحسين موفتى ٣ـ عەفان نەقشبەندى ٤ـ يەحيا محەمەد عەبدولكەريم ٥ـ محەمەد تاهير زين العابدين ٦ـ مەلا تەلحە سەعيد ٧ـ تەها محەمەد تەها ٨ـ قەيس هێوالى دۆسكى ٩ـ ئەحمەد عەلى عومەر ١٠ـ سەعيد محەمەد سديق.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێزان ئەمە مادده (٣٦)ە، بۆ روون كردنەوە مادده (٣٦) دەڵێ ئەو ئەندامەى پەرلەمان كە دەست لەكاردەكێشێتەوە بۆى نييە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، ژمارەيەكى ياسايى لە ئەندامان داوايان كردووە ئەم ماددەيە لەغو بكرێتەوەو بوار بدرێت بەوانەى كە پۆستى حكوميان پێ دەدرێ، ياخود ئيشوكارى تر لەلايەن كوتلەى خۆيانەوە لە شوێنى تر ئيشيان پێ دەسپێردرێ، بوارى ئەوەيان پێ بدرێ كە ئەم ئەركەيان تەواو بوو جارێكى تر بگەڕێنەوە پەرلەمان بەپێى بەرژەوەندى خاوەنى كوتلە، ئەمە تەنيا بۆ روونكردنەوە بوو لە دانيشتنێكى تردا گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەكرێت.

پێش ئەوەى دەست بكەين بە دوا برگەى بەرنامەى كارى ئەنجوومەن بۆ دانيشتنى ئەمڕۆ كە يادەوەرى كارەساتى هەڵەبجەى شەهيدە، تكا دەكەم بە دەقيقەيەك راوەستان بۆ يادى گيانى پاكى روحى بەرزە فرى (٥) هەزار شەهيدى هەڵەبجەى زيندوو، فەرموون. سوپاستان دەكەين فەرموون دانيشن، لێرە بە شايستەى دەزانم بەخێر هاتنى گەرمى مێوانانى بەڕێز نوێنەرانى شارى هەڵەبجە بۆ پەرلەمانى كوردستان بكەم كە ئەمڕۆ وەك ميوان لە هۆڵى پيرۆزى پەرلەمانى كوردستاندا ئامادەن.

دەرگا كراوەيە بۆ ئەوەى دەيەوێ قسە بكات تا وەكو ناوى بنووسرێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێرى ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەمە ناوى ئەو بەڕێزانەيە كە دەيانەوێ قسە بكەن:

بەڕێز شێخ جەعفەر، بەڕێز د. رزگار، بەڕێز مامەند ئاغا، بەڕێز شێخ يەحيا، بەڕێز ئيبراهيم سەعيد، بەڕێز شێخ عەفان، بەڕێز د. ناسح، بەڕێز شێخ موحسين، بەڕێز جەميل عەبدى، بەڕێز بورهان جاف، بەڕێز شەفيقە، بەڕێز فوزيە، بەڕێز رەجەب شەعبان. بەڕێز فەرەنسۆ هەريرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جگە لەم ناوانە کەسی تر نییە، کەواتە دەستی پێ دەکەین. بەڕێز شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانانی خۆشەویست و بەڕێزان نوێنەرانی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید دەکەم بۆ ئامادەبوونیان لە پەرلەمان لە یادی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەدا، دوانزە ساڵ لەمەوبەر لە (١٦/٣)دا کارەساتێکی دڵتەزێن جینۆسایدێکی دژ بە کورد بۆ شارێکی دڵگیرو مەڵبەندێکی کوردایەتی رۆشنبیری لەلایەن رژێمی دەسەڵاتداری عێراقەوە ئەنجام درا، دوژمنانی مرۆڤایەتی جارێکی تریش بە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو، دەستی تاوانیان سوور کرد بە خوێنی ئاڵی زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی کورد لە شاری هەڵەبجەدا، شارەکەیان شەهید کرد هەزارانی تریش بەو زەهرە کیمیاوییە گیرۆدە بوون، بە دەیان هەزار مرۆڤی تریش لە ماڵ و شارو نیشتمانیی خۆیان ئاوارەو دەربەدەر بوون، شارەکەشیان بە تەواوی وێران کرا، ژینگەکەشی خراپ بوو، دارو درەخت و ئاژەڵ و تەیرو تاریش بێ بەش نەبوون لە وشک بوون و خنکاندن، ئەم مەرگە ساتە خەمناکە هیچ کاتێک لە یاد نەچووە، هەمیشە لەکەی رەشە بە ناوچەوانی ئەنجامدەرانییەوە ئەوانەی پشتیوانیشیان لێ کردوو دەنگی نارەزایی دەربرینیشیان خنکاند، ئەم رووداوە دڵتەزێنە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی هەژاندو، بووە هێمای مەزلومیەتی کوردو رەوایی کێشەکەی و، بووە هێمای درندەیی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.

کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە ئەوەی سەلماند کە داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن ژیانی ئاسوودەیی و یەکسانی بۆ کورد دابین بکەن، دروشمەکانیان تەنها بۆ داپۆشینی مەرامە گڵاوەکانیانە، کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی رەوایە، تا کورد نەگاتە مافە بەرێوەبەرییە زەوت کراوەکانی خۆی لەسەر خاکی مێژوویی خۆی، ئارامی لە ناوچەکەدا ناچەسپێ. هەردەم ئەگەری دووبارە بوونەوەی ئەم شێوە کارەساتەو درندانەتریش هەیە، چونکە داگیرکەرانی کوردستان نایانەوێ و ناشتوانن ژیانی ئارامی و ئاسایش بۆ کورد دابین بکەن. باری ژیان و باروگوزەرانی دانیشتوانی ئەو شارو گوندانەی کە تا ئێستا لە سنووری هەرێم دابڕاون و کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی رژێم بە تایبەتی شاری کەرکوکی دڵی کوردستان شاهیدی بەڵگە نەویستە بۆ ئەم بۆچوونە، بۆیە پێویستە رێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان و مافی مرۆڤ و وڵاتە بڕیار بەدەستەکان ئەم راستییە باش بزانن، بە خێراتر چارەسەری بکەن ئەگەر بیانەوێ ئاسایشی ناوچەکەمان و مافی مرۆڤ بەراستی بپارێزن، هەرچەندە کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە وێرای وێرانکردنی دەڤەرێکی بەرفراوانی وڵاتەکەمان و بە کۆمەڵ کوشتنی ژمارەیەکی زۆری بێ تاوانی میللەتەکەمان، زامێکی قووڵی لە هەست و جەستەی نەتەوایەتیماندا دروست کرد، بەڵام خواستی گڵاوی داگیرکەران لە کوشتنی روحی مقاوەمەت و

بەرخودانی گەلەکەمان و کوژانەوەی بڵێسەی شۆڕش بەدی نەهات، بەڵکو شۆڕش بەردەوام بوو، تۆڵەش بەزەبر بوو کە دوای کەمتر لە سێ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) تەقییەوەو سەرو سامانی داگیرکەرانی تیا بردو زەلیل و سەرشۆڕ بەرامبەر خواست و ئیرادەی گەلەکەمان دامان.

سوپاس بۆ خوا کورد سەرکەوت، کوردستان بەشی زۆری ئازاد کرا، هەڵەبجە ژیایەوە، جەماوەرە سەر بەرزەکەی گەڕایەوە سەر جێگای خۆیان، وەفادارییان بۆ خوێنی شەهیدان پاراستنی گەلەکەمانەو گەشەکردنییەتی.

پێشنیار دەکەم:

١- بڕیاری پەرلەمان ژمارە (١١) لە (٢٢/٩/ ١٩٩٩) بۆ هێنانەدی پارێزگای هەڵەبجە جێبەجێ بکرێت.

٢- پشتگیری داواکارییەکانی نوێنەرانی جەماوەری هەڵەبجە ئەکەم کە ئەمڕۆ پێشکەشیان کردووە.

٣- نامەوێ ئەو پێشنیارانەی کە پارساڵ پێشکەش کرا دووبارەی بکەمەوە کە بریتییە لە هەشت خاڵ لە کۆبوونەوەی (٣/١٦) پاردا تۆمار کراوە، هەوڵی جێبەجێ کردنیان بدرێت لەلایەن لایەنە بەرپرسەکانەوە، لە کۆتاییدا سەری رێزو نەوازش دائەنەوێنم بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەنجامدەرانی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر. بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو خەڵکی دهۆک دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوەو بەخێر هاتنی کەسوکاری خۆمان لە دەڤەری هەڵەبجە دەکەین کە لەم دانیشتنەی پەرلەماندا لەم هۆڵە پیرۆزەدا ئامادەبوون و، داوای سەرکەوتن بۆ میللەتی خۆمان دەکەین کە بگەنە ئامانجی خۆیان و ئەم تاوانانە کۆتاییان پێ بێت.

کارەساتی هەڵەبجە تاوانێکی دڕندانە بوو دژی هەموو مرۆڤایەتی، ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و چاوی خەڵکی لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی لەسەر مەوعاناتی گەلی کورد کردەوە، پێش روودانی کارەساتی هەڵەبجە خەڵکەکە گوێ لەو میللەتە نەبوو، هەرگیز ئاوڕی لێ نەدەدایەوە سەرەرای ئەو کارەساتە تراجیدیانەی کە بەسەرمان دەهات، هەر لە دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلولەوە تا روودانی کارەساتی هەڵەبجەو دوای هەڵەبجەش.

ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە ویستیان لە رەگ و ریشەوە بەرخودان لەناو دڵی ئێمە دەربێخن، گەلی کورد ناچار بکەن چۆک دابنوێنێ بەرامبەر سیاسەتیان، بەڵێ وەکو سەرۆک بارزانی فەرموویەتی: ئومێدی ئێمە بە پاشەرۆژ زۆر مکومە، گەلی کورد چۆک دانادا، بەسەرکردایەتی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێمە ئومێدمان هەیە دەگەینە پاشەرۆژێکی گەش و، هەرێمی خۆمان دەپارێزین و، دەستکەوتەکانی خۆمان دەپارێزین و خەڵکی تەماعکار لە وڵاتی ئێمە دوور دەخەینەوە.

هەر وەکو گوتم ئەم تاوانانە ئێستا لە جیهاندا (اجماع)ی لەسەرە کە تاوانێکە دژی مرۆڤایەتییە، جینۆسایدێکە دژی گەلێکی بن دەست و هەژار و بێ دەسەڵاتە، تەنها لێرە ئەمە بۆ نموونە دەهێنمەوە کە یەکێکی خێرخواز و مرۆڤ دۆست شایەدی دایەو دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە دەڵێت: چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکار هاتووە دژی خەڵکی هەژار و فەقیر. (د. کرستین کۆردز) دەرحەق بەو تاوانبارانەی ئەو کارەساتەی ئەنجامداوەو تاکو ئێستا نەدراونەتە دادگای نێودەوڵەتی دەڵێت: (ان مرتكبي الهجمات بالاسلحة الكمياوية الفتاكة لم يقدموا ابداً الى العدالة كما لم يتلق الناجون تعويضات عن الخسائر التي تكبدوها وان الحكومات والمنظمات غير الحكومية والمؤسسات الدولية تتحمل المسؤولية) ئەمە وتەی (د. کرستین کوردز) بوو دەربارەی ئەم تاوانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی نەک تەنیا لە هەڵەبجە بەکارهاتووە، بەڵکو پێش هەڵەبجەش رژێمی بەغدا لە پێش چاوی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بەکاری هێنا بەبێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک بکات و دەستی رژێم بگرێت و نەیەڵێت ئەم تاوانە بکات. لە ساڵی (١٩٨٧) لە شێخ وەسانان و شێخ بزێنی و دەڤەری قەرەداغ ئەم چەکانە بەکار هات و خەڵکی پێ کوژرا، تاوانی گەورەش لە هەڵەبجە بوو لە (١٩٨٨/٣/١٦) ئەنجامدرا، لە گەلی بازی لە (١٩٨٨/٨/٢٩) بەکار هات، هەروەها لە دەڤەری زاخۆ بەکار هات و هەزاران خەڵکی ئێمە شەهید بوون و بوونە قوربانی ئەم چەکە کیمیاوییە.

لێرەدا دوو کۆنگرەی زانستی بەسترا دەربارەی کاریگەری چەکی کیمیاوی، یەکێکیان لە واشنتون بوو لە (١٩٩٨/١١/١١)، ئەوی تریش لە سویسرا لە (٧/٣١ - ١٩٩٩/٨/٧) سامپلی وەرگرتووە دیراساتی لەسەر کراوە. من پێشنیار دەکەم کە حکومەتی ئێمە پاڵپشتی ئەو دوو کۆنگرەیە بکات تاوەکو دوارۆژ بتوانین بە بەڵگە و دکۆمێنت بیسەلمێنین بۆ هەموو جیهان کە ئەو تاوانە بەرامبەر ئێمە کراوە، بەڵکو بتوانین قەرەبووی ئەو خەڵکە بدەینەوە تاوەکو تۆڵەی ئەم شەهیدانە بکەینەوە لەوانەی کە ئەم کارەساتەیان بەسەر گەلی ئێمە هێنا.

لێرەدا کۆتایی بە قسەکانی خۆم دێنم چونکی برادەرانی تر دەیانەوێ قسە بکەن، تەنها دەڵێم بەهەشتی بەرین بۆ ئەو شەهیدانە بێت و سەروەری شەهیدانیش بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانە مەرگ، بژی کورد، بژی کوردستان. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار. بەڕێز موحسین خالد فەرموو.

**بەڕێز شێخ موحسین شێخ خالد موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا داوای رەحمەتی خوا دەکەین بۆ گیانی پیرۆزی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە کە بوونە پێناسەی نەتەوەکەیان لە هەموو جیهانی ئاوەدانا، دەنگی زوڵاڵ و چەوساوەییان گەیاند بە هەموو دونیا، جێگای خۆیەتی کە سوپاسی خۆمان دووبارە بکەینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگی و بایەخی بە داخوازییەکانی خەڵک و دەڤەری هەڵەبجەدا بۆ ئەو هەڵوێستە رێکوپێکەی کە کردی بۆ پارێزگاری کردنی هەڵەبجە و، کردنی بە پارێزگا، ئەمە دەستکەوتێکی مەزن بوو، لە داهاتوویەکی پرشنگداردا ئومێد دەکەین کە پەنا بەخوا هەموو ئاواتەکانی تر بێتە دی.

ناوچەی هەڵەبجە پێش ئەوەی کە کیمیا بارانی بەسەردا بکرێت دوژمنان رقێکی گەورەیان لێی هەبوو، گەڕەکێکیان بە تەواوی ئیبادە بوو کە گەڕەکی کانی عاشقان بوو، تێکیان دا و رووخانیان و وێرانیان کرد، چونکە نەیان دەشاردەوە دەیانگوت ئێمە لە هیچ شوێنێکدا قەبوولی ناکەین دەنگی نارەزایی بەرز بێتەوە بەرامبەر بە رژێم. لە شاری هەڵەبجەشدا هەموو ئاگادارین و دەزانین کە دەنگی نارەزایی بە عەمەلی و بە کردار و بە هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بەرز بۆوە بەرامبەر بە رژێمە بەدناوەکەی عێراق، لەبەرئەوە هاتنە سەر ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان جوان و پیرو مناڵ و هەتا گیانلەبەرانیشدا نەکەن و هەموویان پێکەوە لەناو ببەن. گەورە بەرپرسانی خۆیان دوای ئەوە لە شاری سلێمانیدا هێشتا رۆژی خۆیان بوو دەیانووت ئێمە ئەگەر دەسەڵاتمان ببوایە نەک ئەوەی حاشای لێ بکەن بڵێین ئێمە نەمانکرد، بەڵکو ئەگەر زەڕەمان هەبووایە، قونبلەی ئەتۆمیمان هەبووایە، بەکارمان دەهێنا بەرامبەر بە کۆمەڵێک بەرامبەر بە نەتەوەیەک کە دەنگی نارەزایی دژی رژێمی عێراق بەرز بکاتەوە، بۆیە جێگای خۆیەتی کە ئێمە بەبیرمان بێتەوە کە دەقاو دەق ئەم ئایەتی قورئانە ئەوان دەگرێتەوە کە دەفەرمووێ (ويهلكون الحرث والنسل والله لا يحب الفساد). ئەوەیان بەرامبەر بە میللەتی ئێمە کرد، دوژمن بەزەیی بە کەسدا نەهاتەوە هەوڵیشی دا لەگەڵ خۆیدا گەورەترین کارەسات رووبەرووی میللەتەکەمان بکاتەوە کە هەندێ لە خۆمان بکاتە (افواج) بۆ تێکدانی باری خۆمان، کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی راکێشان و بەهانەو ذریعە دان بە دەستی دوژمنەوە کە بتوانن ئەو کارەساتە تۆقێنەرە بەرامبەر بە میللەتەکەمان بکەن و لەگەڵ ریسوا بوون و روو رەشی خۆیاندا کۆمەڵێکیش لەگەڵ خۆیاندا بەو دەردە بەرن.

زۆر هەوڵی خزمەتگوزاری دراوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی زۆری بەهۆی بارودۆخەوە نەگەیشتووە و، لە وڵاتانی دەرەوەش بە داخەوە ناوی هەڵەبجە و ئەو کارەساتە گەورەیە بۆ سواڵ و سەدەقە بەکاردەهێنرێت لەلایەنی زۆر لەو رێکخراوانەوە کە بەناوی هەڵەبجەوە پارە کۆدەکەنەوە و

زۆریشی ئاگاته شوێنەکانی خۆی، خۆزگە پەرلەمانی کوردستان بیری لەوە بکردبایەوە کە دەستێکی ئەمین دروست بکرایە یا شت کۆنەکرێتەوە، یان ئەگەر کۆکرایەوە خەڵکی هەڵەبجە سوودی لێ وەربگرێ.

لەلایەکی ترەوە بەبیری خۆمانی دێنینەوە کە لەم هوڵی پەرلەمانەدا جەنابی سەرۆک بارزانی رووی لە هەموو خەڵکی هەڵەبجە کرد و پێی وتن: «ئەگەر قەبوڵم بکەن من نوێنەری شاری هەڵەبجەم»، هەموو میللەتی هەڵەبجەش نەک قەبوڵیان کرد، بەڵکو بەشانازییەوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و دەرەنجامی ئەو نوێنەرایەتیەش ئەوە بوو کە ئەو پرۆژانە پێشکەش کرا و هەڵەبجەش بوو بە پارێزگا، ئێستاش داوا دەکەین کە ئەو پارێزگایەش بخرێتە قاڵبێکی کاریگەرییەوە، ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەو شوێنانەی کە ناوچەکانی لقی شارەزوور چاودێریی دەکەن دابمەزرێت و ئیشوکارەکانیان بۆ بەرن بە رێوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارە و بەشەرەفی هەڵەبجە و ناوچەکانی کە ئێستا میوانن لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا و بە دەنگی داوای نوێنەرایەتییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانییەوە هاتوون و، ئێستا لێرەن و خەبات دەکەن، لەگەڵ بەخێرهاتنمان بۆیان و سوپاس گوزاریمان بۆ هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی بەردەوامیان لە بەرهەڵستکاری و بەرخودانیان، ئومێدەوارم کە بەیاری خوا هەموو ئاواتەکانیش بێتە دی و، ئاورێکی بە گەرمیش بدرێتەوە لە هەموو ئاوارەکانی دەڤەرەکە بۆ ئەوەی بە نەهامەتی ژیان بەسەر نەبەن، بەڵکو لەپاڵ ئەو ئازادییەی کە خوا ئێستا بە ئێمەی داوە ئەوانیش ژیانێکی سەربەستانە و ئازادی تەواوەتییان بۆ بەدی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی لقی «١٢»ی تێکۆشەر و، هەموو نوێنەرانی شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم و سەرەخۆشی لە خۆم و لە کەسوکاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم بە تایبەتی و، دانیشتوانی کوردستان لە ناوەوە بە گشتی لەگەڵ کوردەکانی هەندەران و هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویجداندا، هەڵەبجە بووکی ئازادی کوردستانە، گەرچی بێجگە لە هەڵەبجەی شەهید ئێمەی خاوەن چەندین شوێن و ناوچەی کوژراوی دەستی کیمیا بارانین هەر لە شێخ وەسان ودوڵی بالیسان و دوڵی جافایەتی و چەمی رێزان و، ناوچەی بارزان وبادینان، بەڵام هەڵەبجەی شەهید بووەتە سونبولی ئەم تاوانکارییە ولە جیهاندا دەنگی داوەتەوە، من لە روانگەیەکی زۆر تایبەت دەچمە سەر باسی هەڵەبجەی شەهید و پێم وایە وەکو ئافرەتێک دەمە سەدای دەنگی ئافرەتان کە رووخسار وهەناو سووتا ولاشە شێواوی دەستی کیمیا بارانی هەڵەبجەن، چونکە پاش بەراوردێکی قوربانییەکانی ساتەوەختی ١٩٨٨/٣/١٦ و، ئافرەتانی سیاچارەی بە لاشە مردوو بەناو زیندوو، چەند خاڵێک

ڕەچاو دەکەین، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان لە ئاسەواری مژینی گازی ژەهراوی خەردەل و ئەعساب، ژیانیان لەو ژینگەیەدا تووشی نەزۆکی بوون کە چارەسەرکردنی ئەمەش ناخۆش و گرانە بۆ ئافرەتان و، هەر لەم گۆشە نیگایەدا ژمارەیەک لەو ئافرەتانە تووشی حاڵەتی لەبارچوون، یاخود لەدایک بوونی زارۆکەکانیان بە ناکامی بوون، ئەمەش زەرەرو زیانێکی زۆرە لە کورد، ڕێژەی زۆری نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە و هەرس و ناهاوسەنگی ئەقڵ و ئەعساب، بڵاو بوونەوەی ساڵ بە ساڵ لە زیاد بووندایە، ئەمەش نەخۆشییەکی زۆر گرانە بۆ میللەتی کورد، نەخۆشی شێرپەنجە و خوێن و کۆئەندام وەکو ئەندامی زاوزێ و نەخۆشییەکانی گۆج بوون و ئیفلیجی و پەککەوتن زیانی لە ئەندامانی لەشی دانیشتوانی هەڵەبجە داوە، تێکچوونی ژینگەی ناوچەی هەڵەبجەو ناوچەی هەورامان بەتایبەتی و، ژەهراوی بوونی کانیاوەکان لە دەڤەرەکەدا کە ئەمە زیانێکی زۆری داوە لە سروشتی دەڤەرەکە و ناوچەکە و سامانی سروشتی و خۆرسکی ناوچەکەو سامانی گیان لەبەر و پەلەوەری بەرەو هەڵدێرو قات و قڕی بردووە، بۆیە پێشنیاری ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەکەم:

١- پێکهێنانی دەزگایەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر چۆنێتی تووش بوون و بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە لە خاڵەکانی «٤،٣،٢،١»دا هاتوون و، ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی ئاسەواری کیمیا باران بوون ناونووس بکرێن و دەسنیشانی نەخۆشییەکانیان بکرێت و، ڕاپۆرتی پێویست لەڕووی چۆنێتی وچەندێتی نەخۆشییەکانەوە ئامادە بکرێت، بەمەبەستی گەیاندنی بە دەزگاکانی جیهانی و پێناساندنی ڕێکخراوە خێرخوازەکان تاوەکو بتوانرێت بۆ هەڵەبجەی شەهید زیاتر کۆشش بکرێت و، ئەنجامی باشتر وەدەست بێت لە ڕووی یارمەتی و هاریکاری بۆ بنەبڕ کردنی ئاسەواری کیمیا باران.

٢- پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت کە ئەرکی بەخێوکردنی تێکڕای منداڵانی دابڕاو و کەسانی نەخۆش و پەککەوتە کە بەهۆی کیمیاباران و ئاسەواریەوە گیرۆدە بوون، بگرێتە ئەستۆ و کاری وا بکرێت لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە ژیانیان ئاسوودە بکرێت.

٣- هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەرییان نییە لە کوردستاندا، ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان بکرێن بۆ چارەسەرکردنیان.

٤- بانگێشتێک بکرێت بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی لێکۆڵینەوە و، نووسینی دیراسەت لەسەر ئەو کیمیابارانەی هەڵەبجەی شەهید، بەتایبەتی ڕۆشەنبیران و نووسەران کۆبکرێنەوە و هەوڵ بدرێت لەم کۆنگرەیەدا لێکۆڵینەوە لەسەر تێکڕای ڕووداوەکان بنووسرێت بە بەڵگەو وەسائقی ڕەسمییەوە، تەنانەت ئەگەر بکرایە پسپۆری هاووڵاتیانی دەرەوەش بانگ بکرایە بۆ ئەم کۆنگرەیە، تاکو سیمایەکی جیهانی بە خۆیەوە بگرێت، بەم کارە وا لە ڕای جیهانی بکرێت کە ڕۆژی ٣/١٦ بکرێتە ڕۆژێکی جیهانی سەبارەت بە چەکی کوشندەی کیمیاوی، وەکو مەرجەعێکی ئەم کارەساتەش هاوکاری لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە بکرێت بۆ کاری تر لە پاشە ڕۆژدا.

٥ـ مۆزەخانەیەک دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو شتێک پەیوەندی هەبێت بەو کارەساتەوە، گەر چی وەکو سەرەتایەکیش بێت، بەڵام بەپێی دانانی پلانێکی گونجاو لەپاشە ڕۆژدا دەتوانرێت بکرێتە گەورەترین مۆزەخانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ نموونە چی بلاو کراوەتەوە لە دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی لەسەر هەڵەبجە ئەو کەرستەو شتانەی ماونەتەوە لە هەڵەبجەدا، کۆ کردنەوەی پارچە تۆپ و مووشەک و ئەو تەقەمەنیانەی کە لە هەڵەبجەدا ماونەتەوە و، هەروەها بۆ خۆشمان ئەو ڕۆژە بکرایە بە ڕۆژی ماتەمینی و خەمناکی و لە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، لافیتەی ڕەش هەڵواسرایە، چونکە ئەمە کارەساتێک و هەورێکی ڕەش بوو بەسەر کوردستان و هەڵەبجەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بەڕێز کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەخێرهاتنێکی گەرمی نوێنەرانی هەڵەبجەی شەهید دەکەم، کارەساتی هەڵەبجە کارەساتێکی زۆر گەورە و دڵ تەزێن بوو لەسەر دڵی گشت میللەتەکەمان و، لەکەیەکی ڕەشی دیار و گەورەیە بەناو چەوانی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەوە، تاوانی وا لە دنیادا زۆر کەم کراوە، بە تایبەت دەوڵەتێک لەگەڵ دانیشتوان و هاوولاتیانی خۆی کردبێت، ئەم کارەساتە گەورەیەش تەکانێکی زۆر گەورەی بە کێشەو مەسەلەکەی ئێمەداو، هەموو گەلانی دنیای تێگەیاند کە ئەم گەلە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، گەلێکی بەش خوراو وچەوساوەیە، بەڵام دیارە هەق دەستێنرێ نادرێ، هەق ستاندنیش بە خوێن نەبێ وەرناگیرێ، هەر ئەو فیداکاری و لە خۆبووردنە بوو کە بە تاکو بە کۆمەڵ و بە پیر و بە جوان فیداکاری ئەم کوردستان و کوردە بوون، بۆیە وا ئێستا لە سایەی خوێنی پاکی ئەم شەهیدانە و، سەروەریان باوکی ڕوحی نەتەوەی کورد جەنابی مەلا موستەفا بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، وا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دروست بوون و، کورد بۆ خۆی ئیشوکاری خۆی ئەنجام دەدات، پشتگیری لە داواکارییەکانی نوێنەرانی هەڵەبجەی شەهید دەکەم و، زۆر سوپاسی بەڕێزیشتان دەکەم کە هەر زۆر بە زوویی لەگەڵیاندا دانیشی بۆ ئەوەی لە داواکانیان بکۆڵنەوە، بژی یادی شەهیدان، بژی کورد، بژی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ سەرجەم شەهیدانی کیمیا بارانی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجە، هەتا ڕۆژگاری خەبات درێژتر بێت، ئەوەندە ڕووداوی کارەسات زیاتر دەبێت، هەتا دوژمن دیکتاتۆر و دڕندەتر بێت، ئەوەندە کارەسات و ماتەم و ڕۆژانی ماتەم زیاتر دەبێ، هەتا میللەت بێکەس بێت، ئەوەندە کاری زوڵم و زۆر و کاری نارەوایی زیاتر دەبێ، بڕوا ناکەم ڕۆژگاری هیچ میللەتێک وەکو ڕۆژگاری میللەتی کورد درێژ بووبێت، قەناعەتم نییە هیچ دڕندەیەک و هیچ دوژمنێک وەکو دوژمنی میللەتی کورد دڕندە و خوێن ڕێژ و دژ بە مرۆڤ بووبێت، باوەڕم نایە میللەتێک بووبێت لە میللەتی کورد بێکەس تر، ئا لەو ڕۆژانەیا کە ماڵ بە ماڵی ئەروخێنراو کەس بە کەسی ئەخنکێنراو، تەنانەت خەڵکی هاوسێ و ئەو خەڵکانەش کە باسی مرۆڤایەتیشیان دەکرد بێ دەنگ بوون و ئەیان وت : «خەڵکێکی کورد دەڵێن کیمیا باران کراوە لە هەڵەبجەدا»، لە هەموو بۆنەکاندا ئا لەم مینبەرە بەڕێزەدا گەلێ پێشنیار و باس و گفتوگۆ کراوە سەبارەت بە هەڵەبجەو چی بکرێت بۆ هەڵەبجە، بەراستی چەند بتوانین باسی مەزلومیەتی میللەتەکەمان بگەیەنین بە جیهان و بە خەڵکی ئەوەندە دەتوانین خزمەت بکەین و، هەر ئەوەشە گەر مافێک و لایەنگیرییەکمان بۆ بێنێ لە هەموو دونیاوە، بۆیە چەند ئەم ڕۆژە زیندوو بکەینەوەو، چەنێ یادی شەهیدانمان بکەین، چەنێ نامە بدەین بە نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەگەر لە ڕێگای پەرلەمانەوە بێت، یا لە ڕێگای حکومەتەوە بێت، یا لە ڕێگای لایەنە بەڕێزەکان بێت، یا لەڕێگای تاکە کەسێکیش بێت لە شارێکدا، لە هەر شوێنێک بێت بەراستی هەر جێگای خۆیەتی، بۆیە تکام وایە لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەم پێشنیار و گفتوگۆیانە و بکرێت بە نامەیەکی تایبەت و، بدرێت بە «UN» و، تیایشیدا با هەموو ساڵێک ئێمە دووبارەی بکەینەوە کە ڕۆژی ٣/١٦ بکرێت بە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا، با هەموو ساڵێک بیڵێینەوە، تاوەکو شاری هەڵەبجە دروست بێتەوە و هەموو دانیشتوانی شاری هەڵەبجە قەرەبوو بکرێنەوە، ئەو مۆزەخانەیەش کە پارساڵیش ئاماژەی بۆ کرا، ئەوە شتێکی زۆر پێویستە کە مۆزەخانەیەکی گەورە دروست بکرێت و، هەموو شتێک کە پەیوەندی هەیە بەشاری هەڵەبجەوە و بە کارەساتی کیمیا بارانی هەموو کوردستان و ئەنفالیش تێدا بپارێزرێ، دووبارە سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ سەرجەمی شەهیدانی کوردستان و کیمیابارانەکان و بۆ بارزانیی سەربەرز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شاری هەڵەبجە شارێکی جوان و شفافە، هەڵەبجە پایتەختی شارەزوور و هەورامانە، هەڵەبجە شوێنی ئیلهام و جێی شاعیرانی کوردی وەک مەولەوی و گۆران و تاهیر بەگی جاف وئەحمەدی

موختاره، فاشیەت لە کوێ بێت هەر دژی شتی جوانە لە ژیاندا، دژی جوانیی سروشتییە، دژی ئەدەب و هونەرە دژی نیشتمان پەروەری و فیداکاریە، چونکە هەڵەبجە ئەم هەموو ئیمتیازاتانەی تیدا بوو، هیچ سەیر نییە کە ببیتە یەکەم قوربانی (لە بەیانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ کە بەیانییەکی ساماڵ و ساردبوو لە هەڵەبجەدا، وەکو هەر سپیدەیەکی کۆتایی زستان و دەسپێکی بهار، (٣) فرۆکەی سوپای عێراق (مبیداتی) مرۆڤیان فڕێ دایە سەر هەڵەبجە، هەورێکی رەشی ژەهراوی چووە ناو ماڵ و قوتابخانە و ڕێگاکان، شاخ ژەنگاوی بوون، مرۆڤ کوێر بوون، لە هەڵەبجەی شەهید دوژمنی مرۆڤایەتی مردنی چاند، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا مردنی چاند بۆ «٥٠٠٠» شەهیدی منداڵ و ژن و پیرەمێرد و هاووڵاتی.

لە سیستەمی دیکتاتوریدا، ئەگەر وەک میللەت ژمارەی دانیشتوانت کەم بێت، ئەوە ئەتوو کەمینەیت و تەحەمولت ناکات و، تاوانێکی گەورەیە کە خاوەن رەگەزێکی تر بی و، خاوەن مێژوویەکی تر بی و، خاوەن زمانێکی تر بی، لە جیاتی ئەوەی دان بە تایبەتمەندییەکانتدا بنێت و مافت بداتێ، راوت دەکەن و دەرت دەکەن و، بۆ ئەم کارەش هەموو جورە چەکێک بەکار دێنن، راپۆرتێکی رێکخراوی «عفوی دولي» ساڵی ١٩٨٨ دەڵێت:«سوپای عێراق هێرش دەباتە سەر گوندەکانی کوردان و جینوسایدەکی رێک جێبەجێ دەکات».لە ژیانیدا رژێمی عێراقی دوو جار لە سەر قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئیمزای کردووە.

١- بە پاسای (٥٧) لە ساڵی ١٩٣٢ پرۆتۆکۆلی جنیڤی (١٧)ی حوزیران ١٩٢٥ کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغە دەکات. عێراق بەو پاسایە مصادەقەی لەسەر کرد.

٢- رژێمی عێراقی یەکێک بوو لە (٩٤) دەوڵەت کە لە (١٠)ی نیسانی ١٩٧٢ دا رێککەوتن لەسەر پروتوکولێکی نێو دەوڵەتی تیایدا بەرهەم هێنان و پەرەپێدان و هەڵگرتنی چەکی کیمیاوی قەدەغەکرا.

کەچی رژێمی عێراقی لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی کومەڵ کوژ بومبەباران کرد و، ئەم کارە وەحشییانەش کارەساتی ترسناکی هەیە:-

١- رێزی ئیمزای خۆی نەگرت.

٢- ئەم چەکە دژ بە مرۆڤی مەدەنی (Civil) بەکاری هێنا.

٣- وەک یەکەم دەستێکی چەکی کیمیاوی دژ بە میللەتی خۆی بەکار هێنا.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وجداني هەژا کە چاوی بە وێنەی ئەو کارەسات و تراجیدیایە کەوت، دوو ساڵ پێش ئێستا و لە هەمان بیرەوەری داوام لە پەرلەمانی کوردستان کرد کەوا سکاڵانامەیەک پێشکەشی دادگای تاوانی جەنگ بکات، ئەو فرۆکەوانانەی کە ئەو ئیشە دڕندانەیان جێبەجێ کرد بدرێنە دادگا، ئێستاش ئەم داوایە دووبارە دەکەمەوە.

لە دوایدا برانەتی کاتبەکی عێراقی عەرەب بۆ منداڵان کوردستان دێ خەمە بەرچاوتان:-

(أيها الطفل الكوردي المحترق بالغاز، هذه براءتي من دمك أقدمها إليك و ينتابني شعور

بالخجل و العار لانني أحمل نفس هوية الطيار الذي استبسل عليك. أنا المفجوع بك الباكي عليك في زمن حكم الذئاب البشرية الذي لم نعد نملك فيه إلا البكاء، أقبلها مني أيها المغدور فهي براءتي إليك من هويتي.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

ولنبلونكم بشيءٍ من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرين الذين إذا اصابتهم مصيبةٌ قالوا إنا لله وإنا اليه راجعون أؤلئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة وأولئك هم المهتدون.

«صدق الله العظيم»

ئەم ڕۆ بیرەوەری ڕۆژێکی تاڵە لە مێژووی گەلی کورددا، هەموو گەلانی جیهان بەشدارییان لەگەڵدا کردووین، ئێمەش خۆمان یادی دەکەینەوە، بەیانی لە شاری لەندەندا «٥٠٠٠» باڵۆن هەڵدەدرێت بەناوی شاری هەڵەبجەوە، زۆر بۆنە دروست کراوە بەناوی شاری هەڵەبجەوە، هەڵەبجە ئەو شارەیە بە بیرەوەری من بێت لە سالآنی «١٩٤٨و ١٩٥٣ و ١٩٦١ و ١٩٧٧ و١٩٨٤ و ١٩٨٧ و١٩٨٨» هەڵچوون و خۆپیشاندانی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨دا بەرامبەر بە پەیمانی «پۆرتسمۆس» و، لە ساڵی ١٩٥٣یش بەرامبەر بە پەیمانی«بەغدا»و، لە سالآنی ١٩٦١ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کە مەدخەری زۆربەی زۆر لە دەربەندیخانەوە بوو کە ئەویش لە هەڵەبجەوە دابین دەکرا، ساڵی ١٩٧٧ قوتابیان هەڵسانێکیان کرد بەرامبەر بە خوێندنی عەرەبی و، ساڵی ١٩٨٤ بە هاوکاری کردنی قوتابییانی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین و، ساڵی ١٩٨٧ڕاپەڕینێکی کە کرا لە شاری هەڵەبجە و، ساڵی ١٩٨٨یش ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە رووی دا، نامەوێ لێرەدا باسی قوربانییەکانی هەڵەبجە بکەم، نامەوێ لێرە باسی «١٨»شەهیدی خانەوادەی خۆم بکەم، نامەوێ لێرەدا باسی «٣٥»مامۆستای تێکۆشەر بکەم، نامەوێ لێرە باسی سەدان برادەر و دۆستی خۆم بکەم کە بە کیمیاوی تیا چوون، ئەمەوێت باس لە پاشماوەی کیمیاوی بکەم، ئەو پاشماوەیەی کە هەڵەبجەی کردووە بە کەلاوەیەکی وێران بوو، بەلآم پاشماوەی شەهیدانی کیمیا باران باس دەکەم کە تاوەکو ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، شەهیدانی هەڵەبجە شەهید نین، شەهیدانەیان بۆ حسێب ناکرێت، هیچ یاسایەک نییە لەو بارەیەوە، فەرمانبەران و مامۆستایان ئەگەر وەزیفەشیان هەبوویێت هیچ خانەنشینییەکیان بۆ دەرنەچووە، برینداران و نەخۆشانی کیمیا بارانەکە تاوەکو ئێستا داڵدەیەکیان نییە تیایدا بحەوێنەوە، ئەو ناوچەیەش ئێستا ڕۆژانە تەقینەوەی تیادایە و بە بۆنی باروود لووتی منداڵەکانی پڕ دەبێتەوە،

شارەکە تاوەکو ئێستا ویرانەیە و کەلاوەیە، رۆژانە ئێسقانی مردوو لە ماڵەکان دەرئەهێنرێ، ئاو و ئاوەدانکردنەوە نییە، شەقام و کۆڵانەکان ویرانن، دانیشتوانی شارەکە رەش و رووت و بێ کار و کاسبی تێدایە، ئەوەی دەستی یارمەتی و هەوڵدانی بۆ ئەو شارە درێژ کردووە، بەس جەنابی سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی بوو کە ئەوەی دیارە کۆنکرێت کردنی شەقامەکانی شاری هەڵەبجە بوو و، هێنانی ئاو بوو کە بوار نەدرا تەواو بکرێت، هەڵەبجە ئەو فاکتەرە بەهێزە بوو بۆ کورد و شۆرشی کوردی بە جیهان ناساند ئەوە «١٢»ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێدەپەرێ، خەڵکانێکی نەفس نزم بەناوی هەڵەبجەوە پارە کۆدەکەنەوە بە بێ ئەوەی فلسێک بۆ هەڵەبجە خەرج بکەن، وای لێهات خێرخوازانی دنیا پشتیان تێ کرد، جگە لەو پێشنیارە ژەهراوییەی کە شارەکە بە ژەهراوی دادەنرێت، بەبێ ئەوەی هەوڵێک بدەن بۆ دابین کردنی جێگاو رێگا بۆ دانیشتوانی ئەو شارە، لە جیاتی ئەوەی کەوا ئەو شارە بە جێ بهێڵن و شارێکی عەسریان بۆ دروست بکرێت و، شارە کۆنەکەش بکرێتە شوێنەواری دەستی فاشست و لە هەموو دنیاوە بێن سەیری بکەن، پێشنیارم بۆ ئەو شارە کۆستکەوتووە ئەوەیە:

١- هەوڵ بدرێت لە رێگای بریاری «٩٨٦» ئاوەدان بکرێتەوە، قەرەبووی پاشماوەی کیمیا باران بکرێت، وەکو هەموو زەرەر و زیانێکی رژێم داویەتی لەو پارەیە باربوو بکرێت کە بە هەزاران ملیۆنەها دینارە، کە قەرەبووی کوێتی پێ دەکرێت و، هەوڵێش بدرێت لە دەرەوە کەس بەناوی هەڵەبجەوە یارمەتی و پارە کۆنەکاتەوە،ئەویش بە ناردنی وەفدێک لە خەڵکی شاری هەڵەبجە بۆ ئاگادار کردنەوەی رێکخراوە خێرخوازەکان و، لیژنەیەکی دەست پاکی دڵسۆز بەو کارە هەستێت لە جیاتی هەموو لایەن و خەڵکێک،

٢- لیژنەیەکی بێ لایەن دروست بکرێ بۆ ئەوەی چی یارمەتیەک لە دەرەوە، یان لە حکومەتی هەرێم دەدرێ لەرێگای ئەو لیژنەیەوە لە هەڵەبجە سەرف بکرێ.

٣- رۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بکرێ بە رۆژێکی جیهانی دژ بە چەکی کیمیاوی.

٤- هەوڵ بدرێ کۆبوونەوەیەک بە هۆی وەزارەتی تەندروستیمانەوە لەو رۆژەدا بکرێت کە پسپۆرانی تەندروستی تیا ئامادە بن لە جیهاندا بۆ ئەوەی بریار لە پاشماوەکانی کیمیا بارانی هەڵەبجە بدەن.

٥- هەوڵ بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی بریاری پەرلەمانی کوردستان بۆ بە پارێزگاکردن و دانانی دامودەزگا بۆ ئەوەی گیانی شەهیدانی هەڵەبجە ئاسودە بێت، لە دواییدا سەری رێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و مامۆستایانی شەهید وسەروەری شەهیدان باوکی کورد بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

ئێوەش هەر شادبن، دوور لە هەموو ناخۆشییەک و، کوردستانیش ئاوەدان بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز کاک شێخ عەفان، فەرموو کاک د. ناسح غەفور رەمەزان.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان میوانە خۆشەویستەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید نوێنەرانی ئەو شارە خۆشەویستەو کەسوکاری شەهیدەکان، یادو یادەوەری لە کوردستان دا زۆرن چ خۆش وچ ناخۆش بەتایبەتی کارەسات گەلێک زۆرن لە مێژووی کوردو کوردستاندا کارەساتی جەرگ بڕو مەرگ هێنەرو کاولکەرو وێرانکەر، بەڵام هەڵەبجە تایبەتمەندیەکی خۆی هەبوو، هەڵەبجە لە ئەنجامی کیمیابارانکردنی ئەم شارە خۆشەویستە وەکو زانراوە زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی دوو ئەوەندەی تریش زیاتر بریندارو پەککەوتە و نەخۆشی سەرەنجام لێکەوتەوە، ئەمە جگە لە زیانی گەورەی سروشتی و، هەروەها زیانی ئابووری تر. ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانی ئێمەیە بە داخەوە لەو ڕۆژانەدا کە کوردو کوردستان لەو مێحنەتە گەورەدا بوو ئێمە کیمیا باران دەکراین، ولاتەکەمان وێرانەکرا کەس بە هانامانەوە نەهات، ئێمە تاق و تەنها بووین، بە داخەوە نە شەرق و نە غەرب نە کۆمەڵگەی کەمپی سۆشیالیستی و ولاتانی کۆمۆنیستی، نە کۆمەڵگەی ولاتانی ڕۆژئاوا نە نوێنەرانی ئاینە پیرۆزەکانی ئاسمانی و نە ولاتانی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی، نوێنەرانی هەموو لایەنەکان بە ڕاست و بە چەپەوە بە داخەوە بێ هەڵوێست بوون بەرانبەر بەم کارەساتە. جگە لە ئێرانی دراوسێمان نەبێت کە ئەویش لە شەڕێکی خۆ کوژیدا بوو لەگەڵ عێراقدا کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند، بە سوپاسەوە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ئێش و ئازارەکەی کپ کردینەوە، هاوکاری کردین و دالدەی پەناهەندەکانی داین و بریندارو پەککەوتەکانی تیمار کردین، بەڵام وەک وتم لایەنەکانی تر نەک هەر بێ هەڵوێست بوون بەڵکو بە داخەوە لەو سەردەمەدا وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە ئەمڕۆ سەرۆک کۆماری گورجستانە لە واشنتۆن دوای کارەساتەکەی هەڵەبجە، ڕایگەیاند کە گوایە کەسانێک پێیان دەوترێ کورد ئەوان دەڵێن هەڵەبجە کیمیا باران کراوە، واتە گومانی دەخستە سەر ئەوەی کە هەڵەبجە کیمیاران و بۆمبا باران کراوە!! ئەمە لە جیاتی ئەوەی هاوکاریمان بکەن بەزەییان پێماندا بێتەوەو پشتگیریمان بکەن، بە پێچەوانەوە گومانیان دەخستە سەر ئەم هەڵوێستەیان و هەڵوێستی بێ لایەنی ولاتانی تریش وای کرد ناحەزانی کورد ڕژێمی دڕندەی بەغدا شێگیر تر بێت و زاڵ تر بێت و، تاوانی گەورەتر بکات، ئەوە بوو لە ئەنجامدا سەد و هەشتاو دوو هەزار کەسمان ئەنفال کران، بەڵام کورد دەستەوەستان بەرانبەر بەمە ڕانەوەستا و مل کەچ نەبوو بۆ ئەو ئیرادەیە، کوردو بزوتنەوە شۆڕش گێڕییەکەی و لا باڵەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بە خۆیاندا چوونەوە، ئەوەبوو لە ئەنجامدا هەوڵی یەک بوونەوەی کورد دراو هەوڵی یەک خستنی ریزەکانی گەل درا. بەرەی کوردستانی ئەگەرچی پێشوو تر هەوڵی دامەزراندنی درا، بەڵام هەڵەبجە سەرەتایەکی تر بوو قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی کوردو کوردستاندا، هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی زیاتر و زووتر هەوڵی ئەو یەک خستن و ئەو یەک گرتنە بدرێ. ئەوە بوو لە ئەنجامدا

بەرەی کوردستانی لێ لەدایک بوو، بەرەی کوردستانیش بینیتان چۆن بە یەکگرتوویی لە ئەنجامی ڕاپەڕین و یەک خستنی هێزی گەلدا چ توانایەکی خستە گەڕ. ئەوەی ئەمڕۆش ئەیبینین بەرهەمی ئەو توانا و یەک خستنەی هێزی گەلە. سەبارەت ئەم کارەساتە بێ گومان پار ساڵ لە هۆڵی ئەم پەرلەمانەدا بە هەمان بۆنەوە کۆبونەوەیەکی ئاوا کرا لە ئەنجامدا کۆمەڵێک خاڵ وەرگیران، ئەگەر بێتو ئەو خاڵانەی کە پار ساڵ وەرگیران جێبەجێ بکرێن و پیادە بکرێن، من لەو بڕوایەدام ئەو داوایانەی کە نوێنەرانی هەڵەبجە ئەمڕۆ داوایان کرد لەو بڕیارانەدا، لەو خاڵانەدا هەن. بۆیە پێم باشە ئەو خاڵانە زیندوو بکرێنەوەو پیادە بکرێن، باشترین وەڵام دانەوەش بە قەناعەتی من بۆ هەموو ئەو کارەساتە جەرگ بڕانەی کە لە کوردستاندا بوون و بۆ ئەوەی دووبارە نەکرێنەوە باشترین وەڵام دانەوە ئەوەیە کە ئێمەی کورد، جارێکی تر بە هەموو لا یەنەکانەوە ڕێز لە یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان بگرین، پەیڕەو کردنی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان باشترین وەڵام دانەوەیە بۆ هەموو ئەو کارەساتانە، بە خۆداچوونەوەی هەندێ لەو لایەنانەی کە لە ڕێ دەرچوون جێبەجێ کردنی یەکە بە یەکەی بڕگەو خاڵەکانی ڕێککەوتنامەی (واشنتۆن)ە کە لە هۆڵی ئەم پەرلەمانەدا پێش دە ڕۆژ جەنابی سەرۆک بارزانی جارێکی تر تەئکیدی لەسەر کردەوە، واتە یەکبوون و یەکخستنی هەموو تواناکان باشترین وەڵام دانەوە دەبێت، لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ناسح، بەڕێز جەمیل عەبدی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند لەسەر تاوانەکەی ڕژێمی بەغدا سەبارەت بە کارەساتەکەی هەڵەبجە بوترێ هێشتا کەمە، لە هیچ مێژوویەکدا نەبووە ڕژێمی ناوخۆ کیمیا بارانی وڵاتی خۆی بکات، و هەموویان بە جینۆساید بکوژێ، بەڵام لایەنێکی ترهەیە دەبێ لەبیرنەکرێت،کێ موبەرری دا بە ڕژێمی بەغدا کە ئەم تاوانە گەورەیەی دەرهەق بە خەڵکی هەڵەبجە کرد؟ ئەو حزبە کوردیانەی کە بەپێش پاسەوانانی خومەینی کەوتن و هێنایانن بۆ هەڵەبجە، سەرەڕای ئەوەش نەیان هێشت خەڵکی هەڵەبجە لە هەڵەبجە دەربچن، ئەوەش کارەساتی هەڵەبجەی گەورەتر کرد، ئەگەر بیانهێشتبا خەڵکی هەڵەبجە دەربچن ئەوا لەوانەیە (١٠٪ )ی ئەم کارەساتە نەدەبوو. گوناهی ئەمانە دەکەوێتە سەر ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە هاوکاری پاسەوانانی خومەینیان کردو نەیان هێشت خەڵکی هەڵەبجە بۆخیان ڕابکەن و خۆیان دەرباز بکەن. ئەگەر لایەنێک هەبێت ئەم زەرەرو زیانەی خەڵکی هەڵەبجەی حساب کردبێ لە مێژوودا، بەڵێ پارتی دیموکراتی کوردستانە بە سەرۆکایەتی جەنابی بارزانی هەر پشتیوانی خەڵکی هەڵەبجەی کردووەو هیوادارە کە پێش بکەون و ناخۆشیان بگۆڕێ بۆ شێوەیەکی ترو باشترین نموونە لە کابینەی سێ پرۆژەی بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە بوو و بڕیاریشی لەسەر درا.

١- هیوادارم ئەم بڕیارە زوو بچەسپێ و هەڵەبجە ببێ بە پارێزگا بۆ ئەوەی زیاتر یارمەتی خەڵکی هەڵەبجە بدرێ.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی مرۆڤایەتی حسابێکی تایبەتی لە بانکێکی ئەوروپی دابین بکات، بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی هەڵەبجە، چونکە هەندێ لایەن هەنە کە پێویستیان بە خەرجی هەیە بۆ ئەوەی ئەم برە پارەیە دابین بکرێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە، بەڵام ئەگەر حسابی تایبەتی لە بانکەکانی ئەوروپی هەبێ ئەوا وەزرارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتی ڕێک بکەوێت ئەوا دەتوانێ ئەو برە پارەیە دابین بکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە.

٣- بەیانێک لە پەرلەمانی بەڕێزەوە دەربکرێت بۆ (UN) و بۆ پەرلەمانەکانی جیهان لە بارەی سەرهەڵدانی کارەساتی هەڵەبجە.

لە کۆتاییدا سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل سندی، بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەمان بدەی پێشەکی بە خێرهاتنێکی گەرمی نوێنەرانی ئەو شارە سەربەرزە، شاری هەڵەبجەی شەهیددەکەم، هەروەها جێگەی شانازییە بۆ پەرلەمانی کوردستانیش پێشوازی لە نوێنەرانی شارێکی وەک ئەو شارە سەربەرزە دەکات. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە، بەرهەمی شەهیدانی دانیشتوانی بێ تاوانی شاری هەڵەبجەیە. کە ڕۆژی ١٦/ ئاداری/ ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی مەرکەزی بە چەکێکی قەدەغەکراو بە چەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجەی بوردومان کرد. بو بەهۆی شەهید بوونی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەم شارە، بێ جیاوازی بە پیرو لاوو منداڵەوە بێ جیاوازی لە بۆچوون و لایەنی سیاسییەوە، بۆیە هەروەکو بەڕێزتان کە ئێستا لە پێشوازی کردنتان لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە نوێنەرانی شاری هەڵەبجە بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ ئەو کارەساتەی هەڵەبجەکرد، کە بە بێ جیاوازی بوو، ئەو کارەساتەش با ببێتە هاندان بۆ ڕێکخستنی ریزەکانی ئەم گەلە دژی هەموو ئەو هەوڵانە کە دەکرێ دژی ئەزموونەکەمان و، داواکارم لەو وڵاتانەی کە ئێستا پارێزگاری کوردستان دەکەن و، ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا ئیشوکار ئەنجام ئەدەن، ژیان بگەڕێننەوە بۆ ئەو شارە، شاری هەڵەبجەی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک بورهان، بەڕێز خوشکە فەوزیە عزەدین ڕەشید.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، پێشەکی بەخێراتنێکی گەرمی نوێنەرانی شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم، بەڕاستی برینی قوڵی هەڵەبجە لە جەستەی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا برینێکی قوڵەو، هەرگیز سارێژ نابێت. تەنها سەبوری ئێمەی کورد ئەم نیمچە ئازادییەیە، کە دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوی زۆر بە جوانی باسی ئەم برینە قوڵە بکەین، هەمیشە دوژمنانی کورد زۆر دڕندە بوونە بەرانبەر بە میللەتەکەمان، کارەساتی هەڵەبجە کاسی کردین، سڕی کردین، بەڵام دوای ئەوە ئەنفال و کیمیا بارانی تریشی بەسەردا هات، قسە زۆرن کە بەرانبەر بەم شارە دێرینە بیکەین، برادەران پێشنیاری چاکیان کرد منیش هەندێ پێشنیارم هەیە، تەنها بە پێشنیارەکان دەست پێ دەکەم وە پێشنیارەکانم دوو بارە و سێ بارەشن، بەڵام هەر ئەیکەمەوە هەتاوەکو بەیاری خوا ڕۆژێ دەبینم جێ بەجێ بکرێ.

پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە: کە ساڵی پارو پێراریش هەر هەمان پێشنیارم کرد پانۆرامایەک لە پایتەختی هەرێما بکرێ بۆ کارەساتی هەڵەبجە. پانۆراماکەش زۆر ئاسانە هەر ئەو وێنانەی کە هەن ئەتوانین ئێمە بە چەند هونەرمەندێک ئەو پانۆرامایە ئەنجام بدەین، پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە: میل (نصب)ێک بکرێ لە پایتەختی هەرێم ناوی هەموو شەهیدانی هەڵەبجەی تیا تۆمار بکرێ. ئەوە ڕەنگە برادەرانی تریشم ئەو پێشنیارەیان کردبێ... وە هەڵەبجە دڵنیابن کە دەروازەیەکی کراوەیە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی دۆزی میللەتەکەمان. ئێمە دەتوانین لەو دەروازەیەوە زۆر شت بکەین و، داواکاریشم ئەوەیە ئێمە هەوڵ بدەین لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە بڕێک پارە لە بڕیاری (٩٨٦) تەرخان بکرێ بۆ هەڵەبجەی شەهید بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کێ لە هەڵەبجەیەو کێ حوکمی هەڵەبجە دەکات. هەروەکو پێشنیاری کاک شێخ جەعفەرو مامۆستا عەفان، لیژنەیەکی بێ لایەن دابنرێ بۆ خەرج کردنی ئەو بڕە پارەیە چۆن حکومەت گوێی نەدایە کە گازی کیمیاوی کردە سەر ئەو کوردانە بێ گوێدانە ئەوەی لە چ گروپێکن و چین و چی نین، ئێمەش دەبێ گوێ نەدەین و هەڵەبجە ببوژێنینەوە. ئێمە دەبێ داوای قەرەبووی زەرەرو زیان لەو کۆمپانیانەی لە وەختی خۆی یارمەتی عێراقیان داوە بۆ چەکی کیمیاوی و، ناوی کۆمپیانیاکان هەیەو کتێبەو چاپکراوە، ئێمە دەبێ لە ڕێی نوێنەرانی خۆمانەوە داوای ئەو مافەی خۆمان بکەین و مافێکی مەشروعیشە، ئێمە دەبێ هەر لە بڕیاری (٩٨٦) بڕێک پارە تەرخان بکەین بۆ خەرجی ئەو داوایە و، خۆشبەختانە وا ئێستە مەڵبەندێکی توێژینەوە ئەوە دوو جار کۆنگرەی بۆ دەکرێ لە واشنتون مەرکەزێکی توێژینەوەیە، ئێمە لەسەرمانە چاودێری ئەو مەرکەزە بکەین لێیان بپێچینەوە ئیشەکانیان هەڵسەنگێنین و یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی ئەو مەرکەزە بەرەو پێشەوە بچێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز خوشکە فەوزیە، بەڕێز کاک ڕەجەب شەعبان.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم «ومن المؤمنين رجالٌ صدقوا ماعاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه و منهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا» «صدق الله العظيم»، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو ئەم بەیانییە بوو، پێش دوازدە ساڵ ناحەزان و دوژمنانی میللەتی کورد تاوانێکی دیکەی گەورەی خستە سەر تاوانەکانی خۆی و، لە مێژووی خۆیدا بە ڕەش تۆماری کرد، ئەو چەکە کیمیاوییەی کە بەکاری هێنا بەرانبەر بە میللەتی ئێمەی کوردی فەقیرو هەژار لە هەڵەبجەو چەند ناوچەیەکی تری کوردستان، زەمیرو ویژدانی زۆر کەسانی وەسەنی هەژاند، بەڵکو ئەمەش هەردەمێنێ وەک نیشانەیەک و پەڵەیەکی ڕەش لە ناوچاوی دوژمنی میللەتی کورد. ئەو چەکە کیمیاوییە و، ئەو کارەساتە دڕندەیەی کە ڕژێمی عێراق هێنایە سەر میللەتی کورد و، ئیبادەی میللەتی کوردی کرد لە منداڵ وپیرو ژن و گەنج و فەقیرو هەژارو تەڕو وشک و هەمووی پێکەوە سوتان، کارەساتێکی گەورەو ئاشکراو ڕوونی مافی مرۆڤە دژی مافی مرۆڤ، بەڵام نە هیچ دینێ لە دینە ئاسمانییەکان شتی وا قبوڵ دەکات و نە خودا و نە زەمیرو ویژدانی کەس ئەمە قبوڵ دەکات، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بسم الله الرحمن الرحيم «من قتل نفسا بغير نفس او فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعاً ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعاً» بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان با دوژمنی میللەتی کورد بزانێ کە ئیرادەی میللەتی ئێمە بەهێزترە زۆر زۆر لە کیمیاباران و لە ئەنفال و لە زوڵم و تەعەدای ئەو، من چەند پێشنیارێکم هەیە دەیخەمە پێش ئێوە هیوادارم کە پێش چاوی بخەن. مۆزەکەرەیەک بۆ (UN) بەرزبکرێتەوە کە سێ داوای تێدایە:ـ

١ـ ئەو تاوانبارانە بە تاوانباری جەنگ بژمێردرێن و بدرێنە دادگای نێو دەوڵەتی و دادگایی بکرێن.

٢ـ کەس وکاری شەهیدان کە ماون، لەسەر بڕیاری (٩٨٦) قەرەبوویەکیان بۆ دیاری بکرێ، هەروەکو دیلەکانی کوێت.

٣ـ موچەیەک لەم هۆڵەوە بۆ هەموو کەم ئەندام وپەککەوتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال ببڕێتەوە و، دیسان پێشنیار دەکەم کە هەموو قوتابخانەکانی ئێمە بە زانکۆکانیشەوە کە (١٠) خولەک لە ڕۆژی ٣/١٦ی هەموو ساڵێ، لەیەکەم ساتی ڕووداوەکەدا کارەساتی هەڵەبجەیان بۆ ڕوون بکرێتەوەو یادیبکەنەوە. لە کۆتایی وتەکەمدا سەری ڕێزو نەوازش دەنوشتێنینەوە بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو هەموو شەهیدانی ڕێگەی کوردستان و نەخواستە سەرووەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ڕەجەب، بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری.

**بەڕێز فرەنسیس تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران، نوێنەرانی هەڵەبجەو شارەزوور، کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانی هەڵەبجە، من دەمەوێ بە کورتی و بە کوردی چەند قسەیەک بکەم و، نامەوێ ئەو قسە تەقلیدیانەی کە چەند

سالێکە دەیکەن دووبارە بنەوە، من لە جیاتی سەرەخۆشی پیرۆزبایی لە خەڵکی هەڵەبجەو کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی هەڵەبجە دەکەم کە ئەو شەرەفە گەورەیە بەر ئەوان کەوت و، ئەوان بوون بە نموونەو نوێنەری کورد لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و وڵات پارێزی و شۆڕشگێری و نیشتمان پەروەری. ئەم شەرەفە کە بەبەر ئەوان کەوت لەسەر ئەوە بوو کە ئەم خەسڵەتانەیان هەبوو. دوو، جارێ هیچ نەبێ با چەند ڕۆژێک واز لە پێشنیارکردن بۆ دەوڵەتانی دەرەوەو خەڵک بێنین خۆمان وەکو پارتی و وەکو حکومەت ئەوەی پێمان دەکرێ ناوی خوای لێ بێنین و ملی لێ بنێین و بیکەین، وەکو پارتی دەتوانین لە پارەی حکومەت لە داهاتی حکومەت هی خۆمان وە دەتوانین لە فیێسی حەفتەمی بڕیاری (٩٨٦)بڕە پارەیەکی زۆر چاک بۆ هەڵەبجەو بۆ ناوچەی هەڵەبجەو بۆ دەوروبەری هەڵەبجە تەرخان بکرێ جا زرووف خۆشە خۆش نییە چۆنە چۆن نییە؟ دەتوانین لە ڕێگەی (UN)ەوە ئەو پرۆژانەی کە دەمانەوێ ئەو ئاوەدانییەی کە دەمانەوێ لە هەڵەبجە بیکەین و دوای نەخەین. ڕاستە ئێمە دەبێ هەمیشە ئەم یادە بە زیندووەتی ڕاگرین و یادی بکەینەوە، بەڵام دەبێ هەندێ هەنگاوی بۆ بهاوێژین کە نیشانی دونیا بدەن، نیشانی خەڵک بدەن، ئەوەی خۆمان پێمان کراوە کردومانە، بەڵام داوا لە دونیاو خەڵکیش دەکەین کە ئەوانیش شتێک بکەن. لە کۆتایی بەڕێزی یادی شەهیدانی هەڵەبجە سڵاو لە شەهیدانی کوردستان و ئازادی و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو ئیدریسی هەمیشە زیندوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک فەرەنسۆ، بەڕێزان ئەوانەی ناونووس کرابوون بۆ قسەکردن دەربارەی هەڵەبجە و بۆ پێشکەش کردنی پێشنیار دەربارەی یاد کردنەوەی هەڵەبجە، هەموو قسەکانی خۆیانیان کردو، لە ڕاستیدا پێشنیارێکی زۆرو بۆچوونی جیاوازیش باس کرا، کە پێویست بەوە دەکات بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم پێشنیارانە دیراسە بکرێ و، ئەرکی سەرشانی لیژنەی مافی مرۆڤە لە پەرلەماندا ئەم پێشنیارانە کۆبکاتەوەو دانیشێ دیراسەتی بکات و، پێشنیار ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی هەرچی ئەرکی سەر شانی پەرلەمانە لەم پێشنیارانە پێی هەستێ و، ئەوەی ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمە وەک پێشنیار پێشکەشی حکومەتی هەرێمی بکەین. لێرەدا دووبارە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی سەربەرزی هەڵەبجە دائەنەوێنم و، زۆر سوپاستان دەکەم و، دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان بەمە کۆتایی هات، زۆر سوپاس.

**ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢**

**مێژووی بڕیار: ١٥/٣/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بە حوکمی بڕگە (٤)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، هەروەها لەسەر داواکاریی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٣)یدا کە لە (١٥/٣/٢٠٠٠)دا بەسترا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**

متمانەدان بە ڕێزدار عەبدولڕەحیم شێخ عەلی فەیلی - وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

**دووەم:**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.

**سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە مێژووی ئیقرارکردنییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٤»**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠٠

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# [illegible]

[illegible]

[illegible] ٢١/٨/٢٠٠٢

[illegible]

[illegible]

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ((٤))

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠٠

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە چوار)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە چوار)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:**

**١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی (إلغاء) کردنی مادده (٣٦)ی پەیڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی.**

**٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە.

بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لەم دوو خاڵە پێک دێت:

یەکەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی (ئیلغاکردنی) مادده (٣٦)ی پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢).

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

با ئەندامێکی لیژنەی یاسا بفەرموویت بۆ خستنەڕووی خاڵی یەکەم.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای لیژنەی یاسایە بەرامبەر ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

رأي اللجنة

كتابكم المرقم ك/٣ في ٢٥/٣/٢٠٠٠

اجتمعت اللجنة القانونية لغرض دراسة مشروع الغاء المادة (٣٦) من النظام الداخلي وبعد المناقشة أيدت اللجنة المشروع المقترح للتفضل بالاطلاع وعرضه على المجلس الموقر. مع التقدير

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە بۆ ئیلغاکردنی مادده (٣٦) لەلایەن (١٠) ئەندامەوە هاتووە کە مافی یاسایی خۆیانە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکەن، لیژنەی یاسا پشتگیری رای ئەو دە ئەندامەی کرد بۆئەوەی بوار فراوانتر بێت بۆ فراکسیۆن تاوەکو بتوانن ئازاد بن لە گۆڕینی ئەندامەکانیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی، لەبەرئەوە لیژنەی یاسا پشتگیری ئەم پرۆژەیەی کرد، تکا دەکەین بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً لأحكام الفقرة (٨)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ مايلي:

اولاً: تلغى المادة السادسة والثلاثون من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق المعدل.

ثانياً: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**د.روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. كێ دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بكات؟ كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینییەكم لەسەر بڕیارەكە نییە، بەڵام پێشنیار دەكەم ماددەیەكی تر لە پێش ماددەی كۆتایی زیاد بكرێت ئەوەیش بەم شێوەیە (لا يعمل بأى نص يتعارض واحكام هذا القرار) ئەمە ببێتە دووەم، دووەمیش دەبێتە سێیەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرای من ئەوە یاسا نییە، هەمیشە یاسا شتی وای لەگەڵدایە، ئەمە تەنها هەمواركردنێكی پێڕەوی ناوخۆیە، با بزانین رای لیژنەی یاسا چییە؟. فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیلغای ماددەیە تەعاروض ناكات لەگەڵ هیچ ماددەیەك، ئەوە پێڕەوی ناوخۆیە و ئێمە ئیلغای مادده دەكەین، ئەمە ئەوە نییە یاسایەكی تر دەربچێت تەعاروض بكات لەگەڵ ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر بە پێویستی دەزانین كە ئەم پێشنیارە جێبەجێ بكرێ، چونكە هەر ئێستا ئێمە دوو كورسی خاڵیمان هەیە، برای شەهیدمان كاك ئازاد قەرەداغی جێگاكەی چۆڵەو، برای گەورەشمان كاك جوهر ئیستقالەی داوە، لەبەرئەوە پێویستمان بە ئیزافە هەیە، لەوانەیە هەندێك لەو كەسانە ئیزافە بكرێن كە پێشتر لە پەرلەمان بووینە، لەبەرئەوە چەندی زوو بڕیاری لەسەر بدرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ. لیژنەی یاسا فەرمووն.

**بەڕێز محمد حسن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعقیبێکم هەیە لەسەر قسەی کاک فرەنسۆ، ماددە دوو دەڵێت (ینفذ هذا القرار من تاریخ اقراره) مانای ئەوەیە ئەو بڕیارە زوو جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی ناویان کرابوون، هەروەو ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان بوون قسەیان کرد، دیارە لەم بارەیەوە کەسی تریش نییە ئیزافە بکاتە سەری. ئێستا پێشنیارەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ ئەم پێشنیارە پەسند دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژ بە پێشنیارەکەیە؟.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. سوپاس.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

ثانیا: ینفذ هذا القرار وینشر في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵەشیان دەخەینە دەنگدانەوە، کێ ئەم خاڵە پەسند دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژ بەم خاڵەیە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، ئێستا هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە کە لە بڕگە یەکەم و دووەم پێک هاتووە. کێ هەموو بڕیارەکە پەسند دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژی هەموو بڕیارەکەیە؟.. هەموو بڕیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان. بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجومەن فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیار دەکەین ئەم بابەتە گرنگە جارێ دوا بخرێت، چونکە بابەتێکی زۆر گرنگە پێویست بەوە دەکات زیاتر دیراسەت بکرێت و بوارمان پێ بدرێت، چونکە وەکو ئاگادارن مانگی سێ زۆربەی ڕۆژەکانی پشووی ڕەسمی بوو، ئەو بوارە نەبوو وەکو پێویست دیراسەتی بکەین، بۆیە ئەم پێشنیارەمان کرد ئومێدەوارین پەسەندی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکات ئەم خاڵە دوا بخرێت بۆ دانیشتنێکی تر کێ لەم بارەیەوە قسەی هەیە؟. بەڕێز شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە دوو جار دابەش کراوە بەسەر ئەندامانادا، جارێکیان ئەمڕۆ دابەش کراوە، جارێکی تریش لە پێش ئەوە. ئێمە وەکو لیژنەکان تەماشامان کردووە و راپۆرتمان دەربارەی نووسیووە و بەرزمان کردۆتەوە، جا ئەگەر گۆڕانکارییەکی تێدا بوو چونکە ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی نەکراوە، دەبێت ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا جارێکی تر بۆی دابنیشین و رای خۆمانی لەسەر بدەین، جا نازانم رای بەڕێزتان چییە بەرامبەر بەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەممەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یەکەم کە دابەش کراوە خوێندنەوەی یەکەم بوو، ئەو پرۆژەیە لەلایەن دە ئەندامەوە بۆ ئێمە هاتبوو لەم هۆڵەدا خوێندنەوەی یەکەمی کرا، دوای ئەوە دابەش بوو لەسەر لیژنەکان، پرۆژەی دووەم لیژنەی یاسا زائدا ئەم تێبینییانەی کە دەیخوێنینەوە ئەوە رای لیژنەی یاسایە پاش تەنقیحی یەکەم کە لەلایەن دە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی کوتلەی زەرد فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مداخەلەیە قسەی خۆم نییە، پێویستە ئێمە لەسەر پێشنیارەکەی کاک شەوکەت قسە بکەین، نەک پێشنیارێکی تر بکرێت، جارێ پێشنیارەکەی کاک شەوکەت تاوتۆ بکرێ، برادەران ئەگەر پێشنیارێکی تریان هەبوو پاشان دێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە زۆر راستە، ئێستا گفتوگۆ لەسەر پێشنیاری بەڕێز کاک شەوکەت شێخ یەزدین دەکەین.

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم محـمـەد قـاسم (د.رزگـار):**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەراستی ڕێکخستنی کاروباری دارایی شتێکی زۆر گرنگە لە هەرێمدا جا بۆ حکومەت بێت یان بۆ هەر کەسێکی تر بێت، لەبەرئەوە زۆر بەگەرمی پێشنیاری کاک شەوکەت پەسەند دەکەین حەز دەکەین دوا بخرێت، چونکە لە یاساکەشدا هەندێ بڕگە هەیە لەوانەیە ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، ئەگەر کاتەکە زیاتر فراوان بکرێت و زیاتر دیراسەت بکرێت ئەوە سەد لە سەد لە بەرژەوەندی پرۆژەکەدایە ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس. مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـەلا هـادی خـضـر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هەروەکو د. رزگـار فەرمووی کاروباری دارایی زۆر گرنگە و دەبێ بە بایەخەوە قسەی لەسەر بکرێت و، دیارە پرۆژەکەش پێویستی بەوە هەیە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم رایەکەی کاک شەوکەت رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

سەبارەت بە لیژنەی یاسا ، ئەو هۆیانەی کە بەڕێز کاک شەوکەت بەیانی کرد، ئێمە هیچ لارییمان لێی نییە بڕگەکە دوابخرێت و بوار بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و هەتا پەرلەمانیش پرۆژەکە زیاتر دیراسەت بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـەرنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک شەوکەت دەکەم، پێشنیارەکەی کاک شەوکەت جێبەجێ بکرێت، داواکەی کاک شێخ یەحیاش بەجێیە ، یانی بوار دەبێت بۆئەوەی ئەوانیش باشتر سەیری بکەن و ئەگەر چ کەموکوری هەیە ئەوانیش تەماشای بکەن، لەبەرئەوە داوا دەکەم کە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ئێستا پێشنیارەکەی کاک شەوکەت شێخ یەزدین دەخەینە دەنگدانەوە. کێ پێشنیارەکە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژی ئەم پێشنیارەیە؟ بە تێکڕای دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. زۆر سوپاس. بەپێی ئەو بڕیارەی ئێستا کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وەریگرت تاوتۆکردنی پرۆژەی ئەم یاسایە دوا دەخرێت بۆ کاتێکی تر کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستنیشانی دەکات و دەیخاتە ناو بەرنامەی کارەوە. بەمە کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان. سبەی دانیشتن سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی دەبێت.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار: ٢/٤/٢٠٠٠**

«بڕیار»

بەپێی حوکمی برگە (٨) لە مادده (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی سالی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، هەروەها لەسەر داواکاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی ٢/٤/٢٠٠٠ی خۆیدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:
لابردنی (إلغاء)کردنی ماددەی سی و شەشەم لە پێڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی.

دووەم:
ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرارکردنییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٥))**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/٣

خولی یەکەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((٥))

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٣/٤/٢٠٠٠

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٣/٤/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی ڕێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە پێنج)ی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی کار:***

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە پێنج)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٣/٤/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١ـ خستنە ڕووی داواکاریی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (خودان لیستی زەردی هەڵبژاردن) بۆ قەبووڵکردنی هەر یەک لەم دوو ڕێزدارنەی خوارەوە بە ئەندامی ئەنجوومەن و سوێند خواردنی یاساییان:*

*أـ ڕێزدار حەسەن ساڵح ڕۆستەم خان، لە جێگای ئەندامی دەست لەکارهەڵگرتوو ڕێزدار جەوهەر نامق سالم.*

*ب ـ ڕێزدار کاکەرەش محەممەد نەقشبەندی، لە جێگای ئەندامی خوالێخۆشبوو ڕێزدار ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی.*

*٢ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١٧) لە ٢/١١/١٩٩٩.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا.*

*ئەوجا ڕێزدار سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستانەوە

دانیشتنی ژماره «٥» دەکەینەوە، بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان بەم شێوەیەیە:
١ـ خستنە رووی داواکاریی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ وەرگرتنی رێزداران (حەسەن سالح رۆستەم خان و کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی) بە ئەندامی پەرلەمان.
٢ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی بریاری درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بریاری ژمارە «١٧»ی ٢/١١/١٩٩٩ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم.
نووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. ژمارە «٢٩٦»لە رۆژی ١٣/٣/٢٠٠٠

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەرێز**

سڵاوێکی گەرم
نیشانە بە مادده «٤٤» لە یاسای ژمارە «١» ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، بە مەبەستی پڕ کردنەوەی جێگای ئەم «٢»بەرێزانەی خوارەوە، وەکو ئەندامی پەرلەمان:
١ـ بەرێز جوهر نامق سالم، کە ئیستقالەی کردووە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بە هۆی تەفرغ کردنی بۆ ئیشوکاری پارتیمان وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی و، دانانی بەرێز حەسەن سالح رۆستەم خان کە پاڵێوراوە لە لیستی پارتیماندا لە شوێنی بەرێز جوهر نامق سالم.
٢ـ خوالێخۆشبوو ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی و، دانانی بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی لە شوێنی ئەو.

تکایە بۆ ئەوەی پێویست.

***لەگەڵ رێزماندا***

ئەمە نووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئێستا خاڵی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ پشتگیری لەوە دەکات کەوا رێزدار «حەسەن سالح رۆستەم خان» ببێت بە ئەندامی پەرلەمان؟.... سوپاس، کێی لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کەوا رێزدار «حەسەن سالح رۆستەم خان» بکرێت بە ئەندامی پەرلەمان.
کێ پشتگیری ئەوە دەکات کەوا رێزدار«کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی» ببێت بە ئەندامی پەرلەمان؟...سوپاس، کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کەوا رێزدار «کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی» بکرێت بە ئەندامی پەرلەمان، ئێستاش داوا لە رێزدار حەسەن سالح رۆستەم خان دەکەم کەوا بفەرموویت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەرێز حەسەن سالح رۆستەم خان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
من ـ حەسەن سالح رۆستەم خانم
(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەڕەش فەرموو بۆ سوێنخواردنی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ـ کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیم

(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خۆم و گشت ئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە کاک حەسەن ساڵح و کاکەڕەش دەکەم و، هیوادارم کەوا سەرکەوتوو بن لە کارەکانیاندا، خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ،بریتییە لە خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە «١٧»ی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق . با ئەندامێکی لیژنەی یاسایی بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

بڕیار دەربارەی درێژەپێدانی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە «١٧»ی ١٩٩٩/١١/٢.

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی بڕگە «٣»ی مادده «٢» لە یاسای ژمارە «١٠»ی ساڵی١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی / / ٢٠٠٠دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دا:ـ

١ـ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە «١٧» ی ١٩٩٩/١١/٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ماوەی مانگێک لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی بڕیارەکەوە.

٢ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی ئەم بڕیارە ڕەوانەی لیژنەی یاسا و ناوخۆ و دارایی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بەم شێوەیە کۆتایی دێنین بە دانیشتنی ئەمڕۆمان و زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٤**

**مێژووی بڕیار: ٣/٤/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی مادده (٤٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، وە برگە ٢/أ و برگە ١/ب لە مادده (٣٠) پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراودا، هەروەها لەسەر داواکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان «خودان لیستی هەڵبژاردن» بە نووسراوی ژمارە (٢٩٦)یان لە ١٣/٣/٢٠٠٠دا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٣/٤/٢٠٠٠یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:

هەردوو ئەم پاڵێوراوانەی کە لە خوارەوەدا ناویان هاتووەو لە نێوان لیستی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دان، جێگای هەردووک لەو ئەندامانەی پێشوو دەگرنەوە کە کورسییەکانیان بە بەتاڵی ماونەتەوە:

١- ڕێزدار حەسەن ساڵح ڕۆستەم خان لە جێگای ڕێزدار جوهر نامق سالم.

٢- ڕێزدار کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی لە جێگای خوالێخۆشبوو ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی.

دووەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (٣/٤/٢٠٠٠)ەوە دەخرێتە کار.

سێیەم

لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٦))**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/٩

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ((٦))

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/٩

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٠/٤/٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی ڕێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی هەموار كراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٠/٤/٩ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری درێژكردنەوەی ماوەی جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ڕۆژی (١٩٩٩/١١/٢)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.***

***٢ـ یەكەم خوێندنەوەی پێشنیاری پرۆژەی بڕیاری تایبەت بەو موڵک و ماڵانەی كە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دیانگرێتەوە.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو.***

***ئەوجا ڕێزدار سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلی كوردستان

دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری درێژكردنەوەی ماوەی جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ڕۆژی (١٩٩٩/١١/٢) ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.

٢ـ یەكەم خوێندنەوەی پێشنیاری پرۆژەی بڕیاری تایبەت بەو موڵک و ماڵانەی كە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دیانگرێتەوە.

ئێستا دەست بە خاڵی یەكەم دەكەین. تكایە دوو ڕێزدار لە هەردوو لیژنەی یاساو ناوخۆ بفەرموون بۆ دەربڕینی ڕایان.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پڕۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناء على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ تشريع مايلي:-

١- تمديد العمل بالقرار المرقم (١٧)في ٢/١١/١٩٩٩ الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق لمدة شهر واحد وذلك اعتباراً من تاريخ انتهاء نفاذه.

٢- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەوە پڕۆژەی ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئەگەر ماوەم بدەن تێبینی لیژنەی یاسا هەیە.

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم(ك/٧) فى ٣/٤/٢٠٠٠

عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار حول تمديد العمل بالقرار المرقم (١٧) في ٢/١١/١٩٩٩الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق والخاص بالمركبات التي تحمل لوحات التسجيل(الادخال الكمركي المؤقت) وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة الجوانب ارتأت اللجنة تمديد العمل بالقرار المذكور اعلاه وذلك اعتباراً من تاريخ انتهاء نفاذه ولمدة ثلاثة اشهر وذلك لافساح المجال امام المواطنين بانهاء معاملاتهم بهذا الخصوص.

مع التقدير

شيروان الحيدري

نائب رئيس اللجنة القانونية

ئەگەر ماوە هەبێت ڕوون کردنەوەم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پڕۆژەی حکومەتدا داوای یەک مانگ درێژکردنەوەیان کردووە، لە تاریخی انتهاء النفاذەوە واتا (٢/٢/٢٠٠٠)، ئەگەر مانگێک بدەین ئەوا ئەو مانگەش تەواو بووە، ئێستا (٣/٢) و (٤/٢)یش تەواو بووە لەبەرئەوە پێشنیارمان کردووە کە سێ مانگ درێژ بکرێتەوە بۆئەوەی هاووڵاتیان تا مانگێکی تر بتوانن مامەڵەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ چییە؟. فەرموون.

**بەڕێز کانەبی عەزیز دەزیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بۆچوونەکەی لیژنەی یاسادایین، کە بۆ سێ مانگ درێژەی پێ بدرێ، بەڵام ئەمە بۆ دوا جار بێت واتا کەس بۆی نییە جارێکی تر داوای درێژە پێدان بکات، هەروەها دەبێت ئیجرائات وەربگیرێت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دوا دەکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوە رای هەردوو لیژنەی یاساو ناوخۆ بوو دەربارەی پڕۆژەکە. کێ دەیەوێ لەم بارەیەوە قسە بکات با بفەرمووێت، کەس نییە؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

١ـ تمديد العمل بالقرار المرقم (١٧)في ٢/١١/١٩٩٩ الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق لمدة شهر واحد وذلك اعتباراً من تاريخ انتهاء نفاذه.

تاریخ أنتهائیش ٢/٢/٢٠٠٠. ئەوە پڕۆژەی حکومەتە، تێبینی لیژنەش ئەوەیە کەوا لە ٢/٢/٢٠٠٠وە تا «٣»مانگی تردرێژ بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای دانوستاندن لەگەڵ برادەران و، دوای ئەوەی ئەو بڕیارە دەرچوو، دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر ئوتومبێل هەیە لە هەرێمدا کە ژمارەی (ادخال گمرگیان) هەیە و هێشتا نەگۆڕاون. ئەو

ئیشکالاتانەی کە روویانداوە ئەوەیە دوای دەرچوونی بریار بە(١٨) رۆژ ئنجا بریارەکەیان پێ گەیشتووە، ئەوە هەژدە رۆژ لەو سێ مانگە هاتە خوارێ، ئەمە یەک.
دوو: ژمارەکان گەلێک زۆرن و هاتنی ئوتومبێل بەردەوامە، ئەگەر سەردانێکی ئیبراهیم خەلیل بکەین دەبینین بریکار هەنە رۆژانە ئوتۆمبێلی نوێ دەهێننە ناوەوە، ئەو ژمارە زۆرەی ئوتۆمبێلانە هەم داهاتێکە بۆ دەوڵەت هەمیش داهاتێکە بۆ بوودجە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لە پێنج مانگ کەمتر نەبێت، چونکە بەرای من جارێکی تریش داوای درێژکردنەوە دەکرێت، هەروەها داوا دەکەم کە (تاریخ نفاذە) نەبێت، تەنیا بنووسرێت (خمسە اشهر اخری)، چونکە جارێکی تریش داخوازی تمدید دەکرێت ئوتومێل و ژمارە زۆرن، لەبەرئەوە دەبێت زیاتر ئاسانکاری بکرێت، هەم داهاتە بۆ حکومەت و هەمیش یارمەتییە بۆ خەڵک، من پێشنیار دەکەم ببێتە (خمسە اشهر اخری)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هۆیەکی سەرەکی هەیە بۆ درێژکردنەوەی ئەم بریارە ئەویش ئەوەیە کە هەندێک هاوولاتی کە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەن لە ماوە رابردووەکەدا موراجەعەی فەرمانگەکانی پەیوەندیداریان نەکردووە. ئەوانیش لەوانەیە هەندێک بەڵگەو هەنجەت بهێننەوە کە تا کۆتایی ئەو ماوەیە نەیان دەزانی، ئەوجا من ئەو پێشنیارە دەخەمە بەردەم وەزیری ناوخۆ کە بەپێویستی دەزانم ئەدوەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر ئەم بریارە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە ببەسترێت و ئەم بریارەی تێدا روون بکرێتەوە ، هەروەها چ ئیجرائاتی یاسایی وەردەگیرێت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە پابەندی بریارەکە نابن و بۆئەوەی هەموو کەسێکیش ئاگادار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە گفتوگۆ لەسەر برگەی یەکەمی پرۆژەکە بکرێت. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەوەی کە هاتووەو باسکرا ئەوەیە کە ماوەکە بۆ مانگێکی تر درێژەی پێ بدرێت ، نیستا وا مانگەش بەسەر چوو ، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ماوەکە دیاری بکرێت و بەو شێوەیە بێت (تمدید العمل بالقرار المرقم (١٧) فی ١٩٩٩/١١/٢ الصادر عن المجلس الوطنی لکوردستان العراق لغایە ٢٠٠٠/٥/٢٦). واتا نزیکەی مانگ و نیوێکی تر دەکات، ئەوها بکرێت باشترە واتا ماوەکە دیاری بکرێت، ئەگەر رێگاشم بدەن دوو خاڵی تری گرنگ هەیەکە

پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، یەکەم من بروام وایە کە دەزگا پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەم نین بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە، بەڵکو خەڵکەکە خۆیان سەردانی ئەم فەرمانگانە ناکەن. بۆیە پێویستە لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەوڵێکی باش بدرێت بۆئەوەی ئەم بڕیارە بەچاکی بخرێتە بەرچاوی هاووڵاتیان بۆئەوەی بچن سەردانی ئەم دەزگایانە بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بابەتەکە بەو شێوەیە نەبێت کە بووترێت (تمدید العمل بالقرار)، چونکە زۆر ئیجرائات هەیە کراون و بەڵکو بگوترێت (یستمر العمل بقرار المجلس الوطنی المرقم(٧) ... لغایه نهایه الدوام الرسمی فی (٦/١ أو ٥/١) بەرای منیش مانگێک بەس نییەو بەلای کەمی سێ مانگ دابنێین.

دووەم برادەران خاڵێکیان اشارە کرد ئەو ئوتومبێلانە ناگرێتەوە کە لە ئیبراهیم خەلیلەوە دێنە ناوەوە بەڵکو ئەو ئوتۆمبێلانە دەگرێتەوە کە لە ناوەوەن و کەوتونەتە دەست هاووڵاتیان وبەبێ سەنویەن و لەم لاو ئەو لا دەرهێندراون تەنیا ئەو ئوتۆمبێلانە کە ناسنامەی ئوتۆمبێلەکە دەچەسپێنن کە نەدزراون یان هیچی لێ نەکراوە، ئینجا پێشنیار دەکەم کە شێوەکەی ئەوهابێ (یستمر العمل بقرار المجلس الوطنی لغایه نهایه الدوام الرسمی لحین ٦/١ أو ٧/١) یانی سێ مانگ چوار مانگ درێژ بکرێتەوە بەڵکو ئیشەکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رای بەڕێز کاکەڕەشم هەیە، (لحین ا٦/١ أو ٧/١)، لەبەرئەوە پێویست ناکات قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ رایەکتان هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێت بەردەوامی (استمرایە) لە سیغەی یاسا دابنێین، دەبێت (امتداد العمل) أو (امتداد

القرار) بێت، ئەگەر بەردەوامی بدەینێ ئەوە خۆمان دان بە هەڵەیەکی یاسایی دادەنێین، ئەگەر ئیش کرا بێت ئەوا سەرپێچییەکی یاساییە، بەڵام ئێمە بریارەک (تمدید) دەکەین لە زاراوەی یاسایی دەبێت بگوترێت (تمدید العمل بالقرار..)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێمـوایە ئەمە وەزارەتی ناوخۆ داوای کردووە، وەزارەتی ناوخۆ دیراسەتی هەموو لایەنەکانی کردووە ئینجا داوای کردووە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم داواکەی وەزارەتی ناوخۆ چییە، جێبەجێ بکرێ، ئەو شارەزایە، ئەو دەزانێ لە ئیبراهیم خەلیل چی.کردووە و، لێرە چۆن بووە، ئەو ماوەیەی کە داوا دەکەن مانگێکی تر زیاد بکرێت، ئینجا وەزارەتی ناوخۆ خۆیان دەزانن، ئێمە لێرە دەڵێین لە ئیبراهیم خەلیل هاتنی ئوتۆمبێل بەردەوامە،لەوانەیە وەزارەتی ناوخۆ لەوێ ئیجرائاتی خۆیان کردووە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ داوای کردووە ئێمە پشتگیری ئەو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، بەڕێز وەزیری ناوخۆ قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا یەکەم ئێمە سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەین ئەو وقفەیان کردووە لە نێوان کۆتایی هاتن بە ماوەی یاساکەو داخوازیەکەی ئێمە، من حەز دەکەم پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار بێت ئێمە لە کۆتایی پێ هاتنی بریارەکەوە هیچ مامەڵەمان بەڕێوە نەبردوە ئەویش یەکێک راگرتنی ئیشەکە هی دووەمیش هاتنی پشووەکانی ئادار، هەر لەبەرئەمەش ئێمە داوای تمدیدمان کرد، من ناچمە سەر ئەوە کە برادەران خۆیان هەستیان کرد کە ئەسڵی بریارەکە نیو مانگی خایاند تا گەیشتە ئێرە، بۆیە ئەم بابەتە تەنها ئەو ئوتۆمبێلانەی پێشتر لە هەرێم بوونە ئێمە دەمانەوێ ئەوانە کۆنترۆڵ بکەین، ئەگەر نا هاتنی ئوتومبێل لەناو هەرێم لە رێگای ئیبراهیم خەلیل و رێگاکانی تری ئسولی بەردەوام دەبێت و، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەرنامەیەکمان داناوە ئەوانەی مقیمن و دەگەرێنەوە ئێمە تابلۆی کاتیان دەدەینێ بۆ ئەو ماوەیەی کە یاسا رێگایان پێ دەدات، کە دەگەرێنەوە بۆ دەرەوە ئوتۆمبێلەکانی خۆیان دەبەن ژمارەکانی ئێمە جێ دێلن ژمارەکانی ئەجنەبی دەبەستنەوە. ئەوانەی ئیستیرادی تازەن لێرە بۆ فرۆشتن یان بەکارهێنانن لەو ماوە دیاریکراوە چ لە هەولێر چ لە دهۆک باجی گومرگ دەدەن و، ئێمە ئاسانکاریی ژمارە پێدانیان بۆ دەکەین کە لەچەند رۆژێک زیاتر ناخایەنێ و، ئەو ئیجرائاتانە بەردەوام دەبێت و، برادەران نیگەران نەبن کە ئەگەر ئەو ماوەیە تەواو بوو ئەوا ئەو ئوتۆمبێلانە ناگرێتەوە کە لە دوای ئەمانە دێن، لەبەرئەوە من سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەم پێمـوایەو دوا کات (حد الاقصی) ٦/١، ئێمە دەتوانین ئەو ئوتۆمبێلانەی کە ماون بیان کەین، ئەوانەی موراجەعەش ناکەن، ئێمە دەمانەوێ کە یاسایەک

دەردەکەین زەمینەی جێبەجێ کردنیش بۆ هاووڵاتیان و دەزگاکانی ئیجرائی خۆمان فراوان بکەین، لەبەرئەوە ئەگەر بکرێ تا ٦/١ دوا مۆڵەت بێت. من دڵنیاتان دەکەم لە ئێستاوە تا ئەوسا ئەمەی کە لە دەرەوەی بڕیارماوە ئێمە دەتوانین کۆنترۆڵیان بکەین، ئەگەر نا هەر یەک مانگەکە لە مێژووی دەرچوونی ئەو بڕیارەش ئێمە رازین، دوا بڕیار بڕیاری بەرێزتانە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک فازڵ وەزیری ناوخۆ، خۆی لەراستیدا ئەو پێشنیارەی کە وەزارەتی ناوخۆ پێشکەشی کردبوو لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان هاتووە لەلایەن خۆیانەوە دیراسەتی تەواو کراوەو ماوەکە زانراوە کە مانگێک درێژ بکرێتەوە، مانگێک مەبەستیان لەو کاتەوەیە کە بڕیارەکەی پێ دەردەچێ بەڵام خۆی ماوەکە تەواو بووە، بەس دەیانەوێ لەو ماوەیەوە کە ماوەکە تەواو بووە بڕیارەکە درێژ بکەنەوە و، ئیشی لەسەر بکەن. ئەو ئیشکالە لیژنەی یاسا چارەسەری کردووە بۆئەوەی کە سێ مانگ درێژی بکەنەوە، درێژکردنەوەکەش بۆ هەموو ئوتۆمبێلێک نییە کە دێتە ناوەوە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە لەناوەوەن ئەوانەن کە بەڵگەنامەی یاساییان نییە، یان ئەوانەن کە خاوەنەکانیان دواکەوتوون لە دانی باجی گومرگ، جا بۆئەوەی ئەم کارە بەرێکوپێکی بەپێی یاسا بڕوات، دەبێ بارودۆخی دەرچوونی بڕیارەکە رەچاو بکرێت، لە راستیدا مانگی ئاداریش پڕە لە جەژن و پشوودان، لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ بە پەسندیان زانیوە کە ئەم بڕیارە درێژ بکرێتەوە بۆماوەی سێ مانگ، بەرێزان قسەیان تێدا کرد و، لیژنەی یاساش هەر لەسەر رای خۆی مایەوە بۆیە ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

خاڵی یەکەمی بڕیارەکە ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بۆ ماوەی سێ مانگ درێژ بکرێتەوە. کێ ئەو پێشنیارە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژە؟.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا. بڕیارەکە بەو شێوەیە دەبێت، سێ مانگ لە بەرواری تەواو بوونیەوە درێژدەکرێتەوە بۆئەوەی لە ئێستاوە کە ئەم بڕیارە دەردەچێت دامودزەگاکانی حکومەتی هەرێم و هاووڵاتیان مانگێکی زیاتریان هەبێت بۆئەوەی بتوانن ئەو کارانەی تێدا ئەنجام بدەن.

خاڵی دووەمی بڕیارەکە.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٢ـ ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم برگەیە هەیە؟.. نییە دەیخەنە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ دژە.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ پەسەندی هەموو بڕیارەکە دەکات؟.. سوپاس.. کێ دژە؟.. بەتێکڕای دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا. بڕیاری درێژکردنەوەی کارکردن بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان. زۆر سوپاس. خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بەرێز کاک حسێن ئەندامی لیژنەی یاسا با بفەرموێ بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی تایبەت بەو موڵک و ماڵانەی کە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەیانگرێتەوە.

دەربارى بريارى درێژكردنەوە لەوانەیە باسى ئەوە بكەن كە بۆ دواجار ئەم بریارە درێژ بكرێتەوە بۆچی باسی ئەوە نەكرا؟ لەراستیدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە پەرلەمان رێگا لە خۆی دەبرێتەوە كە جارێكی تر لەو مەسەلەیە نەدوێ، عادەتەن پەرلەمان دەستی خۆی نابەستێتەوە بڵێ ئەمە دوا جارە ئیتر ئەمە ناكەم، لەبەرئەوە باسمان نەكرد.

**بەرێز حسین عەلی كەمال:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دامێنەوە دە ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پرۆژەیەكیان پێشكەش كردووە لەسەر بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ بۆئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان گفتوگۆی لەسەر بكات لەسەر مەسەلەی موڵك وماڵی بۆ راگوێزان نەشیاو (الاموال غير المنقوله) كە دەكەوێتە ژێر حوكمی ئەو بریارە كە بەم شێوەیەی خوارەوەیەوە:

رێزدار سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ئێمە كە لە دامێنەوە ئیمزامان كردووە، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقین و، لەبەر رۆشنایی حوكمی ماددەی «٥٣»ی یاسای ژمارە «١»ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢دا، هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواكارییەدا پێشنیاری پرۆژەی بریارێ بۆ رێكخستنی تەسەروفی موڵكوماڵی بۆ راگوێزان نەشیاو «الأموال غير المنقوله» كە دەكەوێتە بەر حوكمی بریاری ژمارە «٧»ی ساڵی «١٩٩٢»وەوە، پێشكەش دەكەین، تكایە بفەرموون بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی بەرێز بۆ یاساكاری.

لەگەڵ رێزدا

ئەندامان:

١- فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا.

٢- كاكە رەش محەمەد نەقشبەندی.

٣- شەفیق ئەمین محەمەد.

٤- ئەحمەد سالار عەبدولواحید.

٥- زاهیر محەمەد ئیبراهیم.

٦- تەها محەمەد تەها.

٧- مەلا تەلحە قەرەنی.

٨- ئیبراهیم سەعید .

٩- وریا ئەحمەد دزەیی.

١٠- عوسمان حەسەن دزەیی.

ئەمەش پرۆژەكەیە كە بەم شێوەیەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما قدمه العدد القانوني من أعضاء المجلس بموجب المادة (٥٣) منه قرر المجلس الوطني

لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (   ) والمنعقدة بتاريخ (   /٤/ ٢٠٠٠) تشريع القرار الآتي:

أولاً:ـ يحق لمالك الاموال غير المنقولة المشمولة بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (٧) لسنة ١٩٩٢ بيعها الى أي مواطن مقيم في اقليم كوردستان حصراً.

ثانياً:ـ يعمل بالوكالات المنظمة من قبل دوائر كتاب العدول المرتبطة بوزارة العدل للحكومة المركزية لغرض نقل ملكية الاموال غير المنقولة المشمولة بالفقرة (إولاً) من هذا القرار و انجاز الاجراءات القانونية المتعلقة بها دون غيرها حصراً.

ثالثاً:ـ تصادر الاموال المشمولة بهذا القرار وتسجل بأسم وزارة المالية في اقليم كوردستان ـ العراق في حالة ثبوت قيام المالك أو المشتري بتزوير الوكالة أو أي من المستندات أو الحجج المعتمدة في نقل الملكية أو كان على علم بذلك.

رابعاً:ـ على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

خامساً:ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس ئەوە پرۆژە خوێندرایەوەو، ئێستا ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆی دەکەین.

بەڕێزان بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات. دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی سێ شەممە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی دەبێت.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی بڕیار: ٥
## مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/٤/٩

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمان دراوەو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٩دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دا:

١- بڕیاری ژمارە (١٧)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ دەرچووە، لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی کارپێکردنییەوە بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە درێژ دەکرێتەوە.
٢- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرارکردنییەوە لە ٢٠٠٠/٤/٩ دەخرێتە کارو، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

د.ڕۆژ نوری شاویس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٧»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/٢٠٠٠

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((٧))

## سێ شەممە رێکەوتی ١١/٤/٢٠٠٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١١/٤/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی رێزدار د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی رێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١١/٤/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری پرۆژەی بریاری تایبەت بەو مولک و مالانەی کە بریاری ژمارە (٧)ی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەیانگرێتەوە.
٢- خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێکهاتەی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.
٣- خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر پێک هێنانی لیژنەیەکی کاتی تایبەت بە بریاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی، هەروەها ئەو بریارانەی کە پەیوەندیدارن بە (بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک) تا ئەو رادەیەی کە پەیوەندییان بە کوردستانی عێراقەوە هەیە.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو.

ئەوجا رێزدار سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمرۆمان دەکەینەوە، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١- خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری پرۆژەی بریاری تایبەت بەو مولک و مالانەی کە بریاری ژمارە (٧)ی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەیانگرێتەوە.
٢- خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێکهاتەی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

٣ـ خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر پێک هێنانی لیژنەیەکی کاتی تایبەت بە بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیدارن بە (بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک) تا ئەو رادەیەی کە پەیوەندییان بە کوردستانی عێراقەوە هەیە.

ئێستا دەست بە گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵی یەکەم دەکەین، تکایە لە هەردوو لیژنەی یاسا و دارایی ئەندامێک بفەرموێ بۆ خستنە رووی رای لیژنەکەیان، با لیژنەی دارایی بفەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ مشروع قرار البرلمان المرقم(٧)لسنة ١٩٩٢**

تحية واحتراماً

كتابكم المرقم(٤/٣/١٦٦) في ٢٠٠٠/٤/١٠

اجتمعت لجنتنا بكافة اعضائها صباح يوم ٢٠٠٠/٤/١٠ لدراسة ومناقشة مشروع قرار يحق بموجبه لمالكي الاموال غير المنقولة المشمولة بقرار رقم(٧)لسنة ١٩٩٢الصادر من البرلمان بيعها لأي مواطن مقيم في الاقليم، واذ تؤيد لجنتنا هذا المشروع ولدينا الملاحظات التالية:

١ـ المادة الثالثة: تقرأ(وزارة المالية والاقتصاد)بدلاً من (وزارة المالية).

٢ـ تضاف عبارة (أو تواطئه مع) بعد عبارة (قيام المالك او).

٣ـ تضاف مادة قبل المادة الرابعة تنص(لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار).

هذا ولكم الامر، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، با لیژنەی یاسا بفەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الي السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/رأي اللجنة

عرض على اللجنة القانونية مشروع القرار المتضمن معالجة بيع الاموال غير المنقولة المشمولة بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (٧) لسنة ١٩٩٢، وبعد دراسة المشروع ومناقشته من كافة الجوانب، أيدت اللجنة بالأكثرية الفقرتين الأولى والثانية منه، أما بالنسبة للفقرة الثالثة فقد أرتأت اللجنة صياغتها على الوجه الاتي:ـ

ثالثاً: تصادر الاموال المشمولة بهذا القرار وتسجل بأسم وزارة المالية في أقليم كوردستان العراق في حالة ثبوت قيام المالك أو تواطئه مع المشتري بتزوير الوكالة أو أي من المستندات أو الحجج المعتمدة في نقل الملكية.
٢ـ أضافة فقرة أخرى الى المشروع وتصبح فقرة خامسة له وهي لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار، ئەمە رای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وا دیارە رای هەردوو لیژنەکان وەکو یەکن، بۆیە پێویست ناکات رای هەر لیژنەیەک بەتەنها گفتوگۆی لەسەر بکرێت، جا بۆیە هەردوو لیژنەکە پێکەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئێستاش کێ دەیەوێت قسە بکات با ناوەکانیان بنووسن، ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک فەرەنسۆ و کاک د. رزگار و کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی و کاک مەلا هادی و کاک سەعید یەعقوبی و کاکەرەش نەقشبەندی، کەسی تر هەیە بیەوێت قسە بکات و ناوی نەنووسرابێت؟، نییە؟ کەواتە کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە بنەڕەتەوە دژی ئەو بڕیارەم، کاتی خۆی ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیارێکی دەرکردووە کە ئەو خەڵکانە بۆیان نییە زەوی خۆیان بفرۆشن، شتێکیان لەسەر هەیە، کەواتە دەبێت «عەفویان» بۆ دەربچێ، هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمیش هیچ سوودێک لەو بڕیارە ناکەن، بە پێچەوانەوە ئەوە دوژمنانی گەل سوودی لێ دەکەن، تاوەکو ئێستا ناچار بوون بە هەر شێوەیەک بێت بە پارەیەکی کەم مولکەکە بفرۆشن، ئێستا ئێمە ئەو مافەیان پێ دەدەین کەوا خۆیان بخەنە سەر پشت و، ئەگەر نرخی زەویەکە «٥٠»هەزار بێت بە «٤٠٠»هەزاریش نەی فرۆشن، جا من بە ناوی فراکسیۆنەوە داوا دەکەم کە ئەم بڕیارە یاخود ڕەت بکرێتەوە، یان دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرەنسۆ رای ئێمەی وەکو فراکسیۆن دەربڕی،ئەگەر هاتوو ئەو پێشنیارە نەخاتە دەنگدانەوە ئەوە من ئەم تێبینیەم هەیە،١ـ لەسەر خاڵی یەکەم کە دەڵێت«کوردستان العراق» کە ئەبێت بڵێت :«في إقليم كوردستان»، جا لێرە من پرسیارێکم هەیە، بۆ خانەوادەی شەهیدانمان کە لە هەرێمی کوردستاندا نین، بەڵام کەسوکاری شەهیدن کەوا لە زینداندا، یا لە گۆڕەپانی خەباتدا شەهید کراون، ئایا ئەوانە بێ بەش بکەین لە کڕینی ئەو زەویانە. ٢ـ کەسێک هەیە زۆر تێکۆشەرە و

بارودۆخێکی تایبەتی هاتووەتە پێش و کوردستانی بەجێ هێلاوە و رۆشتووەتە ئەوروپا و، خەلکی کوردستانە باشە بۆ ئەو کەسە بێ بەش بکەین لە کرینی ئەو زەوییانە، لە کۆتاییدا داوا دەکەم کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و، دووبارە دەلێم کەوا کاک فرەنسۆ رای ئێمەی دەربری، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەرێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ بخرێتە دەنگدان، ئەگەر رازی بوون ئەوە دوای دەخەین و، ئەگەر رازیش نەبوون ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی داوا دەکەن کە پێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ بخرێتە دەنگدانەوە کە پێشنیاری فراکسیۆنە، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەل ئەوەدایە کەوا گفتوگۆ کردنی ئەم بریارە دوابخرێت؟...سوپاس، کێی لەگەل نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، کەواتە ئەم بابەتە دوادەخەین بۆ دانشتنێکی تر، ئێستا دێینە سەر خالی «٢»خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پێکهاتەی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دانشتنی جەنابتان لەگەل ئەندامان، هەموو ئەندامان هاتن بۆ لای من و، هەر یەکێک دوو هەلبژاردەی دیاری کرد، سەبارەت بە دەستەی سەرۆکایەتیش هەلبژاردەیەکیش لەو هەلبژاردنانە ١٠٠٪ بۆ هەموو ئەندامان چەسپاندمان و، جگە لە ئەندامانی لیژنەی یاسا نەبێت، چۆنکە ئەگەر وابوایە لیژنەی یاسا کەسی تێدا نەدەبوو، هەلبژاردنی دووەمیش ٧٥٪یان چەسپاند و، ٢٥٪یشمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی هێلایەوە، ئەویش بەگوێرەی پێویستی و پسپۆری لیژنەکانمان، جا ئەم خالانەمان رەچاو کردووە، ئەگەر جەنابتان بفەرموون ناوی لیژنەکان بخوێننەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١ـ لیژنەی کاروباری یاسایی.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزداران:

١ـ محەمەد حەسەن بالەتە.

٢ــ شــێــروان ناسح حــەیدەری.
٣ــ کاکە رەش محەمەد نەقشبەندی.
٤ــ محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی.
٥ــ سەفەر محەمەد حسێن.
٦ــ حسێن عەلی کەمال.
٧ــ ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... سوپاس. کێ دژیەتی؟ کەس نییە؟ **کەواتە پێشنیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.**

**٢ــ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری.**

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران:

١ــ جەمیل عەبدی سندی.
٢ــ بوترس سخریا هورمز.
٣ــ بورهان عەلی جاف.
٤ــ حەمید سەلیم میران.
٥ــ شەفیقە فقێ عەبدوڵڵا.
٦ــ شەفیق ئەمین محەمەد
٧ــ محەمەد ئەمین مەولود ئەمین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... سوپاس. کێ دژیەتی؟ کەس نییە، **کەواتە پێشنیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.**

**٣ــ لیژنەی کاروباری ناوخۆ.**

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران:

١ــ سەعید عەلی خان.
٢ــ کانەبی عەزیز ئەحمەد.
٣ــ حسێن عەلی کەمال.

٤ــ رەقــــيب حــــــێن مــــەلا.
٥ــ شـــێـــروان ناسح حـــەيدەری.
٦ــ مــحــەمــەد حـەســەن باڵەتە.
٧ــ بـورهـان عـــــەلی جـــاف.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

ئێـمـە ناچارین لەبەر ئەوەی کـە رادەی کـۆتایی «٧»ئەندام دانراوە بۆ هەر لیـژنەیەک، ناچارین خۆشـمـان دەزانین کـەوا هەندێ ئەندام هەیە کـاریان پێ دەکـرێ لە لیـژنەیەکی تری دانێین، تاکـو هەمواری دەکەین، کاتێ کە هەموارمان کرد ئەو کاتە ئەم پێشنیارە رەچاو دەکەین ، ئێستا تەنها پێشنیـارەکـان دەخـوێنینەوە و، وەکـو بەڕێز سکرتێـری پەرلەمـان باسی کـرد زیاتر ئـارەزووەکـانی ئەندامـان رەچاو کـراوە و، دوو لیـژنەمـان لەپێشیـان داناوە، هەوڵمـان داوە کە خواستی ئەندامان رەچاو بکەین، بۆیە تەنها دەنگدانی لەسەر دەکەین، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فــــەرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

من پێمـوایە نیـازی هەموارکـردنی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە، جا ئەگـەر نیـاز هەبێت بۆ ئەم بابەتە دوا نەخرێت، چونکە لەوانەیە پاش هەموار کردنی «٥»کەس لە لیژنەیەک دابنرێت، ئەگـەر نیـاز هەیە پەیڕەوی ناوخۆ هەمـوار بکرێت با ئەم بابەتە دوابخرێت بۆ پاش هەمـوارکردنەکە ئەو کـاتە لەوانەیە دابەش کردنەکەش باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

ئێمە چونکە دەستمان پێ کردووە دەبێت تەواوی کەین، هەموارکردنی پەیڕەویش لەوانەیە نەکرێت، یا مـاوەیەکی پێ بچێت، جا ئێمە بە چاکمان زانی کەوا ئەم ئیشە تەواو کەین،کێ ئەم پێشنیـارە پەسەند دەکات؟ ... سـوپاس. کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە پێشنیـارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

٤ـ لیـژنەی پیشـەسازی و کـاروباری کـشـتـوکاڵ و ئاودێری و نەخشـەکێشـان و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

بەڕێزان:

١ـ ئەحـــمـــەد عـــەلی عـــومـــەر.
٢ــ ئیـبـــراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد.
٣ــ مــحــەمــەد ئەمین مـەولود ئەمین.

٤ـ سەعید محەمەد سدیق.
٥ـ کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی.
٦ـ عوسمان حەسەن دزە یی.
٧ـ حەمید سەلیم میران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم لیژنەیەش دەخەینە دەنگدانەوە،کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... سوپاس. **کێ دژیەتی؟**
کەس نییە، کەواتە پێشنیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
٥ـ لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
١ـ ئەحمەد سالار عەبدولواحید.
٢ـ فەوزیە عیزەدین رەشید .
٣ـ قاسم محەمەد قاسم «د.رزگار».
٤ـ زەهرە حاجی تەها.
٥ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد.
٦ـ ئەکرەم عیزت نەجیب.
٧ـ سەرتیپ محەمەد حسێن.
٨ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە .
٩ـ زاهیر محەمەد ئیبراهیم.
١٠ـ شەمائیل نەنو بنیامین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم لیژنەیەش دەخەینە دەنگدانەوە،کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... سوپاس. **کێ دژیەتی؟**
کەس نییە، کەواتە پێشنیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
٦ـ لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
١ـ د.ناسح غەفور رەمەزان.
٢ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی.
٣ـ زەهرە حاجی تەها.
٤ـ د.سەلیم عەلی مەلۆ.

٥ـ عـوسـمـان حـەسـەن دزەیی.
٦ـ رەجـەب شـەعـبـان تەیب.
٧ـ وریا ئەحـمـەد محـەمـەد ئەمین.
٨ـ ئەکـرەم عـاشـور عـوّدیش.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەم لیژنەیەش دەخەینە دەنگدانەوە،کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... **سوپاس. کێ دژیەتی؟**

کەس نییە، کەواتە پێشنیارەکە **بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.**

٧ـ لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کۆمەلایەتی.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

١ـ مـەلا هادی خـدر کـوێخـا.
٢ـ مـامـەند مـحـەمـەد ئەمین بابکر.
٣ـ نیـهـاد نورەدین رەشـیـد.
٤ـ فـرحـان عـەبدوڵلا شـرفـانی.
٥ـ شـەفـیق ئەمین مـحـەمـەد.
٦ـ عـەفـان عـوسـمـان نەقـشـبـەندی.
٧ـ د.قـەیس دیوالی سـەعـیـد.
٨ـ محـەمەد سـەعید ئەحمد یەعقوبی.
٩ـ مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زین العـابدین.
١٠ـ سـەلام کـەریم خـان مـەحـمـود.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەم لیژنەیەش دەخەینە دەنگدانەوە،کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... **سوپاس. کێ دژیەتی؟**

کەس نییە، کەواتە پێشنیارەکە **بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.**

٨ـ لیژنەی سکالاکان و مافی مرۆڤ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

١ـ عـەبدولخالق محـەمـەد رەشـید زەنگەنە.
٢ـ یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم.
٣ـ سـەفـەر مـحـەمـەد حـسـێن.
٤ـ رەجـەب شـەعـبـان تەیب.

٥ـ فـــەوزیە عــــیـــزەدین رەشـــیـــد.
٦ـ ئەكـــرەم عـــاشـــور عـــۆدیش.
٧ـ ئەكـــرەم عـــیـــزت نـەجـــیب.

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەم لیژنەیەش دەخەینە دەنگدانەوە،كێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەكات؟ ... سوپاس. كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پێشنیارەكە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

٩ـ لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

ڕێزداران:

١ـ مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زین العـابدین
٢ـ مـــەلا مـــەحـــمـــود فندی دێرشـــەوی
٣ـ مـــەلا مـــوحـــسن خـــالیـــد مـــفـــتی
٤ـ مـــەلا تـەها مـــحـــەمـــەد تـەها
٥ـ مـەلا تـەڵحـە سـەعـیـد یـەعـقـوبی
٦ـ جـــەوهەر ئـەحـــمـــەد شـــاواز
٧ـ یوسف جـــەمـــیل مـــیـــران.

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

كێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەكات؟ ... سوپاس. كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پێشنیارەكە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

١٠ـ لیژنەی كاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

ڕێزداران:

١ـ جـەعـفـەر عـەلی عـەبدولعـەزیز
٢ـ ســـوارە مـــحـــەمـــەد ئەمین
٣ـ موحسن ساڵح عەبدولعەزیز«ئامێدی»
٤ـ یار ئەحـــمـــەد ئەفـــراســـیـــاب
٥ـ حـــەســـەن ســـاڵح ڕۆســـتم خـــان
٦ـ ســـەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــسێن.
٧ـ یوسف جـــەمـــیل مـــیـــران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەم پێشنیارە پەسەند دەکات؟ ... سوپاس. کێ دژیەتی؟ کەس نییە؟ کەواتە پێشنیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەمە لیژنە هەمیشەییەکان بوو، بەوشێوەیەش بڕگە «٢»ی بەرنامەی کارمان کۆتایی پێ هات، خاڵی «٣» لە بەرنامەی کار(خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر پێک هێنانی لیژنەیەکی کاتی تایبەت بە بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیدارن بە (بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک) تا ئەو رادەیەی کە پەیوەندییان بە کوردستانی عێراقەوە هەیە.)، پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، بڕیاری «٩٨٦» یەکێکە لە بڕیارە هەرە گرنگەکان کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە و، بە پێویستی دەزانین کەوا لە پەرلەمانیشدا لیژنەیەک هەبێت کە پەیوەندی بەم بڕیارەوە هەبێت، ئەویش بۆ بەدواداچوون و زانینی ئاکام و چۆنێتی جێبەجێ کردن و پشتگیری حکومەتی هەرێم لە جێبەجێ کردنی و، کاتی پێویستیش بۆ پێشکەش کردنی پێشنیار لەم بارەیەوە، ئێمە بە کەمی دەزانین کەوا پەرلەمانی کوردستان ئەم لیژنەیەی نەبێت و، دەبوایە پەرلەمان بەشێکی زۆری لە کاتی خۆی تەرخان کردایە بۆ گرنگی دان بەم بڕیارە، چونکە جگە لەوەی کە ئەم بڕیارە پەیوەندی بە هەموو هاولاتیانەوە هەیە، زانیاری لەسەر ئەم بڕیارە و بەدواداچوونی شتێکی پێویستە بۆ کاروباری پەرلەمان خۆیشی، لە ٥٠ ٪ ئیشی هەموو وەزارەتەکان کە ئێمە ئێستا لیژنەمان بۆ هەر یەکێکیان داناوە لە رێگای بڕیاری (٩٨٦)وە جێبەجێ دەکرێت و تێکەڵە لەگەڵ ئەم بڕیارە، بۆیە دروست کردنی ئەم لیژنەیە جاریٚ بۆ ماوەیەکی کاتی بە کارێکی پێویستی دەزانین، ئێمە پێشنیارەکەشمان بەم شێوەیەیە، کە ئەم لیژنەیە لە سەرۆکی لیژنەکان پێک بێت، بە سەرۆکایەتی سکرتێری پەرلەمانیش بێت، جا ئەو رێزدارانەی کە دەیانەوێت لەم بارەیەوە قسەبکەن با بفەرموون.

پێشنیار دەکەین سەرۆکی هەر لیژنەیەک لە لیژنەکانی پەرلەمان ببێتە ئەندام لەو لیژنەیە و، بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیش ببێتە سەرۆکی لیژنە کە، ئەمە پێشنیارەکەیە ئینجا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین. ئەو رێزدارانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناوەکانیان دەخوێنمەوە، ئەگەر کەسی تریش بیەوێ قسە بکات ناوی دەنووسین.

کاک د. رزگار، کاک مەلا هادی، کاک عەفان نەقشبەندی، کاک ئیبراهیم سەعید مەولود، کاک د. ناسح، کاک حەمید میران، کاک جەمیل عەبدی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچمە سەر پێشنیارەکە دەمەوێ ئاخاوتنێک لەسەر کاروباری لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان بکەم دەربارەی بڕیاری (٩٨٦) تەنیا ڕوونکردنەوەیە، لەوانەیە هەموو برادەران لە پەرلەمان ئاگادارن لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان لەم بابەتە کەمتەرخەمی نەکردووە ئێمە

راپۆرتمان هەیە، چەند جار وەزیر هاتووە لێرە لەگەڵمان دانووستانی کردووە لەسەر ئەم بڕیارە، واتا پەرلەمان ئەم بابەتەی پشت گوێ نەخستووە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیف ئەم شتانەی من باسیان دەکەم هەمووی (موثق)ن و هەن. بەڵام سەرەرای ئەوە جەنابت فەرمووت لیژنەیەکی کاتی دروست بێت ئەوە شتێکە لە جێی خۆیدایە زۆر پێویستە موتابعەی ئەم بڕیارە بکرێت و هاوکاری حکومەت بکەین.

دەربارەی ئەو بڕیارە ئەوەی ئێمە ئاگادارین تا ئێستا بڕی دوو ملیارو نیو تەرخان کراوە، (١٣٪) لەم حسەیە بۆ کوردستانە لەوانەیە زۆر (هدر) هەیە وەسائق هەیە هەرچەندە حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمی نەکردووە هەوڵی داوە کە سوودێکی گەورەی لێ وەربگیرێ، بەڵام سەرەرای ئەوە هەدرێکی زۆر دەکرێ و زانیاریشمان هەیە.

ئەمە جاری یەکەمە لە کوردستان و هەموو وڵاتی ئێمەدا کە لە سامانی ئێمە بەشێک تەرخان بکرێت نەک بۆ کڕینی فیشەک و کیمایی بەڵکو بۆ زاد بۆ گەلی ئێمە ئەمەش شتێکی زۆر مێژوویی و گرنگە. ئەو حسەی (١٣٪)ی بڕیاری ٩٨٦ شتێکی پێویستە وەکو دەڵێن ئەمە ئیلتفاتەیەکی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییە لە دڤ مە هاتە کرنێ، بە قەناعەتی من چەند خاڵێک پێویستە رەچاو بکرێن بۆ پێکهاتنی ئەم لیژنەیەو ئەو مەرجانەی کە پێویستە لەو برادەرانە دا هەبن کە دەبنە ئەندامی ئەم لیژنەیە:

١ـ کفائەیان هەبێت و، زانیاریان هەبێت. ٢ـ خبرە. ٣ـ بڕوانامە. ٤ـ ئارەزووی هەبێت لەم کارە.

بەرای من ئەم چوار خاڵە گرنگن بۆ دامەزراندنی ئەم لیژنەیە، دەبێ رەچاو بکرێن، بۆئەوەی زیاتر چالاکی هەبێت و هاریکاری حکومەت بکرێت تاوەکو سوود لەو مەبلەغانە وەربگیرێت کە بۆ کوردستان تەرخان کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەمم ئەوەیە کە جەنابت بە کورتی باسی بابەتەکەت کرد، بەڵام بە پەسندی دەزانم ئەو ناوە جەنابیشت کە لە سیاسەتی عام چی هەیە لەگەڵ ئەو لیژنەیە دابنیشی بۆی روون بکەیەوە شێوەی بۆچوونی ئەندامانی لیژنەکە چۆن بۆ ئیشەکە بچن، چونکە جاران لە دونیادا کیانی اقتصادی و اجتماعی تابعی سیاسەت بوو بەڵام ئێستا بە پێچەوانەیە سیاسەت و هەموو شتێک تابعی اقتصادە، چونکە ژیانی هەموو میللەتانی دونیا ئەگەر ژیانی تەئمین نەبێت کیانی سیاسیشی هەبێت بڕوا ناکەم بەردەوام ببێت. ئێمەش لەو ساڵانەی کەوا باری میللەتی ئێمە

تووشی ئەو نەهامەتی و ماڵ ویرانی و دەربەدەری و گوند خراپ بوونە بووینە ئێستا هەوڵ بدەین سوود لەم بڕیارە وەربگرین، بەڵام سوودێکی ڕێکوپێک لەسەر بنەمایەکی قانونی بۆ بابەتەکان بچین. بەپەسندی دەزانم ئەو کۆبوونەوانە بەردەوام بێت، جەنابت بۆ سەرۆک لیژنەکانی روون بکەیتەوە و ئەویش ئەو شتانەی کە دەیزانی بە ئەندامانی لیژنەکانی رابگەیەنن و گفتوگۆی بکەن و راپۆرتیان هەبێت دەربارەی ئەو بابەتەو لەناو پەرلەمانیش مانگی جارێک ئەو لیژنەیە راپۆرتێکی تایبەتی هەبێت و بخوێندرێتەوە تا برادەران ئیتلاعیان لەسەری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک مەلا هادی. کاک عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەوەی من حەزم کرد باسی لێوە بکەم، بێگومان ئەوە هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی وەها، بەڵام پێش ماوەیەکی زۆر لە دەستپێکردنی بڕیاری ٩٨٦ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی ئەو لیژنانەی کەوا پەیوەندیدارن و پەیوەندییان بە وەزارەتەکانەوە هەیە وەکو وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی پەروەردە ئەمانە ئیشوکارەکانیان هەر هەمووی لەسەر بڕیاری (٩٨٦)ـە. زۆر شت هەیە لەوانەیە پێویست نەبێت بکردرێت یان پەیدا بکرێت یان پارەی تێدا سەرف بکرێت پارەی تێدا سەرف کراوە، ئەگەر ئەوە ئیستشارەیەکی بە لیژنەکانی پەرلەمانی ببوایە لەوانەیە ئەمانیش سوودیان لەو فکرەی ئەمان دەکرد، ئینجا لەبەرئەوە من لیژنە پەیوەندیدارەکان بە گرنگتر دەزانم، چونکە لەوانەیە هەندێ لیژنە هەیە پەیوەندی نەبێت بە بڕیاری ٩٨٦، لیژنە پەیوەندیدارەکان زۆر پێویستە بەشدارییەکی فیعلییان هەبێت. پێش ئەوەی بڕیاری ٩٨٦ دەربچێت ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستان کاریان دەکرد کۆبوونەوەیان هەبوو لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە هەموو کۆبوونەوەیەک بەشداریمان دەکردو دەمانزانی چی دەکەن و خطەیان چییە. ئێستا ئەگەر ئێمە لە ڕۆژێکدا راپۆرتێکی گشتی بنووسین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوانەیە لە هەندێ شتدا ئاگادار نەبین، ئینجا ئەگەر ئەو ئاگادارییەمان هەبێت بەراستی کارێکی چاکە و، من پێم باشە ئەگەر بکرێت لە لیژنە باڵاکانی وەزارەتیشدا نوێنەری ئەندامانی پەرلەمانی تێدا بێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ جگە لەو لیژنەیە پەیوەندیمان لەگەڵ کارەکانیان لەگەڵ پێویستییەکانیان لەگەڵ ئەو شتانەی کە کردوویانە، یان ئەو شتانەی کە بە نیازن بیکەن ئاگادار بین و ئێمەش بە دەوری

خۆمان راپۆرتەکانمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بەرز بکەینەوەو زۆر سوپاستان دەکەم و بە هەنگاوێکی زۆر چاکی دەزانم و زۆر پێویست بوو و دەبوایە زۆر لەمەو پێش ئەمە بکرابایەو زۆر مەمنوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک عەفان بەس تێبینییەکی بچوکم هەیە. ئەو لیژنانەی کە لەوەزارەتەکان هەن لیژنەی تەنفیذین. ئەندامی پەرلەمان بچێتە ئەو لیژنەیە ئیشمان تێکەڵاو دەبێ، ئەوە ناکرێ، بەڵام دەتوانرێ ئاڵوگۆڕی زانیاری بکرێ و ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام نابێت ببێتە ئەندامی لیژنە، چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵاوی دەسەڵاتەکان. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جەنابت باسی پێشنیارەکەی منت کرد، لیژنەیەکی باڵا لە حکومەت هەیە کە مجموعەیەک وەزارات دەگرێتەوە کە هەردوو پارێزگاری کوردستان تێیدا ئەندامن، من پێشنیارم ئەوەبوو کە ئەو لیژنانەی لە پەرلەمان بەرامبەری هەر وەزارەتێکن با سەرۆکی ئەو لیژنانە ئەندام بن و، سکرتێریش سەرۆکی لیژنە بێت، رای جەنابتان وایە کە سەرۆکی هەموو لیژنەکان ئەندامی لیژنەکە بن، بەڵام رای من وایە ئەو لیژنانە بێت کە بەرامبەر وەزارەتەکانی حکومەتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم رایە یەک دوو تێبینیم هەیە، چونکە ئێمە خاوەن پێشنیارەکەین بۆیە تێبینییەکان دەدەین. من تەسەور دەکەم هەموو لیژنەکانی پەرلەمان پەیوەندییان بە بڕیاری ٩٨٦ەوە هەیە، چونکە پەیوەندیی بە هەموو هاوولاتییەکی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بابەتەکەمان تەنفیذی نییە، لەوانەیە ئێمە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری بابەتەکە بکەین و لەوانەیە لە رووی عیلاقاتەوە سەیری بکەین، لەوانەیە لەرووی مەزهەبییەوە سەیری بکەین، لەوانەیە لەرووی رۆشنبیرییەوە سەیری بکەین. ئێمە لایەنی تەنفیذی نین، بەڵام ئەو لیژنانەی کە لەناو حکومەتدا دروست کراون لیژنەی تەنفیذین، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن ئەو وەزارەتانەن کە لە بڕیاری ٩٨٦ پارەیان بۆ دێت یان پارەی ٩٨٦ لە وەزارەتەکەیدا سەرف دەکرێت لە بواری ئیشەکەیدا سەرف دەکرێت، ئێمە مومکینە لایەنی سیاسی زیاتر لێک بدەینەوە، بۆ نموونە یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان ئەوەیە کە بڕیاری سیاسی یان هەر پەیوەندییەک لەگەڵ لایەنێکی دەرەوە لە حکومەتی هەرێمەوە کە هەبێت دەبێت پێش هەموو شتێک لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، یان ئاگاداری دەبێت بە ئاگاداری پەرلەمان بێت، ئەمە لە سولبی ئەرکەکانی پەرلەمانە بۆیە ئێمە بەچاکی دەزانین، بۆ

نموونه شتێکی زۆر بەسیط: یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکان کە کاک د.ڕزگار باسی کرد ئەو (١٣٪) یە کە بۆ یەکەمجار لە لایەنێک دێت بۆ میللەتی کورد کە بڵێین داگیرکەری کوردستان نییە، ئەو (١٣٪)یە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە کە ئەمڕۆ گەلی کوردستان بەدەستی کەوتووەو بۆی سەرف دەکرێت، چۆن سەرف دەکرێت ئەوە حسابێکی ترە؟ بەڵام ئەو (١٣٪)ـە دەستکەوتێکی ئەوندە گەورەیە کە ئەرکی سەرشانی هەموومانە پارێزگاری بکەین و هەوڵ بدەین کە بەردەوام بێت و بمێنێتەوە هەتا ئەگەر بڕیاری ٩٨٦یش نەما، من ویستم ئەوە شەرح بکەم بۆچی هەموو لیژنەیەکی پەرلەمانی پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەیە تەسەور دەکەم ئەمە مەفهوم بێت.
کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دوو خاڵ تێبینی دەکەم یەکەمینیان پەرلەمان نوێنەری گەلە لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیەش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە چ لەرووی ئابوورییەوە چ لەرووی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی باری ژیانی دانیشتووانەوە بێت، لەبەرئەوە پێکهێنانی بەشتێکی گرنگ دەزانم و، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بەڕێزتان داین.
دووەم لەبارەی پێکهێنانی ئەو لیژنەیەوە ئەگەر بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێر و ئەندامانی چەند کەسێکی ئەوتۆ بێت کە سەرۆکایەتی، خۆی، دەستنیشانی بکات باشترە لەوەی کە بەسەرۆکایەتی سەرۆک لیژنەکان بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. لیژنەکە کاتییە، ئەگەر لیژنەکە خۆی بەچاکی زانی ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان شارەزایەو پێویستی پێیەتی لەو لیژنەیە دەتوانرێت ئیزافە بکرێتە سەری من تەسەور ناکەم ئەوە ئیشکال بێت و زەرووریشە پەرلەمان سوود لە توانای هەموو ئەندامانی وەربگرێت بە تایبەتی ئەوانەی کە شارەزان لەم بوارەدا، لەوانەیە زۆر بوار هەبێت کە پڕ نەکرێتەوەو، بە ئەندامی تر پڕ بکرێتەوە. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو پێشنیارەی کە جەنابتان کردتان من پشتیگیری دەکەم و بە پێشنیارێکی زۆر باشی دادەنێم بەتایبەتی کە نوێنەری هەموو لیژنەکانی تێدایە وەکو خۆتان دەستنیشانتان کردووە کە سەرۆکی لیژنەکانە و، لە هەمووی گرنگتر بە حوکمی ئەوەی کە ئەمە کاتییە جەنابی سکرتێری

پەرلەمانیش سەرپەرشتی ئەم لیژنەیە دەکات، بەڵام من پێم باشە ئەگەر بکرێت ئێمە ئێستا بیر لە هەمــوارکـردنی نیـزام دەکـەینەوە بەراسـتی ئەم بریارە زۆر پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە سـەبارەت بە کـوردسـتـان. لەهەمـان کاتدا بیر لەوەش بکرێتەوە دوای ئەوەی هەموارکردنی نیـزامی پەرلەمـان دەکـرێت، لیـژنـەیەکی هەمـیـشـەیی تـایبـەت هەروەکـو چۆن لیـژنـەی تریش هەن دروست بکرێت و، ئێستا شتێکی پیرۆزە بەو شێوەیە بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس دکتۆر. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـەمـیـد سـەلیم مـیـران:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بریـاری ٩٨٦ پەیوەندیی بە هەمـوو لیـژنـەکـانەوە هەیە لە ڕێی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، دروست کـردنی ئەم لیـژنە کـاتیـیـە زۆر بە پێـویـسـتی دەزانین، بەراستی بۆچوونەکـەی سـەرۆکـایەتی زۆر لەشوێنی خۆیدایە زۆر لە فێسەکانی ئەم بریارە کە لەوەو پێش کراوە ڕێژەیەکی کەمی لێ جێبەجێ کراوە یانی پارەکان گەڕاونەتەوە بەبێ ئەوەی سەرف بکرێت کە زۆربەی لە( ٥٠ ٪ ) کەمترە و زۆر لەم کارانەی کە یەکەم جار ئەم بریارە دەستی پێ کرد زیاتر بە ئیتجاهی خواردن و فریاکەوتن بوو، بەڵام ئێـسـتـا درێـژەی کـێـشـاوە بە ئیـتـجـاهێکی تر دەکرێت ئەوسا پرۆژەی گەورەو پێـویست و (تنموی)یان نەدەکرد لەسەر ئەم بریارە، بەڵام ئێستا ئیتجاه بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە کە ئەو پرۆژانە بکرێن و ئەو پرۆژانەش پێویستی بەوە هەیە خۆ ئامادەکـردنی بۆ بکرێت، نەخشـەی بۆ دابنرێت، جداولی کمیاتی بۆ دروست بکرێت و هەندێکیشی پێویستی بە نەخشەی اقتصادی هەیە، ڕەنگە هەندێکیـان پێـویست بەوە بکات چەند وەزارەتێک کۆمەک بکەن بۆ ئامادەکردنی لەکاتی خۆیدا بۆئەوەی بتـوانرێت بەڕێژەیەکی چاک سـوود لەم بریارە وەربگیـرێت، ئەمـە بە هەلێکی زۆر چاک دەزانم ئەم لیژنەیە دروست ببێت کە سەرۆکایەتی داوای کردووە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک حەمید، کاک جەمیل عەبدی فەرموو.

**بـەڕێـز جـەمـیـل عـەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

راسـتـە UN هاتیتە دانان بۆ صالح العام. بەلێ جێی داخێیە گەلێک جاران مونتەسیبێ دوائرێن UN دەچنە جهێن هەژار وەکی ئەفریقیا استغلالا وان میللەتا دکەن و ئەرکی خوە ب دروستی بە جێـە ناهێنن و گەلـەک زەرەر دەگەیەننە وان مـیللەتا و ب دروسـتی ئەو پارە نایەنە خـەرج کرن بۆ

وان مەبستێ ئینسانی ئێت هاتینە دایناتن. هەرچەندە پەرلەمان متأخر بوو لڤی بابەتیدا دەربارەی بریارا ٩٨٦ ئەم زۆر سوپاسیا جەنابێ تە دکەین بۆ ئەڤ بابەتێ گرنگ هاتە پێش ئەڤ بریارا ٩٨٦ هەمی بابەتێ ژیانێ دگرت هەر وەکو جەنابێ تە گوتت تەنیا بابەتێ عەسکەری نەبێت زۆر پێدڤی دبینین ئەڤ لیژنا کاتی بۆ بریارا ٩٨٦ داینە هاتن هەروەسا پێشنیاری جەنابێ تە زۆر لەجێی خۆدانە کو سەرۆکێت هەمی لیژنا تێدا بن و هەر لیژنەیەک ب دلێ خۆی دێ سەرۆکی لیژنا خۆ هەلدبژێریتن، کیش پتر دبینن توانایا هەی پتر خزمەتێ دکەت بێگومان ئەو دێتە هەڵبژاردن و ئەو لیژنا کاتییە بە سەرۆکایەتی بەهایەک و گرنگییەک دەداتە ئەو لیژنەیە و، دەبێت ئەو لیژنەیە کاتی بێت، چونکە بریاری ٩٨٦ بریارێکی بەردەوام نییە، لیژنە هەمیشییەکان ئەوە لە زمنی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانە، من پشتگیری پێشنیاری جەنابت دەکەم لیژنەکە کاتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل. تێبینیەکی بچوکم هەیە. لیژنەکە کاتی بێت یان هەمیشەیی بێت ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوە نییە ئێستا دەتوانین لیژنەیەکی کاتی دروست بکەین. کاک رەجەب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ بریارە یان ئەو پێشنیارە جەنابی تە کردی پێشنیارەکا گەلەکا پیرۆزە بۆ خزمەتا پەرلەمانێ و میللەتێ و پێتڤیا هەر لیژنەیەکی ئەندامی خۆی هەبێت و ڤی لێژنا دێتە پێک هینان، بەلام وابزانم نەبیتە مەرج کە بەس سەرۆکی لیژنە ببیتن چونکە احتماله رغبەتی نەبیتن احتماله برادەرێکی تر لە لیژنەدا پتر پێی خۆشبیتن کە ببیتە ئەندام ل ڤێ لیژنە دێتە دامەزراندن، وابزانم باشترە لیژنە ئازاد بێت کە یەکێک هەڵبژێرێت لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون تەنیا ئەو پێشنیارەم لە خزمەتتان دا هەیە ئەویش ئەوەیە لە بری ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەکان ببنە ئەندام، هەر لیژنەیەک ئەندامێکی خۆی هەڵبژێرێت لە کاتێکدا کە رەچاوی کۆمەڵە خاسیەتێک بکات لەبارو گونجاو بێت بۆ بەشداری لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان پێشنیاری کاک ئەحمەدم هەبوو لەبەرئەوە قسەم نەما، سوپاس.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە. یەکێکیان ئەوەی کاک ئەحمەد سالار و کاک فرەنسۆ پشتگیرییان کرد. خاڵێکی تریش ئەو مەرجانەی کە کاک د. رزگار باسی کردن ئەگەر پێش وەخت ئێمە بزانین سەرۆکی هەر لیژنەیەک ئەندامە لەو لیژنەیە بەرای من سەرۆکی هەر لیژنەیەک پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا متوفر بێت کە ئەندامەکانی لیژنەکان پێویستە ئەو ئەندامە بکەنە سەرۆکی لیژنەی خۆیان کە کفائەی هەیە و خبرەی هەیەو شەهادە و رەغبەتی هەبێت. ئەگەر هاتوو ئەوە بە نظر اعتباریان وەرگرت تۆماتیکیەن ئەندامی ئەو لیژنەیە لە لیژنەی کاتی نفسی شروطی هەبێتن.

دوو: نوێنەری لیژنەکە باشترە سەرۆکی لیژنە بێت لەبەر ناحیەی ئیداری سبە ئەو لیژنەیە پێویستی بەوەیە رای لیژنەی پەروەردە وەربگرێت احتمال هەیە ئەگەر ئەندامێک بێت لە لیژنەی پەروەردە لە رووی ئیدارییەوە ناتوانێت ئەندامەکان کۆبکاتەوە یان استجابە بۆ داواکەی نەکەن مع العلم ئەگەر سەرۆکی لیژنەی تێدا بێت قانونیا مولزەمن تنفیذی امری سەرۆک لیژنەکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تعقیب هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبریرەکەی ئێوە لە جێی خۆی نییە، نوێنەر بە سەرۆکی لیژنە دەڵێت سەرۆکی لیژنە تەبلیغیان دەکات و دێن، چ کارێکی وا فەوریش نییە کە خلالی سەعاتێک دەبێت وەڵام بدەنەوە. یانی تەبریرەکەی دووەم بەهێز نییە، نوێنەر بێت یان سەرۆکی لیژنە بێت ئەگەر پێویست بە کۆبوونەوە بکات دەبێت بە سەرۆکی لیژنە بڵێت و ئاگاداریان دەکات و دادەنیشن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە رێککەوتین، وای لێ دەکەین بەو شێوەیە بێت لیژنە خۆی یەکێک هەڵبژێرێت بەڵام باشترە

٣ـ حسێن عەلی کەمال
٤ـ رەقیب حسێن مەلا
٥ـ شێروان ناسح حەیدەری
٦ـ محەمەد حەسەن باڵەتە
٧ـ بورهان عەلی جاف

**٤ـ لیژنەی کاروباری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ناودێری و پلاندانان و ناوەدانکردنەوە:**

١ـ ئەحمەد عەلی عومەر
٢ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد
٣ـ محەمەد ئەمین مەولوود ئەمین
٤ـ سەعید محەمەد سدیق
٥ـ کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی
٦ـ عوسمان حەسەن دزە یی
٧ـ حەمید سەلیم میران

**٥ـ لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان:**

١ـ ئەحمەد سالار عەبدولواحید
٢ـ فەوزیە عیزەدین رەشید
٣ـ قاسم محەمەد قاسم «د.رزگار»
٤ـ زەهرە حاجی تەها
٥ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد
٦ـ ئەکرەم عیزت ئەجیب
٧ـ سەرتیپ محەمەد حسێن
٨ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە
٩ـ زاهیر محەمەد ئیبراهیم
١٠ـ شەمائیل ئەنو بنیامین

**٦ـ لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا:**

١ـ د.ناسح غەفور رەمەزان
٢ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی
٣ـ زەهرە حاجی تەها
٤ـ د.سەلیم عەلی ملو
٥ـ عوسمان حەسەن دزە یی
٦ـ رەجەب شەعبان تەیب

٧ـ وريا ئەحمەد محەممەد ئەمین
٨ـ ئەکرەم عاشور عوّدیش

**٧ـ لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کۆمەڵایەتی:**
١ـ مەلا هادی خدر کویخا
٢ـ مامەند محەممەد ئەمین بابکر
٣ـ نیهاد نورەدین رەشید
٤ـ فرحان عەبدوڵلا شرفانی
٥ـ شەفیق ئەمین محەممەد
٦ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی
٧ـ د.قەیس دێوالی سەعید
٨ـ محەممەد سەعید ئەحمد یەعقوبی
٩ـ مەلا محەممەد تاهیر زین العابدین
١٠ـ سەلام کەریم خان مەحمود

**٨ـ لیژنەی سکاڵاکان و مافی مرۆڤ:**
١ـ عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە
٢ـ یەحیا محەممەد عەبدولکەریم
٣ـ سەفەر محەممەد حسێن
٤ـ رەجەب شەعبان تەیب
٥ـ فەوزیە عیزەدین رەشید
٦ـ ئەکرەم عاشور عوّدیش
٧ـ ئەکرەم عیزت نەجیب

**٩ـ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**
١ـ مەلا محەممەد تاهیر زین العابدین
٢ـ مەلا مەحمود فندی دێرشەوی
٣ـ مەلا موحسن خالید مفتی
٤ـ مەلا تەها محەممەد تەها
٥ـ مەلا تەڵحە سەعید یەعقوبی
٦ـ جەوهەر ئەحمەد شاواز
٧ـ یوسف جەمیل میران

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی فەرمان: ١
## مێژووی فەرمان: ٢٢/٥/٢٠٠٠

«فەرمان»

پشت بە بڕیاری ژمارە (٦)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ١١/٤/٢٠٠٠دا، هەروەها بڕگە سێ لە ماددە (٣٩)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ـ ی هەمواركراو، پێكهاتەی لیژنە هەمیشییەكانی ئەنجومەن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:ـ

**یەكەم ـ لیژنەی كاروباری یاسایی:**

١ـ محەممەد حەسەن باڵەتە/سەرۆكی لیژنە.
٢ـ شێروان ناسح حەیدەری/جێگری سەرۆك.
٣ـ محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ كاكە رەش محەممەد نەقشبەندی/ئەندام.
٥ـ سەفەر محەممەد حسێن/ئەندام.
٦ـ حسێن عەلی كەمال/ئەندام.
٧ـ ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی/ئەندام.

**دووەم ـ لیژنەی كاروباری دارایی و ئابووری:**

١ـ جەمیل عەبدی سندی/سەرۆكی لیژنە.
٢ـ بوترس سخریا هورمز/جێگری سەرۆك.
٣ـ بورهان عەلی جاف/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ حەمید سەلیم میران/ئەندام.
٥ـ شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا/ئەندام.
٦ـ شەفیق ئەمین محەممەد/ئەندام.
٧ـ محەممەد ئەمین مەولوود ئەمین/ئەندام.

**سێیەم ـ لیژنەی كاروباری ناوخۆ:**

١ـ كانەبی عەزیز ئەحمەد/سەرۆكی لیژنە.

٢ـ رەقیب حسێن مەلا/جێگری سەرۆک.
٣ـ حسێن عەلی کەمال/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ سەعید عەلی خان/ئەندام.
٥ـ شێروان ناسح حەیدەری/ئەندام.
٦ـ محەمەد حەسەن باڵەتە/ئەندام.
٧ـ بورهان عەلی جاف/ئەندام.

**چوارەم ـ لیژنەی کاروباری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و پلاندانان و ئاوەدانکردنەوە:**

١ـ محەمەد ئەمین مەولوود ئەمین/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ حەمید سەلیم میران/جێگری سەرۆک.
٣ـ عوسمان حەسەن دزەیی/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ سەعید محەمەد سدیق/ئەندام.
٥ـ کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی/ئەندام.
٦ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد/ئەندام.
٧ـ ئەحمەد عەلی عومەر/ئەندام.

**پێنجەم ـ لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان:**

١ـ ئەحمەد سالار عەبدولواحید/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ قاسم محەمەد قاسم «د.رزگار»/جێگری سەرۆک.
٣ـ زاهیر محەمەد ئیبراهیم/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ زەهرە حاجی تەها/ئەندام.
٥ـ ئیبراهیم سەعید محەمەد/ئەندام.
٦ـ ئەکرەم عیزت ئەجیب/ئەندام.
٧ـ سەرتیپ محەمەد حسێن/ئەندام.
٨ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە/ئەندام.
٩ـ فەوزیە عیزەدین رەشید/ئەندام.
١٠ـ شەمائیل ئەنو بنیامین/ئەندام.

**شەشەم ـ لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا:**

١ـ د.ناسح غەفور رەمەزان/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی/جێگری سەرۆک.
٣ـ وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ د.سەلیم عەلی ملو/ئەندام.
٥ـ عوسمان حەسەن دزەیی/ئەندام.
٦ـ رەجەب شەعبان تەیب/ئەندام.

٧ـ زەهرە حاجی تەها/ئەندام.
٨ـ ئەکرەم عاشور عۆدیش/ئەندام.

**حەوتەم ـ لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کۆمەڵایەتی:**

١ـ مەلا هادی خدر کوێخا/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ مامەند محەمەد ئەمین بابکر/جێگری سەرۆک.
٣ـ د.قەیس دیوالی سەعید/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ فرحان عەبدوڵڵا شرفانی/ئەندام.
٥ـ شەفیق ئەمین محەمەد/ئەندام.
٦ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی/ئەندام.
٧ـ نیهاد نورەدین رەشید/ئەندام.
٨ـ محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی/ئەندام.
٩ـ مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین/ئەندام.
١٠ـ سەلام کەریم خان مەحمود/ئەندام.

**هەشتەم ـ لیژنەی سکاڵاکان و مافی مرۆڤ:**

١ـ عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم/جێگری سەرۆک.
٣ـ سەفەر محەمەد حسێن/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ رەجەب شەعبان تەیب/ئەندام.
٥ـ فەوزیە عیزەدین رەشید/ئەندام.
٦ـ ئەکرەم عاشور عۆدیش/ئەندام.
٧ـ ئەکرەم عیزت ئەجیب/ئەندام.

**نۆیەم ـ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

١ـ مەلا موحسن خالید مفتی/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین/جێگری سەرۆک.
٣ـ جەوهەر ئەحمەد شاواز/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ مەلا تەها محەمەد تەها/ئەندام.
٥ـ مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی/ئەندام.
٦ـ مەلا مەحمود فندی دێرشەوی/ئەندام.
٧ـ یوسف جەمیل میران/ئەندام.

**دەیەم ـ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:**

١ـ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز/سەرۆکی لیژنە.
٢ـ سەرتیپ محەمەد حسێن/جێگری سەرۆک.
٣ـ حەسەن سالح رۆستەم خان/بڕیاردەری لیژنە.
٤ـ یار ئەحمەد ئەفراسیاب/ئەندام.
٥ـ سوارە محەمەد ئەمین/ئەندام.
٦ـ موحسن سالح عەبدولعەزیز/ئەندام.
٧ـ یوسف جەمیل میران/ئەندام.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بەناوی گەلەوە

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

## ژمارەی فەرمان: ٢

## مێژووی فەرمان: ٢٨/٥/٢٠٠٠

«فەرمان»

بەپێی بڕیاری ژمارە (٧)ی ڕۆژی (١١/٤/٢٠٠٠)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، هەیکەلی لیژنەی کاتەکیی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێت:

**یەکەم:**

١-بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا- سکرتێری ئەنجومەن- بە سەرۆکی لیژنە.

٢-بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی- نوێنەری لیژنەی کاروباری یاسایی.

٣-بەڕێز حەمید سەلیم میران- نوێنەری لیژنەی دارایی و ئابووری.

٤-بەڕێز حوسێن عەلی کەمال- نوێنەری کاروباری ناوخۆ.

٥-بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود- نوێنەری لیژنەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاوەدانکردنەوە.

٦-بەڕێز قاسم محەمەد قاسم (د.ڕزگار)- نوێنەری لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری.

٧-بەڕێز د.ناسح عەبدولغەفور- نوێنەری لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

٨-بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی- نوێنەری لیژنەی خزمەتگوزاریی گشتی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

٩-بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە- نوێنەری لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان.

١٠-بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی- نوێنەری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

١١-بەڕێز سیروان کاکەیی- نوێنەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

**دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە بریکاری سەرۆک و موقەریری خۆی لەناو ئەندامەکانی خۆیدا هەڵبژێرێ.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٨»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠٠

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((٨))

## سێ شەممە رێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی رێزدار د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی رێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***٢ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای خودان پیشە تەندورستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***٣ ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو.***

***ئەوجا رێزدار سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە «٣»خاڵ پێکهاتووە، هەرسێکی یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموارکردنی یاسان:

١ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای خودان پیشە تەندورستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣ ـ یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

تکایە ئەندامێکی لیژنەی یاسا بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەی پێشنیارەکان.

بەرێز حسێن عەلی کەمال:
بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
نحن الموقعين أدناه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق نرفق لكم طياً مشروع التعديل الاول لقانون نقابة المهندسين لإقليم كوردستان العراق رقم « ١٥ » لسنة ١٩٩٩ راجين التفضل بالموافقة وأحالة المشروع الى المجلس للمناقشة وذلك عملاً بأحكام المادة « ٧١ » من النظام الداخلي للمجلس مع التقدير.

الاعضاء

١ـ أحمد سالار عبدالواحد.
٢ـ ظاهر محمد.
٣ـ زهرة حاجي طه.
٤ـ أسعد علي عمر.
٥ـ بطرس سخريا.
٦ـ إبراهيم سعيد.
٧ـ جوهر أحمد شاواز.
٨ـ ملا طلحة سعيد.
٩ـ حسن صالح روستم.
١٠ـ يار أحمد أفراسياب.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

أستناداً لأحكام الفقرة « ١ »من المادة « ٥٦ » من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:ـ

قانون

التعديل الأول لقانون نقابة المهندسين لاقليم كوردستان

رقم « ١٥ » لسنة ١٩٩٩

المادة الأولى:ـ

تعدل المادة التاسعة من القانون وتقرأ كالآتي:ـ

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا

القانون وتعتبر أعلى سلطة في النقابة وتعقد إجتماعاً أعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة أو المندوبين وعند عدم أكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء أو المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة أخرى.

٢ـ في حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن « ٥٠٠ » عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامها بضمنها أعضاء مجلس النقابة على أن لا يقل عدد المندوبين عن « ١٠٠ ».

المادة الثانية:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة :

ينفذ هذا القانون من تأريخ أقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەمەش خوێندنەوەی هەموار کردنی ئەو یاسایەیە کە پەیوەندی هەیە بە «ذوي المهن الصحية»وە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/مشروع قانون

أستناداً لأحكام المادة « ٧١ » من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق المعدل نرفق لكم طياً مشروع قانون تعديل قانون ذوي المهن الصحية رقم « ٩ » لسنة ١٩٩٩ بعد توقيعها من قبل العدد القانوني من أعضاء المجلس راجين التفضل بالموافقة على عرضها على المجلس للمناقشة مع التقدير.

الاعضاء

١ـ أحمد سالار عبدالواحد
٢ـ ظاهر محمد
٣ـ زهرة حاجي طه
٤ـ أحمد علي عمر
٥ـ بطرس سخريا
٦ـ أبراهيم سعيد
٧ـ جوهر أحمد شاواز
٨ـ ملا طلحة سعيد

٩ـ حسن صالح روستم
١٠ـ يار أحمد أفراسياب

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

أستناداً لأحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:

قانون
التعديل الأول لقانون نقابة ذوي المهن الصحية
رقم «٩» لسنة ١٩٩٩

المادة الأولى:
تعدل المادة الثامنة من القانون وتقرأ كالآتي:
١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيها وتجتمع في مركز النقابة إجتماعاً عاماً أعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة أو المندوبين وعند عدم أكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء أو المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة أخرى.
٢ـ في حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن «٥٠٠» عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه بضمنها أعضاء مجلس النقابة على أن لا يقل عدد المندوبين عن «١٠٠».

المادة الثانية:
على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:
ينفذ هذا القانون من تأريخ أقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەم خوێندنەوەیەش پەیوەندی هەیە بە یاسای« نقابة المهندسين الزراعيين »ـەوە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/مشروع قانون

نحن الموقعين أدناه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق نرفق لكم طياً مشروع قانون التعديل الاول لقانون نقابة المهندسين الزراعيين لأقليم كوردستان العراق رقم « ١ » لسنة ١٩٩٩ راجين تفضلكم بالموافقة على إحالة المشروع الى المجلس للمناقشة وذلك عملاً بأحكام المادة « ٧١ » من النظام الداخلي للمجلس الوطني المعدل مع قبول جزيل الشكر.

الاعضاء

١ـ أحمد سالار عبدالواحد

٢ـ ظاهر محمد

٣ـ زهرة حاجي طه

٤ـ أحمد علي عمر

٥ـ بطرس سخريا

٦ـ أبراهيم سعيد

٧ـ جوهر أحمد شاواز

٨ـ ملا طلحة سعيد

٩ـ حسن صالح روستم

١٠ـ يار أحمد أفراسياب

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

أستناداً لأحكام الفقرة « ١ »من المادة « ٥٦ » من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي :ـ

قانون

التعديل الأول لقانون نقابة المهندسين الزراعيين

رقم « ١ » لسنة ١٩٩٩

المادة الأولى :

تعدل المادة الثانية عشرة من القانون وتقرأ كالآتي :

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً أعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور أكثرية أعضاء الهيئة العامة أو المندوبين وعند عدم أكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الأول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملاً مهما كان عدد الحاضرين.

٢ـ في حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن « ٥٠٠ » عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه بضمنها أعضاء مجلس النقابة على أن لا يقل عدد المنهوبين عن « ١٠٠ ».

المادة الثانية :

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة :

ينفذ هذا القانون من تأريخ أقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری هەموار کردنی هەرسێ یاساکە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندداره‌کان دەکەین، بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، دانیشتنی ئایندەشمان سبەی کات « ١٠ »ی سەرلە بەیانی دەبێت، بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم پێشنیارانە، هیوادارم کەوا سبەی هەمووتان ئامادە بن، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «٩»**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/١٩

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٩))

## چوار شەممە رێکەوتی ١٩/٤/٢٠٠٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ١٩/٤/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیی عێراق بەسەرۆکایەتی رێزدار د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی رێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە نۆ)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێرۆی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە نۆ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ١٩/٤/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەرو و گفتوگۆکردن و بریاردان لەسەر پێشنیاری بریاری دیاریکردن(تحدید)کردنی مێژووی هەلبژاردنی سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٥)ی سالی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(٩)ی سالی ١٩٩٩ی سەندیکای خودان پیشە تەندورستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤- خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکالییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا.

ئەوجا رێزدار سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان بریتییە لە «٤»خال:

١- خستنەرو و گفتوگۆکردن و بریاردان لەسەر پێشنیاری بریاری دیاریکردن(تحدید)کردنی مێژووی هەلبژاردنی سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢. خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٣. خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای خودان پیشە تەندورستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٤ ـ خستنەرو و گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
ئێستا لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین، با دوو ئەندامی لیژنەی یاسا بفەرموون.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نووسراوی لیژنەی یاسا ژمارە «٨» لە ٢٠٠٠/٤/١٨، پرۆژەی لیژنەی یاسا دەخوێنمەوە.
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
«قرار»
استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ تشريع مايلي :-
اولاً ـ يخول مجلس نقابة المحامين لاقليم كوردستان لتحديد موعد اخر لاجراء الانتخابات على ان لايتجاوز تاريخ ٢٠٠٠/٥/١٥.
ثانياً ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

الاسباب الموجبة
بالنظر لعدم اجراء الانتخابات لنقابة المحامين خلال المدة المقررة في قانون المحاماة رقم(١٧)لسنة ١٩٩٩لاسباب فنية فعليه شرع هذا القرار.
ئێستاش رای لیژنەی یاساتان پێشکەش دەکەین:
الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
م/ رأي اللجنة
عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار حول تخويل الهيئة المؤقتة لمجلس نقابة المحامين في

الاقليم صلاحية تحديد موعد جديد لانتخابات النقابة ،وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع وللاسباب الموجبة الواردة فيه ايدت اللجنة ماجاء في المشروع، راجين التفضل بالاطلاع وعرض مشروع القرار على المجلس الموقر للمناقشة.

مع التقدير　　　　محمد حسن بالطه
رئيس اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دیەوێت قسە بکات؟، تەنها کاک جەمیل، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەم پرۆژەیە زۆر چاکە، بەڵام ئەگەر ماددەیەکی بۆ زیاد کەین پاشی مادده یەک باشترە، ئەویش« لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار»، چونکە یاسا سەرەکییەکە تێپەرییە و، ئەمە بڕیارێکی تایبەتە، جا لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ یاساکەدا دژ نەبێت، بۆیە ئەم زیادەیە بە باش دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە بە هیچ شێوەیەک دژایەتی لەگەڵ یاسای سەندیکای پارێزەران نییە و، ئەو ماوەیەی کە دانرابوو «٩٠»ڕۆژە، ئەو ماوەیە تەواو بووە و هەڵبژاردنی سەندیکا نەکراوە و، ئێستا بەم بڕیارە چارەسەرمان کردووە و، دەسەڵاتمان بەو دەستەیە داوە کە دەستەیەکی کاتییە، بۆ ئەوەی مەوعدی هەڵبژاردنەکە دیاری بکات، بەمەرجێک لە بەرواری ١٥/٥/٢٠٠٠ تێپەڕ نەکات و، بە هیچ شێوەیەک دژایەتی یاساکە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشکالێک لە لای ئەندامان زۆر جار دروست دەبێت، دەبێت لە یاساکەدا دەقێک هەبێت بڵێت «لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار»، قاعیدەیەکی فقهی هەیە کە هەر دوو یاسا کە دەرکرا و، ئەگەر جیاوازیان لە نێواندا هەبوو ئەوە بە تازەترین یاسایان کار دەکرێت، جا لەبەر ئەوە ئەو دەقە هەبێت، یا نەبێت هیچ ئیشکالێک دروست ناکات لە هیچ یاسایەکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، من پرسیارێكم لە لیژنەی یاسا هەیە، «شرع هذا القرار»، ئایا قرار «یشرع»، یا «قرار یتخذ»؟، جا بە رای ئێمە «شرع هذا القرار» نییە، بەڵكو «أسباب موجبە»یە و، «شرع»ەش بگۆڕن بە «أتخذت»، جا ئەوە بگۆڕن، ئێستا خاڵی یەكەم دەخەینە دەنگدانەوە، كێ خاڵی یەكەمی پێشنیارەكە پەسەند دەكات؟...سوپاستان دەكەین...كێ دژە؟كەس دژ نییە، كەواتە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانیاً ـ ینفذ هذا القرار اعتباراً من تاریخ اقراره وینشر في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەمی پێشنیارەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ خاڵی دووەم پەسەند دەكات؟... سوپاستان دەكەین...كێ دژە؟كەواتە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، ئێستاش بڕیارەكە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، كێ ئەم بڕیارە پەسەند دەكات؟...سوپاس...كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، تەنها ئەمێنێتەوە «الاسباب الموجبە» نەبێت گۆڕان كاری تێدا دەكرێت، ئەویش «شرع هذا القرار» دەبێتە «صدر هذا القرار» ئەم خاڵەمان تەواو بوو، دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأریخ القرار:

أستناداً لأحكام الفقرة «١»من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأریخ / / ٢٠٠٠ تشریع القانون الآتي:ـ

قانون

التعدیل الأول لقانون نقابة المهندسین لاقلیم كوردستان رقم «١٥» لسنة ١٩٩٩

المادة الأولى:ـ

تعدل المادة التاسعة من القانون وتقرأ كالآتي:ـ

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة في النقابة وتعقد إجتماعاً أعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لأنتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الأنضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة أو المندوبين وعند عدم أكتمال النصاب يجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء أو المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة أخرى.

٢ـ في حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن « ٥٠٠ » عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه بضمنها أعضاء مجلس النقابة على أن لا يقل عدد المندوبين عن « ١٠٠ ».

المادة الثانية :ـ

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة :ـ

ينفذ هذا القانون من تأريخ أقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

اللجنة القانونية

العدد : ٦

التاريخ : ١٨/٤/٢٠٠٠

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي اللجنة

كتابكم المرقم ٩ك في ١٨/٤/٢٠٠٠

عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون التعديل الاول لقانون نقابة المهندسين في اقليم كوردستان العراق رقم(١٥)لسنة ١٩٩٩ وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة الجوانب ايدت اللجنة بالاجماع المشروع المقترح، راجين التفضل بالموافقة على عرض المشروع على المجلس الموقر للمناقشة.

مع التقدير

محمد حسن بالطه

رئيس اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، با ئەندامێکی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە بفەرمووێتە ئێرە، فەرموو.

**بەڕێزحەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و ئاوەدان کردنەوە وپەرەپێدان و کشتوکاڵ وئاودێری، رامان وایە بڕگەی یەکەی ماددەی هەموار کراو لەو «٣»یاسایەدا کە ئەمڕۆ تاوتۆ دەکرێت بگۆردرێت، هەر هەمووی یەک جۆری بۆ دابنرێ وەکو ئەو بڕگەیەی کە هاتووە و دەڵێت:«تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة في النقابة وتعقد إجتماعاً أعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لأنتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الأنضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة أو المندوبين وعند عدم أكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء أو المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة أخرى.»ئەمانەوێت ئەم دەقە بمێنێتەوە لە یاسای ئەندازیاران و، یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵیەکان و، هەروەها بۆ خاوەن پیشە تەندروستییەکانیش، چونکە ئەم سیانە هەرسێکیان جیاوازن، هەر یەکە بە بۆچوونێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێوە خاڵی یەکەم پەسەند دەکەن، بەڵام بۆ هەر«٣» سەندیکاکە بێت،جا دەبێت هەر سەندیکایەک بە جیاواز باسی بکەین.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئێمە ئێستا سەبارەت بەمەوە هیچ گرفتێکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش ویستمان تەنها ئەوە بزانین کەوا هیچ گرفتێکی تیادا نییە، سوپاستان دەکەین، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە لە بنەڕەتەوە لێرە ئیقرار کراوە و، ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە دەسکاری رادەی یاسایی بە هیچ شێوەیەک نەکردووە، تەنها بنەمای «مندوبين» لەم بڕگەیەدا خراوەتە سەری و، هەر یاسایەکی سەندیکاکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو رادە یاساییە بە پرۆژەی خۆیان هاتووە، پرۆژەی سەندیکای ئەندازیاران و، ئێستاش هیچ دەسکارییەک نەکراوە، تەنها لەوانەیە رادەی یاساییەکە لەگەڵ سەندیکاکانی تر جیاوازی هەبێت،بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو پرۆژەیە کە هاتووە وەک خۆی بێ ودەسکاری نەکرێت و، تەنها بنەمای «مندوبين»ی بخرێتە گفتوگۆ کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستاش گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دەکەین، ناوی ئەو ئەندامە رێزدارانە دەخوێنمەوە کە دەیانەوێت قسە بکەن، مامۆستا مەلا تاهیر، د.ڕزگار، کاک یەحیا، کاک ئەمین مەولود، د.ناسح، کاک فرەنسۆ، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەموارکردنەکەم پێ باشە، بەڵام چەند تێبینییەکم هەیە، دەبێت دەسکاری ماددەکەش بکرێت، ئەگەر وشەی بنەمای «المندوبین» وەربگیرێت دەبێت بچێتە ناو ماددەکەشەوە، دەبێت برگە «٣» ماددە «١»یش هەموار بکرێت، چونکە لەوێ پێناسەی دەستەکە کراوە و، باسی «مندوبین» نەکراوە، دووەم، پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەم ماددەیە خۆی زۆر رێکوپێکە لە کاتێکدا ئەگەر برگە «٢»ی بخرێتە سەر سەبارت بە کێشەی کۆنەبوونەوەی ئەندامانی دەستەی گشتی چارەسەر دەکات، تەنها برگە «٢» بەسە و وشەی «مندوبین»ی نەخرێتە سەر، لە رووی داڕشتنیشەوە لە برگە «٢»دا کە دەڵێت:«أو من يقوم مقامهم بضمنها» بکرێتە «بضمنهم»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، داڕشتنەوەی برگەی «٢» لە رووی رێزمانەوە هەندێ هەڵەیە، نێرو مێی تێکەڵ کردووە، پاشان لە داڕشتنەوەدا چاکی کەن،«أو من يقوم مقامهم بضمنها»نییە، دەبێت «أو من يقوم مقام المجلس»بێت، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک حەمیددام، بەڵام چەند تێبینییەکم هەیە، ئەویش لە یاسایەکدا هاتووە «مقر» لە یاسایەکی تردا هاتووە «المركز»، هەروەها لە یاسایەکدا هاتووە «أكثرية أعضاء المسجلين» و، لە شوێنێکی تردا هاتووە «ثلثى الأعضاء»، هەروەها «فى الزمان والمكان المعين» لە یاسایەکی تردا وشەی «محدد»ی پێوەیە، ئەگەر جارێکی تر داڕێژرێتەوە باشترە و گفتوگۆشی کەمتر لەسەر دەکرێت، دووەم، وشەی «أو المندوبين» دووجار هاتووە «تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم »و لە شوێنێکی تریشدا هاتووە« ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الأعضاء أو المندوبين» بە رای من ئەو وشەی «أو» بەدەری دەکات، جا یا دەبێت «أعضاء» بێت، یا «مندوبين»، من پێشنیار دەکەم کەوا وشەی «أو» بگۆڕدرێت بە پیتی «و» تاوەکو «أعضاء» و «مندوبين»یش بتوانن بەشداری بکەن، چونکە ئەندامەکان و مندوبینیش لەوێدان، لە برگەی «٢»یشدا ژمارەیەکی «١٠٠»داناوە، بە رای من ئەوە بە ژمارەیەکی قورسی دەزانم کەوا بتوانرێت ئەو ژمارە زۆرە کۆبکرێتەوە، جا من لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا ژمارەی ئەندامەکان دیاری بکرێت، بەڵکو بە رای من با بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی سەندیکاکە بێت، جا من پێشنیار دەکەم کەوا ئەو «١٠٠»ە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ئێمە گفتوگۆ لەسەر ماددەی «١» دەکەین، بە هەردوو برگەکەیەوە، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکان زۆر نزیکی یەکترن، لە داڕشتنی برگەی یەکەمدا هەندێ شت هەیە کەوا لە هەر یاسایەک بە شێوەیەک داڕێژراوەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر «نفس المكان والزمان» «نفس الوقت والزمان» ئەگەر یەک بخرێت شتێکی باشە، چونکە «٣» پرۆژەیە و یەک بابەتیشە، ئەگەر ئەو لەیەکچوانە یەک بخرێن زۆر باشە، زۆر لەگەڵ ئەوەشدام کەوا لە برگەی «٢» دا هاتووە وشەی «المندوبين» بە راستی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ژمارەی ئەندازیاران و ئەندازیارە کشتوکاڵییەکاندا، جا ئەو وشە ئەگەر لە یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵیەکاندا نەبێت هەر ئاساییە، ژمارەکەش کە هاتووە کە بە «١٠٠» کەسی دیاری کردووە، بەرای من بوون و نەبوونی هەر وەکو یەکە، جا من پشتگیری برگەی «٢» دەکەم، لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەر ئەو لەیەکچوونانە یەک بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە رەچاوی ئەوە بکەن کەوا ئێمە گفتوگۆی ئەم یاسایە دەکەین، بەڵکو گفتوگۆی هەرسێ یاساکە ناکەین، جا تەرکیز بکرێتە سەر ئەم برگەیە بەتایبەتی و، سەبارەت بە سەندیکاکانی تر با لە کاتی خۆیدا باسی بکرێت.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لیژنەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو هەمووارکردنەدایە و ئیعترازمان لەسەری نییە، ئیعترازمان لەسەر هەمواکردنەکەی ترە کە هێشتا باس نەکراوە و دوایی دێینە سەری، ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی داین. سەبارەت بە پێشنیارەکەی د. رزگارەوە ئەگەر بکرێ دوو کەرەت وشەی(مندوبين) دوبارە نەکەینەوە دەتوانین لە کۆتایی برگەکەدا کە دەڵێ (ويعتبر النصاب) بۆ جاری دووەمە (كاملاً بحضور) نەڵێین (ثلث اعضاء المندوبين والاعضاء) بەڵکو بڵێین الحاضرين أو المجتمعين، ئەوە چارەسەری دەکات چونکە ئەگەر گوتمان حاضرين مندوبينيش دەگرێتەوە اعضائيش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتاوە خەلەلێکی بچووک هەیە (استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة (٥٦) من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق) ئەوە اضافە بکرێت ئەوەکەی تر پێویست ناکات وقرر المجلس

الوطني لكوردستان العراق لەسەرەتاوە (من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق) ئەوە بنووسرێت دوایی قرر المجلس.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم ماددەی یەکەم من لام وایە برگەی یەکەم وەکو لە ماددەکەدا چۆن هاتووە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە پێویست ناکات ئێمە لێرە دووبارەی بکەینەوە مندوبین بنووسین، چونکە تەنها لێرە ئەوەی ئیزافە کراوە تەنها مندوبینە وابزانم برگە دوو کە هاتووە (في حالة زيادة) ئەمە بەسە بەڵام منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە سەدەکەی لێ دەربکرێت (في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠) عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه) لەوێ تەواو بێ واتا سەدەکە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح. خۆی لە راستیدا خاڵی یەکەم کە دەڵێ: تتألف الهيئه العامه من جميع الاعضاء أو المندوبين بە قەناعەتی منیش ئەوە کفایەتە، چونکە ئەو کاتە أعضای هیئەی عامە یان عضون یان مندوبن بەپێی ئەو بڕیارەی کە کراوە یانی مندوبەکەی ئەخیر پێویست ناکات تەنیا دوا برگەی کە دەڵێت (يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث اعضاء الهيئة العامة) بگوترێت العامە بەسەو گرفتەکە چارەسەر دەکات و هەموو جارێ پێویست ناکات المندوبين دووبارە بکرێتەوە چونکە هيئە العامە یان لە ئەندام یان لە مندوبین پێک دێت، کە پێک هات هەموو اعتبار دەکرێن کە ئەعضای هیئەی عامەن کە تۆ دەڵێی مندوبین یانی عضو هیئەی عامەیە، کاک فەرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەنیا تێبینیم لەسەر سەدەکە هەیە کە دەڵێ نابێت لەسەد کەمتر بێت. ئێمە لەوانەیە سەندیکایەکمان هەیە بوودجەی پارەی ئەوەندە نییە کە ئەو داوای سەد کەس بکات کۆبوونەوەو ئەنجومەنی خۆی پێ ببەستێت و دەستیان دەبەستین کە نابێ لە سەد کەس کەمتر بێت، دەستی سەندیکا دەبەسترێت لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم هی خوارەوە هەموار بکرێت یانی دیاری کراو نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک فرەنسۆ کاک جەوهەر فەرموو.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو برگەیە بگۆردرێت (عند عدم اكتمال النصاب القانوني يجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول) ئەو (خمسة عشر يوما) بکرێتە (في اليوم التالي) لەبەرئەوەی ئەم سەندیکایە دوور نییە پارە زۆر سەرف دەکات ئەو مهندسانە ئیشی خۆیان جێ

دێلن دێن بۆ پایتەخت ئەگەر هەڵبژاردنەکە نەکرا پانزە ڕۆژی تر دەبێت بێنەوە هەمان پارەو ئەرک سەرف دەکرێت، جا لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم (بعد خمسة عشر یوما) بکرێتە (في الیوم التالي)، چونکە لە سەندیکاکانی تر وا هاتووە بەتایبەتی سەندیکای پارێزەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (١٢) دەڵێت: تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابة، ئەگەر الهیئة العامة لە جمیع اعضاء النقابة بێت مانای وایە لە تأسیسی ئەو کات لە هیئە عامە پێک دێت ئەوی تر المندوبین الذین اوفوا بإلتزاماتهم یان ئەو جارە تأسیس النقابە لە مندوبین نەکرێت إعادەی انتخابات بێت ئەو کات مندوبین دەبێت، مادام وایە (قید)ی ئەو مەندوبینە زۆر پێویستە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (مندوبین) ئێمە پشتگیری جەنابی د. ڕۆژ دەکەین ئەو مندوبینی دووەم و سێیەم لابچێت، چونکە (مندوبین)ی یەکەم لە زمنی هیئە عامەیە (تتألف الهیئة العامة من جمیع الاعضاء او المندوبین) ئێمەش پشتگیری ئەوە دەکەین کە (مندوبین)ی دوەم و سێیەم زیادە. سەبارەت سەد کەسەکە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ڕاستە پرۆژەکە هەندێک کەموکوڕی تێدایە لەڕووی دارشتنەوە ئێمە لە لیژنەی یاسا هەمووی چارەسەر دەکەین. سەبارەت ئەو سەد کەسەی کاک فرەنسۆ ئاماژەی پێ کرد ئێمە پشتگیری ئەو رایە دەکەین ڕاش ڕای ڕێزداران ئەندامانی پەرلەمانە و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئێستا وای لێهات هەڵەکانی زمانەوانی ڕاست دەکرێتەوە بەو جۆرەی کە باسکرا لە جیاتی دوو سێ جار مندوبین بگوترێت جارێک لە پێشەوە دەگوترێت ئەوەی تر لە لیژنەی یاسا چارەسەر دەکرێت.

سەبارەت خاڵی دووەمیش ڕای لیژنەش وایە کە ئەو سەد کەسە حەدی ئەدنایە کە ئامادەبن، ئەمە لەوانەیە دەستی هیئە عامە ببەستێتەوە مەرجیش نییە بکرێت، ئەوە بۆ تەقدیری سەندیکاکە بەجێ بێلن بەپێی توانا و گرنگی ئیشەکە، لەبەرئەوە ڕای لیژنەی یاساش وایە ئەو سەدە نەمێنێت. سەبارەت بە ماددە یەک ئەو هەموارکردنە دەخەینە دەنگدانەوە. فەرموو د. ڕزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد وشەی (أو) ببێتە (و)، هەروەها وشەی (الزمان والمکان المحددین) توحید بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دروستە، بەڵام گوتمان هەڵەکان لیژنەی یاسا پاشان لە داڕشتندا چاکی دەکاتەوە. فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەمان و مکان چۆن توحید دەبێت. زەمان جیایەو مکان جیایە، مکان لەوانەیە ئەنجومەنی سەندیکا لە هەولێر بێت، زەمان کاتە هەمان زەمان و هەمان مکان توحید ناکرێت، وەکو د. رزگار دەفەرمووێت ئەوە نابێت، چونکە زەمان و مکان جیاوازیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام واتان نووسیوە، قسەی د. رزگار راستە. في نفس المکان و الزمان نابێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی برادەران راستە زەمانەکە دەڕوات، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ئەوە کاتی خۆی ئیقرار کراوە، ئێستا تەنیا وشەی (مندوب)ی لێ زیاد کراوە، وا دیارە برادەران کاتی خۆی تێبینی ئەوەیان نەکردووە ئەگینا زەمانەکە دەڕوات دەڵێین (في نفس الزمان والمکان المحددین من قبل المجلس) دەبێت مجلس دووبارە دیاری بکاتەوە اعلانی بکات بڵێت لە جیاتی ئەو ۳۰/ی مانگی فلانە دەبێتە ۳۰/ی مانگێکی تر ئەوەی تر دەڕوات سەیر لەوەدایە ئەو ماددەیە ئیقرار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێت انتخابات بعد خمسة عشر یوما ئەوە زەمانە، (من الاجتماع الاول في الزمان والمکان المحددین) في الزمان بعد خمسة عشر یوما، مکانیش ئەو شوێنەیە کە بۆی بڕیاردراوە. نەک ئەو زەمانەی کە رابردووە نفسەکە لابدرێت سیغەکە تەواو دەبێت، ئەگەر ماوە هەبێت من لەسەر مەسەلەی تتألف قسەم هەیە، ئەگەر بڵێ (تتألف الهیئة العامة من جمیع الاعضاء) دەبێ برگە

سێی مادده یەکیش بگۆردرێت، ئەوه ئەگەر (تتألف) بگوترێت، ئەگەر سیغەکه بگۆردرێت به شتێکی تر کەوا هیئەی عامه دابنیشێت یان مندوبین دابنیشێت تتألف نەمێنێتەوه، ئەگەر تتألف بێت دەبێت برگه (٣) تعدیل بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من شەرحێکی ئاسانی بکەم، نفس الزمان والمكان نابێت زەمان بۆ رۆژه، نفس الوقت والمكان دەبێت نفس الساعه والمكان دەبێت بەس زەمان نابێت ئەوه دەبێت چاک بکرێت خۆیان له دارشتندا چاکی بکەن.

له یاسای مهندسین نووسراوه الزمان والمكان، له یاسای مهن الصحیه نووسراوه الوقت والمكان، وقتەکه راسته، دەبێت وقت بنووسرێت. وەکو باسمان کرد ئەمانه هەڵەی زمانەوانین له سیاغەدا چاک دەکرێن پێویست به گفتوگۆی تر ناکات، مفهومەکەی دیاره چییه. زەمانەکه دەبێته وقت، مندوبەکان لادەچن، ئەوەی نوقسان بێت چاک دەکرێتەوه ئەوەی لەو ماددەیه گۆرانکارییه ئەو حدی ادنا سەدەکه لا دەبردرێت، پێشنیارەکه وایه ئەمەش وەرگیراوه. کێ ئەو پێشنیاره پەسند دەکات کە ئەو (سەدە) لابچێت تکایه دەستی بەرز بکاتەوه؟... سوپاس..؟ کێ پەسەندی ناکات؟.. به زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ئێستا ماددەی یەک له پێشنیارەکه دەخەینه دەنگدانەوه.

وەکو گفتوگۆی لەسەر کراو، به هەموارکردنەکانیەوه کێ پەسندی دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسندی ناکات دەستی بەرز بکاتەوه؟.. به زۆرینەی دەنگ پەسند کرا. مادده (٢) دەخەینه دەنگدانەوه.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێره مەبەستم (٥٠٠) کەسەکەیه ئەگەر نقابەیەک (٤٩٩) کەس بێت هیئه عامه هەموویان ئاماده دەبن، کەچی ئەگەر له پێنج سەد کەس زیاتر بوو، بوو به (٥٠١) به رێگای مندوبین دێن، ئینجا چۆن هیئه عامەیەک له (٤٩٩) کەس پێک بێت قبول دەکرێت، کەچی که بوونه (٥٠١) کەس ئەتۆ لەسەد کەمتر بۆیان دادەنێیت، ئینجا من وابزانم سەدەکه مَعقوله ئەگەر غەدریشیان لێ نەکرێت سەدەکه باشه، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوه دەنگدانی لەسەر کراو برایەوه. له یاساکانی تر دەتوانی مناقەشەی بکەیت بەڵام لەمەدا دەنگدانی لەسەر کراو برایەوه. عادەتەن که ژمارەیەک دادەنرێت ئەوه به حەدێک دادەنرێت، که حەدت دانا ئەوا رەقەمەکه هەمووی یەک شته ئەوه دائما وایه که تۆ ئەڵێیت تا (٥٠٠) هەمووی حازر دەبێت دوای (٥٠١) هەموو حازر نابێت.

ماددەی دووەم دەخەینه دەنگدانەوه کێ لەگەڵه؟.. سوپاس.. کێ پەسندی ناکات؟.. به زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

باشه من تێ بگەم هەندێ برادەران دەستیان بەرز ناکەنەوە باشە مادده (٢) بۆچی پەسەند ناکەن؟ ماددەکە دەڵێت (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون) فەرموو کاک شێخ جەعفەر بۆ تەئییدی ناکەن؟

**بەڕێز جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆئەوەی ترم بۆ سەددەکە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جارێکی تر حەز دەکەم گوێتان لێ بێت چی دەنگدانی لەسەر دەکرێت و، چۆن دەنگدانی لەسەر دەکەین، تەرکیز بکەن زۆر سوپاستان دەکەم.

مادده (٣) ينفذ هذا القانون من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية. کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ئێستا هەموو هەموارکردنەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

واتا مادده (١) و (٢) و (٣) لە یاسای نەقابەی ئەندازیاران. کێ هەموو هەموارکردنەکە پەسند دەکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. کێ پەسەندی ناکات؟.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. لەمە ئەوانەی دژی سەددەکە بوون دەبوایە دەستیان بەرز بکردبایەوە ئەوانەی کە معارز بوون دەبوایە دەستیان بەرز بکردبایەوە من مەبەستم ئەوەیە دەنگدان دەبێت بە شێوەیەکی ئوسوڵی بکرێت. زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمیش کۆتایی پێ هات. خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەروو و گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای خودان پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست پێ دەکەین بە خوێندنەوەی پرۆژەکە.

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

أستناداً لأحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي :-

قانون

التعديل الأول لقانون نقابة ذوي المهن الصحية

رقم «٩» لسنة ١٩٩٩

المادة الأولى:

تعدل المادة الثامنة من القانون وتقرأ كالآتي:

تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيها وتجتمع في مركز النقابة إجتماعاً عاماً أعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية أعضاء وعضوين أحتياط لاشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة وعند عدم أكتمال النصاب يجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد الحاضرين وفي حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن خمسمائة عضو فيجري الانتخابات عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه بضمنها اعضاء مجلس النقابة.

المادة الثانية:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون من تأريخ أقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

راى ليژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

اللجنة القانونية

العدد ٥

تاريخ ١٨/٤/٢٠٠٠

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي اللجنة

كتابكم المرقم ٨ك في ١٨/٤/٢٠٠٠

عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون التعديل الاول لقانون نقابة ذوي المهن الصحية في اقليم كوردستان العراق رقم (٩)لسنة ١٩٩٩وبعد قيامه بدراسة ومناقشة المشروع من كافة الجوانب ايدت بالاجماع المشروع المقترح، راجين التفضل بالموافقة على عرضه على المجلس الموقر للمناقشة.

مع التقدير

محمد حسن بالطه

رئيس اللجنه القانونيه

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی تەندروستی با بفەرمووێت، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران. ئەو پرۆژەیە کاتی خۆی هاتۆتە ناو پەرلەمان و بە تێروتەسەلی گفتوگۆ کراوەو دەنگی لەسەر دراوەو وەرگیراوە تەنیا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە یان پێویستیان بەوە هەبووە هیئە عامە بتوانێ دەسەڵاتی هەبێت تحدیدی زیاد و کەمی بکات وشەی (المندوبین) زیاد کراوە ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندیدار پیشتگیری لیژنەی یاسا دەکەین بەڵام ڕای شەخسی خۆم هەر لەسەر وشەی مندوبینە، دووەم لەسەر وەقت الزمان و المکانە ئەوەش سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێ کرد کە ئەمانە هەڵەی لغوین چارەسەر دەکرێن لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناحیەی صیاغەی قانونی ئەو مندوبین ئەوەی دووەم هاتووە لە بڕگەی یەکەم ئەوە لادەچێت بۆ ئەوەی (او المندوبین) لە صدری بڕگەکە هاتووە (الهیئة العامة من اعضاء النقابة او المندوبین) ئەوەی دووەم لابچێت. هەروەکو یاسای ئەندازیاران (علی ان لا یقل عدد المندوبین عن مئة) ئەوەش لا دەچێت، ئەوەش ڕای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە. ئەو ڕێزدارانەی دەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم هەموارکردنە بکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە. ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەوەی ناوی نەنووسرا بێت تکایە ئاگادارمان بکات. کاک ئەمین مەولود، کاک حەمید میران، کاک د.ڕزگار، کاک فرەنسۆ. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و یاسا مذکرەیەکمان نووسیوە بۆ بەڕێزتان پێشنیارمان کرد بوو هەموارکردنی ئەو بڕگەیە وەکو هی سەندیکای ئەندازیاران بێت، وەکو کاک حەمیدیش لە پێشەوە باسی کرد بۆئەوەی توحید هەبێت لە نصوصی نەقابەکاندا بە شێوەیەکی گشتی. لەلایەکی ترەوە لەسەر بڕگەی (١) کە دەڵێت (تتألف الهیئة العامة من جمیع الاعضاء او المندوبین الذین اوفوا

بإلتزاماتهم) لام وايه (اوفوا بإلتزاماتهم) زياده چونكه له شوێنی تردا دياريان كردووه كه ئەو ئەندامانەی ئيلتزاماتی خۆی نەكات مافی دەنگدانی نييه، ئيتر لێره دووباره كردنەوەی زياده، معقوليش نييه مندوبێك بێت التزاماتی نەمابێ، چونكه ئەوه چارەسەر كراوه.
سەبارەت به دياری كردنی شوێنەكەوه (ويعتبر الوقت والمكان) بەراستی نەك هەر وەقت دەگۆڕدرێت جاری وا هەيه بارودۆخی وا هەيه لەوانەيه مكانيش بگۆڕدرێت، جا لەبەرئەوه ئەگەر بيكەين به الوقت والمكان المحددين لەوانەيه ئەنجامی تأجيلی انتخابات لەبەرئەوه بێت كه مكانەكه مناسب نەبووبێت، لەبەرئەوه دەتوانين له هەمان كاتدا هەردووكی بگۆڕين ئەگەر هاتوو له جاری يەكەمدا نصاب نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك ئەمين. كاك حەميد فەرموو.

**بەڕێز حەميد سەليم ميران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش هەمان رام هەيه لەبەرئەوەی كه ئێمه لەهەمان رۆژدا سێ ياسا هەموار دەكەين گۆڕانكاری لەسەر هەمان مادده دەكەين كه له ياساكانی تردا هاتووه به چاكی نازانين ئێمه كەوا هيئه عامه كۆبێتەوه ئەگەر نصاب بوو به (ثلثي عدد الاعضاء) ئەوانەی كه خۆيان نووسيوه له پاش پانزه رۆژ هەر چەندی عدد هات ئەگەر هەزار كەس بێت (٥٠٠) كەس بێت، (١٠) كەسيش ئاماده بێت هەر نيسابه، بۆيه بەچاكی دەزانين هەر وەك چۆن له سەنديكای ئەندازياران هاتووه چارەسەر بكرێت، زۆر رێزمان هەيه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك حەميد. كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببوره جارێكی تر من تێبينيم لەسەر سەدەكه هەيه، چونكه جارەكەی تر وا قەرار نەدرا بۆ هەر سێكا جارێكی تر پێشنيار دەكەم ئەو سەده نەمێنێت وەكو ئەوەی تر.
دوو، مهما بلغ عدد الحاضرين به پێويست نازانم وەكو ئەوەی تر ثلث الاعضاء تحديد بكرێت، يان ئەگەر ثلث الاعضاء اقرار بوو ئەم برگەيەش زياد بكرێت (وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخرى) واتا ئەم برگەيه زياد بێت ئەگەر هاتوو ثلث الاعضاء اقرار بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــــۆ هەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من وام دەزانی کە برادەرانی لیژنەی یاسا دیسان لەسەر ( ١٠٠ )ەکە قسە بکەن ،واتە اعتراض بگرن بەڵام کە ئەوان پێشنیاریان کردبوو ، کەس قسەی نەکرد پێویست ناکا من قسە بکەم.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر وەڵامتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز شـــــــێــــــروان حــــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بە نسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاک ئەمین مەولود دەڵێ سەندیکاکان تەوحید بکرێن بە نسبەت رادەی یاسای دانیشتنەکانی دەستەی گشتی(الهیئة العامة) هەروەکو پێشتر ئیشارەتمان پێ کرد هەرسەندیکایەک مەبدەئێکی تایبەتمەندی داناوە لە بۆ دانیشتنەکانی (الهیئةالعامة) وە تەواو کردنی رادەی یاسایی، لێرە لە ئەصلی پرۆژەکە ئەو مەبدەئە نەهاتووە و ئەو یاسایەش پێش ماوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە و هەموو برادەران گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەسەر کرد و خۆشیان بڕیاریان لەسەر داوە بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە ئەو مەبادئەی لە سەندیکاکان هاتووە بە نسبەت رادەی یاسایی دەستکاری بکرێ، ئەمە یەکەم خاڵ . بە نسبەت خاڵی دووەم کە دەڵێ وقت و مکان، لێرە وقت و مکان هاتیە، روونە ئەوە بوو کە لاریمان لەسەر هەبوو پێشتر، ئێستا لێرە بە شێوەیەکی رێک و پێک هاتووە، پێم وایە هیچ عەیبی نیە لە لایەنی داڕشتنەوە بە نسبەت ئەو ( ١٠٠ )ە ئەوە کاک فرەنسۆ ئیشارەتی پێدا هەروەکو کاک د. رزگاریش دەڵێ(مهما بلغ عدد الحاضرین) ئەوە یەک لەو مەبدەئانەیە کە لێرە هاتیە لەوانەیە لە سەندیکایەکانی تر نەهاتبێ، لە سەندیکایەکانی تر بەو شێوەیە هاتووە دەڵێ ئەگەر ثلث ئامادە بێ یان ئەگەر ثلثێن ئامادە بێ یان اکثریة الحاضرین ئەوە لێرە مەبدەئەکە تایبەتە بەو سەندیکایەی کەتێیدا هاتیە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە دەستکاری ئەو مەبدەئانە بکرێ، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک شێروان.ئەو تێبینییەی سکرتێری پەرلەمان راستە، لە راستیدا لەبەر ئەوەی دابەش کراوە بەسەر ئەندامان وە ( ١٠٠ )ەکەی تیا نووسراوە بخوێنرێتەوەو نە خوێندرێتەوە بەسەر ئەنداماندا دابەشکراوە، لەبەر ئەوە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت بۆیە تێبینییەکەی د. رزگار لە شوێنی خۆیەتی ئەگەر لیژنەی یاسا مەجالمان پێبدا لە راستیدا دەبێ ئەو ( ١٠٠ )ە جارێکی تر بخەینە دەنگدانەوە بۆ لابردنی، ئەمە یەک، دووەم ئێمەش تێبینییەکمان هەیە ئەگەر بە نظری اعتباری وەربگرین سەندیکای خاوەن پیشە تەندورستیەکان سەندیکایەکی گەورەیە، بە هەزارەها

ئەندامیان هەیە، ئەو رستەیەی هەیە کە دەڵێ (يعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد الحاضرين) واتە ئەگەر سێ کەس چوار کەس پێنج یان دەکەسیش ئامادە بن ئەتوانن بە ناوی سەندیکاوە قسە بکەن، ئایا لە لایەن مەنطقیەوە ئەمە ئەکرێ؟ دە کەس یان پانزە کەس بە ناوەی سەندیکایەکی وا گەورەوە قسە بکەن؟ من وا بۆی دەچم کە نزمترین رادەی (ثلث)ی لەوانەیە بۆ شیاو تر بێ، واتە وەکو سەندیکایەکانی تریشە و ژمارەیەکی شیاویش دەرئەچێ بە تایبەتی بۆ سەندیکایەکی وا گەورە شتی وا هەیە شتی موشابه هەیە وە نەبێ شتی موشابه نەبێ ، شتی موشابه لە دانیشتنی دووەم نابێ بەڵام لە دانیشتنی سێیەم دەبێ، لە دانیشتنی دووەم رادەی یاسایی تەواو نەبوو، ئینجا لە دانیشتنی سێیەم دەکرێ (مهما بلغ عدد الحاضرين) شتی وام دیوە ئەمە یەکێک، ئەوی تریش(في حالة زيادة عدد اعضاءالهيئة العامة عن(٥٠٠) عضو) بە چاکی ئەزانم بکرێت بە(في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن خمسمائة عضو) چونکە دەستەی گشتی یان ئەندامن یان نوێنەرانن بەڵام ئەمە (اعضاء النقابة) لە(٥٠٠)زیاتر بوو ئەگەر بە پەسندی بزانن ئەگەر وەڵامتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنسبەت ئەو تێبینیەی کە دەڵێ أعضاء الهيئةالعامة خۆی ئەندامی دەستەی گشتی لەهەمان کاتدا ئەندامی سەندیکایە ئەوە تێبینی یەکەم، تێبینی دووەم بەنسبەت هەندێ سەندیکا هاتیە، مەسەلەن دەڵێ ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن کراو اکثریەت ئامادە نەبوو (١٥) رۆژ دوا دەخرێ و ئەگەر هاتوو نصابی یاسایی نەهاتە جێ دەستەی پێشوو بەردەوام دەبێت لەجێبەجێکردنی ئیش و کاری سەندیکا بۆ دەورەیەکی تر، لێرە ئەو مەبدەئە نەهاتیە، لێرە ئەو مەبدەئە هاتووە دەڵێ مهما بلغ عدد الحاضرين ئێمە بەراستی لەگەڵ ئەو مەبدەئەین کە لێرە داهاتووە، امکان نییە یەعنی سێ کەس یان دە کەس یان (١٥)کەس ئامادەبێ ئەوە هەر بکرێت لەمجموعی (٧,٦)هەزار کەس بۆیە هەر وەختی خۆی ئەو سەندیکایە ئەو مەبدەئەی هانیتە ناو ئەو یاسایە ئێمە لەگەڵ ئەو رایەین لەگەڵ رێزماندا و راش رای ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی شەرحەکە اعضاء الهيئة العامة راستە ئەندامانی سەندیکان بەڵام دەستەی گشتی ئەمە تعبیرێکی فەوقیە هەموو ئەندامانی سەندیکا ئەگرێتەوە و نوێنەرانیش ئەگرێتەوەو شاملە، هیئەی عامە یەعنی بەنسبەت عدد اعضاء النقابە ڕاستترە ئەگەر ئاوا بنووسرێ هیئەی عامە دووشتە جارێک ئەندامانی سەندیکا هەموویەتی جارێک تەنیا نوێنەرانە ئەمە تووشی تێنەگەیشتنمان دەکات لەو بابەتە فەرموو کاک فرەنسۆ.

بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
دەستەی گشتی هەموو ئەندامانی سەندیکان بەڵام نوێنەران ئەندامی کۆنگرەن دەستەی گشتی نین ئەندامی کۆنگرەن
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
با جارێکی تر کاک فرەنسۆ بۆت بخوێنمەوە خاڵی یەکەم دەڵێ تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة أو المندوبين، خۆی پێناسەی دەکات ئەوە لەبەر ئەوە لەویٰ ئەبێت بنووسرێت عدد اعضاء النقابة
بەڕێز ئیـبـــراهیم عـــەبدولقـــادر دۆغـــرەمـــچی:
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
دەستەی گشتی کە کۆ دەبێتەوە بۆخۆی (إجتماع )ـە یەعنی مؤتمرە بەس کە دەڵێن أو المندوبين یەعنی ئەگەر هاتوو ژمارەیان لە (٥٠٠) زیاتر بێت ئەوجا دەبێتە المندوبين یەعنی ئەگەر لە (٥٠٠) کەمتر بێت ئەوە دەستەی گشتی یە، دوایە بۆخۆی موضوعەکە باسی کۆنگرەیە نابێت بڵێین اعضاء النقابة دەبێت بڵێین اعضاء الهيئة العامة چونکە هەندێ اعضاء هەیە عضو نقابەیە عقوبە درایە ئەگەر وابڵێین جميع اعضاء النقابة ئەویش دەگرێتەوە لەگەڵ ڕێزدا
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
بەو حسابەی جەنابت بێت مؤتمرەکە دەکرێت سەیر دەکەن ئەگەر لە(٥٠٠)زیاتر ئامادەبوو ئەوجا هەڵبژاردنی نوێنەران دەکەن ، خۆی نوێنەران لەپێشا هەڵدەبژێردرێن دەبێت لەپێشا بزانی ژمارەی ئەندامانی نقابە چەندە، بەپێی ئەوە ئەڵێی مؤتمر بەمەندوبین ئەکرێت یان هەموویان ئەبێت حازر بن فەرموو کاک فرەنسۆ.
بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
زۆر چاک هاتووە و لەجێی خۆیەتی دەڵێ ویتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة یەعنی ئەگەر بڕیار یان نەدابێ مەندوب بەشداری بکەن لەکۆنگرە ئەگەر کەمتر بێت ئەبێت ثلثی دەستەی گشتی حازر بێت، ئەگەر مەندوبین بێت بەلای کەمی ئەبیت ثلثی مندوبین حازر بێت ئەوانەی کە مندوبن ئنجا ئینتخاباتەکە دەکرێت زۆر لەجێی خۆی هاتیە.
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:
فەرموو کاکە ڕەش.
بەڕێز کـــاکـــە ڕەش مـــحـــمـــەد نقـــشـــبندی:
بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن
لەبەر ئەوەی لەسەرەتای یاسایەکە دەستەی گشتی پێناسە کراوە دەڵێ الهيئە العامە هەموو

اعضای نقابەیە، ئەوجا لێرە کە هات گوتی تتألف تقریبا بابەتەکە دیاری کرا بەنسبەت هەڵبژاردن یەعنی کەمبدئی گشتی هەموو ئەندامی سەندیکای دەستەی گشتی یە، ئێستا عەمەلیەکە بۆ عەملیەتێکی ئینتخابیە دەبێت ئەو پێناسە وەکو خۆی بێتەوە لەبەر چ تەحدیدێ کە هاتبێتە سەری چونکە امکان نییە هەموو هیئەکە حازر بێت، ئەوی مندوبین تقیدی ماددەکەی اولی تعریفەکەیە لەبەرئەوەی زۆر لەجێی خۆیتی اعتیادی بابڕوا بەس لەگەڵ ئەو مەبدەئەدام ئەوەی کە جەنابت ئیشارەتت پێ کرد، موضوعەکەی ئەخیری لەلیژنەی کشتوکاڵ، و ئەوەش حەزمان کرد جاری دووەم باثلث بێت ئەگەر ثلثەکە حازر نەبوو ئەوجا بڵێین نیقابەکە استمرار بکات چونکە بەراستی دووسێ کەس نەوەک دووسێ کەس حازر بن یان شتەک موشکیلەیە وەکو سەندیکای ئەندازیاران پێشنیاری لیژنەکەمان ئەوی ئاودێری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئەوانە هەمووی ئەو پێشنیارەمان کردووە کە وەکو یەک بن جاری دووەم ثلثێن جاری ئەخیر ثلث ئەگەر ثلثەکە حازر نەبوو اعتبار بکرێت مجلسی نقابە بەردەوامن زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مقترحی تعدیل، یەکەم مؤتمری (١٠٠)ەکە حەدی ادنی ئەوە ئەخرێتە تصویتەوە کێ ئەوە پەسند دەکات ئەو (١٠٠)ە ئەو حەدی ادنایە لاببرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە

زۆر سوپاس کێ پەسندی ناکات کە لاببرێت یەک کەس؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەو برگەیە لابرا هەروەها بەنسبەت ماددەی یەکەمەوە، برگەی یەکەمی رای لیژنەی یاسایی لەبەر دەمتانایە مقترەحی تریش هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لەهیئەی رئاسەوە کراوە ئەویش عیلاقەی بە(یعتبر النصاب کاملاً مهما بلغ عدد الحاضرین)ەوە هەیە پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە ئەگەر لەجیاتی (مهما بلغ عدد الحاضرین) سێیەکی حاضر بێت ئەو جارەش ئەگەر نیصاب کامل نەبوو ئەو وەختە ئەوەش بخرێتە سەری کە مجلسەکە بەردەوام ئەبێت تا شەش مانگی تر یان تا دەورەیەکی تر، ئەمە بۆ ئێوەی بەڕێز ماوەتەوە بڕیار لەسەرکامیان بدەن، ئەوەڵ جار پێشنیارەکە وەکو ڕای لیژنەی یاسا ئەخەمە دەنگ دانەوەبەبێ گۆڕانکاری تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابة او المندوبین الذین أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فیها وتعقد في مرکز النقابة اجتماعاً عاماً اعتیادیاً خلال شهر کانون الثاني کل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقیب لإنتخاب النقیب وثمانیة اعضاء وعضوین احتیاط لاشغال عضویة المجلس واعضاء لجنة الإنضباط ویتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهیئة العامة أو المندوبین وعند عدم اکتمال النصاب تجري الإنتخابات بعد خمسة عشر یوماً من الإجتماع الاول في نفس الوقت والمکان المحددین ویعتبر النصاب کاملا مهما بلغ عدد الحاضرین )
ئێستا ئەو برگەیە بەوشێوەیە ئەخەمە دەنگ دانەوە برگەکە بەو شێوەیەیە کە بۆم خوێندنەوە ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە ئەو بەڕێزانەی ئەو برگەیە بەوشێوەیە پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، پەسند نەکرا، ئەوانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند نەکرا ،ئێستا تەعدیلەکە ئەخوێنمەوە ئەو تەعدیلەی کە طرح کراوە فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة أو المندوبين الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلي سلطة فيها وتجتمع في مركز النقابة و تعقد في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لأنتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لأشغال عضوية المجلس و اعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب (لێرە ئەوی تر دەست پێدەکات) ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشريوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملا مهما بلغ عدد الاعضاء ئەوە حذف دەکرێت و يعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث اعضاء الهيئة العامة وبعكسه يستمر المجلس لدورة آخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تەعدیلەکە بەوشێوەیە کرا کە نصاب لەحالەتی دووەم بۆ جاری دووەم نەهاتبێتە جێ ،ئەوە، لەو بارەدا، سێیەکی ئەندامان لەدەستەی گشتی پێویستە ئامادە بن وە ئەگەر ئەو کاتەش نیصاب هەر نەهاتە جێ ئەوە ئەو وەختە مەجلسی نیقابە ئیش و کارەکە بۆ دەورەیەکی تریش ئەبا بەڕێوە فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان ئەوەی کە مشغولی کردون گوتت تێناگەم تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين، هیئەی عامە هەموو اعضای نقابەن مەندوبین هیئەی مؤتمرە ئەندامانی مؤتمرە هیئەی عامە نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ هیئەی عامە یەعنی مؤتمر.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر هەموو مؤتمر نا بەعزێ مؤتمر مندوب دەچێت هیئەی عامە نییە ئەوەی انتسابی کردبێت لەنیقابە ئەوە هیئەی عامەیە هەزارە دوو هەزارە سێ هەزارە سەد کەس حاضر دەبن ئەوان هیئەی عامە نین ئەوان هیئەی کۆنگرەن من نازانم من وای تێدەگەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامێکتان هەیە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنسبەت هیئەی عامە کە دەڵێ تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابە بەرای مەاعضای نقابە و مندوبین عەینی مانایە اعضای نقابە هەمان اعضای هیئەی عامەنە وە ئەو مندوبانەی کە دەست نیشان دەکرێن ممثلینی اعضای هیئەی عامەنە ئەندامانی کۆنگرەنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکیلن کە دەڵێی دەستەی گشتی مەبەست لە دەستەی گشتی ئەندامی سەندیکا نییە ئەتوانی بڵێی ئەندامی سەندیکا مەبەستیش لە نوێنەران نییە دەنا دەتوانی بڵێی مندوبین، کە دەڵێی هیئەی عامە مەبەستی ئەو نسبەیەیە کە دائەنیشێ و قرار ئەدات یەعنی مؤتمر ئەوە دەگرێتەوە جا لەنقابە ناوی ئەنێن هیئەی عامە لە حزبا ناوی ئەنێن مؤتمر یان شتێکی کەی ناو ئەنێن شەرت ئەو اجتماعەیە ئەو مجموعەیە بەڵێ مؤتمرە بەس مؤتمرەکە کێیە؟ هیئەی عامەیە، فەرموو کاک دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی خەریکە تێکەڵاو دەکرێت، هیئەی عامە لەگەڵ هەموو ئەندامانی ئەو نقابەیە دوو شتی جیاوازن، ئەندامانی نقابە لەوانەیە هەموویان نەتوانن ئامادە بن لەو کۆنگرەیە یان لەو کۆبوونەوەیەی کەوا لێرە نووسراوە اجتماع عام اعتیادی کل ثلاث سنوات یەعنی الهیئە العامە مرادیفە بە هی الاجتماع العام الاعتیادی للنقابە بەنسبەت ئەو نقابەیە، ئەوە سێ ساڵە ئینجا لەوانەیە نیقابەی تر دوو ساڵ بێت یان چوار ساڵ بێت یەعنی هیئەی عامە ئامادەبوونی ئەو ئەندامانەیە لەو کۆبونەوە گشتییەی کەوا ساڵانە یان سێ ساڵ جارێک ئەکرێت، ئەلێرە سێ ساڵ نووسراوە، ئاوا هیئەی عامە ئنجا ئایا هەمووی پێکەوە ئامادە دەبن یەعنی چەن کەسن حازر ئەبن یان بەگوێرەی مندوبین حازر ئەبێت چ مەندوبین بێت یان ئەگەر ووترا بەو مەبدەئەی یەکەم هەتا پێنج سەد کەسەکە ئەگەر هەموویان هاتن هەر ئەوە هیئەی عامەیە ئەگەر مندوبینیش هاتن لەسەدەکەش کەمتر بوون هەر ئەوە هیئەی عامەیە نەک هەموو ئەندامانی نقابە، یەعنی دوو شتی جیاوازە، ئەمە لەجیاتی وەکو جەنابت گوتت کۆنگرەی گشتی یە بەڵام ئەلێرە ناویان ناوە الاجتماع العام الاعتیادی لکل ثلاث سنوات، ئەگەر تەماشای ناوەرۆکەکەی بکەین ئەوەیە مانای یەعنی الهیئة العامة هي الاجتماع الاعتیادي العام للنقابة کل ثلاث سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا ملا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

وەکو من دەزانم نقابە چۆن ناوێک بڵێین ڕێکخراو یان حزب هیئەی عامە مؤتمرە مجلس نقابەش لەمؤتمرەوە دێنە انتخاب کردن و دێتە کار ئینجا هیچ قەرەباڵغی پێناوێت.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عـــەفـــان عـــوســـمـــان نەقـــشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

خۆی بابەتەکە دوو حاڵەتە هەردوو حاڵەتەکەش جائیزە جارێک هیئەی عامە ئەگەر ژمارەی سەندیکایەکە کەم بوو لەپێنج سەد کەمتر بوو با هەموویان ئامادەبن، بەڵام ئەگەر زیاد بوو ئێستا نقابەی وا هەیە بۆ نموونە نقابەی مامۆستایان چل هەزار مامۆستایە چۆن هیئەی عامە کۆدەبێتەوە قەد کۆنابێتەوە هەر دوو سەد مامۆستا یەک مندوب هەڵدەبژێرێ ئەوکاتە مندوبەکان دێن ئنجا لەبەر ئەوە هەردوو حاڵەتەکە هەر جائیزە لەکاتێکا ئەگەر کەمن هیئەی عامەکە دێت لەکاتێکا کە زۆرن مندوبین دێت بەوشێوەیە سوپاس

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

خۆی ئەگەر ژمارەی ئەندامان لەپێنج سەد کەمتر بوو هیئەی عامە هەموو ئەندامانە، ئەگەر ژمارەی ئەندامان لە پێنچ سەد زیاتر بوو هیئەی عامە مندوبینە، هیئەی عامە بڕیار ئەدات ئەوەیە فەرموو کاک ئەمین مولود.

**بەڕێز مـــحـــمـــەد ئـەمین مـــولـود:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێمە ئەتوانین معالجەی بابەتەکە بەو شێوەیە بکەین بڵێین الهیئة العامة او المندوبین هەردووکی ئەگرێتەوە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

سوپاس فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــرەنـســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

قسەکردن لەسەر دەستەی گشتی یە پێناسەی دەستەی گشتی ئەوکەسانەن کە بانگ دەکرێن و داوا دەکرێن مندوب هەڵبژێرن ئەوان دێن نوێنەر هەڵدەبژێرن کەمندوبیان هەڵبژارد هیئەی عامە ئەوەی دەرنەچووە پاک دەبێت ئەوانی تر مندوبی هیئەی عامەن لەوێن هیئەی عامە نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر وانییە کاک فرەنسۆ وانییە، نقابەیەک هەشت هەزار عضوی هەیە تۆ ئەچی هەشت هەزارەکەی لەشوێنێکا کۆئەکەیتەوە مندوب هەڵبژێرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەبێت وابێت ئاخر هیئەی عامە ئەوەیە من عیلاقەم نییە ئەو هەشت هەزارە ئەو هەیئەی عامەیە مندوبی ئەو هەشت هەزارە هیئەی عامە نین ئەندامی کۆنگرەن نوێنەری هیئەی عامەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تەعدیلی یاسایەکمان کرد هی سەندیکای ئەندازیاران پێناسەکەی تێدایە روونە ئەو پێناسە بەنسبەت ئێمەوە ئێستا یاسایە هی ئەندازیاران ئەڵێ چی: تتألف الهیئە العامە من جمیع الاعضاء أو المندوبین، ئێستا ئێمە ئەو تەعدیلە بەو شێوەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە، لەیاساکان هەمووی بەو شکلە هاتووە شەرحەکەشی واضحە ئەو مندوبینە بۆیە ئەکەین چونکە هەموو ئەندامانی نقابە نامانەوێت کۆبکەینەوە لەشوێنێکا حسابەکەی ئەوەیە، تەعدیلەکە کە نقابات داوای کردووەو پێشنیاریان پێشکەش کردووە ئەوانەی ئەو پێشنیارەیان پێشکەش کردووە کە ئەڵێ من ناتوانم سەندیکایەکی گەورە هەمووی بەیەکەوە کۆبکەمەوە لەبەر ئەوە هەرکەسە لەشوێنی خۆی انتخابی مندوبی خۆی دەکات ئەو وەختە ئەڵێ هیئەی عامەکە ئەڵێ مەسەلەن لەپێنج سەد کەس پێک دێت یان لە دوو سەد کەس پێک دێت یان لەسەد کەس پێک دێت ،هیئەی عامە لێرە بەمانای مؤتمر دێت بەمانای اجتماع دێت فەرموو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە:

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نصەکە دروستە هیچ عەیبی تیا نییە بەڵام وفي حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن خمسمائة ئەوە توضیحی صدری فقرەکە دەکات، من اقتراح دەکەم ئەوەش بکەینە فقرە یەک ئەوی ئەوەل، فقرة دوو في حالةزيادة عدد اعضاءالهيئة العامة عن (٥٠٠).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەمان ماوە ئەوە ئەبێ بڵێین عند زيادة عدد اعضاء النقابة

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەو ماددەیە ببێتە دوو فقرة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوی تریان ئەبێت بکرێت بە عند زيادة عدد اعضاء النقابة ئەوە برگە دووە ئەوە ماوە ئێستا

تصويت لەسەر فقرەی یەکەمی مادده یەک دەکرێت ئەو تەعدیلە کە دەڵێ ئەگەر اجتماعی یەکەم نصاب تەواو نەبوو لەاجتماعی دووەما سێیەکی ئەندامان حازر بوون نصاب تەواو ئەبێت، ئەگەر لەو اجتماعەشا نصاب تەواو نەبوو ئەوە مجلسی نقابە بۆماوەی دەورەیەکی تر ئیش وکاری نقابە ئەبات بەڕێوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەو تەعدیلەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە ...زۆرسوپاس

ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە ....... زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا ماددەی یەک فقرەی دوو.

«في حالة زيادة عدد أعضاء الهيئة العامة عن خمسمائة عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أو من يقوم مقامه، بضمنها اعضاء مجلس النقابة .على ان لايقل عدد المندوبين عن مائة ئەوە لابراوە عن مییەکە ئەو تەعدیلەی ترکە پێشنیار دەکرێت لەجیاتی اعضاء .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رستەیەی کە دڵێ(ويعتبر النصاب كاملا مهما بلغ عدد الحاضرين)وا ئەگەر سێ کەس چوار کەس پێنج کەس دە کەس یش ئامادەبن دەتوانن بە ناوی سەندیکاوە قسە بکەن، ئایا لە لانی منطقیەوە ئەمە دەکرێ؟......... واتا دەبێت (في حالة زيادة عدد الاعضاء عن ٥٠٠ عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين)تکایە رای لیژنەی یاسا لە سەر ئەمە.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة) لیژنەی یاسا لە سەر ئەم رایە، بە تایبەتی لە بڕگەی یەک دەستەی گشتی هاتووە(عن ٥٠٠)وەکو خۆی بمێنێتەوە،ئەوە رامانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم بارەیەوە کەس تێبینی هەیە؟ مامۆستا مەلا محمود.

**بەڕێز مامۆستا مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان رای خۆم دوپات دەکەمەوە (عدد اعضاء النقابة) نەوەکو(عدد اعضاء الهيئة العامة)ئەگەریش لە ٥٠٠ ئەندام زیاتر بوون مندوبین بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ دەستەی گشتی، ئەگەر ئەندامانی سەندیکا لە ٥٠٠ تێپەری، مندوبین بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن نەک ئەگەر دەستەی گشتی لە ٥٠٠ زیاتر بێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ،لیژنەی یاسا فەرموون روونی بکەنەوە.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای یاسای ئەصلی یاسای ژمارە (٩) بکەین، لەماددەی یەکەم لەبڕگەی سێیەمی

پێناسەکان دەڵێ: (الهيئة العامة: الهيئة العامة للنقابة) بەواتا ژمارەی ئەندامانی سەندیکا کە پابەندی ڕێنوێنیەکان دەبن، ئێمە لە ئەصلی یاساکە لە ماددەی یەکەم پێناسەمان کردوە. بۆ ئێمە جارێکی تر دەستکاری بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دە فەرموو برگە هەموار کراوەکەی خۆتان بخوێنەوە کە پێشنیارتان کردوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە دەڵێ (تتالف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين) لێرە دەستەی گشتی سەرجەم ئەندامانی سەندیکایە هەر وەکو بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بۆ کرد، لێرەدا ئەگەر (٥٠٠) ە کە ئامادە بوو ئەوە دەستەی گشتی کە سەرجەم ئەندامانی سەندیکایە، (٥٠٠) زیاتر بوو بنەمای مەندوبین پێڕەو دەکرێت، لێرە بە رای من لەگەڵ برگەی دووەم هیچ جیاوازیەکی نیە ئەوەی کە هاتووە (في حالة زيادةاعضاء الهيئة العامة) بە رای من لە جێگای خۆیەتی چونکە ئەندامانی دەستەی گشتی ئەندامانی سەندیکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو،

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستیدا ئەم شتە دیسان دووبارە دەبێتەوە، واتا تێکەڵیەک هەیە لە نێوان ئەندامانی سەندیکا و دەستەی گشتی، خۆی لە خودی پرۆژەکەدا هاتووە دەڵێ (من جميع اعضاء النقابة) کە گوتمان هەموو ئەندامانی سەندیکا بۆ ئەوەی دیاری کەین گوتمان لە ٥٠٠ زیاتر مەبەست لەو جميع اعضاء تاکو ٥٠٠ کەس، ئەگەر زیاتر بوو ئەو کاتە مندوبین دێت، دەستەی گشتی ئەوانەن کە کۆئەبنەوە ئنجا ئایا هەموو ئەندامانی سەندیکان کە لە ٥٠٠ کەمترن؟ یان کە لە ٥٠٠ زیاتر بوون بەهۆی مندوبینەوەیە، ئەوەیە ڕاستیەکەی نازانم بۆچی تێکەڵاو دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە عەرزمان کردن کە پێناسەی دەستەی گشتی هاتووە، لێرە کە دیاری دەکات دەڵێ (تتالف الهيئه العامه من جميع الاعضاء او المندوبين) لێرە مندوبین بە پێی یاسا جێگای دەستەی گشتی وەر دەگرێت، چونکە کە پێناسە کرا بەپێی یاسا دەبنە دەستەی گشتی، بۆیە ئەو مندوبینە کە دێن

ئامـاده دەبن بـا ناوی نوێنەرایەتی بێت، بەپێی یاسا بریتـیـە لە دەسـتـەی گـشـتی کـە هاتوون نوێنەرایەتی دەسـتـەی گـشـتی بکەن دەبنە دەسـتـەی گـشـتی،وەکـو ئەوەیە کـە دەڵێن نوێنەری ئەنجومـەنی وەزیران یان پەرلەمـان ئامادە بوو، ئەوە تەنها کـەسێک ئامـادە دەبێت خۆ ئەنجـومەن پەرلەمان ئامادە نەبوون،بۆیە لێرە مندوبین بەپێی یاسا دەستەی گشتیە، لەبەر ئەوە هیچ گرفتێک دروست ناکات ، سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

ئێمە باسی برگەی دووەم دەکەین(في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن ٥٠٠)

**بەرێـز کـاکـە رەش نەقـشـبـەندی:**

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

(في حالة زيادة عدد الاعضاء...) چونکە ئەو دوو برگەیە تەواو کەری یەکترین، لەوێ دەستەی گشتی پێناسە کراوە و دەڵێ دەستەی گشتی ئەوەیە دەبی بڵێ لەوحاڵەتەی کە زیاتر بوو، بڵێ دەسـتـەی گشـتی نەک بڵێ ئەندمـانی سـەندیکا زیاد بوو، چونکە لە یاسادا پێناسـە یەک تەواو کەری یەکترین نابێ پێچەوانەی یەکتری بن، ئەگەر گوتمان ئەندامانی سەندیکا لە ٥٠٠ زیاتر بن ئەدی پێناسەی یەکەم بۆچی؟ مانای وایە دەبێت وەکو خۆی بمینێتەوە(اذا زادت الهيئةالعامة عن ٥٠٠) مانای وایە مەندوبین قەد زیاد نابێت ناکرێ بپرسن مندوبین لە ٥٠٠ زیاتر دەبن قەد ناگاتە ئەو گرفتەی، چونکە ئێمە لە بنەرەتدا پێناسەمـان کردوە ئەگەر لە ٥٠٠ کەمتر بوون ئەوە هەموویان ئامادە دەبن،سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

خـۆی بابەتەکـە چیـە کە هەمـوار کـردنەکـە داوا کـراوە بۆچی داوا کـراوە؟بۆ ئەوە داوا کـراوە کـە بەجـارێک لە هۆڵێکدا ٦ ،٧، هەزار کـەس یان زیاتر کـۆ نەکـەنەوە، بۆ ئەوە داوا کـراوە کـە ژمارەیەکی معقـول کۆ بکرێتەوە لە توانای سەندیکاکە بێت، بتوانێ ئەم ژمارەیە کۆ بکاتەوە و ئەنجومەنی سەندیکاکەی پێ ببەستێ، جا بە بڕوای من ئـەو هەموارانەی کە بەو شێوەیە بێت کە ئەو مانایە بدات، ئەو مانایە نەدات کە هەموو سەندیکا کۆ بکرێتەوە و مەندوبین هەڵبژێرن ئینجا ئەو مندوبینە بـبن بە دەسـتـەی گـشـتی، نابێت ئەوها بێت، نابێت بواری ئەوە بدەین، دەبێت ئەوهابێت ئەو تەعبیرەی کە داوایان کردوە وابێت، یاسایەکە وا بکریت کە یارمەتیان بدات بەو شێوەیە جێبەجێ بێت، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە،راستـە دەستـەواژەی ئەندامـانی سەندیکا مرادفە بۆ دەستـەواژەی دەستـەی گشتی،سەرجەم ئەندامانی سەندیکا دەبنە ئەندامانی دەستەی گشتی، بەڵام خاڵێک هەیە دەبێت

ئێمە جیای بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کە ناوی دەستەی گشتی دێت و کە ناوی ئەندامانی سەندیکا دێت،دەستەواژەی ئەندامانی سەندیکا پێش کۆنگرە ئەو کاتە دەڵێن ئەندامانی سەندیکا، بەلام ئەگەر هاتوو باسی کۆنگرە کرا راستەوخۆ باسی دەستەی گشتی دێت، واتا جیاوازیەکە لە کاتە، ئەو دەستەواژەیە لە چ کاتێ بە کار دێت، واتا کەس باسی دەستەی گشتی ناکات ئەگەر کۆنگرە لە ئارا دا نەبێت، هەر کاتێ باسی کۆنگرە کرا باسی دەستەی گشتی دێت، لێرە دەستەی گشتی کامەنە؟ لێرە دەستەی گشتی ئەندامانی سەندیکان، بەلام ئەگەر هاتوو باسی مندوبینمان کرد مەندوبین بریکارەکانی ئەندامانی سەندیکان ، هەروەها مندوبینی کۆنگرە ئەبێتە دەستەواژەیەکی مرادف بۆ دەستەی گشتی، لێرە ئەگەر ناوی مندوبینی کۆنگرە هات لە جیاتی دەستەی گشتی دێت، واتا مندوبینی کۆنگرە دەبنە ئەندامانی سەندیکا،لەبەر ئەوە دەبێتە دەستەواژەیەکی تر بۆ دەستەواژەی تر، بۆیە (في حالة زيادة عدداعضاء النقابة عن ٥٠٠)ئەوە راست و دروست ترە لە دەستەواژەی (في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة)، ئەندامانی سەندیکا دەستەواژەیەکی دروست ترە لەلانی یاساییەوە لە دەستەی گشتی ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوێ دەستەی گشتی راڤە کراوە و کاک محەمەد خوێندیەوە وبا جارێکی تر بیخوێنێتەوە ئەمە دەستەی گشتیە کە لەیاسادا هاتووە، بۆ نمونە کاک فرسەت کاک فرسەتە بچێتە بەغداش هەر کاک فرسەتە ناگۆڕێ، دەستەی گشتی دەستەی گشتییە، ئەوانی هەڵدەبژێردرێن دەستەی گشتی نین، نوێنەرانی دەستەی گشتیین دەچن بۆ کۆنگرە دەستەی گشتی کۆنگرەن لە کۆنگرە دەتواندرێ پێیان بگوترێ دەستەی گشتی کۆنگرەن ، بەلام دەستەی گشتی ئەندامانی سەندیکا نین ئەوە ناکرێت، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: من پرسیارێک لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئایا ئەو مەندوبانەی کە هەڵبژێردراون کۆ دەبنەوە دەستەی گشتین یان دەستەی گشتی نین؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن بە عەرەبی تەعبیرێک بڵێم،(المندوبون يحلون محل الهيئه العامه فى المؤتمر فقط،فى الانتخابات فقط)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شەمایل.

**بەڕێز شەمایل نئو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا من وای بۆ دەچم و کاک فەرسەت دوا جار تیشکی خستە سەر دوا تر ئەم یاسایە پشت بە یاسای مەرکەزی دەبەستێ ئەویش بە دەوری خۆ پشت بە یاسای مصری دەبەستێ کە لە یاسای فەرەنسی وەرگیراوە سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لە پێشدا نووسیویەتی(تتالف الهیئە العامە من جمیع اعضاءالنقابە او المندوبین الذین اوفو بالتزاماتهم)دەستەی گشتی کاتێ دەستەی گشتیە کاتێ کۆ دەبێتەوە، کە کۆ نەبۆوە دەستەی گشتی نیە،ئەندامانی سەندیکا هەیە، سەندیکا هەیە، ئەنجومەن هەیە، کاتێ دەستەی گشتی کۆ دەبێتەوە ئەوە، واتا مفهومەکەی کۆنگرەیە،وەکو شەرحم کرد ئیشەکە بۆ ئەوە دەکرێ، هەموارەکە بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی سەندیکا نەیەن کۆبینەوە مەندوب هەڵبژێرن، ئەندامی سەندیکا لە پاریزگای خۆی مندوبی خۆی هەڵبژێرێ و بێتە کۆنگرە، ئەرکی دەستەی گشتی چیە؟ دەستەی گشتی ئەرکی ئەوەیە کە دانیشت دەتوانێ ئەنجومەن هەڵبژێرێ، مافی هەیە بریار وەربگرێ، ئەویش سێ ساڵ جارێک دادەنیشێ وکۆدەبیتە، ئەگەرنا دەستەی گشتی نیە، برگەی دوو وەکو ئەوەی کە لیژنەی یاسایی پەسەندیان کردوە(في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن ٥٠٠ عضوا فيجرى الانتخاب عن طريق المندوبين و تحدد نسبه التمثيل من قبل المجلس أومن يقوم مقامه) گرفتەکە لێرەدا نیە، بۆ ئەوەی توشی ئەو گرفتە نەبین ئەندامان هەموویان کۆببنەوە ئینجا مندوبین هەڵبژێرن، گرفتەکە تەنها ئەوەیە کە ئەوە دیار بێت،ئەگەر نا کە بڵێی دەستەی گشتی وا تا هەموو ئەندامانی سەندیکا،لە هەمان کاتدا دەستەی گشتی هەموو مندوبین دەگرێتەوە،برگەی دووەم هەموارەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، هەموارەکە دەڵێ(في حالة زيادة عدد اعضاء النقابه)لە جیاتی الهیئە العامە، واتا (في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن ٥٠٠ عضوا يجرى الانتخاب عن طريق المندوبين و تحدد نسبه التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه من ضمنهم اعضاء النقابة) کێ لەگەڵ پەسەند کردنی ئەم پێشنیارەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. کەواتە برگەکە گۆرا و بەم شێوەیەی لێ هات:(في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن ٥٠٠ عضوا فيجرى الانتخاب عن طريق المندوبين)، ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟

المادة الثانية: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

کێ لەگەڵە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تاريخ اقراره و ينشر في الجريدة الرسمية.

کێ لەگەڵە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستاش هەمواری یاسایەکە دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کارمان خستنە روو و گفتو گۆ و بریاردانە لە سەر پرۆژەی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.با ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵیش بێتە ئێرە،

**بەرێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«قرار»

استناداً لأحكام الفقرة «١» من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم (٣) لسنة ٢٠٠٠

التعديل الأول لقانون نقابة المهندسين الزراعيين

رقم (١) لسنة (١٩٩٩)

المادة الاولى:

تعدل المادة الثانية عشرة من القانون وتقرأ كالأتي:

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة أو المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لإنتخاب النقيب و ثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الإنضباط ويتم النصاب بحضور أكثرية الاعضاء المسجلين أو المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الإنتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً مهما كان عدد الحاضرين.

٢ـ في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو فيجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس أومن يقوم مقامه بضمنها اعضاء مجلس النقابة على ان لايقل عدد المندوبين عن مائة.

المادة الثانية:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئێستاش رای لێژنەی یاساتان بۆ دەخوێنمەوە
الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
م/ رأي اللجنة
عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون التعديل الاول لقانون نقابة المهندسين الزراعيين في اقليم كوردستان العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٩ وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة الجوانب ايدت اللجنة بالاجماع المشروع المقترح، راجين التفضل بالموافقة على عرض المشروع على المجلس الموقر للمناقشة.
مع التقدير

**محمد حسن بالطه**
**رئيس اللجنة القانونية**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک ئەمین فەرموو ئێوەش رای خۆتان دەربڕن.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مولود:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێژنەی ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە هەموارەکە بەشێوەیەکی ئەو تۆ بێت کەوا هەروەکو لە سەندیکای خودان پیشە تەندروستیەکان وئەندازیاراندا کراوە، بەشی کۆتایی بەم شێوەیە بێت،(يتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئه العامه او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب يجرى الانتخاب بعد خمسه عشر يوما من الاجتماع الاول وفى نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء أوالمندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمرا في عمله دورة اخرى)سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین دوو رامان هەیە رای لێژنەی یاسا کە بەم شێوەیەیە کە خوێندرایەوە و رای لێژنەی تایبەتمەند کە لێژنەی کشتوکاڵە ئەوانیش رایان وایە کە ئەو هەموارە وەکو سەندیکاکانی تر بێت، لەوێ چی کرا لێرەش بە هەمان شێوە بێت و وەکو یەک بێت ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن تکایە دەست بەرز بکەنەوە. کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پشتگیری لێژنەی کشتوکاڵ دەکەم کە ئەو هەموارەش وەکو سەندیکاکانی تر، ئەو ڕێژە سەدیەش لابدرێت هەر وەکو ئەوانی تر، سوپاس.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەرێزد. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەرای ئەو پێشنیارەی کە کاک ئەمین پێشکەشی کرد پێشنیار دەکەم وەکو جاری دی کە بریارمان لە سەردا لەجێگای ئەو دەستەی گشتیە ئەندامانی سەندیکا دابندرێ، واتا لە جێگای الهيئة العامة النقابة دابندرێ وەکو ئەو پرۆژەیەی پێش ئێستا (عدد اعضاء الهيئة العامة ) ئێمە ئەوەمان کردە (عدد اعضاء النقابة).

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی رای لێژنە وایە ئەمەش وەکو ئەوی تر بێت لە هەموو لایەنەکاندا واتا وەکوو یەک بێت

**بەرێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەو تێبینیەی دووەمی باس نەکرد

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو یاسا هەموار کرا بە هەمان شێوە ، رایان وایە هەموو وەکو یەک بێت، کاک سەفەر فەرموو.

**بەرێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو هەموارە بەیەک را دەر بچێت، سوپاس.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ.

**بەرێز فرەنسۆ هەریری:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم ئەمر بفەرموون داوا لە بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە بکەن تاکو پێناسەی دەستەی گشتیمان بۆ بخوێنێتەوە، لەناو یاساکەدا.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکە گۆڕاوە هەموار کراوە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

پێناسەی دەستەی گشتی کە هاتووە(يقصد بالهيئة العامة)لەوێ بزانین چیە، ئەگەر لێرە هەموار بکرێت دەبێ لەوێش هەموار بکرێت.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الهيئة العامة للنقابة.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اوالمندوبینی تێدا نیە ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر تێیدا نیە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێت لە وێش هەموار بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە یارمەتیتان لەوێ چی نووسراوە کاک محەمەد ، هیچ پێناسەی جیاواز هەیە؟ فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی کاک فرەنسۆ زۆر بەجێیە، ئێمە ماددەکانی (٨ و ٩، ١٢) لەم سێ یاسایەدا دەگۆڕین تعدیلەکە لە وشەی (مندوبین)ە، مەسەلەکە لە سەد کەس و پێنج سەد کەسەکەیە، بەڵام لە راستیدا دیباجەی هەموو کتێبێک لە پێشدا کە مصطلح دادەنرێت تعریفی هیئە عامە کراوە، لەم سێ قانونەدا لە هی مهندسین تعریف کراوە (الهیئة العامة جمیع الاعضاء الذین تمثلهم النقابة)، بەڵام لەمە تعریفی هیئە عامە نەکراوە، بەڵام ئەگەر لەم سێ ماددەیە تعدیل بخرێتە سەری، دەبێت لە یاساکان لە تعاریف تعدیل بکرێ و دەبێت دیاری بکەین الهیئە العامە کێیە؟، دەبێت (المندوبین)ی پێوە بێت، لەبەرئەوە قسەکەی کاک فرەنسۆ زۆر جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من تعدیل نەکراوەو پێویستیش ناکات ئەگەر نەشیکەین، چونکە لەوێ تعریفی هیئەی عامەمان کردووە، بەس لێرە لە (نص)ێکی لاحق ئەوەی ئێستا ئێمە باسی دەکەین، باسی ئەوەمان کردووە هیئەی عامە وەک تعریفەکەی بێتە مؤتمر، یان هەق بە خۆمان بدەین مندوبین بێنە ناو مؤتمر لێرە هەقمان بە خۆمان داوە هیئەی عامە، هەموو ئەندامان نەیەنە ناو مؤتمر ممثلینی ئەوان وکلائی ئەوان بێنە ناو مؤتمر یانی هیچ تعاروزەک نییە ئەگەر تعریفەکە وەکو خۆی مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (١٢) لە ئەسڵی قانونی زراعیین ئەڵێت (تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابة الذین اوفوا بالتزاماتهم) ئەوە ماددەی ئەسڵییە تعدیلەکە وەکو جەنابی سکرتێر فەرمووی تتألف الهیئه العامه من جمیع اعضاء النقابه (أو المندوبین) زیاد بووە لە تعدیل یانی هەمان تعریفە، لەبەرئەوە هیچ هەڵەی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو رایەی لیژنەی کشتوکاڵ دەخەینە دەنگدانەوە، ئەم تەعدیلەش وەکو تعدیلی یاساکەی پێشوو بێت، تکایە ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەدان ئەو تعدیلەی کە ئێستا دەکرێت چەند تعدیل لە یاسای پێشوو کرابێت هەمان شت لەمیشدا بکرێتەوە، کێ ئەمە پەسند دەکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. زۆر سوپاس.. کێ پەسندی ناکات؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا زۆر سوپاس. ئەو تەعدیلانەی کە لەسەر یاساکانی پێشووتر کراوە هەمان شتیش لەسەر ئەم یاسایە دەکرێت. ماددە (٢) دەخەینە دەنگدانەوە. تکایە کێ ماددە (٢) پەسند دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟.. زۆر سوپاس.. کێ ماددە (٢) پەسەند ناکات دەستی بەرز بکاتەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. تکایە کێ ماددە (٣) پەسەند دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟.. کێ پەسندی ناکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. ماددەی (٣) وەرگیرا. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەند دەبوایە پێش دەنگدان ئەم تێبینییەم بگوتبا لەدوای ئیقرارکردنی هەر پرۆژەیەک اصداری بڕیاری هەیە ئەویش لە دەسەڵاتی جەنابتانە، حەقی جەنابتە هەر پرۆژەیەک اصداری نەکەیت بیگەڕێنیتەوە بۆ پەرلەمان اعادەی نظر بکرێت کە ئێستا ئێمە دەڵێین اعتبارا من اقراره واتا حەقی جەنابت حذف کرا، پێویستە لە ماددە (٣) بگوترێت (من تاریخ اصداره)، پێشنیارم ئەوەیە لە جیاتی اقرار بنووسرێت (اصدار) تاوەکو حەقی جەنابت بمێنێت بۆ اعادەی نظر، ئەگەر ئێستا بەم شێوەیە بمێنێت واتا ئێستا حەقی جەنابت نەما ئێستا هەر دەبێت بە ڕێگای مشروعی دە کەسی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە من خۆم رازیم لەسەر ئەوە بۆیە معارضەی ئەوەم نەکردووە. اصدارەکەش بە نووسراوی رەسمی من خۆم دەیکەم، لەوانەیە ئەمڕۆ یان سبەی بکرێت، بۆئەوەی ئیشەکە بڕوات لەبەرئەوە وامان لێ کردووە. فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەک لە قسەکانی کاک جەمیل قانونینە و راستە، قانونەکە ئەمڕۆ اقرار دەکرێت ئەمڕۆش نفاذی وەردەگرێت، بەس حەقی اصداری مایە، کاک د. رۆژ حەقی هەیە خلالی دە رۆژ اعتراض لەسەر ئەو خاڵە بکات، بڵێت من اعتراض لەسەر ئەو نوقتەیە دەکەم مفروزە یاساکە لەرۆژی اقرار نفاذ وەرنەگرێت پاش چوار رۆژی تر یان پاش پاش نەشرەکە نفاذ وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیوادارم رای منیش وەک رای ئێوە بێت و نەیگۆڕین. تکایە لەمەودوا لە کاتی دەنگداندا مداخلات قەبوول نییە، چونکە مجرای تصویتەکە تێک دەدات مەوزوعەکەش دەگۆڕێت، لەبەرئەوە ئەو جارە کردمان جارێکی تر ئەمە دووبارە نابێتەوە. ئێستا هەموو تەعدیلەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ هەمووی پەسند دەکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. زۆر سوپاس.. کێ هەمووی پەسند ناکات؟.. بە زۆرینەی دەنگ یاساکە تعدیل کراو وەرگیرا.
تێبینییەکی لیژنەی یاسا هەیە راستە، تکا لە هەموو لیژنەکانی تر دەکەین کە بۆچوونەکان و رایان دەربارەی ئەو پرۆژانەی کە دابەش دەکرێت، لیژنە پەیوەندیدارەکان رایەکەیان پێش وەخت بدەن بە لیژنەی یاسا بۆئەوەی توحیدی رایان بکەن، بۆئەوەی لە کاتی سیاغە بە نظری اعتبار وەریبگرن ئەمە زۆر زەروری و پێویستە، لەمەودا وا بکەین چاکە تەئکید دەکەمەوە سەر ئەوە. بەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەواو بوو هەر کاتێکیش کە کۆبوونەوە هەبوو ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/٤/١٩**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە «١»ی ماددەی «٥٦» لە یاسای ژمارە «١»ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەی رۆژی «٢٠٠٠/٤/١٩»یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:

دەسەڵات دەدرێ بە دەستەی رەفتەنیی «المؤقتە» سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بۆ هەڵبژاردنەکانی، کات و وەختێکی دیکە دیاری بکات، بە مەرجێ لە رۆژی «٢٠٠٠/٥/١٥»تێنەپەڕێ.

دووەم:

ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە دەخرێتە کار و، لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٩**

**مێژووی بڕیار: ١٩/٤/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠ یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٠)**

**یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاساکەدا هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

١ـ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یا بریکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێهێناوە پێکدێت. ئەم دەستە گشتییەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر ٣ (سێ) ساڵیش، جارێ، لە مانگی کانونی دووەمدا، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا بە بڕیارێکی ئەنجوومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب) دەگێڕێ و، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی (ئینزیبات) هەڵدەبژێرێ و، (نصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو لە سێی ئەندامانی دەستەی گشتی یا بریکارەکان، دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتەجێ، ئەوا، لەو بارەدا، دوای تێپەڕبوونی پازدە ڕۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا، هەڵبژاردن لە

هەمــان كـات و جـێگەدا ئەنجـام دەدرێ و (نصـاب)یـش بە ئامــادەبوونی سـێیـەكی ئەندامـان یا بریكاران بەجێ دێ و بەتەواو دادەنرێ، دەنا، ئەگەر وانەبێ، ئەوا، ئەنجـوومـــەن لـەم بارەدا، بۆ خــولێكی دیكەش لـەســـەر كاروفرمـانی خۆی ناپچڕێ و بەردەوام دەبێـت.

٦. ئەگەر هـات و ژمـارەی ئەندامـانی دەسـتەی گشـتی لە (٥٠٠)ئەندام زیاتر بوو، ئەوا، هـەڵبـژاردنەكە لە ڕێگەی بریكارەكانەوە ئەنجام دەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لـەلایەن ئەنجـوومـەن یا ئەوەی كە فـرمـانی هـەڵدەسـووڕێنێ، بە ئەندامـانی ئەنجـوومـەنی سـەندیكاكەشـەوە، دیاری دەكرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، پێویسـتـە حوكمـەكانی ئەم یاسـایە بخـەنە كار.

**ماددەی سێیـەم:**

ئەم یاسـایە لـە ڕۆژی بڕیار لـەسـەردانییـەوە دەخـرێتـەكارو، لـە ڕۆژنامـەی ڕەسـمیـدا بڵاودەكرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجومـەنی نیشـتمـانیی**
**كوردسـتانی عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بەناوی گەلەوە

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

## ژمارەی بڕیار: ١٠

## مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/٤/١٩

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩ یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٠)

### یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١ــ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یا بریکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت. ئەم دەستە گشتی یەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر ٣ (سێ) ساڵێش، جارێ، لە مانگی کانوونی دووەمدا، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا، بە بڕیارێکی ئەنجوومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب) دەگێڕێ و، لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرۆکی سەندیکا و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش، بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن وئەندامانی لیژنەی (ئینزیبات) هەڵدەبژێرێ و، (نصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو لەسێی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، لەو بارەدا، دوای تێپەڕبوونی پازدە ڕۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا، هەڵبژاردن لە

هەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ و (نصاب)یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجومەنی پێشتر، بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت.

ل- ئەگەر هات و، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە (٥٠٠) ئەندام زیاتر بوو، ئەوا هەڵبژاردنەکە لە ڕێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجومەن یا ئەوەی کە فرمانی هەڵدەسووڕێنێ، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە، دیاری دەکرێ.

**مادەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**مادەی سێیەم:**

ئەم یاسایە، لە ڕۆژی بڕیار لەسەردانییەوە دەخرێتە کارو، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی بڕیار: ١١
## مێژووی بڕیار: ١٩/٤/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٠)
### یەکەم هەمووارکردنی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٩ی
### سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دوازدەمینی یاساکە، هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١ـ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یا بریکارەکان، کە بە پێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە، پێکدێت. ئەم دەستە گشتییەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر «٣» ساڵیش جارێ لە مانگی کانونی دووەمدا کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا بە بڕیارێکی ئەنجومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا «نەقیب» دەگێرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا «نەقیب» و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن و ئەندامانی لیژنەی «ئینزیبات» هەڵدەبژێرێ و «نیصاب»یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامە ناوتۆمارکراوەکان، یا بریکارەکان دێتەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، لەوبارەدا، دوای تێپەڕبوونی پازدە ڕۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا هەڵبژاردن لە هەمان

کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ. «نیصاب»یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یا بریکارەکان، دێتەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجومەنی پێشتر، بۆ خولێکیدیکەش بەدرەوام دەبێ.

٢ـ ئەگەر هات و، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە «٥٠٠»ئەندام زیاتر بوو، ئەوا، هەڵبژاردنەکە لە رێگەی بریکارەکانەوە ئەنجامدەدرێ و، رێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجومەن، یان ئەوەی کە فرمانی هەڵدەسوورێنێ، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بریار لەسەردانییەوە دەخرێتەکارو لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((١٠))**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٥/٢٠٠٠

خولی یەکەم

سالّی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((١٠))

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٥/٢٠٠٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٥/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی ڕێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی هەموار کراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٥/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی درێژکردنەوەی کارکردن بە بریاری تایبەت بە دەسەڵاتدان بە ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ عەفو کردنی حوکمدراوەکان بە لێبوردنێکی تایبەتی.

٢ـ گفتوگۆ کردنی ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری پەروەردە.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا.

ئەوجا ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، بەخێرهاتنی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران و، بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران و، بەڕێز وەزیری ناوخۆ و، وەزیرە بەڕێزەکانی تر دەکەین، پێخۆشحاڵین بە هاتنیان و بەشداری کردنیان لەم دانیشتنەدا، بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان دوو خاڵە :

١ـ خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی درێژکردنەوەی کارکردن بە بریاری تایبەت بە دەسەڵاتدان بە ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ عەفو کردنی حوکمدراوەکان بە لێبوردنێکی تایبەتی.

٢ـ گفتوگۆ كردنی ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی كوردستانی عێراق بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری پەروەردە.
تكایە با «٢» ئەندامی لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەكە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا پرۆژەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەخوێنینەوە، هەرێمی كوردستان، سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆكایەتی دیوان، ئەنجومەن، ژمارە:
بەروار: / / ٢٠٠٠
رئاسة مجلس الوزراء
مشروع القرار
أستناداً الى أحكام الفقرة «١» من المادة /٥٦ من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ ما يلي :ـ
أولاً: تمدد المدة المنصوص عليها في القرار المرقم «١٢» في ١٩٩٩/٩/٢٢ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق لمدة ستة أشهر أخرى أعتباراً من ٢٠٠٠/٣/٢٣.
ثانياً: على الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.
ثالثاً: ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.
ئەوە دەقی پرۆژەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێستا ڕای لیژنەی یاساتان بۆ دەخوێنینەوە:
بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار: /٥/ ٢٠٠٠
«قرار»
أستناداً لأحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /٥/ ٢٠٠٠ تشريع القرار الاتي:
١ـ يستمر العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «١٢» في ١٩٩٩/٩/٢٢ مدة سنة أخرى أعتباراً من تاريخ إنتهاء نفاذه.
٢ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.
٣ـ ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.
د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

ڕای لیژنەی یاسا درێژە پێدانەكە بۆ ماوەی ساڵێكە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی خۆیدا بڕیارێک لە پەرلەمانەوە دەرچوو بە ژمارە «١٢»ساڵی ١٩٩٩ و، بە پێی ئەو بڕیارە دەسەڵات درا بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەوا تەخویل بکرێت بۆ موسادەقە کردنی بڕیارەکانی عەفوکردن سەبارەت بە ئەو مەسەلانەی کەوا سوڵحی تیادا دەکرێت و، ئەوەش بە پێشنیارێک کرا لەلایەن وەزیری دادەوە، واتا بەسترابوو بە دوو مەرجەوە، یەکەمیان سوڵحی تیادا کرابێت، دووەم پێشنیاری وەزیری داد بێت کە خۆی دەزانێ کام تاوان بەدەر دەکرێت، یا ناکرێت، رای لیژنەی یاساش تەنها تێبینی لەسەر پرۆژەی حکومەت ئەوەیە کەوا ماوەکە لە «٦»مانگەوە بکرێت بە ساڵێک، چونکە لەوانەیە هەندێ قەزیە ئەو بڕیارە نەیانگرێتەوە، جا بۆ ئەوەی پێ رابگەیەن ئەوانەی کە دەیانگرێتەوە داواکارییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و، لیژنەی تایبەتی لە وەزارەتی دادەوە دابمەزرێت بۆ ئەوەی ببێتە پێشنیار و پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەم بابەتەدا قسە بکەن با خۆیان ناونووس بکەن و، پێویستیشە ئەنجومەنی وەزیران قسەی تیادا بکەن، چونکە پێشنیاری لیژنەی یاسا ماوەکەی لە شەش مانگەوە دەکاتە ساڵێک، جا دەبێت ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی بکەن، چونکە پرۆژەکە هی خۆیانە، ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە دەیانەوێت قسە بکەن، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، کاک رەجەب شەعبان، کاک جەمیل سندی، کاک د.رزگار، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من سەرم سوورماوە کەوا حکومەت داوای کردووە ماوەکەی بۆ «٦» مانگ بێت و، ئێمە دەیکەین بە ساڵێک، لەبەر ئەوەی ئەمە عەفویەکی تایبەتە لە کاتی خۆیدا بۆ حاڵاتی بەدەر دانراوە، من بە بەرژەوەندی نازانم کەوا شتێک حکومەت داوای بکات ئێمە زیادی بکەین، جا لەبەر ئەوە بە رای من ئیلتیزام بکرێت بەو پێشنیارەی حکومەت، چونکە ئەوە حاڵەتێکی زۆر بەدەرە و بۆ بەرژەوەندی گشتی دانراوە و، زۆریش پەسەند نییە، هەتاوەکو لە لایەن لیژنەی مافی مرۆڤیشەوە ئەو شتانە لەوانەیە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست بکات، چونکە پاش سوڵح کردن و پێکهاتنەوە رووداوی کوشتن روو دەدات، دووەم ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ کۆمەڵێک شکاتمان بۆ هاتووە لەم ماوەیەدا لەلایەن بەشێک لەوانەی کەوا بەند کراون لە «مەحەتە»و شوێنانی تر و، هەندێکیشی لەلایەن کەسوکاریانەوە بۆمان هاتووە، ئەڵێن ئێمەیان بەو بڕیارەوە نەگرتووەتەوە، جا ئێمە هەوڵمان داوە کەوا زانیاری کۆبکەینەوە، چونکە ئێمە داوا دەکەین لە حکومەت ئەو لیژنەیەی کە دانراوە جارێکی تر چاو بە ئیزبارەکاندا بخشێنێتەوە بە وردی، نەوەکو

کەس مەزڵوم بمێنێتەوە و، نەوەکو کەسیش کە نایگرێتەوە بە واستە بەری بکەوێت، یا خود هەنێ تەدەخولاتی شەخسی تیادا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی یاسا دەکەم، چونکە سوڵح شتێکی زۆر باشە و گیروگرفت و کێشە ناوە ناوە لە کوردستاندا روودەدات، ماوەی «٣» مانگێکی پێ دەوێت تاوەکو سوڵح دەکەن و، لە دادگا تەنازول لە قەزیەکەیان دەکەن و، سوڵح شتێکی باشە کە دەبێتە هۆی چارەسەر کردنی زۆر کەرب و کینە لە نێوان خەڵکی لە کوردستاندا، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کەوا ماوەکە درێژ بکرێتەوە، چونکە ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی کێشەکە بگەیەتە ئەنجومەنی وەزیران و، لەوانەیە بە سێ یا چوار مانگیش نەگاتە ئەنجومەنی وەزیران، پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئەویش سەبارەت بە بڕگەی «١»، ئەویش ئایا دەبێت بڵێین «تشریع القرار»، یا «أصدار القرار» ئەمەش شتێکە پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل عەبدی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان دارشتنەوەی پرۆژەکەیە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە هەندێ هەڵەی تیادایە وەکو ئەوەی کە نووسراوە ژمارە: ، بەروار: ، پاشان نووسراوە رئاسە مجلس الوزراء، دەبوایە فەرمانگەی یاسای لە ئەنجومەنی وەزیران و، فەرمانگەی تەدوینی یاسای دەبوایە ئەم هەڵەیەیان تێنەپەڕاندایە، چونکە یاسا و بڕیارەکان لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، نەوەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر ئەوان نەیان بینیبێت، یا بەسەریاندا تێپەڕیوە، تاوەکو لە بڕیار و یاساکانی تردا دووبارە نەبێتەوە، دووەم هەر یاسا و بڕیارێک لێرە لە پەرلەماندا بخوێنرێتەوە، دەبێت خوێندنەوەی یەکەمی بخوێنرێتەوە و بەدەر نەکرێت، بە رای من لیژنەی یاسا خوێندنەوەی یەکەمی یاساکەیان بکردایە و، پاشان لە دانیشتنی داهاتوودا ئەم پرۆژەیە بخوێنرایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکەی حکومەت دەکەم، لیژنەی یاسا زۆر بەروونی رای خۆی دیاری

کـردووە، ئەوە روون و ئاشکرایە کـەوا دەسـەڵاتی تەنفیـزی ئیـدارەی هەرێم بە رێوە دەبات، ئەو دەزانێ کە پێویستی بە چی هەیە و پێویستی بە چی نییە، جا لێرە زۆر جیاوازە کە ئێمە ماوەکە لە «٦»مـانگەوە بکەین بە ساڵێک، لەوانەیە حکومـەت خۆی باشـتر بزانێت کەوا چەند بێت لە بەرژەوەندیدایە، چونکە ئەم جـۆرە کـارانە خـۆ هەمـوو لایەنێکی ئیـجـابی نیـیـە، بەڵکو لایەنی سلبیشی تیادایە، جا لەوانەیە ئەم جـۆرە عەفـوانە خـەڵکێکی زۆر هان بدات کـەوا تاوان بکەن، راستـە ئەم عـەفـوەش ئیـجابیـاتی زۆر تیادایە، بە رای من ئەو «٦» مـانگە بچەسپێت، چونکە حکومـەت باشـتر ئیـشی خـۆی دەزانێ، دووەم ئەم بڕیارە بە بێ بەدەر هاتووە، بە رای من هەندێ روون کـردنەوەی پێـویسـتـە و، هەندێ تاوان هەیە پێـویست دەکـات بەدەر بکرێت، بەتایبـەتیش تاوانەکانی «مخلە بشرف»، ئەم جۆرە تاوانانە ئەگەر سوڵحیشی تیادا بکرێت، دەبێت بەر عەفوو هەر نەکـەون، جـا بۆ ئەم جـۆرە تاوانانە بە رای من بەدەر بکرێت، یا وەزارەتی داد تەعلیمـاتی لەسەر دەرکات، سێـیـەم لە برگەی سێیەم دا لـە پرۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا دەڵێت: «تاریخ نشرە» وشەی «صدورە» نەنووسیوە، هەرچەندە لیژنەی یاساش ئاماژەی پێ کرد، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حـــــەیـدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من دەمـەوێت تێـبـینییـەکی گشـتی روون کـەمـەوە، ئەو بڕیاری ژمـارە «١٢» بە تێکڕای دەنگ لەلایەن پەرلەمـانەوە پەسـەند کراوە ئەمـە یەک، ئەوەی ئێـسـتـا سەرۆکـایەتی ئەنجومـەنی وەزیران تەنها داوای درێژە پێدان دەکات، ئەویش بۆ ماوەی «٦» مانگ، ئەگینا بڕیارەکە لێرەدا دەنگدانی لەسەر کراوە، خاڵی دووەم بەڕێز کاک عەبدولخالق رای وایە کەوا ئەو ماوەیە نەدەبوایە بکرێت بە ساڵێک، چونکە ئەنجـومـەنی وەزیران داوای «٦» مـانگی کردووە بۆ درێژە پێدانی ئەم دەسەڵاتە، جا بە رای ئێمە ئەم جـۆرە مـەسەلانە بە «٦» مـانگ یەکلا ناکرێتـەوە و جارێکی تر داوای درێژە پێدانی ماوەکە دەکەن، جا بۆیە ئێمە ماوەکەمان کردە سـاڵێک، هەروەها دەڵێت هەندێ مەسـەلە ناگرێتـەوە، بەڵێ ئێـمـەش دەڵێین هەندێ مـەسـەلە هەیە نایگرێتـەوە، بەڵام لە یاسـاکـەدا ئێـمـە دەسـەڵاتمان داوەتە وەزیری داد بە پێی ئەو لیـژنانەی کـە دروسـتی کـردووە هەندێ تاوانی بەدەر کردووە وەکو تاوانەکانی سیخوری و موخەدارت و شتی تریش ، سەبارەت بەو تێبینیەی کە کاک جەمیل دای ئێمە لە لیژنەی یاسا پرۆژەکـان دووبارە دادەرێژینەوە و هەر کەمـوکوڕییـەک هەبێت چاکی دەکەین و، بە شێوەیەکی رێکوپێک دایدەرێژینەوە، بۆیە من وای دەبینم ئەو تێبینیانەی کە ئەندامـان کـردیان هەمـووی یەکـلا کـراوەتەوە و، ئەو بڕیارەی کـە ئێـسـتـا دەیدەین تـەنهـا لە درێژکـردنەوەی مـاوەکـەیە کـە لە بڕیاری پێشـوو دراوە و، گـفـتوگـۆکـە دەبێت تەنهـا لەوەدا خـۆی بگرێتەوە کە ماوەکە «٦»مانگ بێت، یاخود ساڵێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی لیژنەی یاسا دەکەم، پێم باشتر بوو کەوا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوای ماوەیەکی کراوەی بکردایە، چونکە تاوەکو ئێمە مابین ئەم جۆرە تاوانانە هەر دەمێنن و، دەبێت پاش تەواو بوونی ئەم ماوەیەش دیسانەوە دووبارە دەبێت درێژەی پێبدەینەوە، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەگەر ئێستاش نەبێت جارداێ داوا بکەن ماوەکە کراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە راستیدا بە ئامادە بوونی خۆم لیژنەی یاسا بیریان لەوە کردەوە، کە دەسەڵاتی عەفوکردن کە بەشێکە لە دەسەڵاتی ئیعدام کە خۆی لە دەسەڵاتەکانی رابەرە و دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، باشە بۆچی دەسەڵاتی عەفوی تایبەتی نەبێت؟، بریار درا کەوا جارێکی تر سەیری یاسای دەسەڵاتی رابەر بکرێتەوە، کە سەیری دەسەڵاتی رابەرمان کردەوە عەفوی تایبەتی تیادا نییە، جا لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتێک نەبێت نابێت بدرێت بە یەکێکی تر، لەو بارەیەوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بە پێویستی زانی ئەوە دەتوانن بەشێوەی یاسایەکی تایبەتی رەوانەی پەرلەمانی بکەن، بۆ ئەوەی بە رێگای ئسوڵی خۆی گفتوگۆی لەسەر بکات و بریاری لەسەر بدات، بەڵام ئێستا بە رای منیش بەم شێوەیە کیفایەت و، تەنها ئەو روونکردنەوانەی کە کران سەبارەت بە ماوەکە بۆ «٦» مانگە و ساڵێک نییە، جا پێم خۆشە رای ئەنجومەنی وەزیرانیش بزانین چییە، پاشانیش دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاک سامی فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان / جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەین بۆ بەستنی ئەم دانیشتنە سەبارەت بە درێژەپێدانی ئەم یاسایە، لە راستیدا زۆر پێمان باشە لە جیاتی «٦» مانگ بکرێت بە ساڵێک، چونکە وابزانم نزیکەی «٣»مانگی چووە و، ئەو کێشانەی کە هەنە بە «٣» مانگ چارەسەر ناکرێن، سوپاسی پەرلەمان دەکەین ئەگەر بیکەن بە ساڵێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەکی تر هەیە، کەواتە ئێستا مادده بە مادده دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسا تکایە مادده بە مادده بیخوێننەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار: /٥/٢٠٠٠

« قرار »

أستناداً لأحكام الفقرة « ١ » من المادة « ٥٦ » من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /٥/٢٠٠٠ تشريع القرار الاتي:

١- يستمر العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم « ١٢ » في ١٩٩٩/٩/٢٢ مدة سنة أخرى أعتباراً من تاريخ إنتهاء نفاذه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ ماددەکە نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:

٢- على الوزراء المختصيين تنفيذ أحكام هذا القرار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ ماددەکە نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تکایە ماددەی سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٣- ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ ماددەکە نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەدایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ هەموو بڕیارەکە وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا دەچینە سەر خاڵی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان،گفتوگۆ کردنی ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری پەروەردە. جێگای ڕێز و

سوپاسە کەوا بەڕێز وەزیری پەروەردە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا وڵامی داینەوە و ئامادە بوونی خۆشی پێشان دا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ڕەوشی پەروەردە، شێوەی ئەم خاڵە بەم شێوەیە دەبێت، پێشەکی ڕێزدار وەزیری پەروەردە گفتوگۆی خۆی دەکات و، ئەو شتانەی کە هەیەتی باسی دەکات، پاشان ئەگەر پرسیارێک هەبێت لە ڕێزداران ئەندامانی پەرلەمانەوە دەتوانن پرسیارەکانیان بکەن، ئەوەش لەسەر ڕێزدار وەزیری پەروەردە دەمێنێتەوە کە وڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، یاخود دەیهێڵێتەوە بۆ ماوەیەکی تر،تکایە بەڕێز وەزیری پەروەردە بفەرمووێت.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ من ئامادە بوومە لە هۆڵی پەرلەمان و، لەسەر داواکاری ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی چاوێک بە واقعی پەروەردە و هەموو دامودەزگاکانیدا بخشێنین، هەروەها بەرنامەی ئایندەی پەروەردەش بخەینە روو و، ئێمە زۆر پێخۆشحاڵین کەوا ئەمڕۆ لە خزمەتی ئێوەدا بین ولە ڕێگای ئێوەشەوە لە خزمەتی هەموو میللەتی کورددا بین و، ئامادەیشین پاش گفتوگۆکەمان وڵامی هەموو پرسیارەکان بدەینەوە و، هیچ گومانی تیادا نییە کەوا ئەم پرسیارانە دەبنە پاڵپشت وهاوکاری بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی ڕەوشی پەروەردە بەرەو پێشتر بڕوات و، هەروەها پێخۆشحاڵین کەوا لە ماوەی کابینەی چوارەمدا چەند دانیشتنێک لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پەرلەماندا بکەین، جا چ لەسەر داواکاری ئەوان بێت،یا لەسەر داواکاری ئێمە بووبێت و، لەسەر زۆر بابەت گفتوگۆمان کردووە، هەڵبەتە پەروەردە دەزگایەکی زۆر فراوانە و، هەندێ ژمارە دەدەمە ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بزانن باری ئێمە چەند گرانە و، چەند ئێمە پێویستیمان بە دەعمی مەعنەوی هەموو لایەک هەیە، چونکە مەسەلەی پەروەردە هەموو مرۆڤێک و هەموو خێزانێک دەگرێتەوە. ئێمە لە پارێزگای هەولێر و دهۆکدا «١٦٨٥» قوتابخانەمان هەیە، کە باخچەی ساوایان و سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگاکانیش دەگرێتەوە، «٤٥٢٥٩٨»قوتابیمان هەیە، «٢٠٦٤٢»مامۆستامان هەیە، مرۆڤ هەر کە چاوی بەم ژمارە زۆرانە دەکەوێت دەزانێت کەوا ئێمە چ کارێکی قورسمان لە پێشە و، چەند ئێمە پێویستیمان بە پاڵپشتی هەیە. وەزارەتی ئێمە لە «٤» مودیر عام پێک هاتووە و، مودیر عامێکی تریشمان هەیە سەبارەت بە خوێندنی تورکمانی و، «٢»مودیرعامی پەروەردەش، یەکێکیان هی هەولێرە و ئەوی تریشیان هی دهۆک و، «٥» بەڕێوەبەرایەتی ئەقزیەمان هەیە، بیروبۆچوونی ئێمە بۆ وەزعی وەزارەتی پەروەردە لە ئایندەدا، دەبینین کەوا ئەم «٥» بەڕێوەبەرایەتییە کەمن و، ناتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵسن، چونکە وەکو وتمان ئەرکەکانی پەروەردە زۆر زۆرن و، ئێمە بەرنامەمان وایە کە ئەم «٥» بەڕێوەبەرایەتییە بیکەین بە «٣» بەڕێوەبەرایەتی.

لەگەڵ پەیمانگاکان ببنە یەک، سەرەتاییەکان و باخچەی ساوایان ببێتە یەک، وەرزش و هونەر ببتە یەک. (المديرية العامة للتخطيط والمناهج) بەبیروبۆچوونی ئێمە نییەتمان وایە لە ئایندەدا بکرێتە

دوو بەڕێوەبەرایەتی یەکێکیان تایبەت بێت بە (مناهج) چونکە کارێکی زۆر فراوانەو، یەکێک تایبەتمەند بێت بە مەسائیلی تخطیط، ئەوە پلانی ئێمەیە بۆ کاروباری ئایندەی وەزارەت.

سەبارەت بە مەشاکیلەکانی ئاواهیەکان، ئێمە مەشاکلێکی زۆر یان نەقسێکی زۆرمان هەیە لە ئاڤاهیادا پەنجاو شەش قوتابخانەمان هەیە کە سێ دەوام یان چوار دەوامی تێدا دەکرێت، بۆ زانیاری ئێوەش هەر قوتابخانەیەک لەو قوتابخانانە (٨٠٠) قوتابی زیاتری تێدایە یانی ستاندەری ئێمە زیاتر لە (٣٠٠) قوتابی لە قوتابخانەیەک بێت زەحمەتە ئیدارییەک یان هیئەیەکی تدریسی بشێت ئیدارەی بکات. بەس سەر هەندێ را مامۆستا تەحەمولا ڤی وەزعێ دکەت چونکو ئاواهی نینە ئەڤ پەنجاو شەش قوتابخانەیەش زیاتر لە مەرکەزی هەولێر و دهۆکێنە و زاخۆنە، هەندەک ئەقزیە بە شکلێکی کەمتر، بۆ زانیاری جەنابێت هەوە (١٣٢) قوتابخانە مە هەنە کرێیە زیاتریان لە گوندەکانە و، ئەو (١٣٢) قوتابخانەیە زیاتر لە دوو ژوورە ئێمە وەختی ڤەکر احتماله ڤێ گاڤێ چووە سەفا سێ و چوارێ، ئێمە ئیجار دەدەین بۆ ئەو سەفانە، بۆ زانیاری جەنابیشتان (١٣٢) خانی ئێمە پێویستمانە کە زەرورەیەکی ملحە بۆ ڤان گوندێت بۆ مامۆستایان کو خانیا بۆ وان ئاڤا بکەین تا لەوێ بچێتە مدرسە.

ئەوە لایەنێک بوو لە گرفتەکان. بەڵام بەرنامەی ئێمە چییە بۆ چارەسەرکردنا ڤێ کێشە، ئێمە بەرنامەی خۆمان داڕشتووە کە لازمە بشێین ڤان مەشاکلێت لە ماوەی سێ ساڵا چارەسەر بکەین، ئێمە خطەی سێ ساڵی خۆمان داڕشتووە و بە تەسەوری من ئێمە دەتوانین فێسێ حەفتێ ئیزافە فێسی شەشێ و، لەگەڵ فێسێ هەشتێ کو جێی خۆشحالییە مەبلەغێکی زۆر تەرخان کرا بۆ پەروەردە و ئێمە زیاتر لەوە دابینمان کرد بۆ مەسەلەی بینایات و ئیزافات و تەرمیم. ئەوە بە تەسەوری من احتماله بتوانین لە فێسێ هەشتێ لەوانەیە گەلێک لەم گرفتانە چارەسەر بکەین، بەڵام لە فێسێ حەوتێ و ئیزافە لەگەڵ فێسێ شەشێ ئومێدا ئێمە ئەوەیە کە بتوانین لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١) لەو (٥٦) شەش قوتابخانەیە رزگار بین، خطەی خۆمان وا داناوە بە ئومێدم تا (٢٠٠١) ئەم موشکیلەی ئاریشە تەواو ببێت و، هەتا (٢٠٠٣) موشکیلەی کرێ تەواو ببێت.

* ئەگەر بێتو وەزعی پەروەردە ئارام بێت ئاواهیێت (٦٥) قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و دواناوەندی و پەیمانگا.

* (١٩٥) ترمیمات و ئیزافات بەس لە ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگاکان.

* (٣٦٥) قوتابخانەی سەرەتایی و، دگەل پاخچەی ساوایان.

* (٤٠٥) قوتابخانە ترمیم و ئیزافات، چونکە جەنابتان دەزانن قوتابخانەی سەرەتایی ساڵانە پێویستی بە تەرمیم هەیە. چونکە زەخمێکی زۆرەو حەرەکەیەکی زۆرە موحتاجی چێ کرنا دەرگەیە موحتاجی دیوارە موحتاجی لەوحەیە موحتاجی صبغێیە موحتاجی تەرمیمێکە لە مەرافقی صحی لەبەرئەوە ئەو ژمارانە مبالغ نینە زۆر بە دقەت مە بۆی چووینە.

وەزعێت باخچەی ساوایان وەزعەکی خراپە و،ئێمە ئێستا بەرنامەمان بۆ داناوە چونکە لەرووی چەندایەتی و چۆنییەتییەوە نەگەیشتووەتە ئەو پلەیەی کە دەمانەوێ. ئێمە ئێستا بە بزاڤی باخچەی ساوایانەوە خەریکین ئەم دبینین دەست پێکەکا پەروەردەیی ئەم دڤێت ئەوپەڕی گرنگیی بدەینێ، بۆ مەعلوماتێت جەنابێت هەوە بەهرەبترێ من دشێم بێژم (٩٥٪)ی لە ناحیەکان باخچەی ساوایانمان هەر نینە، تەجەموعاتمان هەر نینە هەندێک قەزاشمان هەیە باخچەی ساوایانی تێدا نییە. چونکە ئەوە مدرسەیەکی تەمهیدیە لەبەرئەوە ئێمە ئێستا هەولماندایە بۆ خطە ئێکێ باخچەی ساوایان لە ئەقزیەو مەرکەزی هەردوو پارێزگەکە چارەسەر بکەین، ئێمە پێویستمان بە (٢٥) باخچەی ساوایان هەیە و، دگەل ناحیە کە بە زەرورەت ئێمە پێویستمانە (٤٥) باخچەی ساوایانی تر کو بگەیەنینە چ نەبێت هەر ناحیەکێ بۆ قۆناغی دوو بیگەێنین.
ل وارێ منهاجێ باخچەی ساوا ئەو سیستەمێ ئێمە هەمانە بەراستی منهج و مفرداتە، بەراستی مفرداتی منهجی ئێمە زۆر شتێکی مبسطە، بە تەسەوری من ئەو دەلیلەی کە هەیە هەندەی لەباردا نییە کە بتوانێ پەروەردە کاری بباتە سەر، ژ بەر هەندێ مە تەفاعول کریە ل گەل منهاجی سویدی د گەل رێکخراوی دیاکۆی سویدی بچن دوو خەبیر بۆ ئێمە بێنن و ئەو دوو خەبیرە دوو دەورە (خول) بکەنەوە کە ماوەی هەر دەورەیەک (٤٥) رۆژ بێت، ئێڤارا (نظریاً) (٦٠) بچوکی مە تەسلیمی وان کردیە، سپێدەها تطبیقا عەمەلیە و، مە چەند زیارەتێک بۆ کرینەو بە حەقیقەت ئەو کارەی ئێستا لەو روضە دێتە کرن وەک نموذجەکا یێ ل ڤی دەورێ کارەکێ زۆر زۆر پێشکەوتووە و دشێم بێژم د تەحەولەکا نەوعی بێت لە کاری روضە و، مە ئیتفاق کریە لەگەل یونسێف یەک رەوزەی لە دهۆک چێ کریە وەک نموذج، وێ نموذجێ لە هەموو کوردستانێ ئیزافە بکەت بۆ مەعلوماتێ جەنابێ ئێوە، ئێمە بەرنامە هەیە کو ئەم بینایەتێت روضە حدیقەی وی ژ دەرڤە ئەلعاب زۆر هاتینە دابین کرن، یونسێف رازی بووە کە ئەم ئێواریە دوو مامۆستا تەعین بکەین، دەواما نهاری بۆ مە نەکەن ل هەر محەلەکێ وەک حەدیقەیەک زاروکێت وێ نە شەرتە هی رەوضە بن، حەوت هەشت سالی بن دوو سێ سەعات لە ژێر ئیشرافی چەند مامۆستایەک وەختی خۆ رابوێرن بەدل چوونە سەر شەقام و ئو لڤێ دەرکەهی من ژ تەقاریری یونسێف ئاگادارم تەقارێرێت یونسێف ئاماژە دەکات بە چەند حالەتی رووداوی ئوتومبێل دەبێت لە کوردستاندا ئەم حالەتە موشەجیع نییە گەلێک جێی گازاندەیە و، بە تەسەوری من ئەمە بە مەسەلەی باخچەکان چارەسەر بکرێت.
د گەل ئەم حالە کو ئێمە بشێین لە ئایندە ڤان رەوزا بەلاڤە بکەین و بگەهینینە هەمی تەجەموعەکێ موستەقبەلەکێ وی ڤەکر دا ئەم بشێین باری پەروەردە بەرەو پێشتر ببەین، لەگەل ئەوانەشدا مە محاولە کردیە هەتا باخچەی ساوایێت اهلی بێهنە ڤەکرن ئەم رێکت ددەینێ و بار سوکییەکە بۆمە، هەتا مە فکرە هەیە وان باخچەی ساوا کە ئێمە هەمانە رحلەی زێدە و قرطاسیەی زێدە کو مستقبلێک هەتا بیر لە مامۆستاش بکەین احتماله ئەڤی جانبێ مە رێ بدەینێ و مجالی باشتر بۆ ڤەکەین.

دەربارەی قوتابخانەی سریانی یان تورکمان دیسان وەزعی وان مریحە و بشکلەکی طبیعی بەڕێوە دەچێت و من دەتوانم لەرووی ژمارەی قوتابی و ژمارەی مامۆستایان گەلەک گەلەک وزعی وان باشترە ژ قوتابخانەیەت مەی کوردی و مە (١٥) قوتابخانەی تورکمانیمان هەیە (١٠) سەرەتاییە، (٤) دواناوەندییە، (١) باخچەی ساوایە.
(٢٧) قوتابخانەی سریانی مە هەنە، (١) ناوەندییە، ئەوانی تر هەمووی سەرەتایینە و، قۆناغی زمانی تورکمانی گەیشتە سەفی یەک، زمانی سریانی گەیشتۆتە سەفی دوو.
لە راستیدا لەم ماوەیەدا مە شعور دەکەین وەزعی پەروەردەیی ئێمە هەتا حەدەکی مە دشێین لیڤینەکی بێخینێ و زنجیرەک کومبینا هاتیە کرن مە زیارەت کردینە بۆ هەمی ئەقزیە و، لە هەموو ئەقزیەکان ندوە بووینە لەگەل ئیشرافی ئیبتدائی و ئیشرافی ثانوی و لەگەلّ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەردانی زۆربەی مدرسەکانمان کردووە کە لە نزیکەوە مە وزعی وان بزانین و زنجیرەک کۆبوونەوە لەسەر ئاستی وەزات و موستشارو مدیر عامێت وەزارەتێ هاتە کرن دا صورە متکامل و واضح بن.
لە راستیدا ئەو وەزعە کو ئەم پالّداین بوە حافزێک بۆ ئێمە کو ئەم بشێین بگەرماتی بچینە ناڤ قوتابخانە بگەرماتی بچینە ندوات بگەرماتی بچینە اجتماعات، بگەرماتی بشێین وەزعی پەروەردە حەرەکەیەکی خورتر لێ بکەین ئەوە بوو یا پێنگاڤا ئەنجومەنی وەزیران هاڤێتی بۆ زێدە کردنا دەرمالا پیشەیی یا مامۆستایان.
لە راستیدا هەر لە راگەیاندنی کابینەی چوارەم کە لەوێ کاک نێچیرڤان بارزانی اعلان کری و بترکیز لەسەر وەزعی پەروەردە راوەستا و باسی وەزعی معاشی و اقتصادی مامۆستایانی کرد بە حقیقەت ئومێدەکی مەزن بوو بۆ قوتابی و مامۆستایان هاتە دی، بۆ مە هەمیا چێ بوو کو مە بشێین ئەمە پێنگاڤەکا خطوەیەکە بۆ هەندێک وان باری پەروەردە پێش ببەین. بەراستی باری پەروەردە هەندێ مە شتا بکەین راستە لەوانەیە مرۆڤ زەحمەت بکێشێ مەیدانی بێت و بکەوینە ناڤ کاری خۆمان، بەس کاری مە زۆر کز دبێت ئەگەر ئەو خطوانەمان هەبا ئەڤێ خطوە وای لە ئێمە کرد کە بگەرماتی بچینە ناڤ مامۆستایان، چونکو هەر گازندەیەک مە ل مامۆستا بکردبا دا بۆمە وەزعی خۆی اقتصادی دبێژت و بە تەسەوری من گازاندەکانیان زۆر زۆر لەجێی خۆی دا بوو. لە راستیدا تۆ ناتوانی بچیت بە زهنێکی سافی بچی وانە بلێییتەوە ئەگەر باری ئابووریت خراپ بێت. بەرای من ئەو زیاد کردنە هەموو گرفتەکانی مامۆستا چارەسەر ناکات و هەموو گرفتەکانی پەروەردە چارەسەر ناکات، بەس بەرای من هەنگاوێکی ئیجابی بوو مامۆستا هەستی کرد کە بایەخێک دەدرێت بە بواری پەروەردە، لەبەرئەوە لە کابینەی چوارەم تەرکیز لەسەر ئەو لایەنە زیاتر کرا و کرا بە ئەولەویەت بۆ لایەنەکانی تر و ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران زۆر مەسائلی ترمان هەیە و گرنگن و پارەیان بۆ تەرخان کراوە، بوودجەیان بۆ دانراوە بەلاّم بۆچی تەنیا ئاماژە بە لایەنی پەروەردە کرا بووە مایەی ئەوە کە چەند دانیشتنێک ببێت جەنابی سەرۆک

وەزیران رای ئێمـەی وەکو وەزارەتی پەروەردە وەرگـرت و گـفـتـوگـۆی لەگـەڵ وەزارەتی ئێـمـە و وەزارەتی دارایی و سـەرۆکـایەتی ئەنجـومـەنی وەزیران کـرد، ئەوە بوو لە (٨)ی ئادار جـێی خۆشحاڵییە کە ئەو دەرماڵەی پێ راگەیاند و ئێمە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پەیمان دا و ئێـمە گوتمان ئەو زیاد کردنە دەبێـتە مایەی ئەوەی پەروەردە بەرەو پێش بچێت و من تەسەورم وایە باری پەروەردە باشـتـر بووە بەڵام هێـشـتـا زۆرمـان مـاوە. ئێـمـە لە خـاڵی سـەرەتاین و ئەوەش تەجسیدەکە بۆ تەئکیدا جەنابی کاک مەسعود بارزانی کە لە گەلێک بۆنەدا تەئکید لەسەر باری زانین و زانست دەکـات و هەمیشـە تەرکیـز لەسەر وەزعی مـامۆسـتـا دەکـات کە کورد هەموویان قەرزاری مامۆستانە ئەڤ تەئکیدەکە ئەمڕۆ تەجسیدەکە بۆ ئەو فەرمووادانەی جەنابی کاک مەسعود بارزانی.

لە راستیدا دەعمی ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتی کاک نێچیرڤان بارزانی لەو دەرکەیە راناوەستێ چونکە بەراستی کەساکاتی دا ئێمە لە گەلێک بواردا فیعلەن پێویستمان بەو دەعـمانە هەیە چ مەعنوی بن یان ماددی بن.

بەڕێزان ئێـمە خاڵێکی زۆر گرنگمـان هەیە کە خسـتـوومانەتە بەرنـامەی کـاری خۆمان ئەو خاڵەش خـاڵی(الاحصاء التربوي) یـە، باوەڕ بکەن هەتا ئێمە مەسحەکی تربوی نەکەین ئێمە ناتوانین بەرنامـەی خۆمـان هی ئاینده دابنێین لەبەرئەوە یەکـەمین ئەرکی خـۆمـان کـە کـردوومـانـە (المسح التربوي)یە ئێمە ئامادديي خۆمان وەرگرتووە و سێ بەیانات کۆدەکەینەوە بەیانەک بۆ بچووکی یەک رۆژ تا شەش ساڵی ئێمە پێویستمانە هەبێت مەبەستمان لەوەش ئەوەیە کە تەعلیم بکەین بە ئیلزامی بتوانین ئەگەر ئەم هەنگاوە نەکەین ئێمە نازانین چەند بچووکمان هەنە چەند بچووک دێن بۆ سـەفی یەک پێـویسـتـە ئەم احـصـائیـەمـان هەبێت و، سەبارەت بە ئێمە هەر قوتابخانەیەکی سـەرەتایی مـەوقـعی جوغـرافی خۆی هەیە پێویسـتـە بەڕێوەبەری قوتابخـانە بزانێت لە مـەوقـعی جوغرافیەکەی چەند قوتابخانە هەیە، ئەوە لایەنێکەو خاڵێکی زۆر گرنگە. لایەنی دووەم ئێـمە دەزانین چەند بنایەتمان پێـویسـتـە بۆ شـەش سـاڵی، ئێـمـە دەزانین چەند بنایەمـان دەوێت و چەند رحلەمـان دەوێت، چەند قـرطاسـیـەمـان دەوێت و، چەند کـتـێبی مـەنهجیـمان دەوێت هەتا ئـەمـانە نەکەین ئێمە ناتوانین بیکەین. بە تەسـەوری من ئەوڕۆژە پرسیارەک لە ئێمـە کرا کە ئایا دەتوانین ئەو ئیحسائیە بکەین بەتەسەوری من زۆر بە ساناهی لە خۆڕا دبینین و لە موددەی سێ رۆژدا ئەو ئیـحسـائیـە تەواو دەکەین، تەوجهی ئێـمـە ئەوەیە کە کۆتایی مـانگی شـەش ئێـمە ئەو ئیـحسـائیـە بکەین. ئێمە لەگەڵ یونسێف قسەمان کردووە بریاری کۆتاییان نەداوە بەڵام ئەمەلیان بە ئێمە داوە بەس من تەسەور دەکەم لەو رۆژانە بریار بۆ ئێمە دێت ئەو تەمویلی ئێمە دەکات یانی پارە لەسەر یونسێف بێت و ئەم دشێین ئەو ئیحسائییە لە ماوەی هەیڤا شەش و حەوت تەواو بکەین.

لایەنێکی تر کە بۆ پەروەردە پێویسـتـە کە ئێـمـە بمانتـوانیبا هەموو ساڵێک مـەسحێکی وەهامان کردبا تاکو لە میانی ئەوە مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانە بیانتوانیبا بچنە ناو هەموو خێزانێک،

ئەمە بە خۆی دەبێتە وەعییێک کو دانوستاندنا لەگەڵ باوک و دایکان بکات و پەیوەندی لەگەڵ ڤێ خێزانێ پەیدا بکات ئێمە پێویستیمان بەو جۆرە پەیوەندییە هەیە لە نێوان خێزان قوتابخانە.

خاڵێکی تری بەرنامەمان میلاکاتە، جەنابتان ئاگادارن کە تاکو نیوەی ساڵ تنقلات و دامەزراندن هەیە بەرای من ئەوە ئەگەر بۆ وەزارەتێکی تر جائز بێت بۆ وەزارەتی مە جائز نییە قوتابییەک فێری مامۆستایەک بێت و تۆ جارێکی تر مامۆستایەکی بۆ بێنێ و جەدوەلی بگۆڕی و باوەڕ بکەن وەزعی پەروەردە تێک دەچێت. لەبەرئەوە من عەرزم کرد بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە وەکو پەروەردە کو ئەم حازرین بۆ هەیڤا هەشت دەرەجاتی مە کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە چ اختصاصی بن چ بەردەست بن چ ابتدائی بن ئەگەر هاوین دەرەجات بۆمە ئیقرار بکەن ئێمە لە مانگی (٨) دەست بە دابەش کردن و گواستنەوە دەکەین و لە ٩/١ مەوزوع هەمووی کۆتایی پێ بێت. جێی خۆشحاڵییە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی سەرەتایی بۆ ئێمە ئیقرار کردووە، ڤێ گاڤێ ئێمە خەریکێن ثانوی و بەردەستی بۆ بنێرین ئەویش بۆمان ئیقرار بکات، ئێمە بریارمان داوە لە مانگی (٨) قەپات بکەین و، لە ٩/١ ئەم تەنقولاتە تەواو ببێت تەنیا حاڵەتێکی زۆر زۆر گرنگ نەبێت ئەگینا مەسائیلی گواستنەوە رادەگرین.

موشکیلەی میلاکات ئێمە دراسەمان کردووە بەتایبەتی پەیمانگاکان، بریاری خۆمان داوە بۆ پەیمانگاکان کە ئێمە دەبینین خەڵکێک خاوەن بروانامەی بەکالۆریۆسن دەرس دەدەنە خەڵکێک کە دبلۆم وەردەگرن بەتەسەووری من احتماله ئاستی علمی وان ئەوەندە بەرز نەبێت لەبەرئەوە ئێمە پێشنیارەکمان دا بە ئەنجومەنی وەزیران و وەڵامیان داینەوە کە زیاتر پێشنیارەکەمان روون بکەینەوە کە ئێمە خاوەن بەڵگەنامەی ماجستێرو بلند تر لە پەیمانگاکان دابمەزرێنین ئەو اختصاصە پێویستانە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی زانکۆی دهۆک و هەولێر ئێمە قسەمان لێ کردووە و، فیعلەن وا فەیزەک هەیە کە ئیمە دەرچووانی ماجستێر لە پەیمانگاکان دابمەزرێنین کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی لە اختصاصەکان ئاستی زانستی بەرزتر ببێت. یەک ئیشکال دەمێنێت ئەو ئیشکالەش لە دیراسەتدایە کە بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بەرز بکەینەوە کە ئەوان هەمان دەرماڵەی کە لە زانکۆ وەریدەگرن بیاندەنێ، چونکە ئەمان ئەم دەرماڵەیە هەر وەردەگرن و فائضن لەسەر میلاکی زانکۆ بێن لەو دەرکەیە موقعی خۆیان وەربگرن، بەڵام لە سەرەتاییەکان ئێمە کەموکوریمان نییە تەنیا گرفتمان لە تەخصص هەیە، دەرچووی بەکالۆریۆس، دەرچووانی کۆلیژی پەرەوەردە لە ئەساسدا بۆ تەدریسە ئیستا لە هەموو وەزارەتەکان دادەمەزرێن، من پێش دوو رۆژ دانوستاندم لەگەڵ وەزیری پەروەدە کردووە سی و قسور دەرچووی پەروەردەیان هەیە ئامادەن ئەوان بدەن بە ئێمە کاریگەریشی لەسەر کاری ئەوان نابێت و، ئێمەش سوودمەند دەبین ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر بریاری خۆمان کە دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە لە هیچ وەزارەتێک وەرنەگیرێت تەنیا وەزارەتی پەروەردە نەبێت تاوەکو ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە ئێستا ئیمە اعلانەکمان بڵاو

کردۆتەوە کە ئێمە لەگەڵ برا وەزیرەکان لەسەر ئەم مەوزوعە بدوێین ئەوانەی دەرچووی کۆلیژی پەروەردەن بدەنەوە ئێمە و ئەوانی تازەش تەعیین نەکەن، تاوەکو فەراغی ئێمە پڕ بکەنەوە، لەلایەکی تر ئێمە هێشتا بۆشاییمان دەمێنێت چونکە بەراستی تەخطیطی پێویست تاکو ئێستا نەبووە، دەرچووانی کۆلیژی ئاداب و علوم دیسان ئەوەش لە سوودی ئێمەیە لەگەڵ زانکۆی دهۆک ئێمە قسەمان کردووە، دوو ماددەمان پێویستە طرق التدريس و علم النفس زیاد کراوە لە کۆلیژی ئاداب بۆئەوەی ئەوانەی ئەوساڵ دەردەچن موئەهەل بن بۆ تەدریس، بەس لە کۆلیژی ئاداب و علومی زانکۆی سەلاحەدین ئێمە ئیتفاقمان لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ و عەمیدی کولیەکان کردووە کو ئەم ڤێ گاڤێ ئیحسائیەک بکەین کا چەند مە پێ لازمە یەکسەر داخلی دەورەیەکی بکەین و علم النفس و طرق التدريس اضافە بکەین تاکو بتوانین بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە.

خاڵی تری گرنگ لە مەسائیلی میلاکات ناوچەکانی مێرگەسوور ، سۆران، ئاکرێ، ئامێدی، هەتا حەدێک بەشێک لە زاخۆ لێرە کەرستە بخۆ نینە مدرس دوو ساڵ دەچێتە ئەوێ هەتا خبرە وەردەگرێت مافی ئەوەی دێت کە نقل بێت و جارێکی تر یەکێکی نوێ دەنێرنە ئەوێ. جێی خۆشحاڵییە کە لە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا دیسان ئەم مەوزوعە کرایەوە پەسندمان کرد و ئیقرار کرا کە ئەو ناوچانە مێرگەسوور، زاخۆ، ئامێدی، سۆران کە منافسەی دەرجاتی ئەوان بۆ کۆلیژی پەروەردە بێت تاوەکو هەر ناوچەیەک کەرستەی خۆی هەبێت سەبارەت بە ئاکرێش ئەزمەیەکی توندی هەیە ئێستا پەیمانگای مامۆستایان هەیە لە سایەی ئەو پەیمانگایە وەزعی ئەوان باشەو بەرەو پێشەوە دەچێت.

خاڵێکی تر مناهج روحی پەروەردەیە، زۆر باسی لەسەر کراوە و گلەیی و گازاندەیەکی زۆر لەسەری هەیە لەبەرئەوە پێش سێ مانگ ئێمە کۆبوونەوەیەکی فراوانمان کرد هەموو پسپۆڕەکان تێدا ئامادە بوون و هەردوو زانکۆی دهۆک و سەلاحەدین و لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان و لەگەڵ موستەشارەکانی پەروەردەو ئەنجومەنی وەزیران تێدا حازر بوون و مناقشەی ئەو مەوزوعە کراو، ئێمە (١٦) لیژنەمان پێک هێناوە هەرچەند بابەتێکی ئاسان نییە بەس بۆئەوەیە تاوەکو کاری تێدا بکەین بۆئەوەی هێدی هێدی هەنگاو بهاوێژین ئیمە (١٦) لیژنەمان پێک هێنا و هەر لیژنەیەک لە حەوت کەس پێکهاتووە لەوان دوو پسپۆڕی تێدایە، ئێمە گوتمان بەبێ زانکۆ نەکرێت و پسپۆڕی زانکۆی تێدا بێت تا ئەم تەواصلە تەئمین بکرێت هەر لە رەوزەوە تاوەکو دەگاتە زانکۆ ئەو لیژنانەش ئێستا کاری خۆیان دەکەن هەندێک لیژنە خەریکە کۆتایی دێت تەنیا ئیقرار ماوە، هەندێ لیژنەی تریش تاکو ئێستا کاری تێدا دەکرێت. بەراستی ئەو مەوزوعە حەساسە ئێمە دەبێ هەموو لایەنێک رعایە بکەین، ئەو دوا تەطوراتی علمی کە دەست ئێمە دەکەوێت ئیزافەی بکەین تاریخی کوردستان و جوگرافیای کوردستان و تاریخی میللەتی خۆمان جانبی دیموکراسی مەسەلەی مافی مرۆڤ ئەو مەسەلانە چاوەکی پێدا بخشینین و ئەو شتەی کە پێویست بێت ئێمە ئیزافەی بکەین.

خاڵێکی تر مەسەلەی تەدریبی، بەراستی ئاستی مامۆستای ئێمە چونکە دابڕاوین لە جیهانی دەرەوە و لەو تەتەوراتەی لە بواری پەروەردەدا پەیدا بووینە لەناو جیهان ئێمە مونقەتعین لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ یونیسێف و یۆنیسکۆ تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووە کە خبراء بۆ ئێمە بهێنن، ئەنجومەنی وەزیران هەوڵێکی زۆری داوە کە ببێتە سکتەرێکی تایبەت مەسەلەی دەورات و تنمیە القابلیات ئەم تەسەور دەکەین تا ئێستا رازی نەبووینە بەڵام لەوانەیە بتوانین هەر سەکتەرێک لای خۆمان ئەم مەوزوعەی چارەسەر بکەین.

هەوڵدانی ئێمە بەردەوامە کە بایەخێکی تایبەتمەند بە تطویر بدەین. گرفتی ئێمە لە قادەدا ئەوەیە کە قادە پێبگەیەنین، موشکیلەی ئێمە لە ئیدارەیە، مودیر مدرسە کە کفائەتی ئەوان زیاتر بکەین، چونکە مەقوولەیەکی پەروەردەیی هەیە دەڵێت: (کیفما یکون المدیر تکون المدرسة)، لەبەرئەوە بەراستی تەرکیزی ئێمە لەسەر مودیرە چونکە مودیر دشێت دەوری مشرف ببینێت، دشێت دەوری مامۆستا ببینێت، دشێت دەوری باحثێکی اجتماعی ببینێت لە نەفسی گەرەکی خۆی بۆ دروستکردنی عیلاقاتی نێوان خۆی و ماڵی خۆیدا لەبەرئەوە تەرکیزی ئێمە زۆر لەسەر تەطویرا ویە.

لایەنی اشراف ئێمە بڕیاری خۆمان داوە فکرەی پەروردە لە اقضیە فکرەیەکی زۆر سەرکەوتووە، ڤێ گاڤێ هەتا لعراقێ اقتداء بڤێ توجهێ دکەن زۆر زۆر مناسبە تەوجها مە ئەوە کو موشرفێت ئیداری مقیم بکەین لە ناحیە، چونکە لەوانەیە هەر ناحیەک (٦٠) قوتابخانەی تێدا بێت زەحمەتە بۆ مەرکەزی پارێزگا بچێت موتابعەی قوتابخانەی گوندەکان بکات، ئێمە لەو دەرگەیە بڕیاری خۆمان داوە فیعلەن ئێمە دەستمان پێ کردووە، ئێمە مشرفی موقیممان داناوە لەو ناحیانە و بەردەوامیشین.

خاڵێکی تر مەسەلەی تەلەفزیۆنی تەربوی، تەلەفزیۆنێکی تربوی هەیە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە، ئێمە لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری قسەمان کردووە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە ئەو تەلەفزیۆنە تەسلیمی ئێمە بکات و، ئێمەش هەوڵمان داوە لەگەڵ یۆنیسێف و یۆنیسکۆ لە چوارچێوەی فێسی داهاتوو ئەم تەلەفزیۆنە پێش بخەین و ئامێری باشتری بۆ بێنین تاکو بتوانین پەڤی زیاتر بکەین.

مەسەلەی چاپخانە تاکو ئێستا وای لێ نەهاتووە کە هەموو پێداویستییەکانی ئێمە پڕ بکاتەوە، طاقەی ئێستای (٥٠٪)ە، هەوڵدان بەردەوامە کە طاقەی زیاتر بکەین لە رێگای یونسێف و یۆنیسکۆوە، چونکە چاپخانە بەنیسبەت ئێمە شتێکی هەر ئەساسیە.

ئێمە پلانەکمان داناوە کە ئەم ساڵ لە خوێندندا دوو قوتابی بە کتێبێک نەبێت، ئێستا ئێمە بە دوو شێفت حەرەکە بە چاپخانەی خۆمان دەکەین، ئومێدمان وایە لە ساڵی داهاتوو دوو قوتابی نەمێنێت بە کتێبێک و، هیچ قوتابخانەیەک نەمێنێت سێ قوتابی لەسەر رەحلەیەک ڤێ گاڤێ مە موعامەلەی خۆمان دا لەگەڵ یونیسیف و یۆنیسکۆ بۆ زانیاری ئێوە لە خلالی مانگی چواردا لە

مەعمەلی ئێمە ئەو ڕەحلانەی شکانە لە قوتابخانەکان ئێستا مەعمەلی ئێمە لە هەولێر (٣٠٠٠) انتاج دەکات، تەقریبەن ئێستا ئێمە موشکیلەی ڕەحلەمان نەماوە.

ئەگەر بێینە سەر بڕیاری (٩٨٦) چەند سوودمان لەو بڕیارە وەرگرتووە بەراستی تاکو ئیزافە کردنی فێسی شەشەم پەروەردە مغبون بووە لە تخصیصاتی خۆیدا، لەبەر ئەوە ئەزمەی ئێمە زۆرترە، لەبەرئەوە ئێستا ئەوەندە ئاڤاهیا مە پێویستە، چونکە تەرکیزی کردووە لەسەر مەسائیلی قرطاسیەو مەسەلەی اثاث و ئەوانی تر بە دیتنی ئێمە وەکو حکومەتی کوردستان ئێمە دشێین هەمی سالێ ملیۆنەک تخصیص بکەین بۆ رحلە.

چونکە بڕیاری ٩٨٦ تا سەر نامێنێت، دەبێ تەرکیز بکەینە سەر بیناکان، ئێمە ئەگەر بینایەتمان هەبێت، مەسائیلی تر زۆر پێمان دەکرێت وەکو حکومەتی هەرێم، لەبەر ئەوە بۆ زانیاری جەنابتان ئێمە بە پێی فێسی حەوتەم ٦٤٪ دیاریمان کردووە بۆ ئاڤاهینانێ یانی بیست ملیۆن دۆلار لە فێسی هەشتەم دوانزە بۆ هەولێر هەشت لە دوو نسبەی سکانێ بۆ دهۆکی تەنها فێسێکی بۆ ئاڤایی، تاکو کێشەی ئاڤاهیی چارەسەر بکەین، ١٣٪ داومانە بە کۆمپیوتەر ٤٪ داومانە بە کەلوپەل بۆ قوتابخانەکان ١٢٪ بۆ قرتاسیە و ٧٪ بۆ خولەکان، وئەگەر رازی بوون بیدەین بە مخصصات، چونکە ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ یونسێف ئەگەر بتوانین لە پاشەڕۆژ مخصصات وەکو مخصصاتی مهنی بیدەین بە مامۆستاکان بەتایبەتی ناوچە دوورەکان، ئێمە تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەین ئێمە نازانین کە تیایدا سەردەکەوین یاخود سەرناکەوین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوە بکرێت، لەبەر ئەوە ئیمە لە فێسی هەشتەم (سی ویەک ملیۆن ونیو) دۆلار ئەوە هەمووی بەشی ئێمەیە، یانی هەمووی چل ملیۆنە هەشت ملیۆن ونیو بۆ زانکۆیە هەردوو زانکۆ لەبەر ئەوە ئێمە وای دەبینین کە وەزعی خۆمان بەرەو ئاڤاهیی باشتر بکەین لەو ماوەیەدا.

مەسەلەی تر هەندێ دیاردە هەیە ئێمە دەمانەوێ ئەو دیاردانە نەهێڵێن، بەراستی تەعامولی مامۆستا لەگەڵ قوتابی هەڵسوکەوتێکی پەروەردەیی بێت، ئێمە تەرکیز لەسەر ئەو لایەنە دەکەین،، ئێمە دەمانەوێ پەیوەندییەک دروست بکەین، کە پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیوەندییەکی پەروەردەیی و کۆمەلایەتی بێت یاخود ئەوانە لەگەڵ قوتابی پەیوەندی پەروەردەیی بێت، هەندێ بابەتی سلبی هەیە وەکو لێدان، لێدانی قوتابی موحەرەمە نابێت هەبێت، بەڵام ئیستاش هەر هەیە، ئێمە چەند تەعمیمێکی زۆر توندمان دەرکرد و ئیجرائاتی توند وەردەگرین بەرامبەر ئەوانەی کە لێدان بەکار دەهێنن،، هەرگیز لێدان بۆ بچووکەکان نەمێنێت، دەبێ ئەو بوارە چارەسەر بکرێت، لایەنی تر لە لایەنە پەروەردەییەکان ئاسان بکەین و بیگەیەنینە قوتابییەکان، کە هەمووی مەفاهیمی دیموکراسینە، مەسەلەی مافی مرۆڤە، مەسەلەی باوەڕ بە خۆکردنە و مەسەلەی تضامنییە کە ئەم کەلوپەلانە هەمووی سەیر بکرێت وەکو کەلوپەلێکی تایبەتی، ئەمانە هەمووی مەفاهیمە کە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەو مەفاهیمانە بەزار رابگەیەنرێت بۆ قوتابییەکان، چونکە زیاتر ئسلوبی ئێمە ئسلوبی فێرکردنە. ئەمە چەوتە ئێمە هەوڵ بدەین کە

ئسلوبی پەروەردە ئەساسی پەروەردەیە، ئەگەر ئەم لایەنەت مسۆگەر کرد دەبینین لایەنی فێرکردن زۆر بەئاسانی دەگەیەنینە قوتابیان چونکە ئامانجی ئێمە تکوینی کەسایەتییە بۆ ئەو منداڵە، ئێمە کەسایەتی ئەو منداڵە دروست دەکەین، ئەو خاڵە بەنیسبەت ئێمە زۆر گرنگە، ئەمە پەروەردەی دەروونی وەربگرێت یان پەروەردەی بەدەنی وەربگرێت، یاخود هونەری یا ئاینی وەربگرێت، ئەمانە هەمووی لایەنی پەروەردەییە دەبێت و پێویستە فێری منداڵ بکرێت، ئێمە هەموو احتیاطی خۆمان وەربگرین و چەند عقدی نفسی هەیە لای ئێمە، بۆ نموونە لێدان هەیە لەوانەیە باوە لە قوتابخانە باوە لەناو ماڵەوە باوە، لە هەندێ دول لەوانەیە کەیەکێک تەمەنی چل ساڵە وپەنجا ساڵە وەختی رابێتە ئاخافتن پێی شەرمە وەختی هەڵدەستێ هەزار انتقاد دەکات ئەگەر رەگی تۆیە ئەوە رەگی پەروەردەیە، یانی ئسلوبی ئێمە پەروەردەیی کە ئسلوبێکی سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوە لەناو ئێمە گەلێک مەسائیلی سلبی دروست بووە.

خاڵی تر قوتابخانە مهنییەکان، ئێمە دراسەیەکمان بۆی هەیە ئایا ئێمە پێویستمان بە کادری وەسەتینە یاخود نەء، ئەگەر ئێمە پێویستمان بە کادری وەسەتینە دەبێت هەنگاوی بۆ بهاوێین،چونکە بەرەو نەمان دەچێت، ئەمە ئامادەیی کشتوکاڵیە، ئەمە ئامادەیی پیشەسازییە، بازرگانییە، ئەمانە بەرەو نەمان دەچن، واباوەڕ دەکەم هەندێ یاساکانی ئێمە بەرەو نەمان دەچێت و ئێستاش هەر گفتوگۆ کردنە لەنێوان هەردوو زانکۆدا لەسەر ئەم بابەتە وئێمە گەیشتینە هەندێ خاڵی هاوبەش و ئێستاش دراسەکردن هەر بەردەوامە، کە شتێکی پوختە ئامادە بکەین بۆ لیژنەی باڵا کە ئەوان بچن چارەسەری ئەو قوتابخانە پیشەییانە بکەن، لایەنی تر پرسیارێک هەیە کە پشوو زۆرە کە کاردەکاتە سەر قوتابی وفعلەن قوتابی لەوە زەرەری کردووە، دراسەمان کردووە کە قوتابیان لەو زەرەرە رزگار بکەین، ئایا ئەمە لەکۆتایی ساڵ لەمانگی شەش یان یان لە مانگی پێنج کە ماوەیەک زیاد بکەین، ئەمەش لەو کاتە دنیا زۆر گەرم دەبێت، یاخود پشووی هاوین بخەینە مانگی سێ، بەتەصوری من فەصلی دوو گەلێک بچووک بێت و فەصلی یەک گەلێک زێدە بێت، رایەکی زۆر وەکو لەمانگی نۆ هەندێک کەمی بکەینەوە هەفتەیەک دوو هەفتە پێشی بخەین لێرە زیادی بکەین کە لە ٢٢ی مانگ دەوام دەست پێ بکاتەوە، یاخود بیخەینە پانزە یا شانزە یاخود دەی مانگ دەوام دەست پێ بکات کە یارمەتییە بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش هەر باشترە، دەربارەی تاقی کردنەوەکان، هەندێ جار لەتاقی کردنەوەکان گلەیی بۆ ئێمە دێت، دەربارەی سەرەتایی و ناوەندییەکان ئەمە لە سەداسەد وەکو وەزارەتی پەروەردە ئێمە مەسئوولین کە هەر کەمییەک هەبێت، بەڵام زۆر گفتوگۆ کراوە ولەوانەیە ئەوە رای برادەرانی پەرلەمانمان وەرگرتووە و برادەرانی لیژنەی پەروەردە و برادەرانی مستشاری ئەنجومەنی وەزیران و ئێمە لەزۆر بابەت گۆڕانکاریمان تێدا کردووە. لەبارەی مەسەلەی صرفیات کە کەمی بکەینەوە یاخود چۆنیەتی گەیاندنی پرسیارەکان و مەسەلەی کۆنترۆل ولە ئامادەییەکان لەوانەیە ئەوانە مەبقێت ومەنشێینە وێ تحقیق بکەین چونکە ئێمە ئامانجێکمان داوەتە بەر سنگی خۆمان ئەو ئامانجە وەکو ئەم

بشێین چ نەبێت چ نەبێت لە ئامادەیی و پرسیارەکان وتصلیح و تاقی کردنەوەکان کە یەک بێت، ئەمە لەبۆ خۆی سەرکەوتنێکە، ئیمە لەبەر هەندێ ئەو ئامانجە لە پێشەوەیە ئەگەر ئەم ئامانجەش هەندێ کەم وکوڕی تێدا بێت بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو ئامانجە بێتە دی واتە پرسیارەکان یەک بێت هەتاکو دەربارەی یونسکۆ زۆر زۆر گرنگە ئەو مەسەلەیە کە پرسیارەکان موحد بێت مەرکەزی بێت یەک دەست بێت، لەبەر هەندێ بۆ نموونە بێ لایەنێک ئیشراف لەسەر تاقی کردنەوەکان بکات ئەویش کاک کمال شاکرە ئەوە چەند ساڵە تاقی کردنەوەکان بەرێوە دەبات قیادەی ئەو عملیە دەکات وئەگەر هەندێ کەم وکوڕی تێدا بێت بەڵام سەرکەوتووە ئەو پرۆسیسە بەرەو پێشەوە ببات ئەو ئامانجە دێتنێتە دی.

هەندێ گوند هەیە کە هەتاکو ئێستا قوتابخانەی لێ نییە، بەڵام لە پیلانمان دایە کە ئەو گوندانە ئەمساڵە ئەگەر دە قوتابی هەبێت ئەوە قوتابخانەی تێدا دەکرێتەوە، چونکە هەندێ گوند هەیە سێ ماڵە چوار ماڵە یانی بەراستی ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەو کێشەیە لە دەڤەری ئاکرێدا هەیە، لەگەڵ پەروەردە بۆ ئیمە مەسح دەکات وچ نەبێت دە هەتا پانزدە هەبێت باوەڕ بکەن هەتاکو ئێمە خیوەتێک بکرین دەبێ قوتابخانەی بۆ بگەیەنین و لایەنی تر ئەو کەمییە لەناوچەی ئاکرێ ومێرگە سوور لەناکە کەمییەکی زۆر هەیە، کێشەکە بۆ هەردوو ناوچە و صفوفی تکمیلی زیاد هەیە، و ئەمەش لەگەڵ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ کراوە کو ئەم شینە وان صفوفی تکمیلی نەشێن بۆ نموونە هەڤدە صفوفی تکمیلی لە قەزای مێرگە سوور هەیە یانی نەشێن میلاکێکی کامل یا پێڤییە مامۆستای سەرەتاییە مامۆستای سەرەتایی دەرسا گەیشتە دوو ناوەندی هەندێکی گەیشتە سێی ناوەندی، یان پێڤییە مامۆستای سەرەتایی بێت ژ دەرحەق نایێت، لەبەر هەندێ مستوای وان دابەزیوە، بۆمان دەردەکەوێت بە مسحێکی وەکو ئەم بۆ نموونە لەمێرگەسوور دوو ئامادەیی دروست بکەین یەکێک لە مێرگە سوور ئەوەی تر لە بارزان وهەر هەڤدە صفوفی تکمیلی ببینە وێندەر و دوو میلاکی بەتوانا لەوێندەری دابنێین و بەشی ناوخۆیی لەگەل بڕیاری ئەمی ئاڤا بکەین ئەمساڵ وەبی کۆتایی پێ بێت، و ئەنجومەنی وەزیران و جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ بەشی ناوخۆیی بۆ ئێمە چارەسەر بکات، هەمان مسح لە ئاکرێتش هەیە کە ئێمە بچین میلاکێکی زۆرتر پەیدا بکەین.

خوشک وبرایانی بەڕێز مەسەلەی پەروەردە مەسەلەیەکی بەرفرەیە، تصور دەکەم چەندی لەسەر بلێین کۆتایی نایێت، بەڵام لەوانەیە کات نەبێت ولێرە کۆتایی پێ بێنێت، ئێمە ئامادەین بۆ هەر پرسیارێک ئەگەر هەبێت و هەر پرسیارێک هەبێت تصور دەکەم منفعەتە بۆ ئێمە وهەر پێشنیارێک هەبێت سوودمەندە بۆ ئێمە، بۆ منفعەتی عام ئێمە بەرنامەیەکمان لە تەلەفزیۆنی هەرێمدا تۆمار کرد و لە تەلەفزیۆنی کەتیڤی هەولێر تۆمار کرد ویەکێک لەدهۆکی ولەگەڵ تەلەفزیۆنی گولان هەموو پێنج شەممان بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە، ئێمە پێمان خۆشە بەتایبەتی برادەرانی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمان بەشداریمان بکەن لەو بەرنامەیە چونکە بەراستی کێشەی

ئێمه پەروەردەیە، چۆن بیگەیەنینە خێزان، بە تصوری من تەلەفزیۆن باشترین وەسیلەیە کە بیگەیەنینە خێزان، بۆ نموونە مەسەلەی لێدان لەچەند ئەلقەیەک لەم بارەیەوە دواین، بۆچی لێدان هەبێت پێویستە لەماڵەوە لێدان نەبێت تاکو لە قوتابخانە فێر نەبێت، چونکە ئەگەر لەماڵەوە فێر نەبێت ردعێک بۆ هەر لێدانێک تو ردعا وی بکەیت، مامۆستاش دەڵێت ئەمە هەر لەماڵەوە فێر بووین لەبەر هەندێ لێرەش لێدان بەکار دەهێنین، لەبەر ئەوە پێویستە هەندێ مەسەلە لەماڵەوە دەست پێ بکەین، بۆ گەیشتنی ماڵیش بە تصوری من تەلەفزیۆن وسیلەیەکی باشە لەبەر هەندێ ئێمە لە زنجیرە بڵاوی دەکەینەوە، یەکێک لەسەر خطە، کە مامۆستا خطەی هەبێت یەکێک لەسەر سەردانی بەرێوە بەر بۆ مامۆستا و دەوری بەرێوەبەر چییە، دەوری خێزان چییە، کۆبوونەوەی باوکان لەگەڵ مامۆستاکان ئەو کۆبوونەوانە زیاد بکەین، تاکو ئەو سێ سەعاتە لەلای ئێمە ئێمە بیانگەیەنینە خێزان کە کوری تۆ یاخود کچی تۆ وەزعی زانستی ئەوەیە، تاکو ئەوانیش ئەو ماوەیەی ئەو بیست ویەک سەعاتەی لای ئەوان بگەیەنێتە مامۆستای کە ئەگەر ئەو گرێدانە خێزان لەگەڵ قوتابخانەی هەبێت بیگومان وەزعی پەروەردە بەرەو پێشەوە دەروات، من لێرە کۆتایی پێ دێنم جارێکی تر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان سوپاس بۆ هەموو ئەندامان، وئێمە ئامادەین بۆ هەر پرسیارێک، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەرێز عبدالعزیز طیب دەکەین وەزیری پەروەردە بۆ ئەم زانیارییە بەنرخەی دای مادام مجالی داوە تۆزێ کاتمان هەیە ئەگەر پرسیار وشتکێتان هەبێت، ئەوانەی دەیانەوێ پرسیار بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە،بەڵام تکام ئەوەیە کە پرسیارەکان دووبارە نەبنەوە، خۆی مافی وەزیری پەروەردەیە کە وەڵامی پرسیارەکان نەداتەوە یاخود دوای بخات بە ئارەزووی خۆی، کاک سەفەر فەرموو.

**بەرێز سەفەر محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە کاک عبدالعزیز طیب بۆ ئامادە بوونی بۆ پەرلەمان ئەو باسەی لەبارەی پەروەردە، کابینەی چوار بەراستی لەبارەی پەرەوەردە کارێکی بەرچاوی کرد، زۆر سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەین بەدرێژی و فرەیی باسی بابەتەکەی کردوگوتی کە پلانێکمان هەیە بۆ دوای دوو سێ ساڵ لەو ماوەیەدا کە هیچ کێشە نەمێنێ کە کێشەکان بنبڕ بکەن لە بواری پەروەردە، لەباسەکەی زۆر متفائل بوو کە زۆر شتی باش کراوە لەوانە مخصصاتی مامۆستا پێش چەند مانگێک دابین کرا، وهیواداریـن کـە جـەنابی وەزیری پەرەوەردە پێش کـەوتوو بێت و سەرکەوتوو بێت لەکاری خۆیدا، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عبدالعزیز.

**بەڕێز عـــبـــدالعـــزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من نەمووتووە بنبڕ دەبێت هیچ گرفت نامێنێ، كێشەی پەروەردە هەر هەیە وا تصور دەكەم كێشەی هەرە سەرەكی ئەگەر ئەم فێسە بمێنێ ئەم دەعمە مادیەی ئەنجومەنی وەزیران و بەتایبەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كە وەزعی پەروەردە بەرەو پێشەوە ببات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، كاك رەجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبـــــان طیب:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی وەزیری پەروەردە نەیهێشت گفتوگۆی لەسەر بكەین چونكە وەكو دەزانین سێ لایەنە لایەنێكی كتێبە، لایەنێك مامۆستایە، لایەنێكی تر قوتابیە، دراسەتێكی تێروتەسەل لەسەر هەمووی كرد، پاش هەندێك وەزعی هەركەسێكی بۆ ئێمەی دیار كرد كە چ جۆرە گرنگییەكی تایبەتی بە قوتابیان بدرێت، پاشان منهج بگۆڕێت ولیژنە پێك بێنێت پاش هەندێ وەزعی مامۆستا چ ببێت، بەلام وەزعی پەروەردە زۆر زۆر بەرفرەیە گۆڕانی هەر دەبێت تێدا هەبێت وئێمەش هیوادارین كە ئەم كەموكوڕیە بەجهود پڕ بكرێتەوە، كە وەزیری پەروەردە ببینین وەكو مامۆستایەك و وەكو موشرفێك وەك بەڕێوەبەرێك دێتە ناو ئیشەكە كە هەر كەم و كوڕیەك هەبێت لە پەروەردە بۆمان پڕ بكاتەوە، دەربارەی وەزعی مامۆستا هەرچەند مخصصاتیان بۆ زیاد كرا بەلام پێشنیارێكی تر هەیە كە تشجیعە بۆ ئەو كە اعادەی نەزەر بكرێتەوە لە یاسای خدمەی مەدەنی، چونكە زوجیە بڕەپارەیەكی زۆر زۆر كەمە هەرچەندە ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی كردووە بەلام با وەزارەتی پەروەردە تەبەنی بكات ئەو پێش هەمووان پێشكەشی بكات، ئەمە علاوەیە و ترفیعە ئەوانە زۆر كەمە كە ئەوەش دەبێتە هاندانێك بۆ مامۆستا كە زیاتر خۆی ماندوو بكات، دووەم دەربارەی تاقی كردنەوەكانی پۆلی شەشی سەرەتایی ئێمە زۆرمان پێ خۆشە كە دەرجە لەگەڵ ٥٠ ٪ ئەگەر سەد لەسەد بێتە سەر تاقی كردنەوە گشتییەكان وابزانم باشترە كە زیاتر گرنگی بە مامۆستاش دەدرێ پاشان قوتابی زیاتر سوودمەند دەبێت، ومستوای فێركردنیش بەرزتر بێت، دەربارەی قەزاو ناحیەكان وابزانم جەنابی وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ كرد كە زۆر معانات هەیە بەتایبەتی دەربارەی مامۆستای اختصاص، بۆ نموونە فیزیایە، بیركارییە، ئینگلیزیە، پێشنیارەكە زۆر رێك وپێكە كە بەشی ناوخۆ بكرێتەوە هەندێ لە مامۆستاكان پێشنیار دەكەن مخصصاتی سكنی و سەفەری بیدەنە مامۆستا ئەوانەی كە پانزە ساڵە وبیست ساڵە خدمەیان هەیە و هاندانێكە بۆیان كە بێنە ناحیەو قەزاكان. چونكە قوتابی لە قەزاو ناحیەكان مغدورترە لە قوتابی پارێزگاكان، بۆ نموونە اختصاص هەیە لە عەرەبی و یان لە فیزیا یان لە كیمیا لەوانەیە تەنها وانەی صفی شەش دەڵێتەوە كە تەنها مامۆستایەك كە خبرەیەكی زۆر باشی پەیدا كردووە

لەوانەیە قوتابی هەیە نەوەد وەردەگرێت نەوەد وپێنج وەردەگرێت لەوانەیە لە قەزاکان وناحیەکان دێت کەپاش ساڵێک دوو ساڵ نقل دەبێت مانای وایە قوتابی سوودی لێ وەرناگرێت چونکە هەندە خبرەی نییە، هیوای ئێمە ئەوەیە کە یان مخصصاتیان بۆ سەرف بکرێت یاخود قوتابی بێنە جیاوازی کردن بۆ نموونە ئەو لە طب وەربگیرێت یاخود هندسە ئەگەر بۆ مەرکەزی پارێزگا نەوەد بێت با بۆ قەزا و ناحیەکان هەشتا بێت یا هەشتاو پێنج هەشتاو شەش بێت تاکو قوتابی لەو لایەنە مغدور نەبێت، ئەگەر قیاس بکەین لەوانەیە زۆر باشتر بن ئەگەر مامۆستایەکی اختصاص وپسپۆر هەبێت.

بەراستی کەم وکوری وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد بۆ نموونە ئێمە سەد گوند هەیە وەکو پارێزگای ئاکرێ کە سەد گوند محرومن لە خوێندن کە ئەمەش خوا قەبووڵ ناکات ئێمە دەمانەوێ گرنگییەکی تایبەتیان پێ بدرێت و هیوای سەرکەوتن بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عبدالعزیز.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مەسەلەی یاسای خدمەی مەدەنی بەراستی ئێمە هەموو تێبینیمان هەیە، چەند جار ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر کراوە پرۆژەیەکیش لە لای بەڕێز کاک سەرکیس هەیە دەربارەی ئەمە و زۆر هەوڵدان هەیە و ئێمەش هەموو هەوڵ دەدەین کە پێویستی بە تعدیلێک هەیە ئەمەش وەزارەتی دارایی معنییە بەو بابەتە، ئەوەی تر مەسەلەی دەرجەی دەرچوون لە پۆلی شەشی سەرەتایی من نازانم هەندێ مەسائیل زۆر گرنگە کە پێویستە کۆنفراساتی بەرفرە ئەگەر کۆنگرەش نەبێت بەڵام کۆنفراساتی مەزن بکرێت بۆ گۆڕینی مەسائیلی تایبەتی، ئەگەر تۆ پرسیار لەمن بکەیت لەوانەیە زۆر جار گفتوگۆ کرابێت لەگەڵ وەزارەت و رایان وەرگرتووە یەکێک لەسەبەبی دابەزینی مستوای علمی لەوانەیە ئەو مەسەلەیە ٥٠٪ بێت، یانی بە تصوری من لە قوتابخانە سەرەتاییەکان مەسەلەی تاقی کردنەوەی وزاری هیبەتی خۆی هەیە، بەتصوری من ئەگەر سەدێ با تاقی کردنەوەکان تا باشتر بێت و را زۆر هەیە کە جیاوازە کە هەندێ را دەڵێن هەفتاو پێنج بێت کە دەرەجەی کۆتایی حەفتا وپێنج بێت یانی بیست و پێنج لەسەدا بۆ نشاطاتی مامۆستا بێت من پێم خۆشە ئەم دراسەتە بەرەو پێش بخەین و پسپۆر ئامادە بکەین تاکو بریاری ئەم مەوزوعە بدەین، مەوزوعی اختصاص ئێمە بریارێکمان هەیە کە کاک سەرکیس ئامادەیە موافقەی لەسەر کردووە، ئەوانەی لە هەولێرن بە دەرەجەی خۆیان گەیشتینە ئێرە پانزە ساڵ دە ساڵ خدمەیان هەیە بەڵام لێرە فائضە مخصصاتی زیاترە بۆ نموونە لەدهۆکی هەیە لە هەولێریش هەندێ مجال هەیە کو ئەم پارەکی زیاتر بدەینێ یان بیهێنین بیگەیەنینە ئەو ناوچانەی کە کەموکوری تێدایە و ئەمساڵ لە بەرنامەی ئێمە واردات دەبێت زۆرتر بێت، بۆ مەسەلەی گوند، ئێمە احصائیاتمان هەیە کە سی

وپێنج گوند له ئاكرێ ژمارەی وا هەیە كە لەبیست ودوو خێزان زیاتره چونكە ئێمە مقیاسێكمان وەرگرتووە كە هەر گوندی بیست خێزان بێت وسی وپێنج گوند هەیە كە قوتابخانەی لێ نییە، بەڵام تركیبی هەندێ عەشائر لە هەندێ گوند لەوانەیە هەندێ اشكالات دروست بكات بۆ دامەزراندنی قوتابخانە، بەڵام ئێمە بەردەوامین بەڵام هەندێ گوندی تر هەیە كە دەگاتە حەفتا گوند كە ژمارەیان لەوانەیە پێنج ماڵ بێت شەش ماڵ بێت لەو بەینەن ئەوە بۆ ئێمە زەحمەتە ئەو تەوەجوهاتە ئێمە ئەوەیە كە سێ گوند چوار گوند بگەیەنینە یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید محمد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێكم لە جەنابی وەزیری پەروەردە هەیە ئەویش لای هەموولایەكمان ئاشكرایە، زمان چەند پاک وپاراو سانا بێت بەكارهێنانی كە بەزوویی قوتابییانمان فێر دەبن تاكو یەک زمانی سەرەكیمان نەبێت ئەوە هەروەک هیچمان نەكردووە، دەربارەی یەكەمین مەرجی دروست كردنی یەكێتی نەتەوەی كوردمان چونكە مەعلومە یەكبوونی زمان مەرجی سەرەكی میللەتە ئێستاكە بە لەهجەی كرمانجی سەروو بە لەهجەی كرمانجی خواروو بە شێوەی یەزیدیەكان، یانی ئێمە ئەو تەرتیبەمان كرد لەسەر ئەو ئەساسەی كە بە زمانی كرمانجی سەروو چاپ بكرێت تاكو چواری سەرەتایی، ئێستا ئەوە گەیشتە سێی سەرەتایی ساڵێكی تر دەگەنە چواری سەرەتایی یانی بەشێوەی كرمانجی سەروو بەشێوەی كرمانجی خواروو ئێستا بەدوو جۆر ئێمە مناهجمان چاپ كردووە، مع العلم ئەگەر ئێمە بمانەوێ میللەتی كورد دروست بكەین مەرجی سەرەكی ئەوەیە زمانە، ئەمڕۆ تۆ بەزمان فێری هەموو شتێک دەبیت، ئێمە تاكو ئێستا میللەتمان بە دوو شێوە بخوێنی، تاكو ئێستا وەزارەتی پەروەردە چی كردووە بۆ دیاری كردنی زمانێكی ئەستاندارد كە تێیدا هەردوو شێوە یان هەر شێوەیەكی تر هەبێت بە لەهجەی یەزیدی بێت یاخود بە لەهجەی منگوری بێت بە هەر چ بێت بە لەهجەی گۆران بێت بەهەر لەهجەیەک بێت بۆ یەكبونی زمانی كوردی چیمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاک عبدالعزیز.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی كاک سەعید ئاماژەی بۆ كرد، خاڵێكی زۆر زۆر گرنگە وەكو دەڵێم ئێمە هەمی تفكیری پێ دكەین، بەڵام بەتصوری من ئەوە ئیشی پەروەردە نییە، بەتایبەتی مەسەلەی یەكبوونی زمان، زمانێكی یەكگرتوو ئێمە هەموو ئیشارە دەكەین كە زۆر گرنگە لەوانەیە لەزەمانی

خۆیدا مجمعێک هەبووە زمانی یەکگرتوو بووە لە زەمانی عێراقی دا سەری نەگرتووە وبەرەو پێش نەچووە، ئەمڕۆ ئێمە ئازادین دەبێ مجال بدەین شتێکی باشتر بکەین بەتصوری من لیژنەیەک هاتیە یاخود پسپۆرە لە بواری زماندا کە پێک هاتووە با صیغەیەک بدۆزێتەوە، بە تصوری من لەوانەیە وەکو زانیاری بدەین ئێمە ئامادەین وهاریکارین بۆ ئەم وارده بەڵام شتی تر وەکو زمان نازانم زمان حەقێکی سروشتی هەموو انسانێکە مافی زاروکییە کە بە زمانی خۆی یاخود ئەگەر هەبێت زمانێکی موحد هەبێت لهجەیەک ئەگەر بێتو تۆ دەوڵەمەندی بکەیت لهجاتی هەی کە بە زمانێکی یەکگرتوو پەیدا بکەیت بە تصوری من لهجاتا دەوڵەمەند بکەیت لە کۆتاییی دەبێت دەوڵەمەند کردنی زمان بە شێوەیەکی گشتی هەرکاتێک هاتوو زمانێکی یەکگرتوو پەیدا بکرێت، ئێمە هەردەم هەوڵ دەدەین و توصیە دەکەین وان مفردات وان مشترک بێت نەک هی یەک ناوچە بەکار بێن، ئێمەش چاوەڕێین ئەو بابەتە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنێکی گەرمی مامۆستا دەکەین وەزیری پەروەردە، پێی ناوێ بەدرێژی بلێم، پرسیارێکم هەیە، کە ئەو مسحە بکرێت ژ بۆ زانینا زارووکی یەک رۆژی تاکو شەش ساڵی لەهەر ناوچەیەکی جوگرافی، ئەگەر لەوێ مەسحێک بێتە کرن بۆ زانینا نەخوێندەوارا لە هەردوو رەگەزا نێرو مێ ونەخاسمە وهزری لێ کری دەستا بنبڕ کرنا نەهێلانا نەخوێندەواریا، پرسیارا من ئەوەیە لە بەرنامەی داهاتوودا چییە بۆ نەهێلانا نەخوێندەواریا وکەی دەست پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکە زەهرا سێ بیانات هەیە استمارات هەیە من ئاماژەم بۆ نەکرد پێم خۆشە ئاماژەی بۆ بکەم، بیانا بچووکی یەک رۆژی تاکو شەش ساڵی و یەکی تر سنێلە ژ حەفت ساڵی تاکو پانزە ساڵی ئەم دبێژی مدارس یافعین هەمووی ژ تەسبیت بکەین و شازدە ساڵی تاکو چل وپێنج ساڵی بۆ ئومی ئەمە هەرسێ بیاناتا بۆ ئێمە لازمە وەکو استمارە تسبیت کراوە، یەکی تر بۆ حملەیەکا نیشتمانی بەراستی ئەو حملە زۆر زۆر سوودمەندە بۆ نەخوێندەواری بەڵام بە تصوری من امکانیاتی زۆر دەوێ، وحاجەتێکی زۆر مان هەیە بۆ نموونە ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد چەند ئاواهیێا پێویستین کو وان استغلال بکەین لوان فێسا، ژ بەر هەندێ ڤێگاڤێ ئەمە کێ پاڵ بدەین رێکخراوێت (NGO)، چونکە رێکخراوی (NGO) پارەکەی جودایە، ئێمە وا پاڵ بدەین مە بۆ معلوماتی

هەتاكو ئێستاكە پار ساڵ حدودێ سێ هەزارو پێنج سەد مە نەهێلانا نەخوێندەواری مە بۆ کرن چەند صفمان بۆ كردن ئەم ساڵ لەگەڵ رێكخراوێ دیانكونیا پێنج هەزارن یانی ڤێكاڤێ لەوێ دەركرێ ێ لەگەڵ هەندێ رێكخراوێ لوێ دركرێ محاولات هەنە ئەم ڤێكاڤێ لمجالێ ئەوی تر دەدا (NGO) و پاشان ئێمە محاولە دەكەین مجالی (NGO) تەواو ببێت كە ئێمە بزانین چەند مەسحی خۆ بكەین كە ئێمە چەند پێ لازمە تاكو ژمارەیان نەزانین وتوانای خۆمان دیاری بكەین كە چەندە كەچەند پارەمان لازمە، بەڵام بۆ زانیاری ئێمە هەوڵمان داوە مسحێكمان كردووە كە لە هەموو گەرەكەكانی ژ بازێرێ زیاتر هەلێ هەبێت ئەم محاولە بكەین محو الامیە لە گەرەكەكان بكەین ئەو مسحەش لەگەڵ مدیریاتی شرطە محاولەمان كردووە تنسیق بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە دەكەم، بە پشتیوانی دۆستانی گەلەكەمان بە تایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی كە بایەخێكی زۆر گرنگ بە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەدات بە تایبەتی لە بواری پەروەردە ورۆشنبیركردنی گەلەكەمان، ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەكەین بەتایبەتی لە كابینەی سێیەم و چوارەمدا هەردوو بەرێزان سەرۆكی حكومەتی هەرێم لەو دوو كابینەدا بایەخێكی زۆر تایبەتی یان داوە بە پەروەردە و ئەوەی ئێستا لە كابینەی چوارەم بەدی دەكرێ ئومێدەكە گەشتر دەكات، لە راستیدا ئەو خاڵانەی جەنابی وەزیر باسی كرد زۆر بەی زۆری ئەو خاڵانە ئەو خاڵانەن كە پار ساڵ و لە سەرەتای ئەم ساڵی خوێندنی ١٩٩٩ـ ٢٠٠٠دا لەگەڵ مامۆستایانی پسپۆر لە بوارە جیا جیاكانی خوێندن كە كۆبونەوەمان لەگەڵدا كردن ئەو خاڵانەی كە جەنابی وەزیر باسی كرد ، چارەسەرمان بۆ دۆزینەوە،تێبینی خۆمانمان لە سەر دیاری كردوە و ئاراستەی وەزارەتی پەروەدەمان كرد لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە، خۆش بەختانە دەبینین ئەو تێبینیانەی ئێمە زۆر بەی زۆری جێگای خۆی گرتووە كە جێی خۆشحاڵی ئێمەیە و ئێمە زۆر سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەكەین كە ئەم تێبینیانەیان لە بەر چاو گرتووە،لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شت هەیە دەمەوێ بیخەمە بەر چاوی جەنابی وەزیر، هەندێ تێبینی هەن گرنگن بۆ ئەوەی ئەو كەلێنانە لە ناو پەروەردەدا نەمینێت و رەوتی یاسایی خۆی بگرێت، بۆ نمونە وەزارەتی پەروەردە پەیرەوی وەزارەتی نیە ئەوە كەلێنێكە هیوا دارم بتوانن پری بكەنەوە،چونكە ئەو ئەركەی خراوەتە سەر شانی شتێكی گرنگ و پیرۆزە بۆ ئەوەی نزامی بێت و رەوتی خۆی وەربگرێت باش ترە،دوو: سەبارەت بە خوێندنی توركمانی و سریانی، مدیریەتی گشتی توركمانی كراوەتەوە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ئەم بەرێوەبەرایەتیە بەم شێوەیە نیە، ئەگەر پێویست دەكات و بە زەروریەتی دەزانن حەق وایە بێن لە پەرلەمان داوای بكەن تاكو یاسای وەزارەتی پەروەردە هەموار بكرێت.

لەم خالەدا سەبارەت بە قۆناغی خوێندنی سریانی و تورکمانی بە پێی یاسای وەزارەتی پەروەردە تەنها تاکو قۆناغی شەشی سەرەتاییە، کەچی ئێستا دەبینین سەبارەت بە خوێندنی تورکمانی تاکو پۆلی سێی ناوەندی و خوێندنی سریانی تاکو پۆلی دووی ناوەندی هەیە بۆیە تاکو رەوتی یاسایی خۆی وەربگرێ ئەمە لە یاساکە جێگای خۆی بگرێتەوە.گرفتێکی تر هەیە جەنابی وەزیر باسی ئەزمونە گشتیەکانی کرد من هەندێ تێبینی بچوکم هەیە دەربارەی ئەزمونە گشتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە خارجیە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، ئێمە کە چوین سەردانی قوتابخانەکانمان کرد لە کاتی ئەزمونەکاندا بە تایبەتی لەم هاوینە کە زۆر گەرمە تکام وایە لە وەزیری پەروەردە ئاگاداری لیژنەی ئەزمونەکانی گشتی بکات چ خۆیان یان لیژنەی ئەزمونەکان ئەم شتانە بۆ هۆڵی ئەزمونەکان دابین بکەن وەک کارەبا کە زۆر زۆر گرنگە چونکە لە کاتی ئەزمونەکاندا ئەو قوتابخانانەی کە ئەزمونەکانی تێدا ئەنجام دەدرێ دەبێ کارەبای هەبێت جاچ ئەم کارەبایە بە رسمی دابین دەکەن یان بە موەلیدە دەبێ ، دوو: ئاو لەو قویابخانانە هەبێت، سێ: بەفر چونکە گەرمە پێویستە ئاوی خواردنەوە هەبێت پارساڵ دەیان نارد بەلام کەم بوو، چوارەم پانکە هەبێت لەو قوتابخانانەی کە بە داخەوە تاکو ئێستا پانکەیان تێدا نیە وەهەروەها فێنک کەرەوە لە زۆر قوتابخانەکان بە تایبەتی ئەو قوتابخانانەی کە هۆڵەکانیان گەورەن ئەمانە پێویستی گرنگن دەبێت دابین بکرێت دابین کردنی ئەو پێویستیانە چ وەزارەت دابینی بکا یان لیژنەی ئەزمونەکان ئەوە شتێکی گرنگە و پیرۆزە،تێبینیەکی ترم هەیە باسی شەشی سەرەتایی کرا کە ئیمتحان لە ١٠٠ بێت یان لە ٧٥ بێت یان لە ٥٠ بێت هەڵبەتە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بابەتەکانتان چر بکەنەوە چونکە کاتەکەمان کەمە هەوڵ بدەن پرسیار و تێبینی برادەران دووبارە نەکەنەوە،

**بەڕێز د. ناصح غفور رمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە ئیمتحانی شەشی سەرەتایی لە زۆر وڵاتان هەر بۆ شەشی سەرەتایی ئیمتحان نەماوە ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەی کە ئیمتحان نەمێنێت تاکو بڵێم ئیمتحان بمێنێت یان نەمێنێت حەز دەکەم بزانن کە لە عێراقیش ئەمە نەماوە تەجروبەیەکیان لە زۆر بەی قوتابخانەکان کرد لە یەکی سەرەتایی تاکو سێی ناوەندی بە نۆ حساب بێت،ئەوە بێت یان لە سەد بێت جاران کە لە

سەد بوو بە بروانامەی شەشی سەرەتایی دادەمەزرا، ئێستا شەشی سەرەتایی بۆ دامەزراندن بە کەڵک نایەت ئەگەر بۆ مەسائیلی تریش بێت باوەر ناکەم ئەوەندە کاریگەری هەبێت بمێنێت یان نا لەگەڵ ئەو رایەم کە پێویستی بەوە هەیە کۆنفرانسێک ببەسترێت. سەبارەت بە دامەزراندنی ئەوانەی کۆلیژی پەروەردە جەنابی باسی کرد من سەدا سەد لەگەڵ ئەوەم بەلام خاڵی تر هەیە ئێمە کۆلیژی ئادابمان هەیە کۆلیژی ئابوریمان هەیە کە بۆ هەندێ وانەی وەک بیرکاری پێویستە ئێمە هانی ئەو کەسانە بدەین کە لە بواری خوێندن هاوکاری بکەن و ئەوانەش دابمەزرێنین، کاتی خۆشی چارەسەرمان بۆ دۆزیبووەوە، ئەوانە دەبێ تەعەهودیان لێ وەر بگیرێ واتا کاتێ لە کۆلیژ وەریان دەگرین تەعەهودیان لێ وەر بگیرێ بە تایبەتی کۆلیژی پەروەردە،یان ئەو مادانەی کە ئەمرۆ پێویستیمان پێی هەیە.سەبارەت بەخاڵەکانی تر من بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە هەموو خاڵەکانی تر دەکەم خاڵی زۆر گرنگی باس کردن سوپاسی دەکەین .سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەگەر پرسیار هەیە پرسار بکەن ماوەمان کەمە، لە راستیدا جەنابی وەزیر رون کردنەوەیەکی باشی دا لە بارەی بابەتەکە بە رێک و قوڵی چووە ناو بابەتەکە لێرە ئێمە ناتوانین بریار بدەین فلان شت بکەین یان نەی کەین ئەم بە دوا داچونە تەنهابۆ ئەوەیە کە شتێ دیار نیە غامزە پرسیار بکرێت مەبەستیش لە دانیشتنەکە ئەوەیە بۆ یەتکام وایە پابەندی ئەوە بکرێت،چونکە یەک کەس درێژەی بە بابەتەکە داوە. جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت پێڕەو ئێمە خۆمان بۆ ئامادە کردوە من وای بۆ دەچم تەنها وەزارەتی پەروەردە ئەم کەلێنەی نیە، هەندێ وەزارەتی تریش ئەمەی هەیە ،لەئەنجومەنی وەزیران لێژنەیەک بۆ ئەم بابەتە دروست بووە کە لە چەند وەزیرێک پێک دێت بۆ بەدوا داچونی پێرەوی وەزارەتەکانە و بە زووترین کات تەواو بێت و بیبەنە ئەنجومەنی وەزیران،من ئاماژەم کرد کە ئێمە کەماتیمان هەیە لەبەر ئەوەی چەند بەرێوەبەرایەتی وەک بەرێوەبەرایەتی تورکمانی و سریانی و هی تر زیاد بووە، ئەوانە هەموو کە د. ناصح ئاماژەی بۆ کرد راستن، ئێمە لە هەوڵ داین ئومێدەوارم لەو زوانەدا چارەسەری بکەین، هەندێ گرفت هەن گشتین بابەتی کارەبا گشتیە تاکو ئێستاش ئەوەندە نیە کە بیدەنەوە بۆیە ناکرێ هەر قوتابخانەیە لەقوژبنێکدا هەبێت ئێمە هێڵی بۆ ببەین، ئەوەی تر مووەلیداتی ئەهلیە، پێش ئەزمونەکانیش هەر قوتابخانەیەک کە ویستویەتی هێڵی ئەهلی بۆ خۆی رابکێشێ ئێمە پارەمان بۆ سەرف کردوون من نازانم چەند هۆڵ چارەسەر کراوە من نازانم، سەبارەت بە بەفرو ئاویش ئەوە زۆر گرنگە داین بکرێت. سەبارەت بە دامەزراندنی دەرچوانی کۆلیژەکانی ئاداب و علوم و ئابووری ئێمە گفتوگۆمان لە سەر کردوە تەرکیزمان لە سەر زۆر اختصاص کردوە، ئەوەی پێویستمان پێی بووە، هەر پێویست بێ لەو هاوینە دەورەیەکی تەدریس دەکەینەوە بۆ قەزایای ئیداری، زۆر بۆ ئێمە گرنگە، لەو بارەیەوە لەگەڵ هەردوو زانکۆ رێک کەوتووین سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدوالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوانە، زۆربەی پرسیارەکانم برادەران کردیان و روون کرایەوە بەس من یەک پرسیارم هەیە، لە تەجروبەی ئەو یەک دوو ساڵەی رابردو لە بارەی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە وەچ کردارێکی عەمەلی و مەلموس کراوە بۆ ئەوەی کە قوتابی ئیمتحانی بە ئیسراحەت بێت جا ئەوە بە دابین کردنی کارەبایە یان بە دابین کردنی ساردکەرەوەیە، بەراستی ئەوە گرفتێکی گەورەیە بێجگە لەوەی کە لە هەندێ هۆڵی گەورە پێویستە کارەبایان بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن بە رۆژ بخوێنن لەبەر ئەوەی ئیستا لە مەڕ کارەباوە بارێکی خراپمان هەیە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدوالعزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدوالخالق وابزانم من ئاماژەم بەوە دا ئێمە هەموومان گرنگی بەم لایەنە دەدەین تەقدیری ئەوەش دەکەین کە چەند پێویستە بەلام مەسەلەکە هەندێ ئالۆزە کە ئەوەندە مووەلیدە و کارەبایە دابین بکەین مەسەلەیەکی ئەوەندە ئاسان نیە لەبارەی موبەریدە ئێمە دەتوانین چارەی بکەین دەتوانین لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەمە چار بکەین لە بوودجەی خۆماندا، بەلام بابەتەکە زیاتر فەنیە، چەندی بتوانین ئێمە دریغی لەوەدا ناکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ روون کرد نەوەکانی بەڕێز وەزیری پەروەردە و زۆر سوپاسی دەکەین کە لە کاتی خۆی تەرخان کردوە و لێرە ئامادە بووە. ئێمە هاو راین لەگەڵیدا و ئومێدەواریشین ئەو بە دواداچون و پرسیارانەی ئێمە ببێتە پاڵ پشتێکی زیاتر بۆیان، من درێژە بە قسەکانم نادەم من چەند پرسیارێکم هەیە هیوا دارم کە جەنابیان ولامم بداتەوە، سەبارەت بەو قوتابیانەی کە ئیمتحانی پۆلی سێیەم دەدەن خوا نەکا ساقیت بوون بە زمانی عارەبی و ساڵەکی تر دراسەیان دەبێتە کوردی کە کارێکی زۆر گرانە بەرای من بەلانی کەم ئەو ساڵەیان بۆ بە ساڵی نەکەوتن (سنة عدم

الرســـوب)حساب بكرێت وچارەیەكی بۆ دابندری خزمەتێكی باشی ئەم قوبابیانە دەكات. پرسیارێكی ترم هەیە ئەوەیە كە مەنهەجی خوێندنمان پرە لە ئەدەبیاتی ئەو لایەنەی كە كیمیا باران و ئەنفال و كۆكوژی لە دژی ئێمە ئەنجام داوە، توانا هەیە ئەو مەنهەجانە بگۆردرێ هەرچەندە وەكو من زانیاریم هەیە لە رێنوێنی جەنابی وەزیری پەروەردە دا ئەوەی هاتوە كە هەندێ لەو مەنهەجانە لابیرێت بەلام ئەم كتێبانە لە نوێ چاپ بكرێت و لەو بابەتانە پاك بكرێتەوە ئەوە شتێكی باشە. جەنابی وەزیر ئاماژەیەكی بە خولەكانی مامۆستایان كرد، گومان لەوە دانیە كە جەنابیان خەڵكی دهۆكە و وەكو كەسێكی دهۆكیش ئێمە هەموومان دەزانین كە موعاناتی ئێمە چیە سەبارەت بە مەنهەج،ئێمە ئومێدەوارین كە هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ بەهێز كردنی ئەو شێوە زارە، چونكە خولە هاوینیەكان بۆ مامۆستاكانمان ، وەكو جەنابیان شارەزان شێوەزارێكی زۆر گرانە و تەجروبەی یەكەمە و ئێمە نەمان دیوە بۆیە زۆر پێویستە ئەو هاوینەبە هەڵ بزانن مامۆستاكانی ناوچەكە دەورەی بەهێز كردنیان بۆ بكرێتەوە بۆ فێر كردنی لەهجەكە چونكە زۆر گرنگە.
پرسیارێكی ترم بۆ جەنابیان هەیە سەبارەت بە مامۆستای زمانی انگلیزی ئێستا لە بادینان نەقصێكی زۆرمان هەیە ئەوەش لەوانەیە هۆیەكەی بگەرێتەوە بۆ چونی ئەوان بۆ دەزگا بیانیەكانی یان رێكخراوەكان. ئێمە كاتێ قوتابیەك پێ دەگەینین مەسرەفی لێ دەكەین بۆ ئەوەیە كە خزمەتێكی گەلەكەی بكات نەك بۆ ئەوەی راست بچێتە رێكخراوێك ، ئێمە دژی ئەوە نین كە بچێت لە دەزگایەك كار بكات بەلام بەلانی كەم خزمەتێكی گەلەكەشی بكات، لە بەر ئەوە نەقسێكی گەورەمان لەو ناوچەیەدا هەیە لەوانەیە راتبیان زیاترە و ژیانی باشترە،دەشبێ خزمەتێكی گەلەكەشی بكات چونكە ئەو ولاتە ئەوی پێگەیاندوە، جەنابی وەزیر زۆر جەختی لەسەر لێدانی قوتابی كرد بەبیرم دێت لەسەر ئەم بابەتە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە پەرلەمانی بەرێتانی گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە كراو وابزانم بریاریشی لە سەر درا كە بمێنێت، لە و زروفەی ئێمە وەسائیلی لەهو زۆرن رەدی جەنابی وەزیر ئەوەیە كە نەمێنێت بە رای جەنابیان بەدیل چیە بۆ ئەمە تاكو قوتابی لە خەت لانەدەن بە دیلەكە چیە؟ ببورن كە قسەكانم درێژ كردەوە ئەلف و بائی لاتینی بەلانی كەم لە قۆناغی سەرەتایی داخلی مەنهەج بكرێت ، سوپاس

**بەرێز ســـــەرۆكی ئەنجــــومـــــەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز عـــبــدوالعـــزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز ســـــەرۆكی ئەنجــــومـــــەن:**

سەبارەت بە پۆلی سێیەم وانەی كوردی ئەوە هەشت ساڵە خوێندنە عارەبیەكانیش وانەیەكی كوردیان هەیە لازمە لەو هەشت ساڵەدا فێر بووبن لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوامان لە هەردوو پەروەردە كرد كە ئێمە چەند ساقتمان هەیە ئەگەر ژمارەی ساقیتەكانمان بە دەست گەیشت ئەو كاتە ئێمە دراسەیەكی بۆ دەكەین. لەوانەیە ئێمە بگەینە ئەوەی لەو ناوچەی كە راسبی زۆرە ئەو پۆلە

عارەبیە بهێلین و بەردەوامی بدەینی تاکو ئەو قۆناغە دەبرین. سەبارەت بە مەنهەج ئێمە زۆر رستەو کەلیمەو ئەوەی لە گەڵ واقعی ئێمەدا ناگونجێ چ سیاسی بێت یان زانستی بێت زۆر بەی لابراوە و حەذف کراوە لە هەمان کاتیشدا هەموو مەنهەجێک دراسەت دەی گرێتەوە لەو شازدە لیژنەیەی کە ئێمە پێکمان هێناوە ئەگەر شتێکی تر ببینێت ئەوە هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین،سەبارەت بە کردنەوەی خولی بەهێز کردن ئێمە لە هێڵی خۆمان دامان ناوە لەگەڵ یونسکۆ بەتەئکید بۆچونەکانمان لە بەر چاو دەگیرێ. سەبارەت بە وانەی ئنگلیزی لەوانەیە ئەوساڵ باری ئێمە باشتر بێت چونکە ئێمە ٢٨ قوتابیمان هەیە ئەوساڵ دەر دەچن لە بەشی ئنگلیزی لە زانکۆی دهۆک، ئێمە سەرژمێریەکیشمان کردوە بەو ٢٨ دەرچووە کە دایان مەزرێنین ، ئەو بابەتە تا رادەیەک چارەسەر دەبێت.سەبارەت بە کۆلیژی پەروەردە ئێمە بەرنامەجمان هەیە بیدەینە ئەنجومەنی وەزیران وای بۆ دەچم کە تەبەنی بکرێت بدرێتە هەموو وەزارەتەکان کە دەرچوانی پەروەردە لە هیچ وەزارەتێک وەر نەگیرێن.بابەتی لێدان جارێکی تر من جەخت دەکەمەوە ئایا ئەرکی ئێمە فێر کردنە ؟ یان پەروەردەیە ؟ئەگەر مەسەلە پەروەردەیە ئەوە ناوی وەزارەتەکەمان لەسەر ئەوە چڕ بکەینەوە بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە پەروەردە هاودژە لەگەڵ لێدانی منداڵان ، لەبەر ئەوەی تۆ بینای کەسایەتی یەکێ دەکەی لەسەر ئێمە پێویستە ئەو ئسلوبەی ئێمە کە من دەیبینم ئەو ئوسلوبەی ئێمە لە نێوان مامۆستاو قوتابی زیاتر پەیوەندیەکی عەسکەریە واتا وەکو ئەفسەر و جوندی سەیری بابەتەکە دەکرێت ، بەمانای کە بۆنێکی دکتاتۆریەتی لێ دێت، قوتابی لە سەر رەحلەی خۆی دانیشێت و جولە نەکات و زانستی بدەیتێ بە رای من ئەوە شێوازێکی موفەق نیە لەبەر ئەوەی ئەم منداڵە هەندێک پێویستی بە ئازادی هەیە ، ئەم منداڵانە پێویستیان بە چالاکی دەرەوەی پۆل هەیە، ئێمە هەوڵ بدەین ئەو چالاکیانە زیاد بکەین وەکو شێوازێکی پەروەردەیی، ئەو شێوازانە زیاد بکەین و هەوڵ بدەین وەسائیلی زانستی زیاد بکەین، تەرکیز لە سەر وەسائلی تشویقی بکەین بە رای ئێمە ئەوانە باشترە لە لێدان، ئەگەر لەکاتی لێدان منداڵێک لەدەستی مامۆستایەکەی مرد لێرەدا کێ تەحەمولی مەسئولیەت دەکات ،ناتوانم بە مامۆستا بڵێم کە لێدان بەکار بێنێ ، هیچ یاسا یەک ناڵێ کە لێدان بە کار بێنێت ، من دژی لێدانم و هەر چەندێک پێم بکرێت من دژی لێدان رادەوەستم دەبێت هەوڵ بدەین ئەو سیستەمە هێدی هێدی نەمینێت،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بنەماکە لە لانی دیموکراتی و لانی جیهانی و لانی مافی مرۆڤ و لانی پەروەردەیی مەمنوعە ناکرێ شتی وا بکرێت کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیەو دوو لایەنی هەیە ئاراستەیە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، لایەنێکی پرسیارەکە

ئەوەیە ئایا لە نەخشە و کارنامە و پرۆگرامی وەزارەتەکە چی کراوە بۆ لایەنی هونەر، هونەر بە هەردوو لایەنەکەی ئەوەی وەکو وانەیەک کە وانەی پەروەردەی هونەریە، کە وانەیەکی لاوەکی نەبێت گرنگی زیاتری پێ بدریت، لایەنی پرسیارەکە پەیوەستە بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان،لە کاتێکدا بە دڵ نیاییەوە دەڵێم وەکو ناسینمان بۆ جەنابی وەزیر کە دڵ خۆشکەرەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە بوارەکانی هونەرە جوانەکان و وەرزشدا کار دەکەن کە وەکو ئەزمونی هۆکارێکی گەورە بووە جۆشدان بە رەوتی هونەری کوردی و وەرزش، لێرە سەبارەت بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەرچەندە بەڕێزیان لە نزیکەوە سەرپەرشتی دەکات و چاودێری دەکات، ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کە دەزگایەک یان بەڕێوەبەرایەتیەک یان لایەنێکی بەرپرس هەبێت کەبە هۆی ئەوەوە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە لە شاری دهۆک و هەولێر هەیە تایبەتمەندیەکی خۆیان هەیە و گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە بواری رۆشەنبیری بە گشتی، پێویستیان بە بنایەکی تایبەتی هەیە کە پۆلەکانی ستودیۆ بێت، پێدا چونەوەیەک بە پرۆگرامی خوێندنیان لە زۆر لایەنان کە بتوانێ کاری خۆی بکات و مەبەستەکەی بپێکێ، لایەنی دووەمیان خوێندنی وانەی هونەر لەو بارە دەرچێت کە وەک وانەیەکی لاوەکی بێت، پتر گرنگی پێ بدریت پرۆگرامی تایبەتی هەبێت چونکە دەتوانێ کەسایەتی قوتابی بەهێز کاو بە هرەو تواناکانیشیان لە وێوە دەپشکوێن و پەرە دەسێنن هەروەها هونەر مەندانی گەورە بەهرەو سەرەتایان هەمە جۆیان لەسەر دەمی قوتابییەتیەوە بە تایبەتی لە سەر دەمی سەرەتاییەوە سەری هەڵداوە،بۆ ئەوەی بتواندرێ گرنگی پێ بدرێ زۆر لایەنی هەیە کە بتواندرێ پرۆگرامێکی بۆ دابندرێ تاکو ئێستا ئەو پرۆگرامە نیە وەکو وانەیەک دڵنیاشم هەموو ئەو کەسانەی کە بلیمەت بوون لە سەرجەم زانستەکان لە رادەی کێشی هونەریەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوون چونکە رۆڵی هەیە بۆ زیرەک بوون و کەسایەتی و توانا. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدولعزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە قسەکانم ئاماژەم بەوە دا و گوتم جارێک بۆ ئەو قۆناخە لایەنی هونەری و وەرزشی بکەینە بەڕێوەبەرایەتیەک لە سەر ئاستی وەزارەت واتا بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، دوو بەڕێوەبەرایەتیەکی هونەری و بەڕێوەبەرایەتیەکی وەرزشی بە رای من ئەوە پشتوانیەکە بۆ هەردوو لایەن،لایەنی تر من لەگەڵ تۆم ئێمە بلاو کراوەیەکمان بلاو کردوە و جەختمان لەسەر ئەوە کردوە تا ئەو رادەیەی بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی کە سێ قوتابخانەبن لە یەک بنادا ئەوە گرفتە کە دنیا تاریک دەبێت منداڵ هیچ نابینێت بۆیە وانەکانیان کەم دەکەنەوە،چ وانەیەک کەم کەنەوە؟ ئەوە وەرزش و هونەر کەم دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی تاکو چارەسەری ئەو بابەتە نەکەین ئەوە دەبێت ئەو وانانە کەم بکەینەوە،گرنگی دان بەلایەنی وەرزش و هونەر ئێمە جەختمان لە سەر کردوەتەوە،

لایەنی تر ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا دامان ناوە لە فێسی حەفتەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ئێرە دەکرێتەوە و لە فێسی هەشتەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی دهۆک دەکرێتەوە، ئێمە داخلمان کردوە هەر یەک بنایەکی رێک و پێک و متکاملی بۆ دادەندری، لایەنی تر پاڵپشتی کردنی هونەری ئەوانەی چوینە هونەرە جوانەکان، لەوانەیە ئێمە پرۆژەیەکمان لە بەر دەستی هەبێت خەریجی هونەرە جوانەکان ئێمە ئەوەلی هەندی پێویستی بە مەرکەزی پارێزگا ئەوەی تر لە قەزاو ناحیەکان دادەنێین ئەوەش پاڵپشتێکە کە هانی هونەر بدەین،دواتر لە پارێزگاکان دەست پێ بکەین و ئینجا قەزاکان دواتر ناحیەکان، چونکە مەعقول نیە ئێمە لە پارێزگا قوتابخانەمان هەبێت ٥٠٠ ، ٦٠٠ قوتابی تێدابێت مامۆستایەکی هونەری رەوانەی گوندێک بکەم کە هەر ٢٠ ، ٣٠ قوتابی هەبێت،یان دەبێ بیکەینەوە یان وەکو دەڵێن دە یەکەمەکان پشگیری بکەین. لایەنی تر سەبارەت بە وەرزشیش ئێمە هەمان پشتوانیمان کردوە و لەو رۆژانەدا چاو پێکەوتنێکمان لە گەڵدا هەیە، بەلام ئاستی تری هونەری نازانم ئایا ئێمە ئەو مامۆستایانەمان هەیە کە بتوانن ئەو بوارە پر بکەنەوە؟ من پێم باشتر بوو کە لە ئاستێکی بەرزتری بروا نامەی پەیمانگە بێ بۆ چونی ئێمە ئەوهایە، ئێمە دەرچووی هونەرە جوانەکان دەکەینە مامۆستای هونەرە جوانەکان، بە دیدی من لەو بوارەدا نەقصێک هەیە ئومێد دەکەین لە داهاتوو پر بکرێتەوەو گرنگیەکی تایبەتی پێ دەدەین لەو رۆژانەشدا چاو پێکەوتنێکمان لە گەڵیاندا هەیە تاکو بزانین کەم و کوریان چیە تاکو هەوڵ بدەین چارە سەری بکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حوسێن عەلی کەمال.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێراتنی بەرێز وەزیری پەروەردە دەکەم، تێبینیەکی بچوکم هەیە، جەنابی ئاماژەی کرد بە دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستاندا و تەعمیر کردنیان، وەکو دەبینین هەندێ قوتابخانە لە ئەثنای دەواما یان لە ناو فەصلی خوێندندا تەعمیر دەکرێ ئایە ناکرێ هەمئاهەنگیەک بکرێ لەگەڵ رێکخراوەکاندا یان لەگەڵ ئەو لایەنە پەیوەندی دارانە کە بابەتی تەعمیر و پەزێرایی قوتابخانە بخرێتە هاوین سێ مانگ مەجال هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێ خوێندن بە شێوەیەکی رێکو پێک بروا قوتابخانە هەیە گوێزراوەتەوە قوتابخانەیەکی تر ئیمتحانی هەیە،ئەگەر بکرێ تێبینی ئەوە بکرێ بۆ ئاینده،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز عبدوالعزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری بەرێزت زۆر لە جێگای خۆیدایە گرفتی ئێمە قوتابخانەیەکی زۆرمان کەون بوون و

هەڵوەشاینە باوەڕ بکە بە سێ مانگیش تەواو نابێ، بۆیە ئێمە ناچارین سەقفی زەمەنیی چاکردنەوە بکەینە شەش مانگ لەبەر ئەوە پێویستە یەک دوو مانگ قوتابخانە بگوازرێتەوە، بۆ تەعمیری تر ئیمە بریارمانداوە لەگەڵ یونسکۆ و یونسێف کە لە هاویندا بکرێت تەنها ئەوانە نەبێت کە وەزعیان زۆر زۆر خراپە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل عەبدی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ گرنگیدانی بە بواری پەروەردە،باری سەرژمێری پەروەردەیی و پەروەردەی بەخۆرایی و پەروەردەی بە زۆر و دەستی کار بۆمانیان سەلماندوە کە تاکو ئێستا ١٣٢ قوتابخانە و هەندێ قوتابخانە سێ دەوامن بە فعلیش ئەوهایە ئەوە بۆمان دیار دەکات لە کابینەی یەکەم و کابینەی دووەم وەزارەتی پەروەردە مۆفەق نەبووە لە کارو باری خۆیدا. باری گرانی ماوەتەوە بۆ کابینەی سێیەم و چوارەم،ئەگەر تەماشای سەرژمێریەکانی پەروەردە بکەین دەربارەی شتێکی تر دەبینین ٢٥قوتابی تا ٣٠ قوتابی کورد یەک مامۆستای بەر دەکەوێ ٩ تا ١٠ قوتابی تورکمان یان سریانی مامۆستایەکیان بەر دەکەوێ ئەمەش هەر لە کابینەی یەکەم و دووەم ئەم نەقصە ماوە بۆ وەزارەتەکەمان، ئەمە ناگونجێ لەگەڵ مافی مرۆڤ مافی دوو یان سێ قوتابی کورد بەرامبەر مافی یەک قوتابی، بۆچوونی وەزارەتێ نەخشەکێشانی وەزارەتێ چۆن وا ئەبێت مافی قوتابی کورد گەهینێ وەک مافی قوتابییەکی تورکمان تەبعەن ئەمن گۆتیش ئەم سەلبیە سەلبیەی کابینەی یەکەمەو دووەمە بۆ کابینەی سێیەم چوارەم یان دووەم ئەمن دەبینم مەدارسە گلەیی هەبوو لەسەر وەسائیلێ نەقلێ و تەئیدێ و تەخرجێ و شەهادەتێ تەخەرجێ و صحەی هەبێ بۆچوونی وەزارەتێ ڕاستە تاحەدێکی حلی کردووە ئێستا ئێمە دەمانەوێت بۆ چوونی وەزارەت بۆ حەلی کۆتایی چۆنە؟سوپاس

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە بڕیاری خۆمان داوە کە ئەو مەدارسە مەسەلەن دوو مەدرەسە سێ مەدرەسە ئەگەر لە یەک بینادەوام بکات بکەینە یەک ئیدارە و فعلەن ئێمە دەستمان پێکرد وەهەندێکیشمان تأجیل کرد بۆ هاوینێ چونکو ساڵە دووماهیێکێ بۆ مە کو بەزەرەریی دەزانین چونکو گەلەک مەدرەسان چووین سێ دەوام بوون هەر مدیرەکی دابێژی بەحسی رەحلەی کرد دابێژێت سوچی مدیری تێدانیە دابێژت دابەحسی قرطاسیەی کرد دابەحسی اثاثی کرد هەریەکەو باسی شتێکی کرد مە بێگا ڤێ مە خطەیە هەی کو ئەم جارە ئەوە بکەین ئەمە خطوەیەکا زۆر زۆر گرنگە کە هەمووی بکەینە یەک

ئیداره. جانبێکی تر خۆزیە مە امکانیاتمان هەبانە کو مە ستاندارمان تطبیق بکردایە مەسەلەن هەر صەفەک ئێمە نەهێلابا لە (٢٥هەتا ٣٠)تەلەبە زیاتر با تا مامۆستاش سیطرەی لەسەر بکردبایە، بەس ئەکید ئەوە امکانیاتێکی زۆری پێدەوێت و وەختیشی پێدەوێت ئەمدی بەردەوامن یەکێکی تر هەمی محاوەلەی دەکەین کە ئەو فەرقە نەبێت یەعنی مەدرەسەی سریانی مەدرەسەی تورکمانی مەدرەسە کوردیە مەدرەسە دیراسە عەرەبیە دەبێت هەموشیان یەک بن، هەمووی هەمان خاڵە ئەمە بوو نەفسە قرارەکێ و نەفسی تەوەجهی بەعزێکی میلاکی زیاد بێت و بەعزێکی میلاکی کەم بێت حەقیقی محاوەلاتێ ئێمە بەردەوامە کو ئەم ئەڤێ موضوعێ معالەجە بکەین، مەسئەلە وثائق و سجلاتە یەعنی ئێمە متەئەکیدین ئەو موشکیلا تقریبا نەماوە یەعنی من چووم وە مە ڤێدا ڤڕی مخازنێ مە مەخزەنی مەرکەزی هەن سجلات و وثائقی لێ هەیە یەعنی سەرێک بۆ ساڵی دادێت کو ئەم ئەگەرکەم و کورتیەکیش لەقوتابخانەیەک هەبێت ئێمە ئەو کەوم و کورتیە ناهێڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ وەزیری پەروەردە بۆ ئەو باسکردنە ڕێکو پێکەی، من دوو پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیر یەکەم ئایا یاسای خوێندنی بەزۆر کەی بەیەکجاری دێتە کارکردن بەتایبەتی کە بارو دۆخی ئابووری کوردستانێ زۆر لەجاران چاکترە و زۆر خێزانمان هەیە کە منداڵەکانی خۆیان لەقوتابخانە دەردەهێنن و دەیخەنە بەر کارکردن.

پرسیاری دووەم پێشی چەند ڕۆژێک چەن پسپۆڕێکی تەربیەی دهۆک نەدوەیەکیان لەتەلەفزیۆنی K.T یە دهۆکێ بەست یەکێکیش لەتێبینی وان ئەوە بوو کە دەرسی تایبەتی ظاهیرەیەکی زۆر خراپە و چەند لایەنێکی سلبی هەیە، وەزارەت چ بۆ چوونێکی هەیە لەسەر ئەوە جارێکی تریش سوپاسی وەزیری پەروەردە دەکەین وەیەکێکیشە لەوەزیرە مەیدانیەکانی ئێمە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**عەبدولعەزیز تەیب/وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی خوێندنی بەزۆر ئێمە ئەو ئیحصائە ئەصلەن لەبەر ئەوەیە کە هاوین من ئیشارەتم پێداوە مەسحە تەربەوی مە بۆ هەندێیەکە ئەم تەعلیمە ئیلزامیە ئەگەر ئەم سەرکەڤتین مە ئیحصائە خۆی کرد، بارودۆخ لەبار بوو بوو، بۆ ئێمە ئیحصا کەوتە دەست، ئێمە ئەڤ ساڵە بهێت لازمە الزامیێ تەعلیم دەست پێ بکەین، وەک خۆی ژ هەر یا قائمە، بەس مەسەلە ژبەر وەزع و

زروفه و وەزعی مەعاشی مامۆستا و ئیداراتە تەرکەک خەمیەک چووبیا ئەگەر نەهاتە الغاء کرنا لازمە ئەڤ عەمەلییەکە متەواصل با، بەس گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بە تەماین ئەڤ ساڵە ساڵە تهێتە بشێدێنین. مەسەلەی دروسێت خاص مە ئیشکالەکە هەی، دروسێت خاص مەوضوعەکە چونکە بەراستی نەشێت مامۆستا بچووکێکیت ڤێت یان بابەکێت ڤێت بخۆ مامۆستایەک یان مودەرسێک بگرێت بباتە ماڵە خۆی دەرسی بێژێت تۆ نەشی بێژیت دەرسی نابێت بلێیەوە، بەس ئیشکالە مە لەکوتیە ئیشکالێ مە نەفسی مەدرەسێ ئەمە چارەسەر بکرێت وە تەوەجوهە مە ئەوەیە چونکە نابێت مامۆستا دەرسی خصوصی بە قوتابی خۆی بدات، ئەڤەیە بە تەصەورا من ئیحتیماله جانبێ وێ یێ سلبی یادی تر. ئەم گەر بشێت دروسێت تەقویە محاولە بکەین بەرامجەک دابنێین دەرسی تەقویە ڤەکەین ئەڤ ڤی باری سەڤەک بکەین ئەوە ژی ئەد بهجرامەدا بەس ئەکید ڤان دەرسێت تەقویەژی ئید کو پێ لازمە مەسەلە تەلەفزیۆنە تەربەوی ئەگەر ئەوان دروسێت تەربەوی زیاتر لەوی کەن و دەرسێت تەقویە زیاتر محاولە بکەین بە ئەکید بوجەیەکی پێ دەوێ و ئیمکانیاتێکی پێ دەوێ، ئیمکانیەتەک پێ دڤێتن ئەگەر ئەم بشێین ئەوان ئیمکانیەتە دابین کەین بە تەصەورێت من ئاند شێن ئەوێ نەقصا هەیە ئان ئەو جانبێ سەلبی دروسێت خاص ئان دشێت موعالەجە بکرێ سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس ئاخیر کەس بەڕێز کاک شێخ عفان

**بەڕێز عـفـان عـوسـمـان نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەڕێزان طبیعی زۆر زۆر بەخێرهاتنی برای بەڕێزمان وەزیری پەروەردە دەکەین بەراستی هەموو شتەکانی تقریبا تەحدید کرد، لەوانەیە هەندێ شتی مابێت یان لەبیری چووبێت، ئەوەی کەباسی کرد هەیکەلی وەزاری لای ئێمە زۆر گرنگە وابزانم ئێمە دوو ساڵە داوای دەکەین هەیکەلی وەزاری دەستکاری بکرێت، مدیر عامەکان ناحیەی نزم بوونی مستەوای تەعلیم تەبعەن لەهەموو عێراق وایە بەڵام لەکوردستان فعلا زیاترە. لەهەندێ شوێنی زیاترە حەزدەکەم تەحدیدی هەندێ جێگا بکەم ئەویش بەتایبەتی هاوینەهەواری سەلاحەدین. جەنابی وەزیری پەروەردە چەن موشریفی اختصاصی ناردە ثانویەکان کەلەوێ دەوام بکەن وەک مودیری مەکتەب بۆ ئەوەی مستەوا بەرز کەنەوە، ئەمەش هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ هاتووچۆی مامۆستایان ئەگەر چارە سەرێ لەوەزعی هاتوچۆی مامۆستایان بکرابایە رەنگە ئەو ظاهرەیە کەمبوایەتەوە ناڵێم نەئەما، ئەوە شتێکی زۆر زۆر گرنگە احصای تەربەوی شتێکە زۆر گران نییە چونکە وەختی خۆی کەماوەی بیست ساڵ ئێمە کە لەتەربیە بوین لەخیلالی سێ رۆژ کردومانە هەموو قوتابخانەیەک حدودی جوغرافیەی خۆی بەیەک رۆژ دەکات، چەند کەسی تێدایە بەو عومرانە، ئەتوانێت تەواوی کات زۆر شتێکی بەسیتە. بابەتێکی باس نەکرد جەنابی، ئەویش خوێندنی یافعینە، ئێستا ئێمە لەناو هەولێرا وابزانم چەند قوتابخانەیەکی یافعینمان هەیە وابزانم لە(٩هەتا ١١)قوتابخانەیە ئەمانە ئەوانە دەوامی تێدا دەکەن کە موتەسەریبن ئەو موتەسەریبانە عومریان زۆرە وەختی خۆی لەساڵی ١٩٩٤مەبلەغێک لەمنظمات وەرگیرا، برادەرانی لیژنەی پەروەردە ئەزانن لەحدودی ملیۆنێک دینار بوو، ویستمان بیکەین بەئیش و کاریان تێدا بکەین لەو مەکتەبانە بیان کەین

بەقوتابخانەیەکی پیشەیی و هونەری لەسەر تاشی هەتا دار تاشی هەتا فیتەری لەو مەکتەبانە فێربن و یارمەتی بدرێن، طبیعی ئەوە نەکرا، ئێستاوردە وردە ئەو مەدارسی یافعیانە خەریکە نەمێنێت، ئەوانیش خەریکە ئەرۆن و نامێنن گرنگیەکی باشتری پێدرابایە یان نازانم جەنابیان لەو بارەیەوە چییان کردوە، بەلامەوە حەزدەکەم جوابێکمان هەبێت سێ دەوام لەعالەما نییە شتی وا سێ دەوام ئێستا لەهەولێر هەیە، سێ دەوام بەلام دوو ئیدارە نییە لەکوردستانا(١٥)سالە (٢٠)سالە لەسلێمانی دوو ئیدارەی مەکتەب یەک مدیری هەیە ئەوە ئاگاداری ئەساس دەکات ئاگاداری سجلات دەکات خۆی مەسئولە لەهەردوو دەوامەکە زەرەر مەند نابێت قوتابخانەکە یەعنی ئەوە شتێکی زۆر زەروری بوو لەبیدایەتی، وابزانم پێنج سالە ئێمە هاوار دەکەین کاکە ئیداراتی مەکتەب، دوای ئەوە اختیاری لەسێ مدیرەکە، اختیاری باشترین مدیرەکە هەڵدەبژێرین دەیکەین بەمدیر ئاگاداری ئەساسی ناو قوتابخانەیە ئەوە بەس لەهەولێر هەیە لەدەرەوەی لەسلێمانی شتی وانییە. مامۆستایان الحمدالله سوپاس بۆ خوا وەزعیان چاک بووە دەرماڵەیان زیادی کردووە هەرچەند دەورێکی پیرۆزیان هەیە قەد نابێت لەبیرمان بچێت ئەگەر لەدوای راپەرین مامۆستایانی کوردستان نەبوونایە قەد قەد دەوام پێنج مانگ بەبێ موچە نەدەکرا بەلام ئێستا لەبەر ئەوەی باری ئابووریان باش بووە پێمان باشە تەعلیماتێک دەرچێت، بەعزێ کاری نا لایەق هەیە نابێت بیکات ،مامۆستا مەسەلەن ئێستا بچۆرە هەر قوتابخانەیەکی ناو هەولێر هەشت تەکسی وەستاوەو دوو (٢١)نەفەری وەستاوە، مامۆستا پەلەپەلی ئەوەیەتی دەرسەکەی بڵێتەوەو بچێ بە تەکسی کاربکات ، ئاخر ئەمە نابێت چونکە مانای ئەوەیە حەز دەکا زوو بچێتە دەرەوە بۆ لای کاری خۆی ،ئەگەر رێنماییەک نالێین لە سەدا سەد ناجیح دەبێ بەس رێنماییەک دەرچێ کە ئەو شتە ناکرێ، ئەوەی دەرماڵەی پیشەیی وەرگرت دەبێ هەرکاتێ ئەو پیشەیەی خۆی تەواوکرد هیچیکە نەکا دەرماڵەی پیشەیی مامۆستا (٣٠٠) دینارە. پرسیارێکی ترمان هەیە ئەویش بەراستی گرنگە و زۆر پرسیارمان لێ دەکەن، ئەویش ئامادەیی دراساتی ئیسلامیە، ئامادەیی دراساتی ئیسلامی زۆر گرنگی پێدراوە میلاکێکی بە هێزی هەیە ، بەلام کە دەرئەچن جێگایان نیە رێگایان نیە بەشێکیان ئەگەر پلەیەکی زۆر باش بهێنن لە کۆلێژی دراساتی ئیسلامی وەردەگیرێن، ئەوانی تر دەبێ بچن لە ماڵی خۆیان دابنیشن هیچ کاریان نیە، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە ئەم دەرچووی دراساتی ئیسلامیە لە پەیمانگای مامۆستایان وەربگیرێن ئەوا دەتوانن ببن بە دوو مامۆستای باش بۆ دوو مادەی چاک بۆ عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی ئەوەش شتێکی زۆر گرنگە، بەلام تا ئێستا زۆر هەوڵمان داوە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە. قوتابخانە پیشەییەکان هەندێ شتیان بۆ کرا ئێستا لەسەدا پەنجایان لە پەیمانگا وەردەگیرێن لەسەدا بیست و پێنج لە کۆلیژەکان وەردەگیرێن ئەوانە بۆ ئەوان شتێکی چاکە. ئەزموونەکان وەکو مامۆستا باسی کرد لە کوردستان ئێستا لەسەدا سەدە، مامۆستا جەنابی وەزیر لە سلێمانی ئەزموونەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە سەدا سەدە هی ئێمە لەسەدا پەنجایە، وەختی خۆی لەگەڵمان دانیشتن ئەوان گۆڕیان ئێمە نەمانگۆڕی ئەوە بۆ ئاگاداری جەنابت ،کردنەوەی قوتابخانەی زۆر بەراستی مومکین نابێت ئێستا دێی وا هەیە بە تایبەتی لە شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان چوار ماڵە سێ ماڵە پێنج ماڵە وا بزانم لە ئەوروپاش شتی وا نیە، چوار ماڵ و سێ ماڵ قوتابخانەیەک لە ناوەراستیان ئەکرێتەوە هەموو منداڵی خۆیان ئەخەنە ئەوێ و دەتوانن بەمەزبووتی دەوامی خۆیان

بکەن. جا پرسیارەکەی من لەسەر یافعینەو لەسەر مەدارسی ئیسلامییە زیاتر و تەوحیدی ئیداراتە زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تۆ بەحوکمی ئەوەی کە ماوەیەک وەزیری پەروەردە بووی سکرتێری مامۆستایانی حەقی پرسیاری زیاترت هەیە فەرموو کاک عەبدولعەزیز.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی مەدرەسەی مەصیف ئەوە هەر ئەوێ نییە زۆر شوێنی تر هەیە ئەمە چووین خەلەلەکەی دەست نیشان بکەین وکاتی خۆی ئێمە ئیدار ەیەکی مەوقەتمان بۆ داناوە و هەندێک مامۆستامان بۆ ناردینە وبۆ سالی دابێت معالەجەی دەکەین، ئیدی دەربارەی مەدرەسەی یافعین لەگەڵ یونسکۆ ئێمە زۆر باسمان کردوە و ئێمە ئەهمییەتیش پێ دەدەین هەر لەبەر ئەوەش ،ئێمە ئیستمارەمان کردووەو ئیحصائیەمان بۆ داناوە ،بابەتێکی دی ئەوەیە کە مامۆستایان بەقوتابخانەکانی خۆیانەوە گرێ بدەن.ڕاستە کەسانێ هەن کە قوتابخانە جێ دەهێڵن ئەوانە مەزن بوون و مراهقن و یەعنی ئیدارەی وان بەسانایی نییە بەس لەگەڵ ئەوەش مولاحەزاتی تۆ لە جێی خۆیدایە و بەلانی ئێمەوە گرنگن و ئومێد دەکەین کەئێمەش تێیدا موفەق بین، هی دوو ئێدارەو سێ ئیدارە مان ئیشارەت پێدا،ئێمە دەست پێکردیە سێ ئێدارەمان تقریبا هەندێکمان نەهێشتووە و هەندێک ماینە بۆ سالە بهێت ئەمە معالەجەبکەین، هی دوو ئیدارە نەفسی تەوەجوهێیەو متتابقە لەگەڵ تەوەجهی جەنابی ئێوە، مەسەلەی تەکسی و ئەوانە بەخوای ئێمەش ئەو شوعورە دەکەین بەس جانبێکی اقتصادیە، جانبێکی انسانی یە، یەعنی گەلێ شت تەئسیر لە ئێمەدەکات وەک پەروەردە بەلام ئێمە مراعاتی وەزعی اقتصادی دەکەین ئەڵێین بەڵکو بشێن وەزعی اقتصادی باشتر دەبێت ئەم مەوزوعە ئەم بشێین هێدی هێدی عیلاج بکەین. دیراساتێت ئیسلامی ئێمە اهتمامان پێداوەوئێمە لەگەڵ قوتابخانە پیشەییەکان دامانناوە چونکە مە شعوری پێدەکەین ئەوەش بەرەو تەراجوعە چونکە مادەم موستەقبەلی وان گەلەکی روون نەبێت بەرەو تەراجوعە، ئێمە ئەوەشمان خستە ضمنی مەشروعی خۆمان ئێمە لەگەڵ هەردووک زانکۆیە بەحس کردیەلەگەڵ هەردوو مەعاهدی فەنیش ئێمە بەحس دەکەین ودەستی مە لەمەعاهدێت مامۆستایان وێ موضوعی زیاتر دیراسەکەین و ئومێد دەکەین کە بتوانین عیلاجێکی بکەین کو خزمەتا مەش تێدا هەبێت ئی پەروەردەو ئەوانیش تێدا هەبێت. مامۆستا ملا محمودیش ئیشارەتێک پێدا بۆ مەدارسێ ئەوقافێ ئەویژی لەخزمەتێ جەنابی وەزیری ئەوقاف دایەوئێمە ئەو امکانیاتێت هەی بۆ ئەو مەدارسێ مە گرێدایە وەزارەتێ ئەوقافێ خاصەتەن مزگەوتێ کتێبە کتێبێت مەسەلەی تەفسیری قورئان و ئەوانە زۆر هەیە ئەم بچین بخەینە خزمەتی وان ئێ دی تربۆ نموونە رەحلە موحتاج بێت صبورە موحتاج بێت قرطاسیە موحتاج بێت ئەوە جەنابی ئەو ئەمر دەکات و ئەم دەبێت تنفیذ کەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردە کاک عەبدولعەزیز تەیب دەکەین لەراستی دا کاری خۆی وەکو مرۆڤیکی ئیداری و شارەزا لەپەیوەندییەکان لەگەڵ منظمات و شارەزاو پسپۆڕ بەرامبەر بڕیاری ٩٨٦ وەک مامۆستایەکیش کە ئەو بابەتەی شەرح کرد لەراستی دا ئەوەی خستە روو کە سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە راستە وخطوطی عامیان بەشێوەیەکی رێک و پێک داناوە هەوڵی تەواوی بۆ ئەدەن بۆ جێبەجێکردنی، لێرەوە پشتگیری خۆمان و تەمەنای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین زۆر زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونی، ئەمڕۆ دانیشتنی داهاتوومان رۆژی سێ شەممەیە بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ لەسەر داواکاری لیژنەی کشتوکاڵ باسی ئەم شتانەش ئەکرێت، ووشک بوونی ئاو لەکوردستان پشتگیری کردن لەبەرهەمی کشتوکاڵ،کشتوکاڵ لەهەرێم، خاڵی سێهەمیش پرۆژەکانی وەزارەت لەسەر بڕیاری ٩٨٦تکامان وایە ئەندامەکان بەتایبەتی ئەندامەکانی لیژنەی کشتوکاڵ خۆیان باش ئامادە بکەن بۆ رۆژی سێ شەممە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بەناوی گەلەوە

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

## ژمارەی بڕیار: ١٢

## مێژووی بڕیار: ٢١/٥/٢٠٠٠

### «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢)لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١/ ٥ / ١٩٩٩یدا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا:

١ـ بڕیاری ژمارە(١٢)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٢، هەر لە ڕۆژی تەواو بوونی کارپێکردنییەوە بۆ ماوەی یەک ساڵیدیکەش کاری پێ بکرێت.

٢ـ دەبێ وەزیرە پەیوەندداره‌کان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٣ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە کارو، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «١١»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/٥/٢٠٠٠

**خولی یەکەم**

**ساڵی نۆیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ((١١))

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٠/٥/٢٣

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٠/٥/٢٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی ڕێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یازدە)ی خولی ئاسایی یەكەمی، سالی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە یازدە)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٠/٥/٢٣ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- خستنەڕو و گفتوگۆكردن لەسەر دیاردەی وشكە سالی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.***

***٢- خستنەڕو و گفتوگۆ كردن لەسەر بابەتی پاراستنی بەرهەمی كشتوكالی هەرێم لە ركابەریكردنی بەرهەمەكانی بیانی.***

***٣- بەرچاو خستنی ئەو پرۆژانەی وەزارەت كە بەرنامەی(نەوت بەرامبەر بە خۆراك)دەیانگرێتەوە كە لە دەوری جێبەجێ كردن دان، هەروەها ئەوانەی كە پێشنیار كراون بۆ ماوەی داهاتوو.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێدەكەین، پێشەكی بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری كشتوكال دەكەم، كە ئامادەیی پێشان داوە بۆ هاتنی بۆ پەرلەمان و سازدانی ئەم دانیشتنە، بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمرۆمان بریتییە لەم خالانەی خوارەوە:

یەكەم:خستنەڕو و گفتوگۆكردن لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە، لەسەر داواكاری لیژنەی پیشەسازی وكاروباری كشتوكال و ئاودێری ونەخشەكێشان وپەرەپێدان و ئاوەدانكاری، پشت بە برگەی دووەم/١ لە مادە(٥٤) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن و بە ئامادە بوونی وەزیری كشتوكال و ئاودێری:

١- خستنەڕو و گفتوگۆكردن لەسەر دیاردەی وشكە سالی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

٢- خستنەڕو و گفتوگۆ كردن لەسەر بابەتی پاراستنی بەرهەمی كشتوكالی هەرێم لە ركابەریكردنی بەرهەمەكانی بیانی.

٣- بەرچاو خستنی ئەو پرۆژانەی وەزارەت كە بەرنامەی(نەوت بەرامبەر بە خۆراك)دەیانگرێتەوە كە لە دەوری جێبەجێ كردن دان، هەروەها ئەوانەی كە پێشنیار كراون بۆ ماوەی داهاتوو.

دووبارە سوپاسی ڕێزدار وەزیری كشتوكال دەكەین، با بفەرموێت قسە كردن بۆ ئەوە.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەمەوێ سوپاس و ڕێزی خۆمان پێشکەش بە سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی ئەم باوەڕەیان بە ئێمە بخەشی کەوا لە دانیشتنێکی تایبەتدا باسی مەسەلەکانی گرنگی کشتوکاڵ کە ئێستا ڕووبەڕوومان دەبنەوە بکەین و، هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە کراوە و پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە، دیارە جێگای شانازییەکی گەورەیە کە «٥» مانگ لەمەو پێش هەر لەم مینبەرەدا سوێندمان خوارد و بڕوامان پێ درا لەلایەن ئەو پەرلەمانە بەڕێزەوە، بەوەی پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگرین و، ئێستا پەرلەمانی کوردستان داوا بکات و، دانیشتنێک ڕێکبخات بۆ ئەوەی بزانێت لەو بارەیەوە تا چ ڕادەیەک بەرامبەر بەو بڕوایەی کە داویەتی بە ئێمە وتا چ ڕادەیەک بەرامبەر بەو سوێندەی کە ئێمە خواردومانە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی کابینەی چوارەم و، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە داومانە بەرامبەر بە بەڕێزتان و بەرامبەر بە میللەتی کوردستان تا چ ڕادەیەک توانیومانە هەنگاوی بەرەو پێشەوە چون بنێین. خۆی لە خۆیدا چەسپاندنی ئەم باوە، کە باوێکی دیموکراسییەو یەک لە ئامانجەکانی پەرلەمانە، هەر پەرلەمانێک بێت، یەک لە بنەما بنەڕەتییەکانی دیموکراسیەتە کە لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دووپات دەکاتەوە و، چاودێری و تەفاعل کردن لە نێوان دەسەڵاتەکان دووپات دەکاتەوە، جا بۆیە پێموایە ئەو باوە جارێکی تر دەیسەلمێنێ کە ئەم پەرلەمانەی کوردستان چەند پەرلەمانێکی شەرعییە و، چەند خزمەتی ئامانجە بنەڕەتییەکان دەکات کە لە هەموو بارودۆخێکدا ئامانجی ڕاست و ئامانجی میللەتی کوردن، پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە دەمەوێت زۆر بە کورتی باسێکی هەندێ مەسەلەی گرنگ بکەم کەوا لە پرسیارەکاندا نەهاتوونە، کشتوکاڵ وئاودێری کە هەموو لایەنەکانی دەگرێتەوە، لە بارودۆخی ئاساییدا ٧٠٪ یا پتری ئابووری کوردستان پێک دێنێ، دیارە لە بارودۆخی نائاساییدا کە دروست بوو، یا ئاسەواری ساڵانی پێش ڕاپەڕینە، یا ئاسەواری ئەم بارودۆخەی ئێستایە کە هێشتا بە خۆماندا نەگەیشتینە کەوا بکەوینەوە سەر ڕێگای ڕاستی بەرهەمهێنانی ئابووریمان، بەڵام دیسان هەر دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەو بارە ئاساییە، ئابووری ئێمە لەبەر بوونی زەوی و ئاو ولەباری کەشوهەوای کوردستان و پسپۆری زۆری کشتوکاڵی لە کوردستان کە دەگەڕێتەو بۆ زیاتر لە «٥٠٠٠»ساڵ لەمەو بەر، هەمووی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو لایەنە چەند گرنگە، هەر لەبەر ئەوە دەبینین دوژمنانی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە کەوا لەو لایەنە بدەن و لاوازی کەن، تاوەکو میللەتی کورد لە میللەتێکی بەرهەم هێنەرەوە بکەن بە میللەتێکی موستەهلیک، لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا پاش ئەو نسکۆ گەورەیەی کە بە هۆی خاپور کردنی گوندەکانەوە بەسەر کوردستاندا هات، گەشەکردنێکی بەخۆیەوە بینیوە، بەرە بەرە هەست دەکەین بەرهەممان زیاترە و بەرەو پێشەوە دەڕۆین، ئەگەر بمانەوێ هەندێ شت بە ژمارە باس

بکەم ئەوە دەتوانم چەند ژمـارەیەکـتـان بدەمێ، ئەویش لە هەولێـر و دهۆک رووبەری چاندراو هەرچەندە ئەم ژمارانە تەقریبین، رەنگە ئاماری کـوردستان لەبەر ئەو بارودۆخەی هیچ ئامارێک سەد دەر سەد راست نەبێت، جا رووبەری چاندراو لە هەولێر و دهۆک لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان دەگاتە «١١٢٧٩٩٠»دۆنم چاندراو بە گەنم دەبێت و، «٣٩٤٥٨١»دۆنم چاندراو به جـۆ، ئەوە ئەو رووبەرانەن بەلام بە تەقـریبی، لە بواری بەرهەمی ئاژەڵی هەندێ ژمـارەتان پێـشکەش دەکـەم، ژمـارەی سـەری مـەڕ و بزن، لە هەولێـر نزیکەی «١١٧٣٥٧٥»سـەر ئاژەڵ هەیە و، لە دهۆک «٧٥٦٨١٥»سـەر ئاژەڵ هەیە، کـۆی دەگـاتە «١٩٣٠٣٩٠» تا «٢٠٠٠٠٠٠»سەر ئاژەڵ ئێـستا لە کوردستاندا هەیە، حەز دەکەم ئاماژەش بەوە بدەم کەوا پێشکەوتنێکی زۆریش لە بەرهەم هێنانی سامانی ئاژەڵیدا هەیە، هەروەها ژمارەی سەری مانگاش لە هەولێر و دهۆکدا دەگاتە نزیکەی «١٩٨٢٠١»سەر، سەبارەت بە بەخێوکردنی پەلەوەر و دەواجنیش کـە ئەویش هەر سـامـانی ئاژەڵیـە، ئێـستـا لـە هەولێر و دهۆکـدا «٢٣٢» کێڵگەی دەواجن هەیە، لە کاتێکدا لە ساڵی «١٩٩٨» رەنگە ژمارەی کێڵگەکان نەدەگەیشتنە «٣٠» کـێڵگە، بەرهەمی سـالانەی گۆشـتی مـریشـکی ئەم کـێڵـگانە هەر وەجبەی کـە لە «٦٠» رۆژەوە تاوەکو «٣» مـانگ دەخایەنێ دەگاتە «٣٦٥٠٠٠٠»مریشـک، کۆی بەرهەمی سالانەمان دەگاتە «١٤٦٠٠٠٠٠»مریشکی گۆشت بەبەرهەم دەهێنرێ لە کێڵگەکانی خۆماندا، بۆیە تاوەکو رادەیەکی زۆر ئێـمە ئیکتیـفای خۆییمان هەیە لـە مریشکی گۆشت، بەرامبەر بەو نیسـبەتەی کە بەکـاری دەهێنین، سـەبارەت بە هێلکەش «٢٠٠٠٠٠٠٠٠»هێلکە بەرهەمی سـالانەیە لـە کوردستـاندا، بێجگە لە بەرهەمی بچووکی تر کە لابەلا دێتە کایەوە، بەڵکو ئەمە تەنها بەرهەمی پرۆژەی دەواجنی باکوورە لە کوردستاندا، ئەمە بە کورتییە هەرچەند شتی تر زۆر کراوە سەبارەت بە دارستـان و بحوس وشتی تر، بەلام دەیهێڵـمەوە بۆ کاتێکی تر، خاڵی یەکەم کە پێویستە باس بکرێت باسی وشکایەتییـە، یا وشکە سـاڵی، یا نەهاتی، ئەوە مـاوەی «٢»ساڵە کـوردسـتـان رووبەرووی بارێـک دەکات کـە پێـی دەوترێت وشکایەتی، هەرچەندە ئەمـە ئەزمـوونێـکی تازەیە و حـالەتێـکی تازەیە، رەنـگە لە بیـری خـەڵکی ئێـمـەدا بێت کـەوا لە مـاوەی ئەم «١٠٠»سـاڵەی رابردوودا حـاڵەتی وا رووی نەداوە و، بووەتە هۆی ئەوەی کـەوا کـار بکاتە سـەر کـەمکردنەوەی بەرهەمـەکـانی کـشـتـوکـاڵی و، هەروەهـا رێژەی ئاو کـەم بووە، بەتایبـەتی ئاوی سـەتحی و کـانیـاوەکـان. لە پاشەرۆژدا ئەگـەر ئەم بارەی بەم شـێـوەیە بەردەوام بێت کـار دەکـاتە سـەر کـەم بوونەوەی ئاوی ژێر زەویش ئەویش لەبەر ئەوەی بیری ئیرتیوازی بە ژمارەیەکی زۆر لێدەدرێت و، عەمبارکراوی ملیۆنەها ساڵە بەرەبەرە بەکار دەهێنرێت ئەویش رێژەکەی کەم دەبێتەوە، هیواداریـن کەوا باران ببارێت و ئەو کێشەیە چارەسەر بێت، مەسەلەی ئاو مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و زۆر لە مێژە باسی لێوە دەکرێت، ئێمە بەو گرنگیەوە وەرمان نەگرتبوو کە باسی کێشەی ئاو دەکرا، بەلام ئێستا کە خۆمـان لە حاڵەتەکەدا دەژین هەستی پێ دەکەین. گرنگی دانی بەرێز کاک نێچیرڤان

بارزانی جێگای خۆشحاڵی و شانازی ئێمەیە و ئەوە سەرەتایەکی باشە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆنگرەی موستەفا بارزانی لە واشنتۆن زۆر بە راشکاوی باسی ئەو مەسەلەیەی کرد و، نەوت و ئاوی پێکەوە گرێ دا و، ئەوەش خۆی لە خۆیدا سەرەتای هەنگاوێکی باشە بۆ ئێمە تاوەکو لەبەر رۆشنایی ئەو ئیستراتیجییەتە چۆن بتوانین چارەسەری کێشەی ئاو بکەین، ئێمە خۆمان سەرچاوەی ئاومان هەیە، بەڵام وەکو خۆشتان دەزانن لەبەر ئەو گەمارۆیە ئابوورییەی کە هەمیشە لەسەر کوردستان بوو نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێت. پێش راپەڕین پرۆژەی ئاودێری و بەرهەمهێنانی ئاو لە کوردستاندا رێگای پێ نەدراوە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کەوا کوردستان کۆگایەکی ئاو بێت بۆ ناوەراست و بۆ باشووری عێراق، بۆیە ئێستا ئێمە هەست بە کارەساتی ئەو سیاسەتە دەکەین و، چارەسەرکردنیشی کاتێکی زۆری دەوێت، سەبارەت بە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی وشکایەتی، ئێمە ئەزموونی پارمان هەیە، پار هەڵمەتێک دەسپێکرا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەویش بە دابین کردنی ئاو، دابین کردنی تۆ بۆ ئەوانەی کە بێ بەشبوونە، هەروەها دابین کردنی پەینی کیمیاوی و، هەروەها ئەڵەف بۆ ئاژەڵ و، لەو سێ رێگایەدا هەوڵێک درا و، هەندێ شتی باش کرا، هەرچەندە ئەمە یەکەم تاقیکردنەومان بوو، بێگومان یەکەم تاقیکردنەوە کەموکوڕی تیادا دەبێت، بەڵام زۆر شتیش کراوە و، ئێمە لەو بارەیەوە چەند ژمارەیەکمان هەیە، ئەوەی کە پار کرا ژمارەی «١٠٣» تانکەری ئاو دابین کراوە بۆ نزیکەی «٥٠٠» دێهات لە هەولێر و دهۆک بۆ ماوەی «٣ تا ٤»مانگ، هەروەها «٣٢» موزەخەی ئاو دابەشکراوە بۆ ئەوی کێشەی وشکایەتی چارەسەر بکات، «٤٢» بیری ئیرتیوازیش لێدرا بۆ هەمان مەبەست، «٢٨٩٠٠»تەن ئەڵەف دابین کرا بە چەند وەجبەیەک، «٣٤٢٠» تەن گەنم دابین کرا بۆ ئەوانەی کە زەرەر مەند بوون، هەروەها «٣٨٨٥»تەن جۆ، ئێمە ئەم ساڵ لە نەورۆزەوە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ خەریکی بەرنامەی وشکایەتین، کە نەورۆز چووین لە نزیکەوە تەماشای وەزعەکەمان کرد هەستمان کرد کەوا ماوەکەی بەسەر چووە، بەرنامەمان دانا وەکو وەزارەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی «فاو»دا بۆ ئەوەی بتوانین لە ئێستاوە لە سێ میحوەرەوە ئیش بکەین، یەکەم شت ئەوەیە هەندێ مەسەلە هەیە کە کوتوپڕە، شتی کوتوپڕیش کە پێویستە دابین بکرێت ئاوە، کۆمەڵێک دێهات وبە شەقڵاوەشەوە کە بەناوبانگترین جێگایە بۆ ئاو ئێستا پێویستیان بە ئاو هەیە، نەک بۆ ئاو خواردنەوە بەڵکو بۆ ئاودانی کشتوکاڵی، ئێمە بەرنامەیەکی کوتوپڕمان داناوە بۆ ئەوەی ئاو دابین بکەین و، ئێستا گروپەکانمان وا خەریکن مەسحێک دەکەن تاوەکو بزانن چ جێگایەک زیاتر پێویستیان بە ئاوە بۆ ئەوەی گوندەکانمان چۆڵ نەبن و باخەکانیشمان وشک نەبن، ئەوە قۆناغی سەرەکییە، چونکە چۆڵ بوونی گوندەکان کار دەکاتە سەر هەموو بەرنامەکانی ترمان، دەبینین قوتابخانە کراوە، یا خانوو ئاوەدان کراوە، هەموو ئەم بەرنامانە تێکدەچن، جا لەبەر ئەوە ئەمە بەرنامەی ئێستامانە و، بڕێکی پارەی باشمان بۆی تەرخان کردووە و، ئێستا لە مانگی شەشەوە تانکەرێکی زۆرمان هەیە و تانکەری تریش بە کرێ

دەگـرین بۆ ئەوەی ئاو دابین بکەین بۆ گوندەکان تاوەکو ئەو کاتەی کە پێـویسـتـە، هەروەها لەو مەسەلە هەرە گرنگ و کوتوپڕانە قەرەبوو کردنی ئەو جووتیـارانەیە کە ١٠٠٪ زەرەر مەند بوونە، بەتایبـەتی جـادەی کـەرکـووک تاوەکـو دەگـاتە جـادەی مـوسڵ ، ئەوەی کـە پشـتی بە ئاوی بیـر نەبەسـتبێت ١٠٠٪ زەرەرمەنـد بوونە، ئێستـا گـروپەکانمان دەرچوونە بۆ ئەوەی دەسنیشـانی ئەو زەرەرمـەندانە بکەن، دەمـانەوێت بنەمـایەک دابنێین بۆ چەند رووبەرێکی دیاری کـراو، رەنگە بتـوانین لە بەرزترین رادەی بۆ رووبەری «١٠٠»دۆنم تەواوی تۆ و پەینی بدەینێ، ئێـمـە تاوەکـو پێمان بکرێت بە هەموو رووبەرەکان دەدەین ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو برەمانە نییە رەنگە بەرزترین رادە بتـوانین تـاوەکـو «١٠٠»دۆنم تۆ و پەین دابین بـکەین، سـەبارەت بە خـاڵـی سـێـیـەم ئەڵەفـە، چونکە ئاژەڵیش زەرەرمـەند بووە بەشـێـوەیەکی زۆر، پاوانمان نەمـاوە پاریش ناچار بووین کـەوا خەڵکانێکی زۆر لە جنوبەوە بێن و بیانحەوێنینەوە، ئەویش کارێکی زۆری کردە سەر لەوەڕگاکان و ئەمسالیشی هاتە سەر، جا بۆیە کێشەیەکی زۆرمان هەیە بۆ ئەڵەف، بۆیە ئێمە لە هەمان کاتدا بەرنامـەی دابین کـردنی ئەڵەفـمـان بەدەسـتـەوە هەیە، پار توانرا ٢٠٪ی ئەڵەف دابین بکرێت بۆ ناوچەکـان و، ئەمـسـاڵ هەوڵ دەدەین کـەوا بیگەیەنـینە ٥٠٪، ئێـمـە لەلایەنی خـۆمـانەوە هەوڵ دەدەین کـەوا بەشـێـوەیەکی تەواو دابینی بکەین، بەڵام تواناکـان دابەش کـراوەتە سـەر کـەرتە پێـویسـتـەکـانی تر و، دەبێت هاوسـەنگـیـەک هەبێت لەنێـوانیـاندا، ئەوە سـەبارەت بە بەرنامـە کوتوپڕەکان، بەڵام سەبارەت بە بەرنامـە هەمیشەییـەکانی چارەسەر کردنی کێشـەی وشکایەتی، ئەویش ئەوەیە کـەوا ئێـمـە بەشـێـوەیەکی باشـتـر ئاوەکـانمان بە بەرهەم بێنین، کـە ئەویـش یەک لەبەرنامـەکـانی کشـتـوکاڵـییـە، ئێـمە پرۆژەیەکی یەکجـار زۆرمـان لەژێر جێبـەجێ کـردندایە و، هەندێکیـان لەمـانگی داهاتوودا دەکەونە جێبـەجێ کردن و، هەندێکیشـیـان لە فیـزی «٨»ەمدا جێبـەجێ دەکرێن و، هەندێکیـان بە توانای حکومـەتی کوردسـتـان جێبـەجێ دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئاوەی کە هەیە بە باشـترین شێوە بەکاری بێنین، سـەرچاوەی ئاوەکانیش سەتحییە و ئاوی رووبارەکان و کانیـاوەکانە، هەروەها ئاوی بیرە ئیـرتیـوازییەکانە، دیارە مـەسەلەی پرۆژە و ئیش کردنی پرۆژەی ئاودێری ئیشی مـانگ و دوو مانگ وساڵێک نییە، هەندێ پرۆژە هەیە کەوا پێـویسـتی بە «٦» مـانگ لێکۆڵینەوە هەیە، ئەگەر ئەولیـاتی کۆنی چەند سـاڵەت هەبێت، جـا لەبەر ئەوە زۆری دەوێت، بەڵام گرنـگ ئەوەیە ئێمە بەرنامـەمان هەیە و، گروپەکانیشـمان لە هەموو شـوێنێـک دەگـەرێن و ، پاشـان لە بەرنامـەی بڕیاری «٩٨٦» ژمـارەی ئەو پرۆژانەی کە جێبـەجێ کـراوە و جێبـەجێ دەکرێت پێشـکەشـتـان دەکـەین، خـاڵێکی تریش بۆ چارەسـەرکـردنی کـێشـەی وشکایەتی ئەوەی کـە ئێـمـە هانی جـووتیـارەکـان بدەین بۆ ئەوەی ئەو جـۆرە تۆیانە بچێنن کـەوا توانای بەرگری وشکایەتی زیاتری هەیە، بەتایبەتی لەو جێگانەی کەوا سەرچاوەی ئاوی سابتی نییە، لە هەمان کاتیشدا بتوانین بۆ ئەوەی لە رووبەری زۆردا بچێنرێت ، بۆ نموونە جووتیارێک لە جیـاتی ئەوەی «٢٠٠»دۆنم بچێنێ و هەمووی وشکەوە بێت، دەتوانێت «٥٠» دۆنم بچێنێت و بە

بیرێکی ئیرتیوازی ئاوی بدات، ئێمە ئەمساڵ لە زۆر جێگا یارمەتی و هانی خەڵکمان داوە بۆ ئەم جۆرە ئەزمونانە و، بەراستی ئاکامەکانی زۆر سەرکەوتوو بووە، ئەوەی کە «٥٠»دۆنمی چاندووە، ١٠بەرامبەر ئەوە زیاتر سوودی هەبوە کە «٢٠٠»دۆنمی چاندووە، لەوانەیە تەنها پەرێزەکەی فرۆشتبێت ئەگینا هیچی تری بە دەستەوە نەهاتووە، لەبەر ئەوە خەرجییەکی کەمتر و بەرهەمێکی زۆرتر باشترە لە خەرجییەکی زۆرتر و زەوییەکی زیاتر کە ئەنجامی نائومێدی بێت، ئێستا دێمە سەر بەرنامەی بڕیاری «٩٨٦» ، بەر لەوەی باسی ئەم بەرنامەیە بکەم دەمەوێت شێوەیەک لەم بەرنامەیە بەخێرایی باس بکەم، بەرنامەی «٩٨٦»تاوەکو ئێستا «٨»فێز بە نەزەری هاتووە، من ئێستا تەنها باسی ئەوە دەکەم کە پەیوەندی بە کەرتی کشتوکاڵیەوە هەیە لەم ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدایە، فێزی یەکەم «١١»ملیۆن و نیو دۆلار پارەی بۆ تەرخان کراوە، لەو بڕەدا ٨٩٪ بووەتە پرۆژەو جێبەجێ کراوە، فێزی دووەم «١٤٨٢٠٠٠٠»دینار بەشی هەولێر و دهۆک بووە و کۆیەشی لەگەڵدا بووە ، ٩٢،٦٪ لێ جێبەجێ بووە، فێزی سێیەم هەمان بڕە و ٩٥،٢٪جێبەجێ بووە، فێزی چوار «١٣٦٨٠٠٠٠»دۆلارە ٨٦٪جێبەجێ بووە، فێزی پێنجەم «٣١٢٩٣٠٠٠»دۆلارە و ٧٤٪ جێبەجێ بووە، فێزی شەشەم کە ئێستا ئێمە لە ناو ئەم فێزەداین بڕی «٥٥٤٦١٠٠٠»دۆلارە ٥،٨٪جێبەجێ بووە، فێزی حەوتەم «٢٣٣٧٠٠٠٠»دۆلارە و هیچی لێ جێبەجێ نەبووە، فێزی هەشتەم کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکەین و گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە ئەم فێزە شێوەی ئامادە کردنەکەی جیاوازی هەبوو لەگەڵ فێزەکانی تر ، پێشتر پارە دەسنیشان دەکرا ئەوجا دەکرا بە پرۆژە، بەڵام ئەم جارەیان پرۆژەمان ئامادە کردووە ولەسەر ئەو بنەمایە پارەی خەرج تەرخان دەکرێت، بەو پێیە کەرتی کشتوکاڵی ئێمە پرۆژەیەکی زۆرمان ئامادە کردبوو نزیکەی «٨٠٠٠٠٠٠»دۆلارمان ئامادە کردبوو، بەڵام لەبەر ئەولەویات و گرنگەکان بەشی نەدەکردین«٤٠٠٠٠٠٠»دۆلار بەشی کشتوکاڵی هەولێر ودهۆکە لە فێزی هەشتەمدا، ئەوە شێوەیەک بوو لەسەر کەرتی کشتوکاڵی لە بەرنامەی «٩٨٦»دا، دەزانن کەوا ئەمە ١٣٪داهاتی نەوتە، بەرنامەی «٩٨٦»بێگومان ٩٠٪ ئیجابیاتە، بەڵام بێ سەلبیاتیش نییە، ئەگەر بێت و باسی کەرتی کشتوکاڵی بکەین دەبینین بەرنامەی «٩٨٦»زەرەرێکی زۆر جوزئی لە کەرتی کشتوکاڵی داوە، ئەویش ئەوەیە کەوا بازاڕی هەندێ دانەوێڵە کە پێشتر نرخێکی باشی دەکرد نرخی شکاند، لەو رووەوە زەرەری لێ داوین ، بەڵام کە هەمووی تەماشا بکەین بەرنامەی «٩٨٦» سوودی زۆر بووە و، لە کەرتی کشتوکاڵیش لەلایەنەکانی تردا قەرەبووی کردووە، وەکو دابین کردنی پەین و موزەخاتی ئاوی وئەبحاسی کشتوکاڵیش، بەڵام دەبێت ئێمە تەماشای هەموو لایەنەکان بکەین، لایەنە ئیجابییەکان لەبەرنامەی «٩٨٦» بۆ کشتوکاڵ زۆر شت کراوە و، هەندێ ژمارەتان بۆ دەخوێنمەوە، رەنگە لە هەولێر و لە دهۆک لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوودا «٦٢» خانوو بۆ کشتوکاڵی و رێنمای و دروستی ئاژەڵی و کۆگا و روشەنبیری کراوە، «٢٦» ژووری

بیری ئیرتیوازی کراوە، کەرەستەی یەدەگی زۆر دابەش کراوە، «۲۱۰۰»تایە دابین کراوە بۆ تەرەکتەر، «۱۰۰۰» تایە ئێستا لە دابەشکردندایە، «٦۰» تەرەکتەر دابەش کراوەتە سەر لقەکان، ئەوەانە زیاتر بۆ فەرمانگەو قوتابخانە کشتوکاڵییەکان و ئەبحاس و تووتن بووە، چونکە برێکی کەم هاتووە و، برێکی زۆرتر دەبێت دابەش بکرێتە سەر جووتیارەکان، لە قۆناخەکانی تر خراونەتە سەر فێزەکانی شەش و حەوت ئەوانە دێت، «۱۲» ئامێری کۆکردنەوەی بەردی تاوەکو قوتری «۳۰»سم لە زەوی کۆ دەکاتەوە بۆمان هاتووە و، ئێستا خەریکن ئەبحاسی پێدەکەن بۆ ئەوەیە ئەو زەویانەی کە زورگن پاک بکرێنەوە، «۲۳» پاڵیولەر «بازر» هاتووە، «۱۱» خەرمان کۆ هاتووە کە وەکو دەڕاسەیە بەڵام بچووکترە بۆ ناوچە شاخاوییەکان بەکاردێت، «۲۱» ئامێری پەین پەرت کردن، لە سنووری «۳۰۰۰»پەمپی بەرگری، «٥»تەنکەری دارستان و وشکایی هاتووە، ئامێری کابیسەو «۲» ئامێری داندۆی زۆر گەورە هاتووە بۆ لێدانی بیری ئیرتیوازی ، یەکێکیان لێرەیەو ئەوی تریشیان لە دهۆکە، ئەم دوو ئامێرە زۆر گەورەن و ئەوەی دهۆک کەوتووەتە کار و ئەوی ئێرەش وا پسپۆرەکان مەشق بە کارمەندانی کۆمپانیای بیرلێدان دەکەن، نیزیکەی «۱۷٦٥» موزەخەی ئاوی جۆراوجۆر هاتووە، کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لەسەر دابەشکردنی، «۱٥۰» موەلیدەی کارەبا هاتووە لە نزیکەی وزەی «۳٥» تا «۷۰»Kv، «٤۰۰۰»سەنوقی هەنگ هاتووە، «٥۰۰۰۰۰»دۆنم قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکانی سن و کیسەڵە و زیوان کراوە، پرۆژەیەکی زۆری ئاودێری جێبەجێ کراوە، لە هەولێر «۱۷» پرۆژە و لە دهۆکیش «۱۷» پرۆژە جێبەجێ کراوە، «۳۰» پرۆژە ئێستا بەشێوەیەکی گشتی ئەنجام دراوە و هەندێکی لە ژێر ئەنجامدان دایە، لە بواری دارستان، باسی ساڵی «۲۰۰۰» دەکەم، چونکە بەراستی دارستانەکان هەندێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام دەتوانم ئەوەتان پێ بڵێم هەڵمەتی «۲۰۰۰» ۸٥٪ سەرکەوتوو دەبێت، تاوەکو ئێستا ۹٥٪سەرکەوتووە، بەڵام ئێمە ۱۰٪مان داناوە لە هاویندا، چونکە شێوەی سەرکەوتوو بونیمان دابین کردووە، لە ئاودان و پەرژین و سەپان و ئەو شتانە، لە هەولێر «۳۰۰۰» و لە دهۆک «۲۰۰۰» دۆنم دار چاندراوە، «٥»نەمامگەمان لە دهۆک و هەولێر دروست کردووە کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەیان «۲۲۰۰۰۰۰»نەمامە، ئێستا ئێمە نەمام ناکڕین و، ئەم ساڵ هیچ نەمامێکمان نەکڕیوە، جگە لەوەی کە چاندراوە و فەرمانگەکان و گوندەکانیش هەموو نەمامی بۆ دابین کراوە، ساڵی ئایندە «٦۰۰۰» دۆنم لە بەرنامەدایە و ژمارەیەکی یەکجار زۆر پەرژین بووە.

ئەوە کورتەیەک بوو لەسەر بەرنامەی (۹۸٦). بێجگە لەوە لایەنی سامانی ئاژەڵ وەکو ئاماژەم پێ کرد (دەواجن) لە ئەنجامی بەرنامەی (۹۸٦)دا هەروەکو باسم کرد ژمارەی دەواجنەکان و ئەو ڕێژەیەی کە کاریگەری هەبووە زۆر پەرەی سەندووە.

دێمە سەر خاڵێکی تر کە پێویستی بە باس کردنە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەموو شتێک بەرهەم دێنین، پاڵپشتی (دعم)ی جوتیار دەکەین و یارمەتی دەدەین بە ئامانجی ئەوەی بەرهەمی هەبێت،

بەرهەمەکە بەشێکی بۆ خۆیەتی لەوانەیە بۆ هەندێ جوتیاران (١ ٪)ی بۆ خۆی سوودی لێ وەردەگرێ باقیەکەی تری دەبێ بازاری هەبێ، یانی خاڵی سەرەکی کە خزمەتی ئەو هەموو شتانە دەکات یارمەتی سەرەکیمان بۆئەوەی بتوانی بەرهەمهێنان زۆر بێت (تسويق)ـە تۆ ئەگەر شت نەفرۆشی نایچێنی.

وەکو باسم کرد بەرنامەی (WFP) کاری لە بازار کردووە بەڵام زۆر شتی تریش هەیە کاری لە بازاری ئێمە کردووە، ئێمە پێویستمان بە حیمایە هەیە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ بە سوپاسەوە وەزارەتی داراییش لەو بارەیەوە زۆر بەدەنگمانەوە هات و لەژێر ڕێنماییەکانی سەرۆک وەزیران بەڕێز (کاک نێچرڤان بارزانی) کە ئیعازی دا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پیشەسازی لەو بارەیەوە بەرنامە دابنێین بۆئەوەی چۆن بتوانین حمایە بکەین، ئێمە هەندێ هەنگاوی ئەوەلیمان ناوە ئەم هەنگاوانەش لەوانەیە بچوک بن بەڵام سەرەتان بۆ شتی گەورەترو ڕێکتر و لەسەر شێوەی دەزگاکان (مؤسسات) ئەویش ئەوەیە لیژنەیەکمان پێکهێناوە لە نوێنەرانی کشتوکاڵ و دارایی و پارێزگاو پیشەسازی و نوێنەری گومرگ بۆئەوەی بتوانین مرونەیەک هەبێ لەو ماوانەی کە بەرهەمی خۆمان دێتە گۆڕێ و، بەرهەمی کە لە دەرەوە بۆمان دێت، بەتایبەتی لە ئێران و خوارەوەو ناوەڕاست نەیەلین ئەو بەرهەمانە رکابەری بکات مونافەسەکە بە شێوەیەکی وابێ کە لێرەش دەبێت تەعادولەک هەبێت بەو پلەیە نەبێت کە زۆر زیان بە بەرهەمی خۆمان بگەیەنێت بەو رادەیەش نەبێتە هۆی گران بوون کە (مستهلک) پێی نەکرێت. بەڕاستی ڕاگرتنی ئەو تەعادولە کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام دیسان نابێت بازارەکانی خۆمان وا بکەینەوە لەو بارەوە پێشنیاری ئێمە ڕەنگە قەدەغەکردن تا رادەیەک زەحمەت بێت، بەڵام وەسیلەی حمایە یەکێک لە وەسیلەکانی گومرگە، ئەو مەوادانەی کە ئێستا مەوسمی خیارە پاش مانگێک یان دە ڕۆژی تر دەبێتە بۆ نموونە مەوسمی قەیسی یانی ئەو قەیسییەی کە لە جنوب دێت یان لە جێگەیەکی تر دێت لە ئێران دێت گومرگی لەسەر زیاد بکرێت یان ئەو لیژنەیە ئیشی ئەوندەیە بای ئەوەندەی کە جوتیارەکەی ئێرە بتوانێت بە نرخێکی وا بیفرۆشێت کە نرخێکی گونجاو بێت، ئێمە ئەو لیژنەیەمان داناوە هەفتانە کۆبوونەوە دەکات و لەبارەیەوە پێشنیارەکان دەکات هەتا ئێستا سەرەتایە بەڵام سەرەتایەکی باشە و، یەکێکە لە وەسیلەکانی حمایەکردنی بەرهەم.

یەکێک لەو شتانەی کە انجاز کرا و زۆر گرنگ بوو پەرەسەندنی (دەواجن) کە بەوشێوەیەی باسم کرد بووە هۆی ئەوەی نرخ بێنێتە خوارەوە، لە ساڵی (١٩٩٨) ئێمە کە دەستمان بەو هەڵمەتە کردووە کیلۆی گۆشتی مریشک بە (٣٤) دینار بووە ئێستا کیلۆی گۆشتی مریشک بە (١٢) دینارە، یانی سێ یەکی (ثلث) قیمەتی دابەزیوە. مریشکی سڕکراوی (مستورد) کە لە دەرەوە دەهات و وەکو باس دەکرا لەڕووی تەندروستیشەوە زۆر باش نەبوو ئێمە پێشنیارمان کرد و، وەزارەتی دارایی لەبەر ڕۆشنایی تەوجیهاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گومرگێکی باشیان خستە سەر مریشکی مستورد کە (١٥٠) دینار بوو بۆ هەر تەنێک، ئێستا کردیان بە (٣٠٠٠)

دینار بۆ هەر تەنێک، ئێستا سەقامگیرییەک دروست بوو لە بەرهەمی دەواجن و رزگاریشمان بوو لە جۆری خراپ کە دەهاتە ناو هەرێم.

مەسەلەی تر بۆ بابەتی حمایە زۆر شت هەیە دەبێت حمایە بکرێت، یەکێکیان مەسەلەی گومرگە ئەوی تریان دیتنەوەی بازارە، بەداخەوە ئێمە تا ئێستا ئابلۆقەمان لەسەرە ئەگەر نا ستانداردی نرخی جیهانی هی بەرهەمەکانی ئێمە زۆر لای ئێمە گرانە، گەنم نرخی دوو ئەوەندەی نرخی ئێستایە لەهەر ولاتێک بیفرۆشی، بەلام لەبەرئەوەی ئێمە ئابلۆقەمان لەسەرە پێمان نەکراوە بتوانین ئەو مەسەلەیە تا رادەیەک چارەسەر بکەین.

خالی دووەم چاندنی ئەو بەرهەمانەیە کە لە پیشەسازییەکان و مەسائیلی تر بەکار دێت، داوامان کردووە لە بەرنامەی (٩٨٦) خەریکە هەندێکیان جێبەجێ دەکرێت، کارگەکانی (تصنیع) و (تجفیف) هەندێ شتی لە ئاستی گەورەو هەندێکی لە ئاستی بچوک کە بتوانرێت لە هەموو ناوچەکان بەگوێرەی گونجاو دابەش بکرێت دەستی پێ کراوە، ئێستا کارگەی رۆنی رووەکی لە ئاکرێ بریاری بۆ دەرچوو، کارگەی ئەلبان لە سێمێل و، پێشخستنی کارگەی هەریر و، لێرە هەندێ پرۆژەی تر بەدەستەوەیە و، زۆر شت داواکراوە لە میانی پیشەسازییە خۆراکییەکان کە پێکەوە لەگەل وەزارەتی پیشەسازی پێشنیاری ئێمەیە زۆر پێشنیاری تریش هەیە بۆئەوەی کارگەی قوتوبەند لێرە بکرێتەوە و ئالیک و پرۆتین لە ماددەکانی ئێرە بکرێت. یەکێک لەو شتانەی کە ئەم سال داوامان کردووە کە هەم چارەسەرییە بۆ بەرنامەی (جفاف) تا رادەیەک رەزامەندی مەبدەئی لەسەر کراوە و، هەم تەسویقە واتا بە بازارکردنی کەلوپەلەکانی خۆمانە کرینەوەی یان تەئمینی ئالیک بۆ قۆناغی جەفاف محەللییەن. ئەوە لە هاتنی نوێنەرانی رێکخەری عێراق لە (تۆنی میات) ئەو بابەتە من لەوێ خستمەروو بەناوی ئەوەی کە بەرنامەیەکی طارئە مەبدەئیەن پێیان باشە و، خەریکە رەزامەندی وەردەگرن ئەگەر ئەوە بێت لەوانەیە بتوانین برێکی زۆر بەناوی تەئمینی ئالیک بەتایبەتیش جۆ بتوانرێت بکرێتەوە.

یەکێک لە شتەکانی کە زۆر لە مێژە سەرۆک بارزانی لە زۆر لە سەفەرەکانی دەرەوەی و لێرەش چەندین جار لە هەموو بۆنەکان جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە چۆن بتوانین بۆ بەرنامەی (WFP) سوود لە گەنمی خۆمان وەربگرین بۆ دابەش کردنی ئازووقە تا ئیستا لەمە سەد دەر سەد سەرکەوتوو نەبووینە بریارێک دەرچووە لە ئەنجوومەنی ئاسایش کە ژمارەی (١٢٨٤)ـە، ئەو بریارە هەموو لایەک رازین لەسەری تەنیا حکومەتی عێراق ماوە رەزامەندی لەسەر بکات ئەگەر حکومەتی عێراق رەزامەندی لەسەر بکات بێگومان ئەو بابەتە چارەسەر دەکرێت و، دەتوانین زۆر شت هەیە لە ناوخۆوە دابینی بکەین.

من جارێکی تر دەیلێمەوە لەوانەیە هەندێک شت هەبێت لەبیرمان کردبێت. خالێک هەیە دەمەوێ باسی بکەم کە حکومەتی هەرێم لەبەر رۆشنایی تەوجیهاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دە ملیۆن دیناری لە بوودجەی حکومەتی هەرێم دابین کردووە بۆ کرینەوەی گەنمی ئەم سال، ئێستا

ئێمە چەندین لیژنەمان پێکهێناوە، بەڵام ئەو گەنمە چییە دەیکڕینەوە؟ بۆئەوەی بابەتەکە بە هەڵە لێک نەدرێتەوە ئەو (البذور المصدقة) یان جۆری تۆی باش (اکساد) کە دابەش کراوە جۆرێکی زۆر باشە و، بڕیاری باشە بەشێک لەوە دەکڕینەوە و جارێکی تریش دابەشی سەر جوتیارانی دەکەینەوە بۆئەوەی بتوانین ئەم جۆرە بکەینە جۆرێکی (سائد)، هەم لە بۆ ئارد باشە چونکە ئاردی سفر تەنها لەو گەنمە دەردەچێت، چونکە گەنمەکانی خۆمان ئاردی سفری باشی لێ دەرناچێت ئەوەش دابین کراوەو ئەوە مەوزوعێکە قابلی گۆڕان نییە، چونکە کۆنکریتییە.
جارێکی تر زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز د. رۆژ، هەروەها بەڕێزانتان کە کاتێکی زۆرم گرتن بۆئەوەی مەسەلەکان بخەمەروو، ئێستاش ئامادەین وەڵامی هەر پرسیارێک بدەینەوە کە ئێوە بیخەنەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بۆ ئەو روونکردنەوانەی پێشکەشی کردن، لە راستیدا بە نرخ بوون و رۆناکییەکی زۆری خستە سەر کاروباری وەزارەت و بەرنامەی داهاتوو بەتایبەتی لە بواری بێ بارانی و پێشخستنی کاروباری کشتوکاڵی وڵاتەکەمان.
بەڕێزان وەکو دەزانن ئەم دانیشتنە لەسەر داوای لیژنەی کشتوکاڵییە، چونکە هەندێ پرسیاری تایبەتییان هەیە، ئینجا پێش هەموو شتێک با بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاوەدان کردنەوە و پیشەسازی پرسیارەکانی بخوێنێتەوە دوای ئەوە بوار ئەدەین ئەگەر بەڕێزانی تریش پرسیاریان هەبێت کە لەو پرسیارانە نەهاتبێ یان باس نەکرابێ پرسیاری خۆیان بکەن.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانەی لەبارەی هەندێ لە کێشەکانی کەوا بەرەو رووومان بۆتەوە بەدرێژی باسی کردن لە هەمان کاتدا هەندێ پرسیار هەیە کە بەراستی لەروونکردنەوەکانی بەڕێزی نەهاتبوو حەزدەکەین ئەگەر ئەوانەشمان بۆ روون بکاتەوە لەگەڵ رێزو سوپاس.
یەکێک لەو پرسیارانە دەربارەی دابەش کردنی تۆو سەمادە بەپێی رووبەری زەوی جووتیارەکان نییە، ئەو سکاڵایەیان هەیە کە ئەڵێن هەموومان وەکو یەک دەمان دەنێ لەکاتێکدا کە جیاوازی هەیە لە نێوان رووبەری زەوییەکانی جوتیارەکان هەروەها داوایەکی تر هەیە لەلایەن جوتیارانەوە ئەوەیش دەربارەی کرێی زەوییەکانیانە کە عەقدیان لەگەڵ کراوە بەپێی یاسای (اصلاح الزراعی) داوایان لێ دەکرێت کە دفعی بکەن بەراستی ئێمەش ئەوە دوو ساڵە تووشی کێشەی وشکەساڵی بووین لام وایە جوتیارەکان توانایان کەم بێت، لەبەرئەوە ئەگەر بەڕێزیان هەوڵ بدات یاخود لێیان ببورن یاخود بۆیان دوا بخرێت بۆ ساڵانی هات.
هەروەها دەربارەی بیرە ئیرتیوازییەکان، وەکو ئەزانن ئێستا کۆمپانیایەک هەیە بەناوی

(کۆمپانیای بیره ئیرتیوازییەکان) بیر هەڵدەکەنێ، بەراستی تێچووەکەی (کلفە) لە نێوان (٨٠ - ٩٠) دیناره ئێستا، ئەمەش وەکو زانیومانە بەرزە و، داوا دەکەین ئەگەر بتوانرێ ئەو کولفەیەی کەوا لە جوتیارەکان وەریدەگرێ. بەپێی کولفەی راستەقینەی بیر هەڵکەندنەکە بێت. بەم بۆنەیەوە پێشنیار دەکەین بوونی ئەو کۆمپانیایە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لام وایە لە شوێنی خۆیدا نییە ئەگەر یەکسەر ببەسترێتەوە بە وەزارەتی کشتوکاڵ باشتر دەبێت.
لەناوچەکەمان ئەتوانین سوود لە ئاوەکان وەربگرین بە پرۆژەی بچوک هەرچەندە بەڕێزیان باسی ئەو گرفتەشی کرد بەڵام ئێستا گرفتێک هەیە ئەویش گرفتی (تبطین) کردنی جۆگەکانە یانی جۆگەکان بەشێوەیەکی وا دەستکاریان بکرێت (تبطین) بکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە فیرۆدانی ئاوەکان کەمبێتەوە و، گرفتی ئاوەکەمان تا رادەیەک بۆ چارەسەر دەکات.
لەبارەی کڕینەوەی بەرهەمی جوتیارەکان لەم ناوچانەی کە ئەمساڵ بەرهەمیان تا رادەیەک باش بووە بەراستی باشتر وایە هەوڵ بدرێت بەرهەمی ئەو ناوچانەی کەوا ئێستا هەیانە وەربگیرێ بۆئەوەی بەسەر ناوچە زەرەرمەندەکاندا دابەش بکرێت.
لەبارەی میحوەری دووەمەوە ئەویش پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی هەرێمە، بەراستی جێگای سوپاسە کە بەڕێزیان موشکیلەی روون کردەوە کە هەنگاونراوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و لایەنە پێویستەکان بۆئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام تەنها پێشنیارێکمان هەیە ئایا هیچ سەرژمێرییەک هەیە لەبارەی پێویستی ناوچەی هەرێم بەو ماددانە چەندەو بەرهەمی خۆشمان چەندە؟ چونکە ئەوسا ئێمە دەتوانین بڕیارێکی ئەتۆ وەربگرین کە کەمیەی چەند بێنین و یاخود چەند بنێرینە دەرەوە.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

ئەگەر زەحمەت نەبێت پرسیارەکەت روون نەبوو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

بەڕێزتان باسی ئەوەتان کرد کە هەنگاو بۆ پاراستنی بەرهەمەکانی هەرێم نراوە، بەڵام وەکو دەزانن ئیجرائات پێویستی بەوەیە کە ئێمە بزانین ژمارەمان لا هەبێت بەرهەمی هەرێم لەو ماددەیە چەندە و پێویستی ناوخۆش چەندە سەرژمێرییەکی وامان دەوێت. جا ئەگەر هەوڵ بدرێت ئەو سەرژمێرییە کۆبکرێتەوە.
سەبارەت بە چاککردنی بەرهەمەکانمان هەوڵدان بۆئەوەی ئەمامی باش پێبگەیەنین یاخود ئەگەر پێویست بکات لەدەریشەوە بیهێنین و تۆی باش بۆ کشتوکاڵ کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کشتوکاڵ لە وڵاتەکەمان بەرەو باشتر بچێت.
هەروەها ئامێری کشتوکاڵی بەپێی بڕیاری (٩٨٦) بەسەر جوتیارەکان دابەش دەکرێت نرخەکانیان لە نێوان پارێزگاکاندا جیاوازە بۆ نمونە مضخەیەک لە دهۆک نرخێکی هەیە لە هەولێر نرخێکی تری هەیە و نازانین ئەمە هۆیەکەی چییە؟. بۆچی دەبێت نرخەکان جیاواز بن؟ لە کاتێکدا کولفەی

هێنانی ئەو ماددەیە لە هەردوو پارێزگاکە وەکو یەک وایە.
کێشەیەکێ هەیە لەبارەی کارکردن لە ڕێکخراوە بیانییاکاندا بەراستی لیژنەکەمان لە سەردانەکانی بۆیان دەرکەوت کە هەندێ لە کارمەندانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری وەزیفەکانی خۆیان بەجێ دێلن ئەچن لە ڕێکخراوە بیانییەکاندا ئیش دەکەن ئەویش یان بە واز هێنان لە وەزیفەکەی، یاخود هەندێکیان مۆڵەتی کاتی (اجازەی مؤقت) وەردەگرێت کە بەراستی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کادیرە فەنییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵدا کەم ببنەوە لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین ئەگەر مومکین بێت ئەو وازهێنانە، یاخود ئەو کارکردنە لەو ڕێکخراوە بیانییانە بەپێی ڕەزامەندی تایبەتی بێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.
لەبارەی کێشەی زەوییەکانەوە لە هەندێ ناوچەکانی لای خۆماندا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە تەسویە نەکراون تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنراوە بۆئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆگرامێکی هەیە لەو ڕووەوە؟.
هەروەها ئێستا کێشەیەکی تر هەیە لەبارەی موتەفەریغینی زراعی کە بەشێکی زۆر لە موتفەریغی زراعی هەیە کە ئەو زەوییانەی بە پێی عەقدی تایبەتی پێیان دراوە بەجێیان هێشتووە و خۆیان استغلالی ناکەن، جا چ فرۆشتبێتیان یاخود داویانە بەکرێ کە ئەوەش بەپێچەوانەی بەندەکانی ئەو عەقدەیە کەوا لەگەڵیاندا کراوە لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین ئەگەر ئەو موشکیلەیە دیراسەت بکرێت و ئەوانەی کە هەریمیان بەجێهێشتووە و، ئەو زەویانەی کە بە عەقد دراویانەتێ ئێستا لەلایەن کەسانی ترەوە استغلال دەکرێت چاوی پیا بخشێنرێتەوە ئەگەر لەتوانادا بێت لێیان بسێنرێتەوە.
لەبارەی بانقی کشتوکاڵەوە هەرچەندە لە کاتی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ بەرێز وەزیری کشتوکاڵدا لەم ڕۆژانەی دواییدا باسی ئەوەی کرد کەوا بانکی کشتوکاڵ بکرێتەوە گەر بەراستی ئێمە حەز دەکەین ئەو هەنگاوە دەست و بردی لێ بکرێت و، ئەگەر لە توانادا بێت لەدوا ڕۆژدا ببێتە هۆی ئەوەی کەوا بەشێوەی سولفە جوتیارەکان یارمەتی بدرێن.
لەبارەی توتن کردنەوە ئایا هیچ کراوە بۆ هاندانی توتن کردن لە ناوچەکە بەراستی لەو ناوچانە توتنی باش بەرهەم دەهێنرێت لە ڕێگای تەنسیق لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بەم بۆنەیەوە بە چاکی دەزانین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی توتن دیاری بکرێن بەراستی ئێمە لە چەند ساڵی پێشوودا تووشی کێشەیەکی گەورە بووین کە ئەویش کەمیەیەکی ئەوتۆ توتن بەکار هات کە بە هیچ جۆرێک جگەرە سوودی لێ وەرناگیرێت، چونکە لەو ناوچانە کراوە کە نابێت توتنی تێ بکرێت، چونکە بەرهەمەکانیان خراپە دەبێ کارێکی وا بکەین لەو ناوچانەی کەوا بەرهەمیان باشە هان بدرێن و مۆڵەتیان بدرێتێ و توتنەکانیان لێ وەربگیرێت.
هەروەها دەربارەی ئەو دەرمانانەی کەوا بۆ قەلاچۆکردن (مكافحە) دەهێندرێن وەکو زانراوە هەندێ لەو دەرمانەی کە بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشیەکانی کشتوکاڵی یان ئاژەڵی بەکار دەهێنرێت ئەم جۆرە

دەرمانە هەندێکیان یان ئێکسپایەرە یاخود نزیکی ئەوەیە کە ئێکسپایەر ببێت لەبەرئەوە لام وایە ئەو لیژنەیە دروست بکرێت بۆئەوەی لەکاتی وەرگرتنی ئەو دەرمانانە چاودێری ئەو خاڵە بکرێت. لە هەمان کاتدا کاتی خۆی لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە پێویستمان بە کۆگاکانی تەبریدە بۆئەوەی کەوا بتوانین بەرهەمەکانی کشتوکاڵی خۆمان بپارێزین چەند کۆگایەکی تەبرید لە پرۆگرامی (٩٨٦) دروست بکرێت هەروەها تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دەرمانانەی کە دەهێنرێت ئایا بەپێی مواسەفاتە و ئایا ئێکسپایەر بووە یان نا؟، لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاک ئەمین دەکەین بۆ موداخەلەی لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکاری.

ئەوە موداخەلەی لیژنەکە بوو ئینجا نازانم بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەیەوێ وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، یا پرسیاری تریش بکرێت هەمووی بەیەکەوە وەڵام بداتەوە؟.

**بەڕێز سەعد عەبدوللا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با یەکەمجار وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ بدەمەوە پاشان پرسیارەکانی تر. ئەگەر پاشان پرسیاری تری بە ڕێگەی زارەکی بکرێت ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس ئەوەش دەخەمەوە بیری جەنابت حەقی جەنابتە کە بتەوێ هەر پرسیارێک وەڵام بدەیتەوە یان نا، دوایخەیت یان بە نووسراو وەڵامی بدەیتەوە.

**بەڕێز سەعد عەبدوللا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر نەیزانم تەرکی دەکەم بەڵام تا ئێستا هەموویان دەزانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوللا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەمین. دەربارەی خاڵەکان خاڵ بە خاڵ دەچمە سەری ڕەنگە هەندێکیشی لە قسەکانم باسم کردبن.

خاڵی یەکەم دابەش کردن بەپێی ڕووبەر، لایەنێک هەیە ئەگەر شت متوفر بێت بێگومان بەشی

هەموو مساحە دەكات ئەگەر متوفر نەبێت دەبێ (عدالەت) رەچاو بكرێت، دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەمیشە لە تەوجیهاتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بەرنامەی حکومەتی پێشکەش کرد لێرە ئەوەش لەبەردەمی ئێوە بوو کە دەبێ ئێمە زیاتر پشتیوانی لە خەڵکی بەرهەمهێنەری بچووک بکەین بۆئەوەی بتوانن بکەونە ئیش و بەرهەم ئەگەر هەبێت ئیعتیادییە بەپێی رووبەر دەبێت، بەڵام کە شت کەم بوو ناچارین کە رادەیەک و سەقفێک دابنێین بۆ مساحە بۆ نموونە لەبەرئەمانە ئاماژەم بۆ کرد ئێمە رەنگە بتوانین تا رادەی هەشتا دۆنم سەد دۆنم ئەو کابرایەی کە زەرەرمەندە هەتا ئەوەندە بتوانین بذورو پەینی کیمیاوی بدەینێ تا دێتە سەر دە دۆنم و پانزە دۆنم بەڵام رەنگە هەیە سێ سەد چوار سەد دۆنمی هەیە لەوانەیە ئەگەر کامل بدرێتە ئەو رووبەرە راستە ئەوە دەدرێتە زەوی بەڵام بەرهەمهێنەری بچوک هەنە لەوانەیە هەندێکیان بێ بەش دەبن لەوانەیە ئەوەی (٤٠) دۆنمی هەیە ناچاری ئەو کاتە نیوەش بدەیت بە ئەو جائیزە کابرایەک (٤٠) دۆنەمی هەیە بەشی (٢٠) دۆنمی بدەیتێ کابرایەکیش (٣٠٠) دۆنمی هەیە بەشی (١٥٠)ی بدەیتێ؟ ئەوە جۆرە گرفتێک دروست دەکات لەبەرئەو لایەنە ئێمە رەچاوی ئەوەمان کرد.

دەربارەی دفعی ایجار بەراستی ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتدا نییە خەڵکێک لە باج عەفو بکات، ئەوە پێموایە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە و لێبوردنی باجیش پێموایە ئەگەر بە هەڵە نەچم لە دەسەڵاتی پەرلەمانە، ئێوە بەپێی یاسا دەتوانن بڕیار بدەن، بەڵام ئێمە زۆر ئاسانکاریمان کردووە بەس خەڵکێک هەیە دەزانین زەرەرمەند نییە شینایی هەیە بەرهەمی هەیە عەقدیش ناکات بەراستی بەنیسبەت ئەوانە نابێت بانێک و دوو هەوا بێت، یانی دەبێت حسابێک هەبێت ئەوەی زەرەرمەندە بە جۆرێکی تر قەرەبووی دەکەیتەوە لە جیاتی ئەوە کرێی لێ وەرنەگیرێ بە تەواوی مەوادی دەدرێتێ، رێگای تر هەیە بۆ قەرەبووکردن لە کرێ.

دەربارەی بیرە ئیرتیوازییەکان و کۆمپانیای بیر هەڵکەندن، تەبعەن کاک ئەمین خۆت وەڵامەکەت داوە خۆی ئەوە کۆمپانیایە کۆمپانیا نیزامی تایبەتی خۆی هەیە ئێوەش دەزانن، ئێمە ئێستا داوامان کردووە هەیکەلی وەزارەت لە رێگای تەعدیل کردنی یاساکەی هەیکەلەکەی بگۆردرێت و دەسەڵات بدرێت بە وەزیری کشتوکاڵ کە هەندێ شت لەوبارەیەوە دەستکاری بکات و ئەو هەیکلە زۆر کۆنە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێت، ئێستا هەیکەلەکە لە دیوانی تدوینی یاساییە لە وەزارەتی داد لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاش ئەوەی دەچەسپێت و دێتە لاتان بە تەئکید ئێمە داوامان کردووە یەک لە ئیشەکانمان شەریکە نەمێنێت بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی (میاهی جوفی)و مەسەلەی نرخەکانیش خۆی چەسپاو نییە بە مەترە، متر لە ناوچە دەشتاوییەکان (٤٠٠) دینارە، لەناوچەی شاخاوی کە بەردە (١٠٠٠) دینارە.

سەبارەت بە مەوزوعی ئەقسات، دیسان دێمەوە سەر ئەوەی کە نیزامی کۆمپانیایە دەبێت لەو بارەیەوە تەوجیهات دەربچێت و ئەو پارەیەش هەموو تەحویلی سەر داهاتەکانی وەزارەتی دارایی

دەکرێت تەنها هەندێک محفزات و شت هەیە دەدرێتە فەرمانبەرەکان بەپێی نیزامی کۆمپانیا ڕێژەیەکیان قازانج هەیە ئەو بابەتەش ئیستا زۆر لەبەرچاو ناگیرێت. بەس مادام کۆمپانیایە کۆمپانیا نابێت زەرەر بکات دەبێت قازانج بکات کە ئەوە بگۆڕین دەبێت سیستەمەکەی بگۆڕین.
دەربارەی کێشەی (تبطين السواقي) و (مەشاریعی ری) باسم کرد، حەز دەکەم ئاماژەکتان بۆ بکەم لەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ری بەرنامەی ئێستامان زیاتر بایەخ دەدات بە ئاو، بەنیسبەت ئێمەش ناتوانین بەنداوی زۆر گەورە دورست بکەین، ئیشەکەمان عیبارەتە لە شەقی سەواقی (تبطين السواقي) بەنداوی زۆر بچووک لە جیاتی چەپەری کۆن کە کوردەواری خۆمان بە چەپەری ئاوی مەنسوبی ئاوی بەرز دەکردەوە ئێمە (بیری) لەبۆ دەکەین بەرنامەیەکی یەکجار فراوانمان هەیە لەو بارەوە بەشێکی زۆری جێبەجێ کراوە بەشێکیشی ئێستا لە قۆناخی جێبەجێ کردنە و حەز دەکەم ژماریەکتان بدەمێ لە (٤٠) ملیۆن دۆلارەکەی فەیزی هەشت، (٢٠) ملیۆنی بۆ پرۆژەکانی ئاوەڕۆیە بۆ ئەو پرۆژانەیە کە ئێوە باسی دەکەن و بێجگە لەوە لە پارەی خۆمان هەندێک مەواردی تایبەتی خۆمان لە ماوەی (٢٠) رۆژی تر ئێمە بای (٧) ملیۆن دینار پرۆژە لە ئاکۆیان کە (٤) کیلۆ مەتر (تبطين سواقي)یە، لە دهۆک لە سێ شوێن ئەوانە هەمووی پرۆژەن کە کولفەیان حەوت سەد هەزارو ملیۆنەکە دەمانەوێ ئەو ئاوەی کە هەمانە بە خەسار نەچێ بەپەلە بگاتە باخچەکان چونکە یەکێک لە وەسیلەکانی مواجەهەکردنی ئەزمەکە ئەوەیە. ئێمە لەوبارەیەوە پرۆژەمان زۆرە لیستێکی یەکجار گەورەم لەلایە کە چ پرۆژەیەکمان لەبەردەستدایە کە ئێستا هەندێکی ئیشی بۆ کراوە و هەندێکیشی لە جێبەجێ کردندایە (قورە بەگەنەو، مێرگانەو، بەربیانە، قۆریتانە، رماوێژە، لاسە) ئەوانە لە ناوچەی شەقلاوەن، لە ناوچەکانی تریش دیانەمان هەیە، حافزمان هەیە، مێرگەمان هەیە، دێلزیاتمان هەیە، ئازادیمان هەیە، لە ناوچەکانی تریش لیستەکانمان لایە لەو بارەوە دڵنیا بن رەنگە موبالەغەمان کردووە لەوەی زۆر پرۆژەکانی ئاوەڕۆکان جێبەجێ بکەین، چونکە ترسناکی دوا رۆژی ئاو وامان لێ دەکات بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە.
کرینەوەی بەرهەم باسم کرد ئیمە ئەوەی کە پێمان بکرێت دەیکەین ئەوەمان پێ کراوە تا ئێستا.
دەربارەی ئامار (احصاء) بەراستی لە کوردستان ئامار زەحمەتە (WFP) تەعلیقێکیان هەیە لەسەر ئێمە دەڵێن لە کوردستان خەڵک دەبێت بەس نامرێت یانی کەس مەعلومات نادات کاتێک یەکێک دەمرێت کە استقطاع بکرێت، یانی ئاماری دەقیق زەحمەتە ئامارەکانی هەیە هەمووی تەقدیرین ئێمە سوید نین سەد ساڵ ئیستقرارمان هەبێت تا هەموو ئامارەک بکرێت ئیستقراری شوێن، ئیستقراری زەمانی، ئیستقراری سیاسی، ئیستقراری ئابووری هەر هەمووی پێویستە ئەوجا ئێمە دەتوانین ئامارێکی (٩٠٪) دەقیقمان هەبێت، لەبەرئەوە نابێت چاوەڕێی شتی خەیالی بکەین، بەڵام ئامارەکانمان بەردەوامە، ئێستا ئاماری رێکخراوەکان هەیە، ئاماری وەزارەت هەیە، هەتا تەکلیفمان لە هەندێ لایەنی تر و لایەنی حیزبی کردووە.
بتوانین ئەو ژمارانەی پێویستە بەرنامەی بۆ دابنێین، کە ژمارەکان تا رادەیەک لە راستی نزیک بن

لەبەر ئەوە ناتوانین دیاری بکەین کە چەندمان پێویست دەبێ و چەندمان پێویست نابێت، بازار دیاری دەکات.ئێستا بەرهەم نرخی زۆر دابەزیوە دەبێ خەڵەکە بدۆزینەوە ئایا بەرهەمی خۆمان زۆرە یان بەرهەمی دەرەکی؟ ئەگەر زانیمان ئەوەی دەرەوەیە ئەوە لەبەر ئەوەی نرخ زۆر گران بووە لە ماوەی ئەو حەفتەیەدا داوا دەکەین کە گومرگی زیادی بخەنە سەر ئەوە ئەوەی ئێمە بەرز دەبێتەوە،ئەگەر زیاد بوو ئەوە دیسان مەجالەکە دەکەینەوە، دەبێ نەرمیەک بەم شێوەیە هەبێ. ئامێری کشتوکاڵ لە نێوان پارێزگاکاندا نرخیان جیاوازە، بەپێ زانیاری من وا نیە چونکە نرخ کە دادەندرێ لیژنەی بۆ پێک دێت لە سلێمانی لە هەولێر لە دهۆک دەچنە بازار ئەو لیژنانە هاوبەشن لە نێوان رێکخراوی (فاو)و کشتوکاڵدا دەچن لە بازاردا نرخ دەپرسن بۆ نمونە نرخی موەلیدەیەکی کارەبایی 30kv بە ٧٠ هەزار دینارە لە هەولێر بە ٦٥ هەزارە لە دهۆک بە ٧٥ هەزارە ئەو نرخانە هەموو دەیێن لیژنە پێک دێن نرخی ناوەندی وەردەگرن و ئێمە هەوڵماندا لە خەملاندنی نرخ نرخی هەولێر جێگیر بێت لە بەر ئەوەی لە هەموویان هەرزان ترە و ئەو نرخەی هەولێر لەسەر سلێمانی و دهۆک بڵاو دەبێتەوە و بەو نرخە دەدری هیچ جیاوازی لە نرخدا نیە،بە پێی زانیاری من ئەو زانیاری رەسمی من وایە برواش ناکەم غەیری ئەوە کرا بێت.کار کردن لە رێکخراوەکان و واز هێنان لە فەرمانگەکان ئێوە سروشتی کاری رێکخراوەکان دەزانن رێکخراوەکانی un ئەژانسیەکان لە جیاتی حکومەتی عێراق لێرە کار دەکەن خۆیان جیهازی تەواویان نییە ئەو کارە بکەن کەواتە دوو رێگا هەیە بۆ ئەوەی کادر پەیدا بکەن لە بەغدا و لە خارج بێن یان لە کوردستان بێن کامەی باشترە؟ باشترە کە کادری محلی بن بە تایبەتی ئەگەر اختصاصەکانمان هەبێ هی ئێمە بێ،هەتا ئەگەر فەرمانبەری ئێمەش بێت ئەندازیارەکی کشتوکاڵی دەچێ لە فاو کار دەکات بۆ ئێمە کار دەکات خۆ ناچێ گەنمی بۆ (محەمەد فەرەحی) بچێنێ سودەکەی هەموو بۆ ئێرەیە لە بەر ئەوە باشترە فەرمانبەری ئێمە بن مۆڵەتیان دەدەینێ سودێکیش وەردەگرن، بەلام مەسەلەی کە کار بکاتە سەر ئێمە باور ناکەم کار بکاتە سەر ئێمە بەو دەرەجەیە بە تایبەتی لە بواری ئێمە لەوانەی لە زانکۆ لە شوێنی تر کاری گەری هەبێ چونکە کادیری زۆر موتخصصن بەلام سەبارەت بە ئێمە بەو دەرەجەیە نییە،تاکو ئێستا وا رۆییوە ئێستا زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵێ هەم ئاهەنگی ئیمە لە گەڵ فاو زیاتر رای ئێمە وەر دەگرن زیاتر پێشنیاری ئێمەیە دەبێتە پرۆژە لەوانەیە پێشتر بە جۆرێکی تر بووبێ ئێستا حالەتەکە تا رادەیەکی زۆر گۆراوە.دەربارەی کێشەی زەوی ئەو پرسیارەم زۆر پێ خۆش بوو فعلا ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە یەکەم کار لە وەزارەتی کشتوکاڵ لە کابینەی چوارەم کە ئێمە تیایدا دەست بەکار بووین هەر لە مانگی یەک بریارماندا رووپێویکی گشتی زەوی و زار بکەین لە هەموو کوردستاندا پاش ئەوەی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشمان وەرگرت،چونکە ئەوە بابەتێکی گەورەیە و درێژ خایەنیشە زۆر لە مێژە ئەو روو پێوە نەکراوە و ئەو رووپێوانەی کە کراشە یان ناقص بووە یان دەست تێوەردانی تێدا بووە یان کاریگەری سیاسی بەسەردا هەبووە، ئێمە ئێستا دەستەیەکی باڵامان پێک هێناوە ماوەی سێ

مانگە کار دەکەن وخولمان کردۆتەوە ۲۰ تیم پێک هێندراوە لە هەولێر و لە دهۆک لە مەساح لە ئەندازیار و سەرجەم پێداویستییەکانیشیان بۆ دابین کراوە ۲۰ سەیارە بۆ هەموو تیمەکان دابین کراوە لەوانەیە لەماوەی شەش مانگ واتا بەکەمی لە ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک بتوانین رووپێوی گشت زەوی و زارێک بکەین لە هەموو کوردستاندا، لە رووپێویەکە ئیستمارات تەوزیع کراوە خولّ کراوەتەوە داخلی کۆمپیوتەر دەکرێ ئێستا ئێمە رووپێوێکی تەجریبیمان هەیە بۆ خزمەتی ئەو روو پێویە، ئێستا لە دوونێوە لە ٤٠ گوند تیمەکانی ئێمە دەرچووینە رووپێوی سەرەتایی دەکەن تاکو بزانین تەجروبەکە چۆن سەرکەوتوو دەبێت و چ گرفتێکی دێتە پێش؟ نهایەتی مانگی شەش مەوسم تەواو دەبێ لەبەر ئەوەی مەسحەکە مەیدانییە هەموو زەویەک رووپێو دەکریتەوە بە مەساح و لیڤل، کێ تەجاوزی کردیە؟ کێ لەسەر عەقدەکەی خۆی ماوە؟کێ لە گوندەو عەقدی نییە؟ کێ لە گوند نییە و عەقدی هەیە؟ ئەو زانیاریەمان لە بۆ بە دەر دەکەوێت ئەوە سەرەتایەکە لە کۆ کردنەوەی زانیاری دەیکەینە زانیاریەکی تەواو دەیکەینە پرۆژەیەکی تەواو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین ئەگەر بە پەسەند زاندرا ئەو کاتە ئەو شتانەی پێویستی بە گۆرینی یاسایە دەخرێتە بەر دەستی بەرێزتان لەبەر ئەوەی کە چاوی پێدابخشێندرێتەوە،گرفتی تر هەیە لە هەندێ ناوچە بۆ نمونە لە دهۆک یاسای ۹۰ نییە یاسا ژمارە ۱۷پێرەو دەکرێ گرفتی کۆنمان هەیە هەندێ رووبەر هەیە تەجاوزی لە سەرکراوە ئیتر مەشاکلێکی زۆر هەیە بەلام هەندێکی خۆمان دەتوانین چاری بکەین پێویستی بە یاسا نەبێت، پێش ئەو زانیاریانە بریارمان داوە دەستکاری هیچ شتێک نەکەین چونکە ناتوانین بریارێک بدەین لەبەر ئەوەی وەکو خۆتان دەزانن گرفتی زەوی گرفتێکی گەورەیە.کێشەی متفرغینی کشتوکاڵی هەر لە چوارچێوەی ئەو بابەتەیە، بگرە ئالۆز ترە، کابرا متفرغی کشتوکاڵییە مەسئولێک کەسێک دەستی بە سەردا گرتووە بەکرێی گرتووە، واتا گرفتێکی ئالۆزە لە چوارچێوەی ئەو زانیاریانەی کۆی دەکەینەوە ئەوەشمان بۆ بەدەر دەکەوی ئەو کاتە دەتوانین بریارێک بدەین .دەربارەی بانکی کشتوکاڵی ئێمە پێمان خۆشە یارمەتیدەریکی باشە و بەرنامەیەکمان لە بەر دەستدایە لە پارەی کەل و پەل، خالێکە لەوانەیە هەیە باسی بکات، بەرێزینە لەوانەیە پرسیار بکەن ئێمە ئەو کەل و پەلانەی کە دەی فرۆشین پارەکەی چی لێ بێ ؟ پارەی ئەو کەل و پەلانە دەکرێتەوە پرۆژە، پارەکە لە بەر دەستی ئێمە و (فاو)ە تەنها لە دەستی ئێمەدا نییە تاکو ئێستا ئەوان ئیداعی دەکەن بۆ بانکەکانی بەغدا، ئەو تێبینیەیان هەیە کە بانکەکانی ئێمە متەکامل نین، بابەتەکەش لەوانەیە سیاسی بێت ئێمە داوامان کردوە ئەو پارەیە بێتەوە لە بانکی زراعی دابندری تاکو بتوانین سولفە بدەینە جوتیار و بی ژێنینەوە، لەوەدا هەنگاوێکی باشمان بریوە بۆ قەناعەت پێ کردن ئەگەر بتوانین ئەو بریارەیان پێ بدەین لەوانەیە بتوانین سەرمایەیەک هەر لەو پارەیەبۆ بانکی کشتوکاڵی دابین بکەین و ئەو گرفتە چارەسەر بکەین، ئومێدەوارین لە ئایندە ئەنجامی باشی بە بەرێزتان رابگەینین.دەربارەی توتن لیژنەیەکی هاوبەشمان لە نێوان ئێمە و وەزارەتی پیشەسازی ودارایی

هەیە و یەک لە پێشنیارەکانمان ئەوەیە نزامی دۆنم و مۆڵەت هەبێ و کارگەی جگەرە بتوانێ بەرهەمی بفرۆشێ ئنجا دەبێ توتن بکرێ ، کە رێگایەکی هەڵە بووە وا خەریکین چارەسەری دەکەین. لە بارەی دەرمانی بەسەر چوو دەرمان لەوانەیە بەسەر بچێ لەبەر رێگای هەڵ نەگرتنی، ئێمە مختبەری سەیطرەی نوعیمان نییە ئەو موختەبەرە کە داوامان کردوە یەکێ لەو گرفتانەمان بۆ چارەسەر دەکات. لە کوردستان ئەو موختەبەرە نییە داوامان کردوە لە فەیزی حەفتەمیش هەیە لە فەیزی هەشتەمیش هەیە داوا کراوە کە دای بنێین و بتوانین سودی لێ وەرگرین، بەس بە شێوەیەکی گشتی ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی بپرسین رێژەی کەمبونەوەی نەخۆشیەکان (ئەدغال) و تەنانەت نەخۆشی (تای مالتا) کە لە ئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ بە رێگای شیرەمەنی ئەگەر سەیری سەرژمێریەکانی خەستەخانەکان بکەین رێژەی یەکجار کەم بۆ تەوە ئەوە دەلیلی ئەوەیە کە ئەو دەرمانانە وانییە کە هەموو ستۆک بێت بەڵام جار وایە جوتیار بەکاری ناهێنێ یان هەیە بەکاری دێنێ لە قەلاجۆکرنی (سن و کیسەڵە) ئەگەر ئەو دەرمانە ستۆک با ئەی چۆن شتێکی وا کە زەرەر مەند بێت نەمان دیتیە؟ ئەوە جوابی پرسیارەکان بوو،ئەگەر شتێکم لە یاد کردبێ ئەوە دەتوانێ بیکاتەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاکە رەش ئەندامی لیژنەیە وابزانم بەدوا داچونی هەیە پاش ئەوەی تەواو دەبێت ناوی ئەوانی تر دەنووسین.

**بەرێز کاکە رەش نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ دەکەین سوپاسی دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوەیە لە راستیدا ئەوەی دەی خەمە روو لەوانەیە هەندێ لە شێوەی پێشنیار بێت و هەندێ لە شێوەی پرسیار بێت،سەبارەت بە چارە سەرکردنی وشکی زۆر رێگا هەیە لەوانەیە جەنابی وەزیریش ئاماژەی بۆ کرد بەلام لایەنێکی زۆر ئاسان هەیە کە بەراستی پشت گوێ خراوە لە زێیەکان بە تایبەتی بە درێژایی زێیەکان جا چ زابی گەورە یان زابی بچوک وەکو پێویست سودی لێ وەر نەگیراوە لە رێگای مزخاتەوە، مەرج نییە هەوڵ بدەین بە سدود ئەوە چارە بکەین لەوانەیە بەنداوەکان زۆر گرفتمان بۆ پەیدا بکات، موجەمەعی مزخات هەیە زۆر بە کار دێت و لە بەر چاوی دەگرن ، جێگای هەندێ بەرز هەیە لە هەندێ شوێنی زێیەکان بە موجەمەعی موزەخات بە بۆری ئاو داوێشترێتەوە دوای بە شەقێکی سروشتی بەرەو ئەو زەویانە دەبردرێ لەوانە هەر موجەمەعێک لەو مزەخانە بتوانێ لە دە هەتا پازدە دۆنم ئاو بدات بە شەقێکی سروشتی دەروات چونکە شوێنەکەی بڵندە نەڵێین سەدا سەد سەرکەوتوە بەلام مساهەمەیەکی زۆر دەکات ، وچارەیەکی جزئیبە بۆ سەیتەرە کردن لەسەر وشکی، دووەم جەنابیان باسی تەنکەرات و شتی وای کرد تەنکەرات بۆ زراعەت نابێ دەکرێ بۆ ئاو خواردنەوە بە کار بێت، برادەران تەصەوری ئەوە

نەکەن کە تانکی بە تانکی دەغڵ ئاو دەدرێ یان شینایی ئاو دەدرێ،توانا هەیە ئەو ئاوی سەر زەویانە بە ڕێگایەکی تر چارەسەری بکەین، ئێستا سەرچاوەی ئاوەکان کانیە وشک بوون. لەو مەجالەی کە نزیکە چەند بیرێکی ئیرتوازی لێ بدەین ئاوەکەی فرێ بداتە هەمان جۆگەکانی کە سەرچاوەی ئاوەکەیە بەو ئیعتبارەی کە ئاسان ترە پێویستیت بە قەنەوات نابێ پێویستیت بە چۆگەی تر نابێ ئاوەکەی فرێ دەدەیە ناو ئەو چۆگانە و سروشتی شوێنی خۆی دەگرێ و خەڵکەکەش دەتوانێ سودی لێ وەر بگرێ و زەراعەتەکانیان وشک نەبن پار ساڵ زۆر کەس هەوڵی دا لەسەر مەسرەفی خۆی تانکەرات ببات چونکە بەراستی تەنکەرات بە کار نایەت ، دەبوایە ئەوە چارە سەر بکرێت بە رای من بەو ڕێگایە، سەبارەت بە کەمی ئاو لە هەولێر لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کۆن هەیە ئەگەر جەنابیان داوا بکات سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی دەڵێ ئەو ناوچەیەی نێوان قوشتەپەو کۆیری هەر وەکو زێیەکە لە ژێر زەوی دەتواندرێ زۆر تەرکیز لە سەر ئاباری ئەرتوازی بکەین مەسافاتی دیاری کراویش لە بەر چاو بگرین بەوەی کە ڕێگاکانی هونەری بواریان داوە کە ٥٠٠ م نێوان بیر و بیر بێ بۆ ئەوەی سودی هەبێت و زەرەر لێک نەبینن بتوانن ئەوە بکەن بە رای من ئەوە مساهەمەیەکی جزئیە تاکو خوا تۆفیق دەدات تا بتوانین پرۆژەی گەورە لەسەر هەردوو زێی گەورەو بچوک ئەنجام بدەین تاکو لەو گرفتە رزگارمان دەبێ. سەبارەت بە پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بە ئیتجاهێکی راست نەروات زۆر زەحمەت دەبێت کۆنترۆلی بازار و باری کرین و فرۆشتن بکرێ چونکە پێویستە بەرنامەیەکی ئینتاجی کشتوکاڵی هەبێت دەبێ ساڵانە بیر بکاتەوە کە ساڵانە چەند دۆنم تەماتە دەچێنن ئەوەندە دۆنمە شفتی دەچێنن ئەوەندە دۆنمە فلانە شت دەچێنن چونکە بەرێزان ئەگەر یەک لە ئێمە سەر لە عەلوەکان بدات تەفاوتێکی زۆر هەیە، زەرەر مەندی سەرەکیش مستهلک و جوتیارە لەو ناوە راستە، بۆ نمونە ئەگەر بچینە عەلوە لەوانەیە کیلۆی شوتی بە دینارێک یان دینار و نیوێک بێت دێیە سەر جادە دەبینی بە پێنج شەش دینارە ،باشە عەجەبا دەبێ عەلوەچیەکان لە جوتیارەکان بە چەندیان وەر گرتبێ؟ بێ گومان ئەوەش قازانجی خۆی هاویشتیتە سەری لەوانەیە تەکلیفی بۆ جوتیارەکە زۆر کەم بێت لەو حالەتەدا مستوا زۆر دێتە خوارێ، پێویستە فەرمانگە کشتوکاڵیەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی سەیتەرەیەکی تەواو یان لە سەر عەلوە هەبێ لەبارەی نرخی بەرو بووم تاکو بتوانن بە شێوەیەکی ئەو تۆ بێتە بازار نەموستەهلک زەرەر مەند بێت نە جووتیار رێژەیەکی قازانجیش بۆ خاوەن دوکان بێت، پارەکە لە مەوسمی بەرهەمی تەماتە کە تەماتەی ئێمە پێگەیشت کیلۆی تەماتە هاتە نیو دینار لە کاتێکدا کە دەچووە دەرەوە بە چوار دینار دەیان دا حکومەتی ناوەندی، وای لێ هات تەماتە نەهاتە بازار، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ وەزارەتی دارایی هاو ئاهەنگیەکی هەبێ، با وەزارەت تەماتەی بە سێ دینار لە جوتیار بکرێ بداتەوە دوکاندارەکان بە دینارو نیوێک با موستەهلیک بە دوو دینار بی کری بەس ئەوەی دەی داتە دەرێ لەوانەیە بە شەش دینار بی فرۆشێ خۆی کۆنترۆلی دەکات، ئەو کاتە نۆرەی یەک لە

بازارەکە دەبیندرێ لە نرخەکە لە ئەنجامی خێر وەرگرتن، هەرچەندە لە توانادا نییە ئێمە بەرهەمی کشتوکاڵی بپارێزین چونکە هەتا کارگەکانمان، ئێستا ئێمە مەعمەلی نەبیزمان هەیە و مەعمەلی دۆشاوی تەماتەمان هەیە پێویستە لە بەر چاوی بگرین کە چەندمان پێویست هەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ کردنی توتنی ڕاگەیاند توتن هاتە بازار کەس نەی کڕی، پێویستە پێویستی خۆی دیاری بکات و وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر نزامی دۆنمات دیاری بکات، بڵێ ئەوەندە بەرهەمە هەیە دەکرێ ئەوەندە بەرهەمە وەر بگیرێ،برادەران شتێکیان خستە ڕوو لەوانەیە زۆر هاو ڕا نەبین، بابەتی تەفاوتی نرخ لە نێوان ئێرەو سلێمانی و دهۆک بابەتەکە ئەوە نیە تەفاوتی نرخ کەمە لە نێوان بازار و ئەوەی وەزارەت پێی دەفرۆشێ،بۆ نمونە مزەخەی سێ اینجی وەزارەتی کشتوکاڵ وابزانم لە سنوری ٣٠ یان ٣٥ هەزار دینار دەی فرۆشێتە جوتیارەکان، لەوانەیە ئەگەر بچێتە بازار بە ٤٢ هەزار بی کری مەعقول نییە جیاوازیەکەی ٧ هەزار دینار بێت پێویستە بەلانی کەم سەدا بیستی نرخەکە وەزارەتی کشتوکاڵ وەری بگرێ ئەوەی تر جوتیار سود مەند بێت، نابێ ئەو تەفاوتە لە بەینی نرخی وەزارەت و بازار، ئەوەندە کەم بێت چونکە ئەوە بە خۆرایی دێت لەسەر حسابی بڕیاری ٩٨٦ دێت،کە دەی فرۆشی با تەمشیلی سەدا ٢٠ یان ٣٠ نرخەکەی بکات، ئەو نرخە حەقە چاک بکرێ. سەبارەت بە ڕووپێوی زەوی بەرێزان ڕووپێوی کامل لە کوردستان هەیە،لەبەر ئەوەی نەخشەی مەسحی جەوی هەیە ئەو نەخشانە هێندراوەتەوە سەر کاغەز ئێستا هەموو لە سەر نەخشە هەیە، بەلام ئەوەی جەنابیان باسی کرد بۆ خۆیەتی کە سەرژمێریەک بکات کە چ جوتیارێک لەسەر زەویەکەیەتی یان لەسەر زەویەکەی نییە ئەوە ڕووپێوی زەوی نییە ئەوە بۆ ئەوەیە کە بزانن خەڵکەکە کاری کشتوکالی دەکات یان نا، ئەوە کارێکی باشە و هان دەرێکە بۆ ئەوەی گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە،چونکە تاکو گوندەکان ئاوەدان نەکرێنەوە ناتوانین کۆنترۆلی بکەین کشتوکاڵ پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکێک ببەستیەوە بە زەویەکانیان خەڵکەکە لە دیار زەویەکەی دابنیشێ تاکو ئیبداع بکات بۆ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە چۆنی بە کار بێنێ ، ئەگەر نا لە هەولێر دابنیشێ و بە تراکتۆر بیکێلێ و بە دەراسە بی دووریتەوە ئەوە ئینتاجی کشتوکاڵی هەر لەو ئاستەدا دەبێ لەوانەیە زیاتریش دادەبەزێ وناتوانین بەو شێوەیەی کە دەمانەوێ بڵێین کشتوکاڵ بەشێکی گرنگە لە ئابوریمان یان بڵێین لە ٧٥٪ی داهاتی زۆربەی ناوچەکان بەم شێوەیە مردن،پرسیاری لێژنەی کشتوکاڵ لەسەر ئەو زەویانەیە کە تسویە نەکراون تاکو ئێستا ناوچەی سنوری هەیە کە کاتی خۆی لێژنەی تسویەی نەگەیشتوەتێ ئەو زەویانە ماونەتەوە بەگوێرەی یاسای ژمارە ٨٠ کراونەتە ئەمیریە صرفە، واتا خاوەنە ڕەسەنەکانیان تێدا زەرەر مەند بوون، بەلام بەرای من نەقصێکی تەشریعی نییە لەبەر ئەوە بڕیارێک هەیە لەو بارەیەوە لێژنە کشتوکاڵیەکان دەتوانن تەسبیتی مافی تصەرف بکات لەچوارچێوەی یەکەکانی دابەش کراو لە هەر ناوچەیەک، و ئەو زەویانە ماونەتەوە و لەوانەیە ببوبنە هۆی دروست بوونی زۆر گرفت،لەوانەیە زۆر ناوچە هەیە کابرا خۆی بە خاوەنی نازانێ ناتوانێ ئیدیعای تێدا بکات ، ناتوانێ وەکو پێویست

کشتوکاڵەکەی بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بابەتە چارە سەر بکرێت، ئەگەر پێویستی بە تەشریع بوو دیسان هەر گرفت نییە کەچی تەشریع هەیە دەڵێ (لیژنەکان مافی جێگیر کردنی مافی تەسەرفیان هەیە لە چوارچێوەی یەکە دابەشەکان)واتا مافی یەکەی دابەش ٦٠ دۆنمە لیژنە دەتوانێ ٦٠ دۆنم بۆ کابرای جێگیر بکات، زیادەکەی اصلاحی زراعی تەصەرفی پێ دەکات بە گوێرەی ئەو جوتیارانە.سەبارەت بە بابەتی شەریکەش جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد، بە نسبەت ئابار نابێت شەریکە بێت، ئێمە دەمانەوێ چارەسەری وشکایەتی بکەین دەمانەوی مەنطقە بەراو کەین کە بمانەوێ مەنطقە بەراو بکەین نابێ قازانج و زەرەری تێدا بێت دەبی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ناوچەکانمان بەراوبکەین و لە وشکی نەجاتیاندەین پێویستە ئەو کەرەستانە و ئەو شەریکانە وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو فەرمانگەیەکی خزمەت گوزاری بەکار بێت، پێشتریش هەر وابوو یەکەی بە کرێ دان هەبوو بابەتی ئەرتوازی هەبوو،ئەوانە بابەتێکی نیمچە خۆڕایی بوو کولفەیەکی زۆر کەم بوو لە سەر جوتیارەکە تەمثیلی ١٠٪ کولفەشی نەدەکرد بە ئیعتوبار بابەتی کازە بابەتی کارمەندە، کارمەند ئیفادەی خۆی وەر دەگرێ،ئێستا شەریکەیە وکارمەندەکانیش موچەیان لە سەر بودجەی سروشتیە، باشە ئەگەر لەسەر میزانیەی اعتیادیە بۆ شریکە بێ؟ بیر لەوە بکەینەوە ٩٠ هەزار دینار لە جوتیار وەربگرین بۆ نەچین بە ١٠ دینار بیرێکی بۆ لێ بدەین هانی بدەین و ناوچەکانمان بکەینە ناوچەی اروائی، جەنابیشی باسی خوتەی استرادی کرد، خوتەی استرادیش زۆر زۆر پیرۆزە پێویستە هەموو کات هاوکێشەیەک هەبێ لەنێوان ئەگەر نەش توانین سەدا سەد ئەوە سەدا حەفتا لە پێویستی موستەهلک تەمام کەین لەگەڵ موادی مەحەلی بەراورد بکەین دەتوانی پێویستەیەکانی جێ بەجێ بکەین،بۆ ئەوەی بابەتی استیراد مەنع بکەین و ئەگەر پێویستیەکانی پر بکاتەوە ئەوە هەوڵ بدەین بەپێی پێویست بیهێنین تاکو موستەهلک پەکی نەکەوێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکە رەش نەقشبەندی.جەنابی وەزیر بابفەرمووێ ولامی بداتەوە

**بەڕێز سەعد عەبدولا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئەو پێشنیارانەی بەڕێز کاکە رەش پێشکەشی کرد دەربارەی موزەخات بە درێژایی هەردوو زێ خۆی عەمەلیا هەندێ مزەخاتی بچوک هەیە، بەلام بۆ ئەو مزەخانەی کە بتوانی رووبەری ١٥ هەزار دۆنم ئاو دێر بکات ئەویش بابەتێکی گەورەیە و گچکە نییە،واتا پرۆژەی گەورەیە و لە نەخشەماندایە تەنانەت بیر لەوە کراوەتەوە لە مەوقعێک لە ناوچەی ئیفراز بکرێ وەکو باسم کرد شتێکە وەکو پرۆژەی ئاوی قەندیل یان شتێکی هەندێک بچوکتر مەشروعی ئاوی ئیفراز کە ئێستا لە بۆ هەولێر دێت واتا لە پرۆژە گەورەکانە وە دراساتی زۆر دەوێ تواناشی زۆر دەوێ شتێکی باشە ئەگەر پێمان بکرێ بەلام ئینسان کە دەست بە کارێک دەکات هەموو دەم لە

ئاسانەوە دەست پێ دەکات ئەو ئاوانە لە سەرەوە را دێن فەرعەکانیان ئاسانترە کە تەسەرفیان تێدا بکەین لە ئاوی چۆمان لە ئاوی ئالاّنە ئاسانترە تەسەرفی تێدا بکرێ، ئێستا پرۆژەی ئاودێری ئالانەی کە ئاوی گەلی عەلی بەگیە ئیستا لە جێ بەجێ کرندایە، قۆناغی یەکەم نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆلاری تێدەچێ ٥٠٠ دۆنم ئاو دەدات،ئەو شتانە وا خەریکین بەلام دەبێ ئاگاشمان لەوە بێت کە هەندێ مەسائیل هەیە لەوانەیە هەموو شتێ لە دەست ئێمە نەبێت لە بارەی تەسەرف کردن لە ئاو وەکو دەزانن کە چەند گرفتێکی گەورەیە لەوانەیە ئێستا ئێمە لە پرۆژەی ئاودێری کەلەکێ ئەگەر ئاوەکە زۆر بەکار بەرین ئەوە یاساشە ئەگەر لە نێوان دوو ولاّتیشدا بێ هاوبەشە ئێمە بەشێکین لە عێراقدا دەژین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عێراقیش کاری گەری لە سەر بریاری ٩٨٦.

**بەڕێز سەعد عبدولا / وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ،بەراستی دەمەوێ ئەوەش رابگەینم کە پرۆژەی ئاودێری بە گشتی پارەی دەوێ پارەکەش رەزامەندی دەوێ رەزامەندیەکەش لە دواین قۆناغ لە نێوان (فاو) و بەغدا دەبێ، زۆر پرۆژەی ئاودێری کە ئێمە لێرە دەیخەینە روو کە دەچێتە وێندەرێ هەموار یان دواخستن یان رەفزدەکرێت لەبەر ئەوەی پێیان خۆش نییە پرۆژەی ئاودێری کە پەیوەندی بە ئاو هەیە جێ بەجێ بکرێت حەز دەکەم هەمووتان ئەو بابەتە بزانن نا ئەگەر نا ئێمە پێمان خۆشە هەر بستێکی ئەو ناوچانە بەراو بێت و بەئومێدی یەزدان هەوڵیش دەدەین بۆ ئەوە.بابەتی بیری ئەرتوازی و تانکەر من باسم کرد کە ئەوانە چارەی کاتین و هەندێ بابەت هەیە هونەرییە مەرج نییە ئەو شوێنانەی لە کانی نزیکن بیری ئەرتوازی لێ سەرکەوتوو بێ زۆربەی ئەو ناوچانەی ئاوی سەطحی هەیە ئاوی ئەرتوازی لێ سەرکەوتوو نییە بۆ نمونە شەقلاوە باخچەکانی شەقلاوە کانیان زۆر تێدایە ٥٠٠ مەتریش لێدەی ناگاتە ئاوی ئەرتوازی، ناوچەی زرارەتی لەو ناوچەیە یەک دوو گوندی لێ بترازی هەموو گوندەکان ئاوی سەطحیان هەیە بەلام هیچیان ئاوی ئەرتوازیان نییە ئاوی ئەرتوازی بە دەست مرۆڤ نییە ناوچە هەیە نی یەتی راستە لە بەستۆرە بەو لاوە ئاوەکی یەکجار زۆر هەیە بەلام من دیسان دوپاتی دەکەمەوە لەسەر ئەوەی رێگای راست ئەوە نیە، تەنها بیری ئەرتوازی لێ بدەین بە پێچەوانەوە دەبێ چەندی بکرێ بیری ئەرتوازی کەم بکەینەوە چونکە ئەوە سامانێکی نەتەوەییە هی دەساڵیش نییە هی ملیۆن ساڵە ئەو ئاوە کۆ بۆ تەوە وەچۆن گرفتی ئەوەمان هەیە ئاوە سەتحیەکان کەم دەبنەوە وە ئاوی ئەرتوازی لەگەڵ زۆر بوونی ژمارەکەو زیادی بەکار هێنانی و دەرهێنانی کەم دەبتەوە، هەر بۆ زانیاریتان لێژنەیەکی تایبەتمەند لەرۆما لە مانگی دووی ئەم ساڵ هاتبوونە ئیرە راپۆرتێکیان بەرز کردۆتەوە باوریش ناکەم کە ئەوان لە ژێر کاری گەری هیچ کەسێک دابن یەک تێبینیە سلبیەکانیان لەسەر ئێمە ،زیاد کردنی ژمارەی ئاباری ئەرتوازیە کە

شتێکی خراپەو زەرەر لە خۆمان دەدەین پێویست وایە زیاتر سود لە ئاوی سەر زەوی وەربگرین لەبەر ئەوە بابەتی بیری ئەرتوازی بێجگە لەوەی لە هەندێ جێ نییە خۆی ئەگەر هەش بێت دەبێ دەستی بەسەر دابگرین چونگە لەوانەیە لە بابەتی ئاو شتی ترسناکتر هەبێ ، راستە پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێ بە نەخشەبێ ئێمە لەبۆیان دابنێین کە چ بچێنن بەلام گرفتی ئێمە ئەوە نییە ئەوە لێرە چ بچێنی گرفت ئەوەیە کە چۆن کۆنترۆلی ئەوە دەکەین کە دێ ، لە بەغدا دێت لە سلێمانی دێت لە ئێران دێت بە ئاشکرا دێت بە رەسمی دێت و بە قاچاخیش دێت کۆنترۆڵ کردن هەندێ زەحمەتە ئەگەر نا ئەوە راستە ئێمە لەوانە نەخشەیەکمان هەیە کە ناوچەی دەشتی هەولێر لە جیاتی گەنم جۆ بچێنن و هانیان دەدەین لەوانەیە پشتوانیشیان بەجۆ زیاتر بکەین، جۆیان بدەینێ چونکە تەجروبە دەری خست کە باشترە و بازاریشی باشترە، بەهەر حاڵ ئەوە شتێکی باشە و لەبەر چاو دەگیرێ،سەبارەت بە نرخ لێژنەیەک هەیە لە زراعەو لە پارێزگا و لەوانە دەیکات دەبێ ئەوە بزانین کە بازار نرخ دیاری دەکات لەوانەیە کە حکومەت تەدەخول بکات زۆر سەرکەوتوو نەبێت،سەلمێندرا کە تەدەخولی حکومەت زۆر جاران زۆر سەرکەوتوو نیە و ئەوەش سستەمێکی تازەیە کە ئێمە بگەرێینەوە سەر ئەو سستەمەی کە کۆن هەبوو تەدەخولی حکومەت و مەراکز دابنێین مەراکزی تەسویق دابنێین یان نا ،ئەوە بابەتێکە جێگای دراسەتە بەلام من بەراستی جوابێکی وام پێ نییە بۆ ئەم بابەتە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەتوانن کار بکەنە سەر بەرهەم.

**بەرێز سەعد عبدوللا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ بە ناراستەوخۆ،سەبارەت بە تەفاوتی نرخ لەو شتانە من دەمەوی دوو شت باس بکەم ،یەک ئەو شتەی کە بەلاش دێت راستە بەلاش دێت بەلام کە دێ بە پارەی ئەو میللەتە دێت واتا بیرێکی ئەرتوازی کە بەپارەی نەوت لێدراوە خۆتەنها هی ئەو کەسە نییە کە کەرەستەی ئەو بیرە وەر دەگرێ هی هەموو خەڵکی کوردستانە هی فەرمانبەرەکەیە هی جوتیارەکەیە هی کرێکارەکەشە هی پێشمەرگەشە هی ئەو جوتیارەیە کە پشت بە ئاوی کانی دەبەستێ کەواتە ئەگەر بێت و ئێمە زۆر بە هەرزانی بفرۆشین یان هەر بەلاشی بدەین ئێمە ناعەداڵە تیەکمان دروست کرد ئەو چونکە بیری هەیە و زەوی باشی هەیە ئیمتیازاتی زۆری وەرگرت بەلام خەڵکێکی تر هیچی بەر نەکەوت یەک لە کارەکانی ئێمە ئەوەیە دەبێ واش بێت جارێکی تر ئیعادەی دابەشی بکەینەوە ئەو پارەیەی کە دێ هەندێکی بۆ حەمڵاتە بەپێی بریاری ٩٨٦ خەڵکێک دەچێ کەشف دەکات رووپێوی دەکات کولفەی دەکات بێجگە لەوە پارەکەی داخیلی حسابێک دەکرێ کە پێی دەگوترێ LGF ئەوەی نەتائجی مەحەلی بەرهەمی مەحەلی ... پارەی ئینتاجی کە لەفرۆشتنی کەلو پەل هاتووە، ئێمە نرخەکان چۆن دادەنێین وەکو باسم کرد لیژنەیەکی هاوبەش لەهەر سێ پارێزگا دەچێتە بازار، کە چوویتە بازار بێگومان نرخەکەی پرسیوە لەسلێمانی و لە هەولێر، بۆ نموونە مووەلیدەی

کارەبای یان مضخەی بیری ارتوازی چوار ئینجی بە سەد هەزار دینارە، ئەو سەدی چلی داناوە، بەڵام کە مضخات زۆر دەکەوێتە بازاڕ ودابەش دەکرێت نرخ دادەبەزێ، ئێمە لەو ماوەیەدا نزیکی سەدو پەنجا مضخەمان دابەش کردووە، تەبعەن پێشتریش ئەوەندە مضخەمان هەیە لە بەغدا دێت لە موصل دێت یانی لە ئەنجامی ئەوەی کە شت زۆر دابەش دەکرێت و عەرز زۆر دەبێت ئاشکرایە نرخ دادەبەزێ، یانی ئەصلی نرخەکە لە یەکەم جار ئەوە بووە نرخەکە لە هەولێر لە سێ جێگا دانراوە و لەسەر ئەو بناغەیە دانراوە ئێستا فەرقەکە کەم بووە نازانم بەش بەحاڵی خۆم نەچوومە بازار، بەڵام لەسەرەتادا نرخەکە بەم جۆرە بووە سەدی چلی نرخەکەی بازارمان لەبۆ داناوە و ئەم سەدو چلەش شرعییە، دەربارەی مسح من حەزدەکەم مەسەلەکە ئەوە بێت مەسحی ئەوە وەک ئەوە نییە وەکو مسحی زەوی کوردستان بکەین بزانین ئەو زەویە چۆنە خەریتەکەی چۆنە مەسحی مەساحاتی موزع دەکەینەوە، جوتیار چل دۆنمی دراوەتێ مەلاک هەیە لەتەنیشت وی سەدو پەنجا دۆنمی بە بەرکەوتییە، ئەگەر مەسحێکی گشتی ئەو خەریتەیە نەکەینەوە کەوا سەدوپەنجا دۆنمەکەی وی وچلەکەی ئەو تەنیشتی قەد لەبۆمان بەدەر ناکەوێت کە ئی ئەو مەلاکە سەدو پەنجا دۆنمە یان دووسەدە یان سەدە، جوتیارەکەش هەمان شت، لەبەر ئەوە مەسحەکە ئەو لایەنە دەگرێتەوە بەپێی ئەو تەوجیهاتانەی ئێمە داومانە، چونکە اشکالات و سکالایەکی زۆر هەیە دەڵێن ئەو کابرایە تجاوزی کردووە لەسەر زەوی من، بەچ بزانین تجاوزی کردووە، ئەوە یەک لەو عملیەیە خرائطی کۆن اعتمادی لەسەر دەکرێت لە تەماشا کردن بەڵام بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت هەر لەبەر ئەوەشە عملیەکە رەنگە شەش مانگ تا ساڵێک دەبات، بێجگە لەوەی کە ناوی لەسەر کێ یە خۆی لەوێیە خۆی لەوێ نییە، ئەوانە بەشێکن لە عملیەی مەسحەکە، ئەوەی تەسویە نەکراوە ئەویش یەکێکە لەو شتانە لەوانەیە ئەوەی لە صلاحیەتی ئێمە بێت جێ بەجێی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو ناوانە دەخوێنمەوە کە ناونووس کراون، ئەگەر بەڕێزێک ناوی نەنووسرابێت تکایە دەستی بەرزبکاتەوە، کاک فەرەنسۆ هەریری کاک رەجەب شعبان، خوشکە شەفیقە، مەلاطلحە، کاک محسن صالح ئامێدی، مەلا محمود دێرشەوی، کاک د.ناسح غەفور، ئیبراهیم سعید، یوسف میران، یحیی بەرزنجی، عثمان دزەیی، کاک ئەمین مەولود، کاک سەفەر محمد، کاک مەلاهادی خضر، کاک شێروان حیدری، کاک سعید یەعقوبی، کاک رزگار قاسم، کاک حسین علی کمال، کاک عبدالخالق زەنگەنە، بەڕێزان نزیکەی بیست ناوە ئەبێ حسابی کاتەکەش بکەین مەبەست لێرە تەنها گفتوگۆ کردن نییە بە پلەی یەکەم وەکو پرسیارەکانە تەوجیهی پرسیارەکان بکرێت بۆ ئەوەی پرسیارەکان وشک نەبێت ئەگەر بخرێتە روو چاکە ئەگەر هەر بەڕێزێک ئەو پەڕی دوو دەقیقە لەکات بگرێت، تصور دەکەم دوو دەقیقە بەسە بۆ پرسیار کردن، بەڕێز کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەم، لەراستیدا من هیچ پرسیارم نییە

ئاراستەی بکەم، بەڵکو بەپێی هەندێ زانیاری خۆم هەندێ شت روون دەکەمەوە، جەنابی وەزیر زۆر متواضعانه بابەتەکانی خۆی کردەوە، له سەرەتا نەک موبالەغەی نەکرد، لەوانەیە هەندێ شتی لەوەی هەیە کەمتری نیشان دا، بۆ نمونە تەنکەرەکان لەزۆر شوێن هەیە من ئاگادارم تەنکەرەکان نزیکی شەش مانگیش دەوامیان کرد لە ئاودان لە هەندێ گوند، تەنیا بۆ خواردنی ئاوی خەڵک نەبوو، بەڵکو ئاژەڵیش هەندێ سوودی لێ وەرگرتییە، زۆر جۆگەو زۆر پرۆژەی ئاودێری کراوە لەسیاقی قسەکانی لە سەرەتادا زۆر ئاماژەی بۆ نەکرد بەڵکو لە وەڵامدانەوە ئاماژەی بۆ کرد، بە پێی زانیاری ئێمە پارەیەکی یەکجار زۆریان داناوە کە ئەو پرۆژانە دەکرێت، کادرە هونەرییەکان کە کاک ئەمین باسی کرد بەلای ئێمە حەقە برادەرانی ئێمە هەموو هەڤاڵان بێنە سەر ئەو قەناعەتە ئەو کادرە هونەرییە چاکانە بەتایبەتی ئەوانی دۆستی ئێمەن هەڤاڵی ئێمەن چەند بکەونە ناو رێکخراوەکان قازانجی ئێمەیە میزانییەکی یەکجار زۆر پارە لەوێ هەیە، ئەو خەڵکە چاکە و هەڤاڵی ئێمە لەوێ بن دەتوانن زۆر یارمەتی وەزارەتەکانی ئێمە وئیدارەی ئێمە بدەن بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان باشتر بەرێوە ببەن، جۆری ئەو شتانەی کە دێن وەکو کاک سعد باسی کرد، لەم دواییە رێکخراوی سەر بە (un) خەریکن هاوکاری نەختێک باشتر لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ ئێمە بکەن، کە پێشتر هەر گوێیان نەدەدا بە ئارەزووی خۆیان دەیانکرد، بەڵام ئێستا گۆڕانی بەسەر داهات بۆیە ئەو شتانەی کە دەهاتن عێراق کاریگەری لەسەر هەبوو لەسەر رەزامەندی عێراق رادەوەستا خۆیان ئەو شتانەی کە دەیانکرین ئارەزووی خۆیان بوون، دەڵێت هەندێ دەرمان و شت ستۆک دەبن راستە ئەوەی کە ستۆک دەبن سووچی ئیدارەی ئێرە نییە ولەوانەیە خەتای رێکخراوی (un) بێ، کە لێرە نەبێت شتەکان لەوێ دەکرن تا دەگاتە ئێرە ماوەیەکی زۆری بەسەردا دەچێت تا دەگاتە ئێرە نزیکی ستۆک بوون دەڕوات، یانی تەقصیرەکە تەقصیری ئەوانە، تفاوتی نرخ هەیە لە هەندێ شوێن وەکو ئەو گوتی مامۆستا سەعدیش لەوانەیە ئاگادار بێت هەندێ ناوچە هەیە بۆ نموونە ناوچەی دهۆک بە قەناعەتی من ناوچەی دهۆک تا ئێستا تشبعی کردووە لە کێشەی مضخە و ئەوانە ئەو بەشەی بۆ ئەوان دەچێت پێم وایە تەشبعیان کردووە و زۆر پێویستیان پێ نییە، جووتیار کە مضخەیەک وەردەگرێت خۆیشی هەیەتی و پێویستی پێ نییە ناچارە دەیفرۆشێت و شتێکی تر بۆ خۆی دەکرێت وەکو جوتیار حەقێکی تەبیعی یە شتێکی تری پێ دەکات کە لەو زیادە ئەو زیادەی کە لەوێ دەیفرۆشێت نرخەکەی دێتە خوارێ، بەڵام لێرە لەهەولێر ئێستاش پێویستی زۆرە لەوانەیە چەند فێسی تر بڕوات تا تەشبع بکەن و پێویستیان پێ نەبێت فەرقەکەی لەوە دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک فەرەنسۆ، کاک رەجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ ووشكاتیە دوو سالانا تأسیرا وێیا زەقە وئاشكرایە وبەڵكم خودی نەكاتنە كار بەردەوام بێت ئاو بێتە فرۆتن وەكی پترۆلێ یان ببێتە جەرەیەک لە ڕۆژهەلاتا ناوەڕاست، مە كوردستانێت مە مصادرێت ئاوێ زۆر باشت هەین ئەگەر بەشێوەیەكی زانستی بە شێوەیەكی ڕێک وپێک چارەسەر بكرێت، بۆ نموونە ئاڤێ جەوفی كە مەخزونەكە احتیاطیەكە هەرگیز رای من لەگەڵ ئەوەدا نییە بێتە بە كارهێنان بۆ كشتوكاڵ چونكە بەدیلمان هەیە، نموونەیەک بێنین لەسەر ئاكرێ هەردوو لایەت وێ ئاوی هەیە یەک خازرە ئەوی تر زێ یە، بەلام دە بیری ئاو تمویلی ئاكرێ دەكەن هەموو سەعاتێک ٣٩٠ مەتر مكعبە لەناو ئاكرێ كە چواردە سەعات ئیشی پێ بكەین لەبەر نەبوونی كارەبا پێنج هەزارو چوارسەدو شەست مەتر مكعب ڕۆژی لەمخزون احتیاطی دێتە دەر، بەلام بۆ زیاتر سوودی لێ وەربگرین كە پرۆژەیەک لە سەر زێی ئاكرێ دروست بكرێت ئەو احتیاطە دەمێنێ، بۆیە پێشنیار دەكەم گەلێک بیری ئیرتوازی سەربەخۆنە لە مانگی دە پێویستە قفل بدرێن وپێداچوونەوەیەک هەبێت و محاسبەی ئەو كەسە بكەن ئەگەر بەكاریهێنا یان سەربەخۆیی بۆچی ئەو ئاوە بەكار دەهێنێت؟ هەر ناوچەی خۆمان دەڵێم كە چوار سەدو سی ویەک بیری ئیرتوازی هەیە كە سەربەخۆ ئاوی لێ بەكار دەهێنرێت، ئەگەر لەمانگی دە قفل بدرێت تاكو مانگی پێنج لەوانەیە نیوەی ئەوە احتیاط بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەوە بابەتێكی زۆر حەساسە زۆر سوپاس كاک ڕەجب، خوشكە شەفیقە فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە لەجەنابی وەزیری كشتوكاڵ، ئایا بیریان لەوە كردۆتەوە تا ئێستا پرۆژەیەک دابنێن بۆ تصفیەی ئاوی مجاری بۆ ئەوەی بتوانین استفادەی لێ بكەین؟ چونكە ساڵ ساڵی وشكە ئێستا لە جیهان داوای ئەوە دەكرێت كەوا چارەسەری ئەو تەنگژانە بكرێت وبە هەرچی شێوەیەک بێت بیری لێ بكرێتەوە، ئەوانەی تریشم چەند وردبینیەكە لە خلالی قسەكانی وەزیردا باسی پارەی كەل وپەلی كرد كە دەچێتە بانكی حكومەتی مەركەزی كە ئەویش ڕێكخراوی (فاو) دەبیات، دووەمیش باسی كڕینی گەنمی كرد بە مبلەغێكی دیاریكراو نزیكەی دە ملیۆن دینار كە تەنها لەو جۆرەیە كە خۆیان دابەشیان كردووە، ئەی ئایا بیر لەوە نەكراوەتەوە كە گەنم یاخود دانەوێڵە بەگشتی بكڕدرێت لەجوتیارەكان لەباتی ئەو ئاردەی ئێستا دێت لەسەر قەراری ٩٨٦ كە دابەش دەكرێت بەسەر خەڵكدا ئەوە دابەش بكرێت یاخود حكومەتی هەرێم احتیاطێک دابنێت كە هەمان بێت خوانەخواستە دنیا هەزار كوارسی لەبەر دەمدایە وەكو عەلەفیش دەتوانین سوودی لێ وەرگرین، سێ یەم باسی ئەوەی كرد كە لە فێسی شەشدا تۆزێ تنفیذ كەمە وبۆچی؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک مەلا طلحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا طلحە سعید قرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەین، لێرە من یەک پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز ماموستا سەعدی دەکەم، هەشت نۆ گوند هەیە کە من زانیاریم هەیە لەو ماوەیەدا سەردانم کردووە کە تائێستا اعتمادیان لەسەر رووبارو کانی و کانیاو بووە، ئێستا رووبارو کانی و کانیاوەکان وشک بووە هەر بەتانکی ئاویان بۆ دەچێت، بەتانکیش بەشیان ناکات، ئینجا داوا دەکەم کە ئەگەر چارەیەکیان نەکەن ئەوا گوندەکان هەمووی چۆل دەبن، گوندەکان لەوانەیە کاک سەعد شارەزای هەموو گوندەکان بێت، میرەکان، نشیوان، مەزرا، صۆفی ئیبراهیم، ئەم گوندانە هەموو اعتمادیان لەسەر کانی وکانیاوە ئێستا ئاوی کانیاوەکان هیچ نەماوە، هەموو رۆژێ دەبێ تانکی ئاوێکیان بۆ بچێت لە گوندێکی تر، ئینجا داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چارەیان بکرێت ئەگینا گوندەکان چۆڵ دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک محسن صالح ئامێدی فەرموو.

**بەڕێز محسن صالح ئامێدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم کە ئیدارەکانی گوندەکان هەندێ گرنگی بدەن بە جۆگەکان و، باسیان کرد، لەوانەیە بیست جار زیاتر مراجعەتم کردووە نە کشتوکاڵ و نە ئاودێری، تجاوب ناکەن هەندێ ئیش دەکەن، بەڵام ئیشەکان سانوینە، ئەساسیەکان ناکەن، جۆگەکان ئێستا نیوەی ئاویان بە فیرۆ دەڕوات چونکە ناتوانن سوودی لێ وەربگرن، بۆیە لە جەنابی وەزیر دەپرسم بۆ تجاوبیان نییە؟ بۆ ئەم شتە ئەڵێم خەتای ئەوانە یاخود خەتای رێکخراوەکانە؟ ئەگەر خەتای رێکخراوی فاویش بێت ئایا شوێنێکی تر نییە پەرلەمان داوایان لێ بکات و ئاگاداریان بکاتەوە کە بۆ ئەوەندە ئیشەکە دوا دەخەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماموستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنا جەنابی وەزیر دەکەین، ئەوەی ئێمە ویستمان تەوەققوعی بکەین کە گرنگیەک بە سدودی محلی بدرێ ئەوە زۆر گرنگە ئەگەر نەیەتە کرن زیانێکی مەزنە هەروەکو دەوڵەتێک،

مقارنه بێته کرن ما بەینا سامانی ئاژەڵ و سامانی ڕووەک، له حەقیقەتدا گەلێک تجاوزات لەسەر مراعی دێته کرن بلدۆزەر و شۆفەر تەختی دەکەن و دەیکەنە عەردی زراعی ئەوە هەندێ برینا مەروماڵاتیا، نوقته مه دڤێت ئیشارەت بدەم بشێوەیەکی نەهونەری و نەدروست خەلکێ ناوچەی جهی زراعی بەروبومی دەفرۆشن به بیانی ئەمە هەمی بێته زەرەرو زیان و بارگرانی لەسەر ناوچەی خۆیان بەنیسبەت وێ حیواناتی ، وەکیدی نازانی عەربەی گەنمی له دەشتا هەولێرێ وای لێ هاتیە ب دوو هەزار دینار دەیفرۆشن به خەلکی تر ئەگەر ئەڤ رێگە نەیەتە گرتن بێ شک زەرەرەکا مەزن وێ میللەتێ مە دەبێت، کرینا دەغل ودان و محصولاتا وەکی باسی کرد جێی شانازییە، بەس پێشنیاری مە ئەوەیە وەکی پرسیار ئایا لە بەرنامەکەدا بۆچی داری بەر بۆچی تەشجیعا ئەو نایەتە کرن، تەشجیعا داری بەر وەکو زەیتون و بایڤێ ئەوشتانە کە پێویستی بە ئاودانیش نییە ،تەنها بەس دوو ساڵا بێتە خودان کردن بێتە پاراستن وبەرهەمێکی باشی دەبێت بۆ میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەین، من پرسیارێکم هەیە لەناو قسەکانی جەنابی وەزیردا وام بەرچاو کەوت کە جەنابی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کشتوکاڵ وئاودێری زۆر باسی شێوازی زانستی وپسپۆرانی کرد، پەنا بردنە بەر شێوازی زانستی و پسپۆران من پرسیارم ئەوەیە ئایا لەناو خۆماندا ئایا تەنسیق و هاوکاری هەیە لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی زانکۆی صەلاحەدین و دهۆک؟، بەنیسبەت ئێمەوە بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ بەیتەرەو تەنانەت ئەندازەش دەتوانین لە زۆر مەسائیل دا سوودیان لێ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم، ئەویش یەکێک لەو پرۆژانەی کە مەشاکلی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی نەبێت و زۆر دووەلی منتیقەش بەکاریدەهێنن ئەویش خەزنی ئاوی بارانە کە بەسدودی بچووک لەناو شیوان دا دەکرێن وئیستفادەیەکی زۆری لێ دەکرێت چ بۆ ئاژەڵ بێت یان بۆ ئاودانی، تێبینیەکیشم هەیە ئەویش وەکی فەرمووی کیلۆی گۆشتی مریشک لە هەولێر بە

دوانزده دیناره کەچی لەدهۆک بە هەژدەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،کاک یوسف میران فەرموو.

**بەڕێز یوسف جەمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆربەی پرسیارەکانم کرا، بەڵام یەک خاڵ هەیە کە جەنابی وەزیر فەرمووی ئەو مکائنی ئاباری ئیرتوازیەکان کە هەنە ئی کۆمپانیاکان بەڵێ کۆمپانیای ئەهلی و ئەشخاص هەیە، بەڵام ئەوەی کە ضخم هەیە بۆچی دەبێت ئەو دوو مکائینە بێت مختص بێت وهەر ئی شرکات بێت کاتێک کە کۆمپانیا بتوانێ بێنێ؟ ئایا حکومەتی هەرێم ناتوانێ بیهێنێ؟ ئەگەر ناتوانن بێنن چۆن شرکات دەتوانێ بێنێ؟ چ جۆرە شریکاتێکن ئەوانە؟ خاڵێکی تر هەیە کە شتێک، گەنم دابەش دەکرێت یان مەکینە دابەش دەکرێت ئەگەر لە ئێستگەکان بڵاویبکەنەوە و لەوێ بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام بەشێوەکی فراوان تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ رەقیب حسێن فەرموو.

**بەڕێز شێخ رەقیب حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەزانم کە بەجدی یارمەتی جوتیار بدرێت، لە قەزای هەولێر و مخمور بە تۆو پەین وئالیک بۆ ئاژەڵەکان، چونکە ئەمە دوو ساڵە نەهاتە وئەگەر نا زۆر لە برا جوتیارەکان ئەمساڵ تۆیان پێ ناکرێت وئەوەش هاندانی هیجرەت دەکات لە دێهات بۆ شارەکان و دەست هەڵگرتن لە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی ئاژەڵ، ئێمەش لەبیر نەکەین کە وولاتێکی کشتوکاڵین وهیچی ترمان نییە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی روونکردنەوەکانی وەزیری کشتوکاڵ دەکەین، بەراستی بەنیسبەت منەوە دوو سێ مەوزووع هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکەم، یەک مەسەلەی بایەخ دان بە ماسی، وزەرورەتی کە ماددەیەکی خۆراکی یە، هیچ ئاماژەی بۆ نەکرا کە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە وکاریگەریشی زۆرە هەتاکو لەسەر بنیەی سیکۆلۆجی ئینسان، ئینجا باشە ئەگەر ئەم بابەتە بایەخی پێ بدەن چونکە ئەویش تەعویزێکی زۆرە بۆ موادی خۆراکی، دوو بەنیسبەت منەوە بێجگە لە بایەخدان بە

مەسەلەی جۆ لەو ماوەیە بەنیسبەت ئێمە کە زۆر گرنگی هەیە، گوڵەبەڕۆژەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەنیسبەت ئێمەوە لە دوو بواردا یەک بۆ رۆن دووش بۆ عەلەف کە گرنگی زۆری هەیە، ئینجا لەبەر ئەوە وا باشە ئەو مەسەلەیە گرنگی پێ بدرێ، هەروەها بەنیسبەت منەوە کە ئاماژە کرا بۆ جەفاف باشە بەرای من مەسەلەی فکر بکرێتەوە بۆ راکێشانی ئاو لە زابەوە بۆ هەولێر چونکە مەسەلەی وشکی لە ناوچەکە هەیە بەداخەوە خوا نەکا ئەو زانیاریەش راست بێت کە چەند ساڵێکی تریش دەخایەنێ وەتاکو ئەگەر حکومەت یان بریاری ٩٨٦ کە ئەو مجالانە زۆر نادات بەراستی بە ئیمکانیاتێکی خۆمانی زاتی ئەو رێگایە بکەینەوە ولەگەڵیشدا بۆ ئەوەی رێگە بگرین لەو ژمارە زۆرەی کە ئاباری ئیرتوازی بەکار دەهێنن کە خەتەرێکی گەورە هەیە لەسەر پاشەڕۆژی منسوبی ئاو لە ژێر زەوی، تێبینی یەکی تریش هەیە ئەگەر بکرێ بەنیسبەت منەوە واتصور دەکەم لە ئاوی ئیفرازو لە راکێشانی ئاو لە هەولێر خەڵکێکی زۆر بیری ئیرتوازی بەکار دەهێنێت بۆ باخچەکان کە ئەوە هەدرێکی زۆر گەورەیە، باشە ئەگەر بیر بکرێتەوە هەندێ شوێن بۆی گەیشتووە وهەندێ شوێنی تر بدرێت بۆ ئەوەی کە احتفاظ بکەین بەو کەمییەی هەیە لەژێرەوە، لەبەر ئەوەی من بریاری ٩٨٦ بە بریارێکی دائیمی دانانێم بەتایبەتی بریاری ١٢٨٤ لەگۆڕێ هەیە کە ئەگەر عێراق موافقەی لێ کرد ئێمە ئیشکالێکمان بۆ دەبێت لەو فێسانەی هاتووە بەرای من ئەگەر بکرێت وتەرکیز بکرێتە سەر هەندێ لایەنی گرنگ کە وەزیر ئاماژەی بۆ کرد یەکێک لەوانە کە مەسائیلی مخازنی تبریدە زۆر گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە بەتایبەتی ئێمە خەیار وتەماتەو میوەجاتمان هەیە ئەبێت گرنگی پێ بدرێت، کارگەکانی خۆراکی ئەگەر بکرێت گرنگی پێ بدرێت هەروەها مەسەلەی توتن کە ئاماژەی بۆ کرا بەرای من دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەو جگەرە ستۆکەی کە لە دەرەوە دەیهێنن، من خۆم لەبازار دەگەرێم وجگەرەش ناکێشم بەڵام وا تصور دەکەم یەکێک لەو شتانەی کە سەیرە لای من ئەوەیە کە پاکەتێکی خۆمانە نادۆزییەوە لەوەختێکدا گشت جگەرەکانی بیانی دێت لە کارگەی زۆر خراپیش بەرهەم دێت و هەتا لەسەر تەندروستیش زۆر خراپە. مەسەلەی بایەخ دان بە سدود دەبێ بەجدی وەربگیرێ هەتاکو ئەگەر ئێمە لەسەر حسابی خۆمانیش بیکەین بەراستی ئەمە کێشەیەکە پاشەڕۆژمان بەستراوە پێوەی بەرای من دەبێ بایەخێکی وای پێ بدرێت بەنیسبەت خۆمانەوە کە بتوانین بەرنامەیەکمان هەبێت پلانێکمان هەبێت بۆ سێ ساڵی بێت ئەگەر بۆ پێنج ساڵیش نەبێت، چونکە ئێمە رووبەرووی کارەساتێک بووینەتەوە، دوا قسەشم ئەوەیە من لەگەڵ رای جەنابی وەزیر بووم وراکەی مامۆستا رەقیبیش کە ئەو جوتیارانەی زەرەرێکی زۆریان لێ کەوت ئەوە دوو ساڵە لەبەر ئەوە ئەگەر فکر بکرێتەوە بەجدی تەعویزیان بدرێت، بەتایبەتی ناوچەکانی عەوێنەو کەندیناوەو ئەو شوێنانەی کە زەرەرێکی زۆریان لێ کەوتووە، لەنێوان دوو جادەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حسێن عەلی کەمال فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئاماژەی بۆ مشاریعی بذل کرد، دچەند پرۆژە هەیە؟... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دڤێت سوپاسی وەزیری کشتوکاڵ بکەم ئەوەی دەربارەی وشکایەتیا ئەڤساڵە کە دیارە و لەوانەی لەپارساڵ باشتر بێت، رەنگە باران ئەمساڵ وەکو لە کوردستانێ گەلەک جیاواز بێت، لەوانەیە دووبەرامبەر و سێ بەرامبەر بێت ١٥٠ یان ١٨٠ ملم ئەمساڵ نزیکەی ٥٠٠ ملم بوو، هەرچەندە هەندێ ناوچە زەرەری هەیە، لڤێرێ من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە ئەویش کاریگەری وشکاتی لەسەر گیاو چۆلی هەیە ئەوە یەک، یا دوویێ وەکو جەنابی ئاماژەی بۆ کرد کە مەڕو بزن و حیوانات کاریگەری وان لەسەر تەبیعەت دەبێت چ بێت حەز دەکەین بۆ ئێمە روون بکاتەوە ئەمە دوو، سێیەم وەکو سەر بڕیارا ٩٨٦ وەکو ئەندامەکی وی لیژنە تایبەتی تەشکیل کرن کە پرسیارێک پێشکەش بە وەزیر بکەم لەناو بڕیارەکەدا هاتووە ئەو مەوادە خۆراکییەی کە دابەش دەکرێت کە پێویستە تەئسیر لەسەر بەروبومی ناوخۆیی نەکات کەچی ئەمڕۆ بە روونی دەبینین ئەو دیاردەیە دیارە وچل لەسەداش وان مبالغێ کو ٩٨٦ وهەتاکو ئێستا لە یەکی کانونی ٩٦ تاکو ئەمڕۆ نزیکەی دوو ملیارو هەشتاو یەک ژ سەدێ ملیۆن دۆلار ئەمڕۆکە بۆ کوردستان تەرخان کرن، هەرچەند لەوانەیە لەسەدا پەنجای تەنفیذ نەبووە بەڵام ئەم مەبلەغە شکی تێدا نییە چل لەسەدای بۆ مەسەلەی خۆراکی تێدایە وکاریگەری هەیە لەسەر جوتیاران وەکو جەنابی ئاماژەی بۆ کرد، من پرسیارێک بۆ بەڕێزی ئاراستە دەکەم ئایا وەزارەت چ جهودێکی صرف کردووە پاش سێ ساڵ تەجروبە یان چوار ساڵ تەجروبە لە ٩٨٦ کە ئەو برە کەمە ئاردی تێدا دابەش کرن نزیکەی نۆ کیلۆیە، ئەو نۆ کیلۆیە لەوانەیە لە تجربە دەرکەوت کە زیادەیە دوو سێ کیلۆ سەرێ نەفەرێ زیادەیە ئەگەر ئەم محاولە بکەین وەزارەت هەندێ جهود صرف بکات کو کیلۆیەک و دوو کیلۆ کەم بکات مادەی تر زیاد بکات وی مبلغێ توفیر بکات وەک شەکرە، برنجە، رۆنە، ئەو مادانە ئەگەر وەزارەت لەگەڵ حکومەت تەنسیقێک بکات کە چ واردات هاتینە کرنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د.رزگار، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم یەک دوو پرسیار هەیە حەز دەکەم روونی بکاتەوە، ئاشکرایە ئەو دە ملیۆنە کە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دیاری کرد کەوا دانراوە گەنم لەو جوتیارانە بکڕێت کە پەین و گەنمیان دراوەتێ، بەرای من حەق نییە حصر بکرێت کرینی گەنم یاخود ئەو ئیمتیازانە بدرێتە ئەو جوتیارانە کە ئەو گەنمەیان لێ بکرێت حەق وایە ئەو جوتیارەی کە گەنمیشی نەدراوەتێ تۆیشی نەدراوەتێ پەینیشی نەدراوەتێ یانی جیاوازی نەبێت، تەماشای گەنمەکەی بکرێت ئەگەر گەنمی هەر جوتیارێک باش بێت لێی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو جوتیارەی کە هیچی نەدراوەتێ خۆی زیاتر بە مەغدور نەزانێت، ئێستاکە کە بڵێین وەرزی کشتوکاڵ و شتی وایە بزاندرێ هەر جوتیارێک یا هەر ناوچەیەک زەرەرەکەی بایی چەندە سەدی سەد چونکە لە جادەی هەولێر وموصل بۆ خوارەوە زەرەری سەدی سەدە. لەوێ هەورازتر لەوانەیە سەدی پەنجا بێت، ناوچە سیاحیەکان وەکو حریرو باتاس و شەقلاوە تقریبا زەرەریان نییە، بۆ ئەوەی ئەو خطەیە رەچاو بکرێت لە دابەش کردنی خطەی تازە بەنیسبەت پەین و بەنیسبەت تۆش بۆیان موراعات بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر هەست بکەن هەندێک زیانەکەیان تەعویض دەکرێت، ئەوە پرسیاری دووەم، پرسیاری سێیەم دەربارەی حمایەی محصولاتی جوتیاری ئەمساڵ لەسەر ئەو ئەساسەی هەروەکو جەنابت روونت کردەوە کە ناتوانین ئێمە سەیتەرە بکەینە سەر هێنانی محصولات لەئێران یان لە عێراق یان لە تورکیا یان لەجێگای تر، پرسیارەکەم ئەوەیە دەڵێم ئایا وەختی خۆی بۆ توانیمان د ەست لەسەر گەنم وجۆ دابنێین و سەیتەرەی لەسەر بکەین؟ بەبێ وەرەقەی خۆمان گەنم لە بۆ هیچ جێگایەک نەڕوات،ئەوە یەک، ئاشکرایە ئەو بەرهەمانەی کە لە ئێرانەوە دێن یان لە موسڵەوە دێن بە لۆری دێت بە قەناعەتی من ئەوەی بە وەسیلەیەکی تر بێت ناکاتە ئەو برەی موناڧەسەی محصولی محلی بکات بۆیە من ئەزانم ئەگەر بیانەوێ خطەیەک دابنرێت بۆ منعی بۆ هاندانی محصولاتی محلی تا رادەیەک بتوانین ئەگەر دەستی جوتیاریش نەگرین هەر ئەوەندەی بتوانین محصولاتی خۆی بەرادەیەک بفرۆشێت بەلای کەمی ئەگەر قازانجیش نەکات ئەوا زەرەر نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سەفەر فەرمور.

**بەڕێز سەفەر محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەساڵی ١٩٩٢بریارێکمان دەرکرد لە پەرلەمانی کوردستان کە تخویلی وەزارەتی کشتوکاڵی کرد و پێکهاتنی لیژنە کرا بۆ پێداچوونەوەی یاسا وبریارەکان کە لەپێش راپەرین دەرچووە، وابزانم زۆر یاسا وبریار هەیە کەکاتی خۆی دژی بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەرچوون، یەک لەوانە یاسای ژمارە (٩٠)ە کەلەساڵی ١٩٧٥ کە لەدوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلول دەرچووبوو سێ ماددەی

تێدایە بەراستی زۆر تعریبی تێدایە کە تەسبیت کراوە ئەو زەویانەی کەکاتی خۆی تسجیل نەبووە نەگەیشتینە ئەو دەڤەرانە یان ئەو بڕیارانەی کە دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە هەمووی بۆتە مولکی ئەمیری بەموجەبی ئەو یاسایە وەکو من ئاگادارم زۆر زەوی هەیە بەتایبەتی لە ناوچەی ئامێدی چونکە من لەوێ بووم ماوەیەک و لەدەڤەری شێخان کە ئەو زەویانە ئێستاش بە ئەمیریە ماوە بەپێی ئەو یاسایە، هەروەها بڕگەیەکی تری تێدایە کە حکومەتی بەغدا بەپێی ئەو یاسایە دەستی خۆی لەسەر مصادری ئاو داناوە بە تایبەتی کانی لەکوردستان زۆرە یانی مصدری سەرەکی یە بۆ روبارەکان، ئەوەش بەپێی ئەو یاسایە بوە بە ئەمیری و مولکی حکومەت، وابزانم وەزارەتی کشتوکاڵ هەتا ئێستا ئەو لیژنەیەی دامەزراندووە اعادە نەزەری کردووە بۆ ئەو بابەتە بەتایبەتی یاسای (٩٠) ماوە هەتا ئێستا نافذ المفعولە، دوو، بەڕاستی ئێمە ئاگادارین کە جوتیارانی کوردستان لەساڵی (٦١)ەوە تاکو ئێستا زۆر زەرەرو زیانیان دیتوە هەرچەندە بازاڕمان ئازادە بەلام تاکو ئێستا جوتیار زۆر زەرەر دەبینی وهەتا لەوانەیە بەرهەمی پێویستی خۆی دەرناکات، راستە ئێمە دەبێت توازنێک بکەین لە بەرژەوەندی مستهلک وابزانم جوتیارانی کوردستان زۆر مغدورن وپێویستە ئەو تەوازنە تۆزێک چاوی پیا بخشێنین بۆ بەرژەوەندی جوتیاران کە زۆر زەرەرو زیانیان دیتووە، هەروەها هیواداین گەنمی ئەمساڵ هەتاکو نیسک ونۆک بە پێی بڕیاری (un) بێنە کڕین لە حەدێک عێراق رازی بێت وئەگەر رازیش نەبێت، ئەو خطوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەنجومەنی وەزیران بایی دە ملیۆن بکرێت شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەرچەندە پرسیاری یەکەم دەربارەی یاسای ژمارە(٩٠) لە دەرەوەی مەوزوعی ئەو کۆبوونەوەیە، چونکە خاڵەکانمان دیاری کرد بوو ئەگەر بکرێت وەزیری کشتوکاڵ وەڵامی بداتەوە تەنها بۆ روونکردنەوە بەڕێز کاک مامەند محمد امین فەرمو.

**بەڕێز مامەند محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێکخراوی (فاو) و وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری مضخاتی ئاویان دابەش کردووە بەسەر ئەو جوتیارانەی کە بیروزەویان هەیە بەڵام دەبینین زۆریان لە بازار دەفرۆشرێن کە ئەوانە تایبەتن بۆ ئەغراضی کشتوکاڵی نەک بۆ فرۆشتن، جەنابی وەزیر چۆن بەرگری لەم دیاردەیە دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عوسمان دزەیی فەرمو.

**بەڕێز عوسمان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خـالێکی گـرنگ هەیە ئەویش مـەسـەلەی گـازۆیلە، دوێنێ لە رۆژنامـەی برایەتیم خـوێندەوە کەبەتەمان دابەشی بکەن بەسەر خاوەن دەراسەکان لە بۆ درۆێنەی ئەمسـاڵ، بەڵام مـاوەی دەراسە هەمـووی مـانگێک و مـانگ ونیـوێکە دوو مـانگ سێ چوار مـانگ جوتیـار خەریکی سەوزە و تەرەیە رۆژانەش بەلایەنی کەمەوە بەرمیلێک گاز سەرف دەکرێت ونرخەکەی ٢٤٠ تا ٢٣٠ دینار پارەیە گـازۆیلیـشی نەدراوەتێ، پارو پێـراریش گـازۆیل تەنهـا لە بۆ هەندێک خـاوەن دەراسـەکـان دابەش کراوە داوا دەکەم ئەو بابەتە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی یەک لا بکەنەوە وبەشی وەزارەتی کشـتوکـاڵ بدرێت ودەست بەدابەش کردن بکەن وپاڵپـشتێکی توندی بیروبۆچونەکانی کاکەرەش دەکەم لە مەسەلەی مضخات ومولدات کە نرخەکانی یەکجار زۆرە وئێستا زۆربەی جوتیارەکان داخلی قـورعـە بووینە و بۆی دەرچووە وپێی ناکـرێ وئەو کـاتەی سـەدا چلیـان دانا کـە مـولیـدە و مضخات بە سەد هەزار دینار بوو، حەوت مـانگ لەمەوپێش بوو، ئێستا بە چل ودوو هەزارە چوار پستی بە پەنجا هەزارە، لە بازار ئەوان بە سی وشەش هەزاری دەفرۆشن، حەز دەکەم بەنرخەکاندا بچنەوە بۆ ئەوەی ئەو جـوتیـارانەش بتـوانن بکـڕن و سـوودی لێ وەربگرن وجـەنابی وەزیر بـاسی ئەوەی کرد کە نزیکەی هەزارو حەفت سەدو شەست و پێنج مضـخاتی هەمە جۆر دابەش کراوە ئەو بڕەش زۆرە بووەتە هۆی دابەزینی نرخەکان وچاو بەنرخەکاندا بخشێننەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحـیی مـحـمـد عـبـدالکریم:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی پرسیارەکان زۆربەی کران، منیش پشتگیری لەمەسەلەی (سدودی محلی) دەکەم ئەگەر بکرێت، لەبارەی ئاباری ئیـرتوازی بەراسـتی رایان باش بوو چونکە دەبێت دیاری بکرێت نابێت هەرکـەس ئازاد بێت لە هەڵکەندنی بیـری ئیـرتوازی چونکە هەرەشـە لەو ئاوە قـوڵەی بیـرە ئیـرتوازیەکـانیش دەکـات، نازانم رای بەڕێزیان چیـیـە دەربارەی بذوری مـراعی یا هێنانی تۆی لەوەڕگا ئەوە ئەگەر بکرێت کارێکی خراپ نییە، دوو، بەراستی بەرای من ئەگەر بکرێت هاندانی چاندنی وێنجە بکرێت رەنگە شـتێکی خراپ نەبێت وکـارێکی باش بێت، وێنجە جـێگەی کـاو جۆش دەگرێتەوە بۆ ئاژەڵ. بەڕێزیان دەرحەق بە فێـسەکان ئەوەی کە ئینجاز بوو بەراستی تێبینی باشی داو، دەستی خۆش بێت زۆر لە جێی خۆی بوو بەرای من ئەگەر بکرێ بزانین ئەوانەی کە ئینجاز نەکراون لە فێسی یەکەوە تاکو ئێستا چی ئەتوانن بکەن بۆ ئەوەی ئینجاز بکرێت؟ چونکە بەڕێزتان ئەزانن بەراستی هەر لە ئاردو صابون ونیسک ونۆک ئێستا (un) و(٩٨٦) بریارە بەو خەڵکە لە فـێـسی یەکـەوە تاکو ئێـسـتـا ئەی ئەبێت بەو ئالات ومکائن و ئەدەواتی کارەبایی یا ئەدەواتی پێویست کە زۆر گرنگ وبایەخی هەیە ئەبێت لەوانە چەند قەرزار بوو بێت وچی مابێت وچۆنیش بەراستی دابەش دەکرێت؟، بەڕێزان سەبارەت بە کێڵگەی پەلەوەرەکـان بەڕێزیان تێبینی

باشی دا بەڵام من تێبینییەکم هەیە ئێمە لەهەولێر نزیکەی دوو سەدو دە کێلگەی پەلەوەرمان هەیە جگە لەوەی بەڕێز کاک ئەحمەد ئیسماعیل، لەدهۆک و لەسلێمانی میقدارەکان زۆر کەمترن یانی پانزە تا بیست رەنگە کیلگەی پەلەوەرمان هەبێت لەسلێمانی و لەدهۆکیش جگە لەو دووە گەورەیەی کە هەیە چونکە لێرەش پرۆژەی کێلگەی پەلەوەری گەورەمان هەیە کە ئەهلی یە لێرەش هەمانە و لەسلێمانیش هەمانە، بەهەر حاڵ مەبەست لێرە نسبەتەکانە، هەولێر لە سەدا سی وچواری سۆیا وپرۆتین وەردەگرێت، دهۆک لەسدا بیست وسێ وەردەگرێت، سلێمانی لەسەدا چل وسێ وەردەگرێت بەڵام لەسەدا حەوتی ئەو لەسەدا سی وچوارەی هەولێر ئەدرێتە ناوچەی کۆیە هەر لەهەمان کاتدا لەسەدا سێ لەو سەدا سی و چوارە دەدرێتە کاک ئەحمەد ئیسماعیل مانای وایە حصەی هەولێر مایەوە لەسەدا بیست وسێ ولەسەدا بیست وپێنج، بۆ ئاگاداریش ٢١٠ تا ٢١١ ئێمە ئێستا پرۆژەی کێلگەی پەلەوەری بەرهەم هێنمان لەهەولێر هەیە، نسبەتەکە ئەگەر لە هەولێر وسلێمانی تەماشا بکەیت فەرقی هەیە، بۆیە ئێستا ئەگەر دیقەت بدەین خەریکە دەواجن لەهەولێر هەندێکیان دایدەخەن، لەوانەیە دواجنێکی بەرهەم هێن لەهەولێردا یەک حصە وەربگرێت، یەک حصە لە پرۆتین و سۆیا وەربگرێت، بەڵام لەسلێمانی و لەدهۆک حصەی کامل وەردەگرن، لەوانەیە لەدهۆکەوە مریشک بێت لێرە بیفرۆشن و لەسلێمانیش لێرە بفرۆشن، جا بۆیە من تکایەکم هەیە ئەگەر بتوانرێ بەو نسبەتانەدا بچنەوە نسبەتەکان بگۆڕن یان بەنسبەی پێویست بەگوێرەی پێویستی هەر شارێک، لێرە ئێمە دوو سەد دەواجنمان هەیە لەسلێمانی بیست دەواجنمان هەیە لە دهۆک بیست دەواجنمان هەیە، چۆن ئەبێت حصەکان بەو شێوەیە تفاوتی هەبێت، بەڕێزتان ئەگەر بەباشی بزانن بەراستی قسەکان زۆر بوون بەڵام ماوەکە کەمە، ئەگەر بتوانین لەو ماوەیەدا کۆنفراسێکی بگرین ئایا بۆ کشتوکاڵە یا بۆ دەواجنە یا بۆ وشکەساڵییە، ئیتر بۆ هەر شتێک بێ بۆ نەوەدو شەش بێ ئەمە شتێکی ترە بەڵام بۆ ئەم وشکە ساڵییە، ئەم دەواجن وپشتگیری لە بەرهەمی خۆمان بەراستی دەبێت کۆنفراسێکی گەورە بکرێت بەڕێزیان تەبەنی ئەوە بکەن لە خوبەراو لەدەزگای وەزارەتەکانمان لەفاوو، کارێکی وا بکەین ئێمە هەم بۆ وشکە ساڵی هەم بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی هەم بۆ مەسەلەی کیلگەی پەلەوەرەکان ودابەزینی نرخ، بەڕێزان پێش ئەم بابەتە کیلۆی گۆشتی مریشک بە چل وسێ دینار بە سی وشەش دینار بوو ئاخر شت، بەڵام کە دەعمی دەواجنەکان کرا کیلۆی گۆشتی مریشک هاتە دە دینار و یازدە دینار، ئێستا خەریکە دووبارە لەهەولێر دەبێتە سیانزەو چواردە، مع العلم بەڕێزیان دەڵێن لە هەولێر بە هەژدەیە لە حاڵەتێکدا لە چەمچەماڵ بەدە دینارە، ئەم تفاوتی نرخە ئەگەر بکرێت پشتگیری لە دەواجنەکانی هەولێر بکەن بەراستی شتی چاکە بۆ ئەوەی نسبەتی دابەش کردنی سۆیاو پرۆتین بەگوێرەی پێویست نییە، بەگوێرەی تواجدی بەشە دەواجنەکان بێت وتکای تەواوم ئەوەیە ئەگەر بکرێت مەسەلەی کۆنفراسەکە زۆر بەگرنگی دەزانم لەگەڵ رێزی تەواومان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرسیارەکان زۆر بوون بەڵام ئەگەر بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وەڵامی ئەوانەش بداتەوە بەسوپاس وتەقدیرەوە وەریدەگرین، فەرموو.

**بەڕێز سەعد عبداللە/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من سوپاسیان دەکەم، کە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە بایەخ دەدەن بە کشتوکاڵ و بەڵگەی ئەوەیە لەوانەیە زۆری پەیوەندی هەیە بە کشتوکاڵەوە ئەوەش جێگەی خۆشحاڵییە کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تەمسیلێکی حەقیقەتی واقیعەکەبکات چونکە من لەسەرەتاوە ووتم سەدا حەفتای رەنگە لەزرووفی تەبیعی ئابوری ئێمە کشتوکاڵە تەشکیلی دەکات، سوپاسی کاک فەرەنسۆ دەکەم کە یارمەتی دام کە من بە تەوازعەوە قسەم کرد هەوڵم دا شتی زیاتر ئەو ئیشانەی کە دەکرێت خۆیان قسە بکەن لە پاشەڕۆژ نەک ئێمە لێرە قسەی لەسەر بکەین پێش ئەوەی ئیشەکان خەڵک بیانبینێ و بێگومان زۆر شت کراوە من تەفاصیلم نەدا زۆر شتی گرنگ کراوەو زۆر شتی گرنگ لە رێیە هیوادارین کە ببێتە هۆیەک بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ، دەربارەی بابەتی کاک رەجەب شعبان کەباسی (ئاکرێ)ی کرد و ئەوانەی ئیستغلالی ئاو دەکەن، تەبیعی من هەمان رام هەیە کە دەبێت ئیستغلالی ئاوی زێیەکان بکەین، بەڵام تەبیعی بەنیسبەت پرۆژە هەموو پرۆژەیەک جائیزە بکرێت بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئیمکانیات، من لەسەرەتاوە باسم کرد ئێمە لەفیسی شەشێ، حەوتمان پێشکەش کردووە بە تەواوەتی یانی چووەتە رۆما، فیسی هەشتیش لەلای ئێمەوە دەرچووە چووەتە یۆنۆکی کەچی هەتا ئێستا لە فیسی شەش سەدی پێنجی جێ بەجێ کراوە، لەبەر ئەوە ئەو شتانە هەمووی کە باس دەکرێ وکێشەیە وئێمە مەیدانیا رۆژانە رووبەرووی دەبینەوە وپێشنیارە و ئەوەی کە مەجالی تێدایە کراوەتە پرۆژە و داوا کراوە، مەسەلەی ئاو لە بۆ ئاکرێ بۆ خواردنەوە رەنگە ئەوە ئیشی ئێمە نەبێت، بەڵام وەکو فکرە فکرەیەکی باشە بێگومان ئەو رێگەیە رێگەیەکی سەرکەوتووە ئەوە تەوصیەی ئێمەشە وتوصیەی خەبیرەکانیشە، هەروا پێمان رادەگەیەنن، ئەوەی شەفیقە خان شتێکی زۆر گرنگی باس کرد من نەموییست یان لەبیرم کرد یان هێشتا زووە باسی بکەین، لە مانگی یەک ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ ئێمە لیژنەیەکمان پێک هێنا بۆ دراسەت کردنی ئاوی مجاری هەولێر یا ئاوە پیسەکان، بێگومان ئەو ئاوە پیسەی هەولێر کە دەچێتە خوارێ لەرێگەی عارەب کەند، دەکرێ سوودی لێ وەربگرین وەکو پرۆژەیەکی (ري ضخم)، دووسەدو هەشتا بیر لەهەولێر ئاو دەردێنێ ئاوی ئیفرازیش ئەو خۆی زێیەکە ئەگەر بەباشی لەرێگەی مجاریەکان ئیستغلال بکرێت پرۆژەکە گەورەیە ولە فیسی هەشت، سەدو پەنجا ملیۆن دۆلاری لەبۆ دانراوە لەبۆ مجاری قۆناغەکی جێ بەجێ دەکرێ، عفو بیست ملیۆنی لەبۆ دانراوە خۆی سەدو پەنجا ملیۆنی دەوێ بیست ملیۆنی لەبۆ دانراوە تەنها لە فیسی هەشت بەسەدو پەنجا ملیۆن تەواو دەبێت، قۆناغی کۆتایی ئەم پرۆژەیە تصفیە کردنی ئاوەکەیە، پاش تصفیە لەبۆ ئەغرازی (ري) رەنگە بتوانین

پەنجا شەست هەزار دۆنم لەو ناوچەیە کە هەمووی دەشتە هەمووشی بە ڕێگەی خۆی دەڕوات، بەو ڕێگەیە ناوچەکە ئاو دەدات و ئەوە پرۆژەیەکی ئیستراتیجی گەورەیە، ئیشمان لەسەری کردووە لیژنە هەیەوا دراسەتی دەکات لەچەندین بوارەوە ئنشاللا ئەوە یەک لەو شتانە دەبێت لەدهۆکیش پرۆژەی مەجرا هەیە، هەرچەندە ئەوە ئیشی شارەوانییە من باسی قۆناغی کۆتایی دەکەم، ئەو ئاوە کە بۆ کشتوکاڵ سوودی لێ وەربگیرێ فکرەکە فکرەی ئێمەیە لەوە بووە کە شتێک لێرە پەلەی تێدا بکرێت وئێمەش یارمەتی دەدەین تاکو بگاتە ئەو قۆناغە، مامۆستا مەلا طلحە ئەوەی گوندەکان لەو قۆناغە هیچ چارەی تر نییە، چونکە ئەو ناوچەیە کەشف کراوە بیری ئیرتوازی تێدا سەرکەوتوو نییە لەبەر ئەوەی چارەی ئەوەیە بەتانکەر ئاویان لەبۆ ببەین ئاوەکەش حەز دەکەم بزانن زیاتر لەبۆ ئاژەڵە، یانی تمویلەکەی ئێمە بەرنامەکەی ئێمە ئاوی ئاژەڵە وئاوی کشتوکاڵە تەبعەن لەبۆ کشتوکاڵ ناکرێت ئاوی بەتانکەر ببەین بەڵام لەبۆ ئاژەڵ دەکرێ، بەڵام بەداخەوە ناکرێت، ئینسان گرنگترە لەکاتێ کە ئەوی تر ئاوەکەی لەبۆ نەچووە لەبۆ ویش بەکار هاتووە جاری وابووە ئاوەکە جۆرەکەی زۆر وانەبووە، دەربارەی ئەوەی کاک محسن ووتی مەسەلەی تبطین سواقی لەدهۆک ئەوە ڕاستە بەگشتی ئێمە لەبەرنامەکەماندا مەساحەیەکی یەکجار زۆر هەیە لەبەرنامەمان دایە تبطینی بکەین و ئیمە لەسەفەری خۆمان لەبۆ دهۆک مانگی دوو زۆر تەئکیدمان کرد و مەیدانیا چووین هەموو ناوچەکان گەڕاین وتەئکیدمان کردەوە کە دەبێت پەلە بکەین کە هەموو ناوچەکان کە جۆگەکەی لەسەر زەوی دەڕوات تەبعەن ئیستفادەی یەکجار زۆرە خێرایی گەیاندن مەفاقیدی یەکجار کەم دەبێت، لە بۆ جوتیارەکە ئاسانە تەبخور ناکات یانی زۆر شت هەیە تەئکیدمان لێ کردۆتەوە تۆزێک ئێمە کەفائاتی خۆمان ڕادەی ئیش کردنمان هی دەوائرەکان دەبێت لێرە بە صراحەت باسی بکەین وەکو پێویست نەبووە. دوو، پێمان وابووە تەجروبەی کەم ئاویمان کەم دیتووە شتێکی تازەیە لەبەر ئەوەی ممکینە بەو تصورەی کە ئێمە هەمانە بە پێویستی دەزانین بەلایەنی هونەری ئەو تصورە ترجمە نەکراوە لەبۆ پرۆژە، بەڵام ئێمە زۆر بەجدی لەدوابنە کە ئەوە بکرێت و ئێستا سێ ملیۆن دینار لەو بەینەی بۆ تبطینی پرۆژەکان دیاریکراوە، دوا پرۆژە کەداوامان کرد لەسەر پارەی (LGF) هاتووە ورەزامەندی لەسەر کراوە ولەو ڕۆژانە دەکەوێتە ئیش، سدودی خۆمانەش کە کاک دێرشەوی باسی کرد فعلەن ئەوە گرنگە، بەڵام چەندی پێمان دەکرێت تەبعەن سدود مەسەلەیەکی فنی زۆر گەورەیە، یانی هەموومان پێمان خۆشە، شتی بچوکمان پێ دەکرێت بەڵام شتی گەورەمان پێ ناکرێت بەو ئیمکانیاتەی کە لەبەر دەستمانە لە پاشەڕۆژ پێمان دەکرێت، دراساتمان پێ دەکرێت چونکە سدود دراساتی زۆر دەوێ، مەسەلەی پەرێز فرۆشتن وتجاوزات لەسەر مراعی و ئەوانە وئەویش ڕاستە تجاوز دەکرێ بەڵام ئەوە بڕیارێکە بەحیساب لەبۆ ئەوەی جوتیار زەرەر نەکات هەرچەندە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ ڕەنگە لەلایەکی زەرەرێکی زۆرمان لێ بدات ئێمە داوامان کردووە ڕادەیەک دابنرێت چونکە ئەو مەڕدارانەی کەهاتینە زۆریان نەخۆشیان لەگەڵدایە چونکە نسبەی تلقیحات کە لێرە کراوە بووەتە

هۆی کەمبوونەوەی نەخۆشی لەوێ نییە، ئەوان نەخۆشی دێنن وبلاوی دەکەنەوە لەو ناوچەیە بیجگە لەوە زەرەریشمان لێ دەدەن ئێمە داوامان کردووە لایەنی تنفیذی چارەیەک لەبۆ ئەو مەسەلەیە بکات کە جوتیاریش تێدا زەرەر نەکات، چاندنی میوە بەڕاستی ئەوە ئێمە کێشەی ئاومان هەیە ئەو ئاوی زۆری دەوێ ئەو دارانە دەچێنین کە ئاوی کەم دەوێ، قۆناغی یەکەم کە ئێمە سیاسەتمان ئەوەیە کوردستان بە (غطایەکی نەباتی) لەبۆ ئەوەی رزگار بین لە رووتبوونەوە لەڕووتبوونی زەوی کەرووت دەبێت وزەویەکانمان نامێنن، خالی دووەم مناخیش یانی یەک لەهۆیەکانی وشکایەتییە، حەز دەکەم بەجدی وەربگیرێ یەک لەهۆیەکانی نەمانی داروبارە ئەوەش کاردەکاتە سەری چونکە رطوبەتە ومەسەلەی ترە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو قۆناغە بەوە دەست پێ دەکەین لە قۆناغی دووەم ئەوی تریش یانی ئەو قۆناغە کە گرنگترە پەنا بەخوا سەردەکەوێت و مەشتەلەکانمان خەریکن شتلی میوەش لەبۆ سالی داهاتوو بەرهەم دێنن. بەشێک لە شتلی میوە وەک فستق وهەندێک شتی تر هەیە تەبیعی بەرهەم دێنین،ئەوەی کە کاک د.ناسح باسی کرد ئێمە لەمانگی یەک یەکەم ئیشمان لە وەزارەتی کشتوکال لیژنەیەکی ئیستشاری بەردەوامان پێک هێناوە لە پسپۆڕەکانی وەزارەتی کشتوکال ببورن لە کۆلیژی کشتوکال وکۆلیژی پەروەردە وئەوەی کە پسپۆری کشتوکالی لێ یە کۆلیژی ئەندازیاری کۆلیژی بەیتەری دهۆک کۆلیژی کشتوکالی دهۆک وکۆلیژی ئەندازیاری دهۆک بەشی (ر ی)، دەستەیەکی تایبەتی هەیە لەسەر مستوای کشتوکال لەسەر بەڕێوەبەرایەتییە پسپۆرەکان ئەوانە ئەو پسپۆرانی کۆلیژ دابەش بونە لەگەل بەڕێوەبەرایەتی رێگەو بان و لەگەل بەڕێوەبەرایەتی رێگەو بانی دهۆک وبەڕێوەبەرایەتی کشتوکال وبەیتەرەی هەولێر ودهۆک تەنانەت هەندێ شت هەیە لە پرۆژە کە لەبۆمان داناون هەتا پسپۆرەکانی کۆلیژ لەبواری ئەندازیاری رێگەو بان و لەبواری کشتوکال ئیمزا نەکەن لەسەر پرۆژەکانی کە پێشکەشی دەکەن ئێمە بەنەزەری ئیعتباری وەرناگرین، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو لیژانانە بەردەوام ئیشی خۆیان دەکەن ولەو بارەوە شتی باش کراوە تەنانەت لەگەل کۆلیژی کشتوکالی ئێرە کێلگەیەکمان هەبوو لەبەردە رەش بەکاملی داومانە بە کۆلیژی کشتوکال بۆ تجارب وبەحس و شتی وا، کاک ئیبراهیم باسی خەزنی ئاوی کرد، راستە لە ضمنی پرۆژەکانە وباس کراوە و خەریکن، بەلام بەداخەوە بارانیش نییە بەتایبەتی بارانی بەهار زۆر کەم بووە ئەویش دەبینین جێگەکە زۆر ملائم بێت زەویەکە قوتی نەدات چونکە توربە هەیە رملیە ئاوی راناگری زوو دەڕوات وتەبەخور دەکات بەلام لەضمنی بەرنامەکەمانە ئەوە شتێکی باشە، مەسەلەی نرخی گۆشتی مریشک بەراستی من نازانم رەنگە زۆر شتی تریش فەرقی هەبێت لێرەو ولەدهۆک و لەسلێمانی بەلام من دەزانم فەرق هەیە یانی ئەو ماوەیەی کە وەجبە دێتە بازاڕ گۆشت نرخی هەرزانتر دەبێت بەلام بەشێوەیەکی گشتی ئێستا دەواجنەکان ئیستقراریان کرد پاش ئەوەی کە ئەو حیمایە گومرگییەی کە لەبۆیان دانرا کیلۆی سێ دینار، نامەوێ بچمەوە سەر قسەکەی کاک شێخ چونکە هەر دەمەوێ لەو بوارە باسی بکەم، مەسەلەی دەواجن چۆن دابەش دەکرێت

دەواجنی بچووک لەسەداسەدی لەبۆ ماوەی پەنجاو دوو رۆژ دەدرێ وەجبە لای ئێمە پەنجاو دوو رۆژە یانی دوای پەنجاو دوو رۆژ جوجکە کابرای خاوەن دەواجن دەتوانێت بیفرۆشێ ئەگەر رایبگرێت لە بۆ ئەوەی گەورەتر بێت بەلام بەپێی یاسا پەنجا ودووە ولەهەندێ وولات چل وپێنجە، پەنجاو دوو رۆژ سەداسەدی مەوادی دەدرێتێ ودابەش کردنی مەواد لەسەر ئەساسی ئەوەیە نەک لەسەر ئەساسی نسب، نیسب لەبۆ پارێزگاکان دانراوە لەو بوارە نییە لەبوارێکی تر تەعویزی دەکرێت، دەربارەی دەواجنی ئێرە و دەواجنی دهۆک سەدا سی یان دەدرێتێ بەلام لەبۆ چییە؟ سەدا سی بەنیسبەت وان لە بۆ هێلکەی جوجکە کە بتوانن نرخەکەی سەدا سی بەرامبەر بەوەی کە دەیاندرێتێ دابەزێنێ، دەواجنی ئێرە ئەوەی ئەحمەد ئیسماعیل کە سەدا سی ئێمە دەیدەینێ لەبۆ مریشکی هێلکە کەر ئەویش بەرامبەر بەوە ملزمە بە رێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی وپارێزگا بەرامبەر بەوە سەدی سی نرخی هێلکەی خواردن دێنێتە خوارێ ئەوە ئێستا ساری المفعولە وهەردەمایەکی ئێمە سەدا سی یەکەی بدەینێ ئەویش هی ئەوە سەدا سی یەکەی دادەبەزێنێ ئەو زانیارییە بەو شێوەیە نییە، بەلام پێم وایە نەبوونی وردکاریەکی تێدا بێت.

کاک شێخ رەقیب ئێمەش دەزانین بەنسبەت ناوچەی هەولێر زەرەری زیاترە، لە هەولێریش ئەو زیاتر زەرەرمەندە تۆو پەیین بە دەرەجەی ئەساسی لەبۆ ئەوان دەبێ لەوانەیە ئالیک بۆ ئەو ناوچانە دەبێ کە زیاتر زەرەری کردووە واتە ئەو حسابە کرایە وە ئێستا لیژنەی ئامارمان دەرکردووە ئەوەی کاک سەعید باسی کرد وا خەریکن ئێستا سەرژمێرەکەیان دەست پێ دەکەن، کاک عەبدولخالق بابەتی ماسی رەنگە من ئیشارەتم پێ نەداوە نازانم هۆیەکەی چ بوو، ئێمە یەک لە پرۆژەکانمان دەستمان پێ کردیە ئێستا پرۆژەیەکی ماسیمان لێرە کردیتەوە وەکو (احواض الامهات) واتا (مەفقەسیشە و اسبعیاتیشە) تا ئێستا سنووری پێنج شەش پرۆژەیە وە ئێمە زۆر هانیان دەدەین پێنج شەش پرۆژە کەوتۆتە ئیش وە زۆر پرۆژەی تریش هەیە داوای مۆڵەتیان کردووە ئێمە تەمویلیان دەکەین بە دوو شت یەک بە (اسبعیات) واتە فەرخە ماسی بچووک، وە بە ئالیک تەمویلیان دەکەین بە پارەیەکی زۆر رەمزی، ئامانجیشمان ئەوەیە ئەو پرۆژەیە لایەنێکی گرنگە وە دەکەوێتە ئیش، ئەم ساڵ انشاالله بەرهەممان باش دەبێت لە ماسی. دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە باس کرا راکێشانی ئاو بۆ هەولێر بەشێکیان پەیوەندیان بە ئێمەوە نییە کۆگای ساردکردنەوە (مخازن تبرید) و (معامل غذائی) باسم کرد ئێمە داوای (مخازن تبرید)ێکی زۆرمان کردووەو هەندێک سایلۆمان بۆ بکرێ، خەریکین ئێستا لە رێگاین بۆ وەلامەکەی کاک حوسێن عەلی کەمال وا بزانم تێنەگەیشتنەک هەبوو لە قسەکان کاک د. رزگار باسی ئەوەی کرد بەراستی تەئێسیرێکی زۆری هەیە لەسەر لەوەرگە، لەوانەیە ئێوە خەڵکی شتێکی سەیر بێ ئێمە داوامان کردووە سی تەن تۆی لەوەرگەمان بۆ بێ چونکە پار لە زۆر لەوەرگەکان تۆش خورا وە رەگەکەشی خورا بە تایبەتی ئەو مەرِی ئەو عارەبانەی کە هاتبوون هیچیان نەهێشت لەبەر ئەوە ئێستا زۆری تووشی ئەو حالەتە بووە لەوانە سی تەن لەم ماوەیە بگا دابەشی دەکەین و دەیچێنین بەڵکو

ئەنجامێکی باشی هەبێ، داوامان کردووە ئارد کەم بکرێتەوە بە مەرجێک برنج زیاد بکرێ واتە برنجی بخوا نانی لەگەڵ نەخوا ئەوە یەک لەو شتانەیە کە داوامان کردووە، داوامان کردووە، مریشکی خۆماڵی هێلکەی خۆماڵی داخیلی سەلەی غذائی بکرێ ئەوەش تەعویزی ئەوە دەکات کە خەڵک کەمتر شتی دی بوێ، ئەوانەمان داوا کردووە، بەڵام چەند بۆمان دەچێتە سەر ئەوە نازانم ئەوەی کاک سەعید باسی کرد ئەو دە ملیۆنە لە بۆ کڕینەوەی گەنم نییە بە گشتی ئامانجێکمان هەیە ئێمە گەنمەکمان هێناوەتە کوردستان ئەو ساڵ لە سنووری سێ هەزار چوار هەزار تەنمان دابەش کردووە گەنمێکی ناجیحە، ناجیح بوونی ئەو گەنمە نتیجەی ئەبحاثە، ئێمە دائیرەی ئەبحاثمان هەیە لێرە لە دهۆک، بە تایبەتی دائیرەی ئەبحاثی ئێرە زۆر شارەزان هەر ئەو ساڵ زیاتر لە چل جۆر گەنم و جۆیان چاندووە هەمووی بە هەموو ڕێگایەک بە باران، بە بێ باران، بە ئاو، بێ ئاو، هەندێک زیوانیان لەگەڵ چاندیە ئیتر بزانین کامیان ناجحە کامە ڕێگا ناجیح بێ کامە جۆر ناجیح بێ هانی ئەو دەدەین لە دابەشکردن، ئێستا هەوڵی ئێمە لە بۆ کڕینەوەی ئەو گەنمەیە حەز دەکەم بشزانن کە دەکرێتەوە هەباشەمان هەیە ئێمە سنووری (١٠)هەباشەمان هەیە لێرەو لە دهۆک هەر هەمووی دەرمانی لێ دەدرێ جارێکی دی بە پارە دابەشدەکرێتەوە لەبۆ جووتیار چونکە بە پارە دەیکڕینەوە چونکە ئەو عەمەلیییەیە، عەمەلییەکی زیاتر زراعییە بکەین لەوانەیە بۆ حکومەت تۆزێک زەرەری هەبێ، لەوە ئێمە زەرەرمان پێ دەکەوێ لەبەر نرخی پاک کردنەوەی وکۆکردنەوەی دەکەوێتە سەر شانی حکومەت، بەڵام ئامانجەکەمان زیاتر ئەوەیە ئێمە لە بۆ ئەوی تریش داواکانکردییە بەڵام حەز دەکەم بزانن هەموومان حەز دەکەین بەڵام پارەی دەوێ، دوایی بازاڕی دەوێ، بێگومان ئەگەر وەزارەتی دارایی کەمترین ئومێدی هەبێ کەوا بازاڕ هەیە لەبۆ فرۆشتنی ئەوانە بە تەئکید دەیکڕێتەوە، بۆ ئەمەش ئەوان خەریکن.

پێکهێنانی لیژنە: یەکەم جار باسی ١٩٩٢ دەکرێ بەڵام ئێمە دەستکاری مەسەلەی قانوونەکان بە گشتی ڕامان گرتووە لەسەر ئەوەی بزانین ئەو زانیاریانەی کە بۆمان کۆدەبێتەوە، ڕەنگە ئێمە ئەو کاتە پێشنیارەکانی خۆمان وەکو وەزارەت پێشکەش دەکەین لەبۆ ئەوەی بزانین چ باشە بکرێ.

ترومپا دەفرۆشرێتەوە، ئێمە داوامان کردووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پارێزگا لە دهۆک، جێگای خۆشحاڵییە کە زۆر موحسابەی خەڵک کراوە، لەوێ پارێزگار کاک نێچیروان ئەحمەد خەڵکێکی زۆری غەرامە کردووە، ئەوەی ئەمن دەزانم لە سنووری (٣٥٠)هەزار دینار لەو جووتیارانەی کەوا ترومپایان وەرگرتووەو فرۆشتویانەتەوە بەڵام دیارە جووتیار نەبووینە چونکە جووتیار ترومپا وەربگرێ نایفرۆشێتەوە، ئێستا لەوێ ڕاگیراوەو حەدی لەبۆ دانرایەوە، لێرەش ئێمە داوامان کردیە لیستەمان دایە وە ناوەکانیان تیایە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ترومپاکان دەفرۆشنەوە تەغریم بکرێن بە نسبەت ئێمە ئەوە دەکرێ جارێکی دی ئەوانەی کە ناویان هەیە دەچنە ناو لیستی ڕەش جارێکی تر هیچ شتیان نادرێتێ، داوای (١٣) ملیۆن لیتر گازوایلمان کردووە ماوەی یەک مانگە لەبۆ ترومپای ئاو لە بۆ تراکتۆر تا ئێستا لە وەزارەتی پیشەسازی لە

دیراسەت دایە، پێم وایە ئەوانیش ئەوەندەی کە داوامان کردووە نیانە، هەتا ئێمە داوامان لێیان کرد ئەگەر بتوانن بۆمان دیار بکەن کە ڕۆژانە (٢) هەزار لیترمان بۆ دابنێن، ئێمە دەتوانین بە پێی بەرنامەیەک دابەشی بکەین، بەڵام تا ئێستا بە نسبەت ئێمە هیچ نەبووە، ئەوەی دهۆک هی دهۆکە لەوانەی لە ڕۆژنامە خوێندوتانەوە پارێزگای دهۆک لەوێ شتێکی کردووە بەڕاستی شتێکی باشە بەڵام لەگەڵ ئەوە نییە کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ داوا کرابێ. دەربارەی ئەوەی کە کاک شێخ جەعفەر باسی کرد وا بزانم بەشێکی وەڵامم داوەتەوە، ئەوەی دەربارەی کێڵگەی پەلەوەر زانیاریەکانی ئێمە بەو شێوەیە، دەربارەی تەسریع لە بۆ ئینجاز کردن زەحتمان بەردەوامە لە هەموو ئاستێکدا ئێمە لەگەڵ(FAO) و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ هەموو ئەو وفودانەی کە دێن پێم وایە هەموومان زەخت دەکەین و بە پەلەینە بەڵام ڕۆتینی(UN)ە کە لە ساڵی(٢٠٠٠)ە ئەو هەموو مەشاکیلەی کە هەیە هەندێ شت طەبیعییە کە ئەو ڕۆتینە دەست وپێمان ببەستێ، من جارێکی تر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو موداخەلە باشانە وە زۆر سوودم لێ وەرگرت زۆر تێبینیم نووسیە بە تەئکید داخیلی بەرنامەی خۆمانی دەکەین ئەگەر شتێکمان نەبووبێ، جارێکی تر زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و هەمووتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەو وەڵام دانەوەو ڕوونکردنەوەی سیاسەتی وەزارەت و بەرنامەو کاروبارەکانیان، لە ڕاستیدا زۆر ڕووناکی خستە سەر کاروباری وەزارەت، من تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە سێ خاڵم هەیە ،یەکەمیان ئەمەی شێخ یەحیایە زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کاک شێخ جەعفەر، دووەم لە ڕاستیدا کێشەی ئاو جەنابی وەزیری کشتوکاڵ باسی ئاوی کرد باسی ئەو لایەنەی کرد کە پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، کێشەی ئاو پەیوەندی بە سێ وەزارەتەوە هەیە، ئەوانیش کشتوکاڵ و شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە، وە هەرسێ وەزارەتەکان لەم بوارەدا خەریکن و ئیشی زۆری تیا ئەکەن لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ صورەتێکی ڕوونمان هەبێ لەسەر هەموو ئیش و کاری ئاو چۆن ئەکرێ، بە چ شێوەیەک ئەکرێ؟ ئەو کاتە پێویستە سەیری ئیش و کاری هەرسێ وەزارەت بکەین لەم بارەیەوە. بۆ بابەتی پاراستنی بەروبوومی خۆماڵی پارێزگاری لە بەرووبومی جووتیاری خۆمان ئەوە چاکە ئەگەر بزانین تەنیا پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە نییە، ئەویش کێشەیەکە بە پلەی یەکەم لە بارودۆخی ئەمڕۆمانە زۆر پەیوەندی بە بڕیاری(٩٨٦)ە وە هەیە بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە، سیاسەتی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟ هەروەها(مذکرە التفاهم) لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق بووەتە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق بتوانێ تەئسیر لە بابەتەکە بکا بە شێوەیەکی سەلبی نەک ئیجابی زائیدەن وەزعی دارایی و ئابووری خۆمان لە کودرستان، ئێمە ئەمانەوێ هەندێ مەواردمان زیاد بێ لە لایەکەوە لە لایەکی تر ئەمانەوێ هەندێ ئیجرائات بکەین

کاروبارمان بەرەو پێش ببەین، ئینجا لێرە لە راستیدا پێویستە وەزارەت هاوکاری بکەن لەگەڵ وەزارەتی ئێمە ئەوەی بە پێی ئیمکان و لە توانای خۆیاندا هەیە هەوڵ بدەن تەوازون دروست بکەن. من لەو باوەڕەدام کە کابینەی چوارەم بە تەئکید خەریکی ئەوەیە وە وەزاراتیان هاوکاری دەکەن لەم بارەیەوە، دووبارە زۆر سوپاسی وەزیری کشتوکاڵ دەکەم بەڕاستی دانیشتنێکی بە بەرهەم بوو وە هیوادارم هەموو لایەک کەڵکی لێوەرگرتبێ وە پێم خۆشە و چاکیشە ئەگەر وا بێ پاش تەواو بوونی ئەم دانیشتنە ئەوەی کە لەسەر شانی لیژنەکانە بە شێوەیەکی راست و دروست و زانستیانە خۆیان ئامادە بکەن، چونکە ئەم جۆرە دانیشتنانە لەمەو دوا ئەکەوێتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە وە بەردەوام دەبێت لەبەر ئەوە پێویستە هەر لە ئەمڕۆوە دەست بە کاربن وە زیاتر خۆتان ئامادە بکەن، لە راستیدا لیژنەی کشتوکاڵ خۆی باش ئامادە کردبوو سوپاسی ئەوانیش دەکەم، بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێ، بۆ دانیشتنی داهاتوو لە ئاییندەدا ئاگادارتان ئەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە «١٢»**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٤

خولی یەکەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ((١٢))

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی ڕێزدار فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوازدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دوازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی سەردانی وەفدی ئەنجوومەن بەسەرۆکایەتی (د.ڕۆژ نوری شاوەیس) سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ دەرەوەی هەرێم لە (٢٩/٥ تا ٣/٦/٢٠٠٠).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکە دەکەینەوە بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەمان یەک خاڵە ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی سەردانی وەفدی ئەنجوومەن بەسەرۆکایەتی (د.ڕۆژ نوری شاوەیس) سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ دەرەوەی هەرێم لە (٢٩/٥ تا ٣/٦/٢٠٠٠).

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بکەین جێی خۆیەتی کە دەقیقەیەک ڕابوەستین بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو کانەبی ئاغا دزەیی کە بەداخەوە کۆچی دوایی کردو ئێمە لێرە نەبووین و، جێگای بە خاڵی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بەجێهێشتووە.

تکایە دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی.

زۆر سوپاس، فەرموون.

بەڕێزان لە هەمان کاتدا ئیمڕۆ بیرەوەری دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم هەڵقوڵا و دەسپێکی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە بوو لەڕووی ئیدارییەوە و ئیدارە کردنی کوردستان بە دەستی خۆمان. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم لە گەلی کوردستان دەکەم بە تایبەتی لە کابینەی چوارو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان و تەمەننای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم لە خزمەتی کورد و کوردستان و، بەناوی ئێوەشەوە ئەگەر ڕێگام بدەن ئەم پیرۆزباییەیان ئاراستە دەکەم.

بەڕێزان وەکو دەزانن ئەم دانیشتنە نا ئاساییە تەنیا بۆ باسکردنی سەفەری دەرەوەیە، ئەم جموجۆڵ و چالاکییانەی لە ماوەی مانگی رابردوو لە دەرەوە کراوە، پێش ئەوەی دەستی پێ بکەم لە راستیدا روونکردنەوەیەک هەیە حەزدەکەم ئاماژەی بۆ بکەم کە ئەم سەفەرە سەفەری وەفدی پەرلەمان نەبووە، بەڵکو سەفەری سەرۆکی پەرلەمان بووە و داوەتەکەش لە پەرلەمانی باسک و کەتەلۆنیاوە راستەوخۆ بۆ سەرۆکی پەرلەمان هاتووە، داوەتەکە راستەوخۆ بۆ من هاتووە، من کە چوومەتە دەرەوە دوو بەڕێزم بردووە لەگەڵ خۆما یەکێکیان ئەندامی پەرلەمانە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانەو، ئەوی تریشیان بەڕێوەبەری گشتی پەرلەمانی کوردستانە، ئەوانە بۆئەوەی هاوکارم بن لەسەفەرەکە لە دەزگاکانی راگەیاندندا هەتا لە نووسینی ئەمرۆشدا بە وەفدی ئەنجوومەن لە قەلەم دراوە، ئەگەر وەفدی ئەنجوومەن بێت دەبێت ئەنجوومەن خۆی بڕیاری لەسەر بدات و دەبێت دەستنیشانی ئەوانە بکات کە بەسەفەر دەچن و بەچاکیشی دەزانم لە ئێستاوە روونی بکەمەوە هەر وەفدێک وەفدی پەرلەمان بێت پێویستە نوێنەری هەموو کوتلەکانی پەرلەمانی تێدا بێت چەند کوتلەی تێدا بێت دەبێت ئەندام بن لەم وەفدەدا کە بەناوی پەرلەمانەوە قسە دەکات ئەگینا ئەوە وەفدی پەرلەمان نییە.

ئەم روونکردنەوەیەم بۆ ئەوە کرد چونکە ئیلتیباسێکی زۆر لەم رووەوە هەبوو برادەرانی کە لەگەڵماندابوون ئەوانەی کە بەیاوەری هاتبوون لەوانەیە ئاگاداربوون کە هەموو جارێک لە راگەیاندنەوە باس دەکرا نارەزاییمان دەردەبڕی مولاحەزاتیشمان ئەکرد و ئاگاداریشمان دەکردنەوە بەڵام لە ئەنجامدا دیسان پاش دوو رۆژ دەگۆڕایەوە بۆ وەفدی پەرلەمان، هەرچەندە ئەوە نییە ئێمە شانازی پێوە نەکەین کە وەفدی پەرلەمانین بەپێچەوانەوە شانازی پێوە دەکەین، بەڵام لە رووی ئسوڵیەوە وەفدی پەرلەمان دەبێت، پەرلەمان خۆی بڕیاری لەسەر بدات.

وەکو ئەوەی باسم کرد سەفەرەکە لەسەر داوەتی سەرۆکی پەرلەمانی باسک بوو بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و، لەکاتێکی زووتردا سەفەرەکەم قەبوڵ کردبوو، پاش ئەوەی بڕیاردرا سەفەر بکەم بۆ باسک و هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا کە دوو هەرێمی فیدرالین وەکو ئێمە بۆ چاوپێکەوتن بە تەجروبەی ئەوان و ناسینیان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان بەچاک زانرا ئەو هەلە بقۆزرێتەوە کە پەیوەندی تر بکەین، ئەو هەلەی بۆمان رەخسا لەو ماوەی کە هەمان بوو بەکاری بێنین بۆئەوەی بتوانین پەیوندییەکانمان بەهێز بکەین و دۆزی کورد بەخەڵک بگەێنین و ئەو گرفتانەی ئەمرۆ هەمانە و رێگای چارەسەریان بخەینەروو و، داوای پشتگیری و هاوکاری بکەین لەو رووەوە. لێرەدا سەردێکی سەفەرەکەتان بۆ دەکەین بۆ زانیاری ئیزافەتەن لەسەر ئەوەی پێشەکی سەفەرەکە لەسەر ئەساسی داوەتی پەرلەمانی باسک و کەتەلۆنیا بوو. داوەتێکی تایبەتیش هەبوو بۆ کۆنفراسێکی گەورە لەسەر قەزیەی کوردی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کەلەم کۆنفراسە بەشدار بن و سەرکردایەتی پارتی بەچاکی زانی بۆئەوەی ئەرکەکە یەک ئەرک بێت و دوو ئەرک نەبێت چونکە من بەرێگاوە بووم، من بەشداری ئەو کۆنفراسە بکەم. ئەم کۆنفراسە

لەسـەر قـەزیەی کـوردی بوو و لە پاریس بوو و هەر کـە زانرا من دەچمـە ئەوێ و سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیم، هەر بەوناوەوە داخلی پرۆتۆکـۆلەکـان کـرا کـە سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق بەشداری لەم کۆنفراسە کردووە و دیراسەیەک پێشکەش دەکات و خرایە ناو بەرنامەی کارو بە چاپکراوی بڵاوکرایەوە بەسەر هەموو لایەکا.

رۆژی (٥/٣٠) سەفەرکرا بۆ پاریس.

/٥/٣١

ئامادەبوون لە کۆنفرانسی تایبەت لەسەر مەسەلەی کورد لە باڵەخانەی ئەنجومەنی نیشـتـمانیی فەرەنسی لە هۆڵی «ڤیکتۆر هۆگۆ»، لەوێ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دیراسەیەکی دەربارەی (کورد لە دەسـتووری عێراقیدا) پێشکەش کرد، شایانی باسە کۆنفرانسەکە لەم بابەتانە پێک دەهات:

یەکەم: کورد لە دەساتیری وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیادا.

دووەم: باری ناوخۆ (ئازادی بیرورا و باری زمان و رۆشنبیری).

سێیەم: رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان. بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا لە کوردستان

چوارەم: چارەسەری کێشەی کورد (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، سەربەخۆیی).

هەروەها بڕیارو پێشنیاری کۆنفراسەکە کۆکرانەوەو خرانەروو لە پوختەو پێشنیارەکان دیراسەکەی کە ئێـمـە پێشکەشمـان کرد بریتی بوو لە قەزیەی کوردی لە دەسـتوری عێـراقیـدا کـە سەردێکی تاریخی بوو لە دامـەزراندنی حکومـەتی عێـراقیەوە و پێش دامەزراندنی حکومـەتی عێـراقیش چ وەعدو بەڵێنیـان بە کورد داوەو، هەروەها رێکەوتنامـەکانی نێو دەوڵەتی و چۆن ناوی کورد هاتووە لە سـیـڤـەرەوە دەست پێکرا تا لۆزان، هەروەها پاش دامـەزراندنی حکومـەتی عـێـراقـیـش لە (١٩٢٥) کە چۆن هەمـوو وەعدێک بە کورد درابوو مافی قەومیی لە کوردستانی عێراق پارێزراو بێت و رەچاو بکرێت لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ولایەتی مـوسڵ لکێنرا بە حکومـەتی عێـراقی لە ساڵی (١٩٢٥) نزیکەی (٨/٥) دانیشـتوانی کورد بوون، ئەوانی تریش تورکمـان و ئاشوری و عـەرەب بوون کـە ئەمـە لە راپۆرتی (عـصـبـە الامم) هاتووە کـە هەمـوو مـافـێکیـان پێ بدرێت، تەنانەت مـافی دروست کردنی دەوڵەتی خۆیشـیـان، بەڵام لە دروست کردنی دەوڵەتی عـێـراقـیـدا رەچاوی ئەوە نەکرا ولایەتی موسڵ هەمـووی لکێنرا بە عێراقەوە، لەهەمـان کاتیشدا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە کورد مافی هەبێ لە کوردستانی عێراقدا فەرمانبەران کورد بن و بە زمانی خۆیان بخوێنن و هەروەها مافی ئیداری و رۆشنبیریان هەبێت.

لە راسـتیـدا لە دەسـتـوورەکـانی عـێراقـدا تا سـاڵی (١٩٥٨) ئاماژەیەکی روون نەبوو دەربارەی مـافـەکانی مـیللەتی کورد، بەڵام لە (١٩٥٨) لە مـاددەی (٣)ی دەسـتووری کاتیـدا هاتبـوو کە کوردو عەرەب لەم وڵاتەدا هاوبەشن، لە هەمان کاتیشدا لەهەمان دەستووریشدا هاتبوو کە عێراق بەشـێکە لە نەتەوەی عـەرەب. واتا دوو شـتی هاودژ بوون. باسی هەمـوو تەتەوراتی دەسـتـوری

عێراقی کرا تاکو ڕێککەوتنامەی ئازار و تاکو گۆڕانکاری دەستوری عێراقی و شێوەی حوکمی زاتی کە هاتووە کە لە ڕاستیدا شێوەیەکی کارتۆنی بووە و ئەمە ئەو حوکمی زاتییە نەبووە کە میللەتی کورد ویستوویەتی و لە ئەنجامدا ئەمڕۆ مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی یاساییەوە لە دەستوری عێراقیدا چارەسەر نەکراوە و، هەروەها باسی باروودۆخی کوردستان کرا، باروودۆخی ڕاپەڕین دوای شەڕی کەنداوی دووەم چۆن بە ئازادی لە کوردستان هەڵبژاردن کرا و پەرلەمانی کوردستان چۆن دامەزرا و، پەرلەمانی کوردستان بەگشتی دەنگ لە مانگی (١٠/١٩٩٢) بڕیاری فیدرالیەتی دەرهێنا کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا لەڕێگای نیزامێکی دیموکراتی فیدرالییەوە دەکرێت کە کوردستان بەشێک بێت لەو فیدرالیەتە.

کورتەی باسەکەشمان جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە چارەسەری کێشەی کورد بۆئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بێت لە عێراق و کوردستانی عێراقدا کە ئێمە پەیوەندارین پێوەی ئەوەیە کە ئەوەی حوکم دەکات دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە میللەتی کورد مافی خۆیەتی مافی خۆی هەبێت و گەلی کوردستان بەشێوەی فیدرالی لە عێراقدا بژێت، باوەڕی بە فیدرالیەت هەبێت.

دووەم: دەبێت هەموو ناوچەکانی کوردستان ڕەچاو بکرێت کە ئەوناوچانە بەپێی تەئریخ و بەپێی جوغرافی کوردستانن و بەهیچ هەنجەتێک جا هەر هەنجەتێک بێت ئایا هەنجەتی ستراتیجی بێت یان ئابووری بێت یان سیاسی بێت شاری گەورەی وەکو کەرکووک و خانەقین و سنجار لە هەرێمی کوردستان دانەبڕدرێت.

خاڵی سێیەمیش کە بە گرنگی دەزانین بۆئەوەی لە حاڵەتێکدا کە ڕێککەوتن هەبێت و بەردەوام بێت دەبێت میللەتی کورد باوەڕی پێ هەبێت بەپێی تەجروبەری دوورودرێژی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەو خەباتە دوورو درێژەی کە کردوویەتی تا ئێستا ئەوە ڕەچاو کراوە هەر کاتێک ڕێککەوتن کرا بێت لەگەڵ هەر حکومەتێکی مەرکەزی یان ئەو حکومەتە هەر وەختێک پێی زانیبێت کە بەهێزەو بە توانایە پاشگەزبۆتەوە لەو ڕێککەوتنە یان تێکیداوە بۆیە پێویست دەکات بۆئەوەی میللەتی کورد باوەڕ بەو ڕێککەوتنە بکات و ئەو ڕێککەوتنە بەردەوام بێت و کەس نەتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە پێویست بە گرێنتیەکی نێودەوڵەتی دەکات ئینجا ئەوە دەوڵەتێکی گەورە بێت یاخود نەتەوەیەکگرتووەکان بێت ئەمە سێ خاڵی پێویستن بۆئەوەی هەر چارەسەرێکی واقیعی پێویست بۆ مەسەلەی کورد هەبێت بەردەوام بێت و بەرقەرار بێت چارەسەرییەکی بنەڕەتی و ڕاست و دروست بێت بەتایبەتی ئەگەر فیدرالیەت بێت ئەوە لەسەر ئەساسێکی دیموکراتی و شەرعییە، کە میللەتی کورد بە ڕەزامەندی خۆی لە ڕێگای نوێنەرانییەوە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا لە کوردستان کراوە داوای دەکات.

ئەمە کورتەی ئەو دیراسەتە بوو کە لەو کۆنفراسە گرنگە پێشکەش کرا، ئەوەی شایانی باسە ئەوانەی کە ئامادەکاری ئەو کۆنفراسەیان کردبوو ئەم بەڕێزانەن:

١ـ هنری ئامانوئێلی/ کە نوێنەری سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیست بوو، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرنسی بوو.

٢ـ جاک لانگ/وەزیری پەروەردە لە حکومەتی فەرەنسی.
٣ـ دانییێل میتران/ ناسراوو دۆستی کورد سەرۆکی رێکخراوی (فرانس لیبرتی).
٤ـ کریستیان مارتین/جێگری سەرۆکی یەکێتی دیموکراتی فەرەنسی.

لە ئەنجامی کۆنفراسەکە ئاماژەیەکی ئاشکرایان کرد بە پەرلەمانی کوردستانی عێراق و چارەسەری قەزیەی کوردی لە رێگای ئەو دیراسەتەوە کە پێشکەش کراوە وەکو شێوەیەکی عەمەلی و واقیعی لە چوارچێوەی چارەسەرێکی دیموکراتیدا بۆ قەزیەی کوردستان و کوردی عێراق. هەروەها بریاریان دا بە دروست کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی فەرەنسی بۆ بەدواداچوونی کێشەی کورد بە گشتی و پشتگیری کردنی، ئەمە دوو دەستکەوتی گەورە بوو لە حەقیقەتدا بۆ ئەو کۆنفراسە.

هەروەها لە هەمان سەفەردا لە (٦/١)

چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەکانی (الزمان) و(الشرق الاوسط) و، (فیگارۆ)ی فەرەنسی لە پاریس و هیومانێتێ.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (جۆناثان راندل) رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی.

دیدارێک لەگەڵ نووسەر (کریس کوتشێرە).

٢٠٠٠/٦/٢ سەعات (٩٫٥)

کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لێپرسراوی دائیرەی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بەرێز (لودڤیل کۆیەل)، لەم دانیشتنەدا باسی ئەو بارودۆخەی کوردستانی لەگەڵدا کرا هەروەها رای حکومەتی فەرەنسی دەربارەی وەزعی کوردستان و ئەو داواکاریيانەی کە پێشکەش کراوە بە ئاشکرایی خرایە روو. کورتەی بابەتەکە ئەوەیە حکومەتی فرەنسی بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە مافەکانی میللەتی کورد دەکات و بەرگری لێ دەکات و بەچاوێکی تایبەتی سەیری میللەتی کورد و ئەزموونە دیموکراتییەکەی لە کوردستانی عێراقدا دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان بۆ دوپات کردینەوە کە ئەوان وەکو حکومەتی فرەنسی دان بەوە دادەنێن کە مافی کوردستانی عێراقە کە بەشی (١٣٪)ی فرۆشراوی نەوتی عێراقی پارێزراو بێت، تا ئێستا بەشێوەیەکی نا دروست بڵاو کراوەتەوە گوایە فرەنسا لەگەڵ ئەوەدا نییە، لە هەمان کاتیشدا رای خۆیان بەرامبەر بە گەمارۆکەش بە ئاشکرا دەرخست و لەگەڵ ئەوەدان کە هەموو بریارەکانی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێت و یارمەتی میللەتی عێراقیش بدرێت بە هەمان شێوە لە هەمان کاتدا. من تەفاسیلەکەتان پێ نادەم، بەڵام بە کورتی بۆتانی دەخەمەروو، لە دوایيدا کورتەیەکتان دەدەمێ لەسەر هەموو سەفەرەکە ئەو کاتەش هەر پرسیارێک هەبوو بەرێزان دەتوانن پرسیار بکەن دەربارەی هەر بابەتێک.

رۆژی (٦/٢) هەر هەمان کات گەرامەوە ئەنقرە.

رۆژی (٦/٣) حەرەکەمان کرد بۆ ئیسپانیا.

رۆژی ٦/٤ لە مەدریدەوە گەیشتینە بلباولە هەرێمی باسک و لەوێ لە فرۆکەخانە لەلایەن

لێپرسراوانی تەشریفاتی پەرلەمان و دەزگاکانی ئەمنییەوە پێشوازیان لێ کراو لەگەڵماندا هاتن تا ئێمەیان گەیاندە جێ و ڕێی حەوانەوەمان.

٦/٥

سەعات یازدە و نیو لە پەرلەمانی باسک، هەر لە تەلاری پەرلەماندا، سەرۆکی پەرلەمانی باسک و جێگرەکانی بە ڕەسمی پێشوازییان لێ کردین.

لەو پێشوازییە ڕەسمییەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ئاژانسەکانی دەنگ و باس و ڕۆژنامە و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنیش ئامادەبوون.

دوای وتەیەکی کورتی گەرمی بەخێرهاتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی باسک و وتەیەکی کورتی سوپاسگوزاریش لەلایەن ئێمەوە، ئەوجا هەردوولامان لە هۆڵی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیمان سازدا، دوای ئەوەش کۆبوونەوەیەکمان سازدا، نزیکەی سەعاتێکی خایاند و هەردوولامان کەوتینە ڕاگۆڕینەوەو، لەسەر پێکهاتەی هەردوو پەرلەمان و بارودۆخ و مێژووی هاوچەرخی هەردوو پەرلەمانەکەو بارودۆخ و هەلومەرجی باری گشتیی هەردوو هەرێمەکەو ئاسۆی دوارۆژیان کەوتینە گفتوکۆ، ئینجا لە کۆتاییدا، خۆم تۆماری ڕەسمی پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمانی باسکم ئیمزاکرد، لەو میوانداری و چاوپێکەوتنەدا، لەلایەن باسکەوە، بەڕێز: (خوان ماریا ئاتۆچا مینديولای) سەرۆکی پەرلەمانی باسک و هەردوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمان ئامادەبوون لەلایەن ئێمەشەوە بەڕێزان کاک ئەحمەد سالارو خەسرۆ گۆران لەگەڵ نوێنەری پارتی لە ئیسپانیا بەڕێز (سەلیم گرافی) ئامادەبوون.

هەر هەمان ڕۆژ، سەعات دوازدە و نیویش لەتەک سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی پەرلەمانی باسک بەڕێز (جوان ماریا) و ئەندامی لیژنەکەدا بەڕێز (خاتوو کارمین ئاسایا) بەناو پەرلەمانی باسکدا گەڕانێکمان کرد.

سەعات (٢) لە شاری (ڤیتوریا) لە زیافەتێکی نان خواردندا کە بۆ حورمەت و ڕێزلێنانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕازابووەوە، لەوێ نانمان خوارد، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان (کارمیلو باریو) لە حزبی (P.P) و ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمان.

سەعات چوار، هەمان ڕۆژ، سەرمان دا لە (وەزارەتی دەرەوە)ی باسک و چاومان بە وەزیری دەرەوەی باسک، بەڕێز (ئاریز مێندی) کەوت و لە تەکیدا بۆ ماوەی یەک سەعات کۆبووینەوە، لەو ماوەیەدا باسی بارودۆخ و ئیحتیاجاتی کوردستانمان کردو، داواشمان کرد کە سەر لە کوردستان بدەن، داوەتەکەشیان بە خۆشحاڵییەوە وەرگرت.

سەعات پێنجو نیوی هەمان ڕۆژ لە تەک سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکان بەڕێز (جوان ماریا)دا، سەردانی کارگەیەکی پیشەسازیمان کرد لە ناوچەی «ریوخا»ی باسک.

سەعات هەشتیش نانی ئێوارە (نانی سەرکار)مان لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکان و

ئەندامانی لیژنەکەدا خواردو، زیاتر باسی وەزعی سیاسی دونیاو بارودۆخی کوردستانمان کرد.
٢٠٠٠/٦/٦

سەعات دەو نیوی بەیانی تەبیعی ئەو شوێنەی لێی بووین سەعاتێک زیاتر دوور بوو لە شاری (ڤیتۆریا) بە ئوتۆمبێل، لەبەرئەوە مەوعدەکانیان سەعات (١٠ یان ٥ر١٠) بۆ دادەنایین بۆئەوەی فریا بکەوین، بەڵام شەو تا درەنگ لەگەڵماندا ئەمانەوە. سەعات (٥ر١٠) سەرمان دایەوە لە پەرلەمانی باسک و لەگەڵ لیژنەی پێوەندییەکاندا، لە دانیشتنێکی دوورو درێژدا کە نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو، سەرۆکی لیژنەکەو هەموو ئەندامانی لیژنەکەش کە سەر بە حزبە جۆربەجۆرەکانن ئامادەبوون، لە دانیشتنەکەدا باس لەم بابەتانەی خوارەوە کرا:

* مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق و ئەو فیداکاری و قوربانیدانەش کە کورد لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا بەخەرجی داوە.
* ئەزموونی دیموکراتییەتی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)ـەوە تا ئەمڕۆ.
* وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کە لەلایەن ئەندامانی لیژنەکە کران دەربارەی کوردستان و بارودۆخی و چیان پێ باش بوو پرسیاریان کرد.

لە بینایەی پەرلەماندا، سەعات دوازدە و چل دەقیقە چاومان بە وەزیری تەندروستیی هەرێمی باسک، بەڕێز «فرانسیسکۆ ڤیلاو» کەوت و بۆ ماوەی نزیکەی سەعاتێ لە تەکیدا دانیشتنین، باس لە مانەی خوارەوە کرا:

* بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق.
* پێداویستییە تەندروستییەکانمان.
* بڕیاری (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی. ئەوان لەرووی خزمەتگوزارییەوە ئامادەن هاوکاری تەواو لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکەن و خۆیان داوەتێکیان ناردووە بۆ حکومەتی هەرێم کە سەردانی ئەوێ بکات و پرۆتۆکلاتیش ئامادەکراوە چۆن هاوکاری بکەن و لەسەر چ ئەساسێک هاوکاری بکەن، تەنیا ئەوە ماوەتەوە وەزیرێکی مخول یان هەر کەسێکی مخول بچێت ئیمزای بکات لەگەڵیاندا، بۆئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی باسکدا هاوکارییەکی رەسمی هەبێت لەگەڵ کابینەی چوارەم.

سەعات دوو، هەمان رۆژ ٦/٦ نزیکەی ٢ـ٣ سەعات نانی کارمان (ئەوان ناوی دەنێن نان خواردنی کار) خوارد، لەسەر شەرەفی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی و ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمان، نان خواردنەکە لە هەمان کاتدا کرا بە کۆبوونەوەیەکی گفتوگۆ و، بە هەڵمان زانی و، بە دوور و درێژی و ڕوون و ئاشکرا هەموو لایەنێکی مەسەلەی کوردستانی عێراقمان بۆ باس کردن. تەسەور دەکەم یەکێک لە دانیشتنە هەرە سەرکەوتووەکانمان ئەو دانیشتنە بووبێت، چونکە لەو دانیشتنەدا بۆچوونیشیان و هەڵوێستیشان بەرامبەرمان بەتەواوەتی گۆڕا، هەروەها بایەخدان بەسەفەرەکەش گۆڕا، بایەخدان لە مەرکەزەوەش پەیدا بوو، ئەو دانیشتنە بووە هۆی ئەوەی دەرگای

پەیوەندیمان لەگەڵ مەرکەزدا بۆ بکاتەوە و دانیشتنی سەرکەوتووانە لە مەدریدی پایتەخدا بکەین.
سەعات چواری پاش نیوەڕۆ لە تەک جێگری سەرۆکی پەرلەمانی باسک بەڕێز «کارمێلو باریۆ»دا سەرمان لە دەزگایەکی تەکنەلۆجی دا، کە کۆمەڵگایەکی گەورەی تەکنەلۆجییە، هەموو مەسەلەیەکی تەکنەلۆجی و پیشەسازی تێدایە هەموو مەسائیلی کۆمپیوتەری تێدایە، ئەوان پێی دەڵێن پارکی تەکنەلۆجی، لەلایەکەوە وەکو پیشانگایەکی گەورەیە، لەلایەکی تر کار دەکەن وەکو دەزگایەکی گەورە وەکو گرێبەستی (عقود) دەکەن. ئیمە کە دەڵێین باسک وا تەسەور دەکەین وڵاتێک بێت وەکو وڵاتی خۆمان، چونکە مافیان نییەو خەبات دەکەن بۆ مافی دیموکراتی قەومی خۆیان، لەوانەیە بروامان وا بێت بارودۆخیان وەکو ئێمە بێت، بەڵام ئەو هەرێمە یەکێکە لە هەرێمە هەرە پێشکەوتووەکانی ئیسپانیا لەرووی زانستی و تەکنیکیەوە، بۆئێمەش ئەمە موفاجەئە بوو. لەوێشدا باسی ئیمکانیەتی بەکارهێنانی سەتەلایتی دژیتەل کرا سەبارەت بە سەتەلایتی تەلەفزیۆنی کوردستانەوە ئەوان ئامادەن هاوکاریمان بکەن ئەوەش ماوەتەوە بۆ سەردانی حکومەتی هەرێم بۆئەوێ.
سەعات شەشی ئیوارە، سەرمان لە سەرۆکایەتی گەورەترین زانکۆی هەرێمی باسک داو، باسی پێداویستییەکانی زانکۆکانی کوردستان و پەیوەندی دوو قۆڵی کرا لەگەڵیان، ئەوان زانکۆیەکی زۆر گەورەیان هەیە، ئەو زانکۆیەش لقی هەیە لە هەموو شارەکان تەقریبەن بەرامبەر پێنج شەش زانکۆ دەبێت و زانکۆیەکی ناسراوە هەموو ئامادەییەکیان پیشان دا بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ زانکۆکانی ئێمە، هەروەها لەگەڵ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا چ بۆ خوێندنی باڵا چ بۆ زەمالات چ بۆ مەسائیلی کتێب و چاپەمەنی و هاوکاری لە کۆنفراسەکاندا و ئێمە داوەتمان کردوون و ئەوانیش داوەتێکی زانکۆکانی ئیرەیان کرد، بەچاکیشی دەزانین ئەگەر وەفدی حکومەتی هەرێم چوو بۆ ئەوێ نوێنەری زانکۆ یان سەرۆکێکی زانکۆ یان ئەندامێکی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆئەوەی لەوێ رێککەوتنی تەواو بکەن لەگەڵ زانکۆی باسکدا.
سەعات حەوت و نیوی هەمان رۆژ لە تەک جێگری سەرۆکی پەرلەمانی باسکدا بەڕێز «کارمێلو باریۆ»، سەرمان لە مۆزەخانەی «گوگین هایم»دا کە مۆزەخانەیەکی هونەرمەندییە لە شاری «بلباو».
لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنەی پێوەندییەکاندا شێومان خوارد.
بەرنامەی ئەم رۆژەمان سەعات نۆو نیو کۆتایی پێ هات.
٢٠٠٠/٦/٧
سەعات ٥ر٩ بارەگای گشتیی پارتی (PLV)کە پارتی نیشتمانیی باسکە و لەو وڵاتەدا حوکم بەدەستە، لە تەک سەرۆکایەتیی پارتەکەدا کۆبوونەوەیەکمان بەست کە تیایدا سەرۆکی مەلەفی کوردی لە نێو پارتیەکەیاندا «خوسیە اتیخاباریا» و دوو ئەندامی قیادی تریان بەشدارییان کرد کە یەکێکیان لە هەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمانی مەرکەزی ئیسپانیایە کە ناوی «یوسیبا توبیبا

ئاتخیراندید»یە. هەروەها لە هەمان کۆبوونەوەدا سەرۆکی حزبەکەشیان ئامادە بوو، باسی هاوکاری هەردوو حزب کرا، هەروەها باسی هاوکاری لەگەڵ گەلی کوردستان بە گشتی کراو، هەروەها ئەو شتە هاوبەشانەی کە لە خەباتی هەردوو میللەتدا هەیە باسکرا.

سەعات دەو چل و پێنج دەقیقە لەگەڵ سەرۆکایەتی لقی پارتی لاڕاستی گەلی ئیسپانیدا(P.P) لە باسک کۆبووینەوە، ئەم پارتە ئێستا پارتی حوکم بەدەستی ئیسپانیایە و جێگری سەرۆک پەرلەمانی باسک «کارمێلو باریۆ» لەم حزبەیە.

سەعات یازدە و نیو لەگەڵ سەرۆکایەتی باڵی سیاسی (ETA)دا کە بە (EH)ناسراوە، کۆبووینەوە.

(EH) ماناکەی بە کوردی (حزبی وولاتی باسکان)ـە.

سەعات دوازدە لە تەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکاندا چووین بۆ شاری مێژوویی «گارنیکاو» و لە شوێنێکی کەلەپووری کە لە راستیدا بارەگای یەکەم پەرلەمانی باسکە لە سەدەکانی چواردە و پازدە لە ژێر دارێکی گەورە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی خۆیان دەکرد و ئەو دارە بووە بە رەمزی پەرلەمانی باسک ئێستا نووسراوەکانی پەرلەمانی باسک وێنەی ئەو دارەی لەسەرە (گارنیکا) هەر خۆشی شارێکی بەناوبانگە لە (١٩٣٦) بە فڕۆکەکانی نازییەکان لێیدرا هەروەها تابلۆی (گارنیکا)ی بیکاسۆ تابلۆیەکی جیهانی بەناوبانگە.

سەعات یەک و نیو سەرمان دا لە لقی باسکی - پارتی ئیشتیراکیی ئیسپانی(PSE) .

سەعات پێنج و چارەک سەرمان دا لە لقی باسکی - هاوپەیمانێتی چەپڕەوی ئیسپانی (UF).

سەعات حەوت و پازدە دەقیقە نانی دوا ئێوارەمان لە چێشتخانەی تەلاری کۆنگرەکان لەگەڵ بریکاری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکان بەیەکەوە خواردو، کۆبوونەوەمان کرد. سەعات نۆی شەو خواحافیزیمان کردو گەڕاینەوە بۆ مەدرید.

٢٠٠٠/٦/١٢

سەعات نۆو چل و پێنج دەقیقە لە پەرلەمانی ئیسپانیا، لە مەدرید، بۆ ماوەی پتر لە یەک سەعات لەگەڵ لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئیسپانیادا کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن یەکترمان بینی:

* ئێزابێل تۆشیتۆ/ سەرۆک، کە وەزیرێکی پێشوی حکومەتی ئیسپانیا بوو.
* گۆستافۆ ئاریسیتوی/موقەریری لیژنەی.
* رۆشا ناڤاروور/پارێزەری لیژنەکە.

سەعات یەکی هەمان رۆژچاومان بە بەڕێز «مانۆئیل ئالاڤارت فەرناندیز کاڤادا» کەوت کە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئاسیا و ئەفریقیایە لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا لە مەدرید.

سەعات شەشی ئێوارە بەرەو شاری «بەرشەلۆنە» رۆیشتین لە هەرێمی «کاتالانیا».

٢٠٠٠/٦/١٣

سەعات دوازدە و دە دەقیقە سەرمان دا لە پەرلەمانی کاتالۆنیا و چاومان بە سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز «جوان ڕێگۆلس»ی سەر بە حزبی (UDC)ی دەسەلاتدار و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز «ئاوجینی کلۆتاس» لە حزبی (PSC) و سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکان کەوت و لەگەڵیاندا دانیشتین و کۆبوونەوەمان کرد نزیکەی سەعات و نیوێکی خایاند. دوای ئەوە سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵمان هات بەناو پەرلەمانی کەتەلۆنیادا ئێمەی گێرا.
سەبارەت بە پەرلەمانی کەتەلۆنیا و، هەمان کاتیش دەعوەتیانمان کرد بۆ کوردستان و، دەعوەتەکەیان قەبوڵ کرد، سەعات دوازدەو چل دەقیقە هەمان ڕۆژ سەردانی پارتی (CDC)ی حوکم بەدەستمان کرد و سەرمان لە بەرپرسی شارەوانی بەڕێز «جوردی ڕۆدۆ» و سکرتێری ڕێکخستن بەڕێز «لویس کورومیناس» دا.
سەعات دەو چل و پێنج دەقیقەش سەرمان دا لە لقی کاتالۆنیای پارتی ئیشتیراکی ئیسپانیا و چاومان بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و ئەندامی لیژنەی پێوەندییەکانی پەرلەمانی کاتالۆنیا بەڕێز «ماریا کاربۆنی» کەوت. سەعات چوار و نیو گەڕاینەوە بۆ مەدرید.
٢٠٠٠/٦/١٥ دووبارە لە مەدرید سەعات ١٠ سەردان و دیتنێکمان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەنجام دا لەگەڵ گەورە ڕاوێژکارانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها بەڕێوەبەری گشتی مەکتەبی تایبەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.
ڕۆژی ٦/١٨ سەفەرمان کرد بۆ برۆکسل.
٦/١٩ لە پەرلەمانی ئەورووپی: سەعات ١١ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ گرووپی سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەورووپی بە ئامادەبوونی خاتوو «نیللی مایس» جێگری سەرۆکی گرووپەکە.
سەعات ١٢،٣٠ سەفەرمان کرد بۆ هۆڵندا.
سەعات ٣،٤٥ دیدارێک لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندی لە «دان هاک» کە تیایدا بەڕێز دکتۆر (میخناریندز) لێپرسراوی دائیرەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و (هنری هوبیرت درایزر) جێگری لێپرسراوی دائرەکە و هەروەها لێپرسراوانی عێراق و UN و هاوکاری مرۆڤایەتی و کاروباری پەنابەران ئامادەبوون.
سەعات «٧» سیمینارێک بۆ ئەندامانی پارتیمان لە بارەگای پارتی لە «دان هاک». پاش ئەوەی کە سیمینارەکە «٢» سەعاتی خایاند گەڕاینەوە بۆ برۆکسل.
بۆ ڕۆژی دووەم ٦/٢٠ سەعات یازدە سەرمان دا لە وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا و کۆبوونەوەیەکی یەک سەعاتی ساز درا لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەت و باسی بارودۆخی کوردستان و ڕێککەوتنی واشنتۆن و جموجوڵی پەکەکە و پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و ڕۆڵی (INC) و بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک و گەلێ شتی تری تێدا کرا، هەروەها دەعوەتێک ئاراستەیان کرا بۆ سەردانی کوردستان. لەوکۆبوونەوەیەدا لێپرسراوی یەکەمی ئاسیا و ئەفریقیا و لێپرسراوی یەکەمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و وەزیری دەرەوەی بەلجیکا ئامادە بوون.

سەعات ٤/٣٠ چووینە پەرلەمانی فیدرالی «سەنات» و چاومان بەم بەڕێزانە کەوت: جین ـ ماری هاپارت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و، «جۆرج دالامایین» ئەندامی پارتی دیموکراتی مەسیحی لە «سەنات». ئنجا گەڕانێکمان بەناو پەرلەمانی فیدراڵی دا کرد. لە بەلجیکا سەنات و پەرلەمانیان هەیە، ئەرکەکانیان جیاوازن، بەڵام لەیەک بینایەدان و کراوە بە دوو بەشەوە و یەک شێوەن.

سەعات ٢,٣٠ سەردانی کۆنگرێسمان کرد و چاومان بە جێگری سەرۆکی کۆنگرێس و بە ئەندامانی کۆنگرێس کەوت ، پاشان کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ پەرلەمانی بەلجیکادا کرد و، کۆبوونەوەیەکیشمان لە گەڵ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی فیدرالی کرد و چاومان بەم بەڕێزانەش کەوت:

* بەڕێز «خێرت ڤارسنیک» کە سەرۆکی لیژنەکەیە و (جاک لاڤر) جێگری سەرۆکی لیژنە و هەروەها سکرتێری لیژنەکە. ئنجا هۆڵی کۆبوونەوەکەیان پیشانمان دا و بە وردی باسی چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری پەرلەمانمان بۆیان کرد، سەعات ٦/٣٠ ئێوارە پێشوازیمان کرد لە میوانانی کورد و بەلجیکی لە بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە برۆکسل. باسی سەفەرەکەمان کرد و وتارێکمان پێشکەش کردن و ، باسی بارودۆخی کوردستانیشمان کرد، هەروەها بیروی کوردی بۆ ئەو ئێوارەیە چەند میوانێکی بەلجیکی و چەند ناودارێکی کوردی دەعوەت کرد.

ڕۆژی ٦/٢١ چەند چاوپێکەوتنێکمان کرد لە پەرلەمانی ئەورووپی لە برۆکسل، سەعات ١١,٤٠ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ گرووپی سۆسیالیستەکان «S»کرد کە بەڕێزان «هاریس سلۆبۆدا» جێگری سەرۆکی گرووپەکە و، «ئانی ڤان لانکەر» و، بەڕێز «روث دی سیزار مویللەر» و سکرتێری گشتی پەیوەندییەکان ئامادەبوون، لەم کۆبوونەوەیەدا باسی مێژووی کورد و پەرلەمانی کوردستان و شەڕی ناوخۆ و ڕێککەوتنی واشنتۆن و گەمارۆی ئابووری و بڕیاری (٩٨٦) و پەیوەندییە ئیقلیمییەکان کرا. سەعات ١٨,٣٥ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بارۆنێس «سارا لود فۆرد» وتەبێژی گرووپی لیبرالەکان لە پەرلەمانی ئەورووپی سازدرا. کە کەسایەتییەکی ناسراوە و لە بواری مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و، خۆی لە ڕەچەڵەکدا لۆردێکی بەریتانییە و، ئەندامێکی ناسراوی پەرلەمانی ئەورووپییە و دۆستێکی نزیکی کوردە، سەعات ٧,٣٥ کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ گرووپی سەوزەکان کرا لە پەرلەمانی ئەورووپی لەلایەن سەوزەکانەوە، بەڕێز (جین لامبیرت) سەرۆکایەتیانی دەکرد. کۆبوونەوەکە زیاد لە سەعاتێکی پێچوو، سەعات ٩ی هەمان شەو بەرێ کەوتین بۆ بەریتانیا.

ڕۆژی ٦/٢٢ لە لەندەن سەعات ٩,٣٠ چاومان کەوت بە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە بەریتانیا بەڕێز «جێرمی کۆربینگ» خۆی ئێمەی بەناو پەرلەمانی بەریتانیا دا گێڕا، هەروەها دانیشتنێکی پەرلەمانمان بینی کە گفتوگۆیان لەسەر سەفقەیەکی دارایی دەکرد، لە ڕاستیدا پەرلەمانی بەریتانی وەکو مۆزەخانەیەک وایە و، هەموو مێژوی بەریتانیا لەو مۆزەخانەیەدایە و،

لەگەڵ هیچ شتێکی تر بەراورد ناکرێت، سەعات ١٢.١٥ دیدارێک لەگەڵ بەڕێز «ڕۆن وایت» لە وەزارەتی هاوکاری نێودەوڵەتی سازدرا کە تیایدا باس لە کێشەکانی کوردستان کرا وەک کێشەی کارەبا و ئاوی خواردنەوەو ئاو و ئاوەڕۆکان وتۆڕی هاودەنگی «شبکە الاتصالات» و وشکە ساڵی و کڕینەوەی بەروبوومی جووتیارانی کوردستان و بڕیاری (٩٨٦)... هتد. سەعات ٣.٣٠سەردانی یەکێتی سەندیکاکانی بەریتانیمان لە بارەگای گشتییان کرد کە بەڕێزان «سیمۆن ستاین» لێپرسراوی پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی و «تۆم جێنکینس» سکرتێری کاروباری یەکێتی ئەوروپی تیایدا بەشدار بوون.

ڕۆژی ٦/٢٣ سەعات ٢.٣٠ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوی «وێست منستەر» لە پێناو دیموکراتیدا ساز درا، ئەمە ڕێکخراوێکە لەگەڵ کوردستاندا پەیوەندی هەیە و، کاتی خۆی چەند ئامێرێکی بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەکردووە، ئێمەش پەیوەندیمان لەگەڵیاندا پتەو ترکردو، جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە پەیوەندیمان بەردەوام بێت، سەعات ٤.٣٠ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حکومەتی شاری «لەندەن» سازدرا کە بەڕێزان (توبی هاریس) سەرۆکی گروپی لیبراڵەکان و بەڕێز مێگ هیلایر)ی تێدا ئامادەبوون.

ڕۆژی ٦/٢٦ سەعات یەک چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (کارولین اولانتس)سازدرا لە ڕۆژنامەی (NRC) هۆڵەندی. سەعات سێ چووینە وەزارەتی دەرەوە و کۆبوونەوەیەکمان سازدا لەگەڵ نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو کۆمنوێلث، کە بەڕێزان «ولیام پاتی» لێپرسراوی دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و «جان بالی» لێپرسراوی بەشی عێراق لە وەزارەت بەشدارییان تیا کرد. سەعات پێنج چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی «الزمان»ی لەندەنی ئەنجام درا.

ڕۆژی ٦/٢٧ سەعات ١٠.٣٠ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بزووتنەوەی فیدراڵی جیهانی (WFM) ئەنجام درا کە تیایدا بەڕێزان پرۆفیسۆر «جۆن ڕۆبێرتس» سەرۆکی بزووتنەوەکەو ئەندامانی تری بزووتنەوە و «تێد وێتلی» و «دانیێل» ئامادە بوون. سەعات ١٢.٣٠ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دۆستی کورد بەڕێز «لویس ئەیالا» سکرتێری گشتی ئیشتیراکییەی دوەلی ساز درا. کە چەند سەعاتێکی خایاند و، زۆر بە وردی باسی کێشەی کوردمان تێیدا کرد و، لە کۆتاییدا کە پرسیار کرا دەتوانم باسی ئەو گفتوگۆیەتان بۆ بکەم.

سەعات ٣٠، ٣ سەرمان دا لە لیژنەی فراژوکردن «التنمیە»ی نێو دەوڵەتی لە پەرلەمانی بەریتانیا و بەڕێزان «باون وێلس» و «ولیەم» بەشداری کۆبوونەوەکە بووون. سەعات پێنج چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز دکتۆر (ڤینسینت کێبل) لە گرووپی لیبراڵەکان لە پەرلەمانی بەریتانی سازدرا دەربارەی پارە حجر کراوەکانی عیراقییەکان لە بەنکەکانی بەریتانیا. سەعات ٦.٣٠ کۆکتێل پارتییەک بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و یاوەرەکانی لە شارەوانی «ئیزگیلتۆنی» لەندەن سازدرا.

ڕۆژی ٦/٢٨ سەعات ١٠.٤٥ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی بەریتانی ساز درا.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژچاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕادیۆی (BBC)ی بەشی عەرەبی ئەنجام درا کە تیایدا (حسن معوض) سەرۆکی کاروباری دەرەوەو (گامون ماکلان) سەرۆکی بەشی عەرەبی و (حسن ابو العلا) سەرۆکی پەیوندییەکانی نێو نەتەوەیی و (حامد علی الزیدی) ڕۆژنامەنووس لە بەشی عەرەبی ئامادەبوون. گرنگییەکی زۆریان بە بارودۆخی کوردستان دەدا و، دەیانەویت چالاکییەکانیان زیاتر کەن لە کوردستاندا و، نوێنەریشیان ڕەوانەی ئێرە بکەن، سەعات چواری پاش نیوەڕۆ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط»ی لەندەنی ساز درا. سەعات هەشتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ سیمینارێک بۆ ڕێکخستنەکانی پارتیمان لە بەریتانیا سازدرا کە زیاتر لە (١٠٠) سەد کەس ئامادەبوون.

ڕۆژی ٦/٢٩ بەیانی زوو بەرێ کەوتین بەرەو تورکیا ، ڕۆژی ٦/٣٠ گەیشتینەوە هەرێمی کوردستان، ئەمە راپۆرتێکی کورت و خێرای سەفەرەکەمان بوو و، بە بەروارو ناوی کەسەکانەوە بۆتانمان باس کرد و، گرنگ ئەوەیە کە دەتوانم بڵێم لەم سەفەرە زیاد لە بۆچوونی خۆمان گرنگی و بایەخ بە کوردستانی عێراق و عێراق بەگشتی و، ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی کوردستان دەدرێت، لە چەند دیدارێکیشدا باسی ئەوەمان کردوە و، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا کورد هێشتا دۆستی زۆرە و ، دۆستەکانی ئیش دەکەن و زۆر چالاکن و، بارودۆخ بۆ دۆزی کورد زۆر گونجاوە کە بەرەو پێشەوە بچێت، بەتایبەتیش ئەگەر بە ڕێکوپێکی بتوانین چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی خۆمان بکەین و، پەرە بە ئەزموونە دیوکراتییەکەی خۆمان بدەین و ، هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە بیبەین، ئەوە بارێکی وامان بۆ ئەرەخسێ کە دۆزی میللەتەکامان بەگشتی زۆر بەرەو پێشەوە ببەین و، سوودێکی چاک لەم بارودۆخە وەربگرین، بەگشتی هەڵسەنگاندنێکی باشی پەرلەمانی کوردستان و ئەزموونە دیموکراتییەکەمان دەکرێت و، لە زۆر شوێن بە ناوی «دڵی دیموکراتییەت» ناو دەبرا و، پێویستە پاڵپشتییەکی تەواوی پەرلەمان بکرێت، چونکە هەر شتێک لە کوردستاندا دەکرێت دەبێت لە ڕێگای پەرلەمانەوە بێت، چونکە سەرچاوەی شەرعییەتە و، نەواتی دیموکراتییەت ئەم پەرلەمانەیە کە هەڵبژاردەی میللەتی کوردستانە، باسی کێشەکانی کوردستانمان هەمووی کرد، بەتایبەتیش ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ دێتە پێشمان لە نەبوونی ئاو و کارەبا و باسی وشکەساڵیمان کردووە و، باسی ئەو کێشانەمانە کردووە کە هاتووەتە ڕێگای جێبەجێ کردنی بڕیاری «٩٨٦» کە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەباشی ، یا بە پەلە جێبەجێ ناکرێ، هۆکارە سەرەکییەکان چییە هەموویان دەسنیشان کرد بۆیان و، زۆریش بە ڕاشکاوی قسەمان لەگەڵیاندا دەکرد، باسی ئابڵوقەی ئابووریمان کرد و باسی کاریگەری ئابڵوقەی ئابووریمان کرد لەسەر عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، باسی ئێجابیات و سلبیاتی ئابڵوقەمان دەکرد و، ئێمە دەمانوت ئابڵوقە خۆی لە خۆیدا ئیجرائێکی تەعەسوفییە و، ئیجرائێکی نا دیموکراتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە ناتوانین بڵێین ئابڵوقە لانەبرێت، چونکە ئێمە وەکو کوردستان بەشێکین لە عێراق و ئەم ئابڵوقەیە ئێمەشی گرتووەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئابڵوقە کە لادەبرێت

دەبێت بەرژەوەندی گەلی کوردستان ڕەچاو بکرێت و، ڕەچاوی بەرژەوەندییەتی لەوەدایە کەوا هەرێمی کوردستان بە پارێزراوی بمێنێتەوە تاوەکو دەگاتە چارەسەرییەکی بنەڕەتی بەو مەرجانەی کە باسمان کرد، لە هەمان کاتیشدا تا دەگەینە ئەو چارەسەرییە بنەڕەتییە پێویستە ئەم دەستکەوتانەی کە ئێستا هەیە لە بریاری «نەوت بەرامبەر بە خۆراک» بەشی کوردستان کە دەکاتە ١٣٪ بە پارێزراوی بمێنێتەوە، یا چارەیەکی وا بکرێت کە کورد لەو ڕووەوە زەرەر مەند نەبێت، ئەمە تەنها تێبینی ئێمە بوو لەم بارەیەوە، هەموو لایەکیان ئامادەییەکی باشیان پیشان دا بۆ هاوکاری کردنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و، زۆر لە لایەنەکان سەبارەت بە چۆنێتی هەڵبژاردنەکان و، شێوەی ئیشوکاری ناو پەرلەمان پرسیاری وردیان دەپرسی و، ئێمە ئەو هەموو لایەنانەمان دەعوەتی کوردستان کردو، ئەوانیش زۆر پێیان خۆش بوو کە بێن سەردانی کوردتسان بکەن، بەتایبەتی پەرلەمانتارەکان ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە دەبێت پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانەکانی تری جیهان بەهێز بێت و، ئێمەش ڕێگای پەیوەندییەکانمان ئاسان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی پەیوەندییان پێوە بکەین، دەبێت ڕۆڵ و هاوکاری و پێشوازی نوێنەرانی حکومەتی کوردستان لەبیر نەکەین و، دەبێت بە سوپاسەوە باسیان بکەین، بەتایبەتیش لە ئیسپانیا کە کاک سەلیم گراڤی لە ئیسپانیا و کاک بورهان نامق لە بەلجیکا و ئیتیحادی ئەورووپی و، کاک دڵشاد میران لە ئینگلتەرا ئەمانە هاوکارییەکی تەواویان کردین لەگەڵ کاک سەفین کە هاوکاری هەموو کەسێک دەکات کە بچێتە تورکیا و، لە پاریسیش کاک سەیوان سابیر بارزانی کە نوێنەری حکومەتە لەوێ هاوکاری تەواوی کردین، لەوانەیە هەندێ نوێنەری حکومەت لە هەندێ جێگا هەبوو کە ئەو چالاکییەیان نەبوو، جا ئەوە پاشان بە حکومەت ڕادەگەیەنین، وەکو وتم ئەوان زۆر گرنگیان دەدا بەو مەسەلانە و، بەدوای ڕێگا چارە دەگەران بۆ ئەم مەسەلانە، بەتایبەتی زۆر بایەخیان بە ئیتیفاقیەی واشنتۆن دەدا و، حەزیان دەکرد بزانن کە ئەم ئیتیفاقیەیە گەیشتووەتە کوێ و، بۆچی نەگەیشتووەتە ئەنجام، بەڕاستی ئێمەش ئەوەی زانیومانە سەبارەت بەم ئیتیفاقیەیە بە ڕاشکاوی باسمان کرد و، باسی ئیتیفاقیەی واشنتۆنمان کردووە کە چۆن هاتووەتە کایەوە و چۆن ئیمزا کراوە و، چۆن هەوڵ دراوە جێبەجێ بکرێت و، ئەو کێشانەی کە هاتوونەتە ڕێگای، ئەوانەمان هەمووی بە ڕاشکاوییەوە باس کردووە و، ئەوەشمان دووپات کردووەتەوە کە ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندی بەندەکانی ئەو ئیتیفاقیەین، بەو شێوەیەی کە نووسراوە و بەو شێوەیەی کە ئیمزا کراوە، ئێمەش هەموو کاتێ ئامادەین بۆ جێبەجێ کردنی، ئەمە بەکورتی باسی سەفەرەکەمان و دەرئەنجامەکەیەتی و، من لەو بڕوایەدام کە ئەم سەفەرە ئەگەر موتابعە بکرێت و، پەیوەندی بەردەوام هەبێت ئەوە ئەنجامێکی باشتری دەبێت، لە تەنها ئەنجامی ڕاگەیاندن، چونکە ڕاگەیاندن لەوانەیە لایەنێکی مەسەلەکە بێت، زیاتر ئەو ئەنجامانەیە کە بە دەست دێت ئەویش لە ڕێگای پتەوکردنی ئەو پەیوەندیانەیە لە ڕێگای بە زیندوو هێشتنەوەی ئەو پەیوەندیانەیە، کە بتوانین ئەنجام و دەسکەوتی گەورەی لێ بەدی بهێنین، ئەمە

دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرگایەکی فراوان بکرێتەوە بۆ ئەزموونە دیموکراتییەکەمان و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و بگرە بۆ هەموو حزبەکانی کوردستانیش کە بەشێوەیەکی رەسمی و بە شێوەیەکی ئاشکرا پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستن و هاتووچۆیان لەگەڵدا گەرم کەن و، خەڵکی هاوکارن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان، زۆر لە کێشەکانمان لێرەدا چارەسەر ناکرێت، بەڵکو چارەسەری لە شوێنەکانی تر دەکرێت و، بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتانە پێویست بە سەفەری وا دەکات و، چاکیشە کە چ پەرلەمان، یا حکومەتی هەرێم ،چ دەزگاکانی حیزبەکان، یا جەماوەرییەکان هەمیشە وەفدیان لە دەرەوە بێت، چونکە بارودۆخەکە لەبارە و، لەم بارودۆخەدا دەتوانرێت بەردی بناغەی پەیوەندییەکی رێکوپێک و دیبلوماسی چاک دروست بکرێت، سوپاستان دەکەم ئەگەر هەر پرسیارێکیشتان هەبوو ئەوە من و هاوکارانم لە سەفەرەکەدا ئامادەین بۆ وڵام دانەوەی، کاک فەرسەت فەرموو ناوی ئەوانەی کە پرسیاریان هەیە بنووسە، هەرچەندە من ئامادەم کە چ پرسیارێک هەبوو وڵامی بدەمەوە کاتێ کە دەکەوینە گفتوگۆشەوە، چونکە پرسیار پرسیار رادەکێشێ، زۆر شتی وردەکاری هەیە کە هەر بەسەر پێی بەسەریدا رۆیشتم من ئامادەم کە پرسیارتان هەبوو لەسەری وڵام بدەمەوە، ناوەکان دەخوێنمەوە کێ ناوی نەبوو دەتوانێ ناوی تۆمار بکات، کاک فرنسۆ هەریری ، کاک رەجەب شەعبان، کاک د.رزگار، مەلا مەحمود دێرشەوی، شێخ جەعفەر، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەینەوە و، سوپاس بۆ ئەو سەفەرە سەرکەوتووە کە کردووتانە و، ئومێد دەکەین کە هەر وا بەجێی نەهێڵن و بەدوایدا بچن، ئەو رێککەوتنانەی کە کراوە بخرێتە کاری عەمەلییەوە، من دوو سێ پرسیارم هەبوو، یەکەمیان بەرێزتان ئاماژەتان بۆ مەسەلەیەک کرد، بەڵام من پێم خۆش بوو کەوا بە ورد تر جەنابتان باسی بکەن، ئەویش ناوی ئەو نوێنەرانەی پارتییە ، یا نوێنەرانی حکومەت کە بەراستی هاوکارییان لەگەڵ ئێوەدا کرد ناویان بێت و، ئەوانی تریش هان بدرێن بۆ ئەوەی زیاتر بە پیری ئەو خەڵکەو ئەو کۆڕ و وەفدانە بچن و، ئەوانەی کە بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون حەز دەکەین ناوی ئەوانیش بە راشکاوی بهێنرێت، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بزانین جارێکی تر کەمتەرخەمی نەکەن لەگەڵ ئەو وەفدانەی کە دەچن بۆ ئەوێ،ئەمە یەک دووەم، دوێنێ هەڵبژاردن کرا لە مەکسیک و نوێنەری ئۆپۆزۆسیۆنی ئیسپانیا دەرچوو و، کۆتایی بە «٧٠» ساڵ حوکم لە مەکسیکدا هات کە ئەو حزبەی حوکمی دەکرد، ئایا هیچ دەعوەتێکی تازە لە ئارادایە بۆ پەرلەمان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیار بە پرسیار وڵامیان دەدەمەوە، لە راستیدا ئەوانەی کە هاوکارییان کردین ناویانم هێنا و، جێگای رێز و سوپاسن و، سوپاسیان دەکەین یەکە بە یەکە، بەراستی ماندوو بوون و بەراستی

بەرنامەیەکی تێر وتەسەل و ڕێکوپێکیان بۆمان ئامادە کردبوو و، هەتاوەکو موعاشەرەشیان خۆش بوو، هەڵسووکەوتیان ، رەفتاریان، هاتوچۆیان خۆش بوو و، ڕێزی خۆشیان فەرز کرد بوو بەسەر ئەو شوێنانەی کە مامەڵەیان لەگەڵیانا دەکرد، لە هەمان کاتیشدا ئیشەکەی خۆیان زۆر بە ڕێکو پێکی و سەربەرزانە ئەنجام دەدا و، شایستەی ئەوەن کەوا لێرەدا ئێمە ناویان بێنین و سوپاسیان بکەین و، بەنووسراوی رەسمیش سوپاسیان بۆ رەوانە دەکەین ، یەکێک لەوانە کاک سەلیم گراڤی نوێنەری حکومەتە لە ئیسپانیا و، کاک سەیوان سابیر بارزانی لە پاریس یەکەم کەس بوو بەراستی کە ڕۆڵێکی بەرچاو و چالاکانەی هەبوو، کە گەنجێکی ڕیکوپێک و چالاکە و، ئیشەکانی بە باشی ئەنجام دەدات، کاک بورهان نامق لە بروکسل و هوڵەندا، کە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی بە نووسراو بۆ ئامادە کردبووین و، لە هەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادە دەبوو و، کاک دڵشاد میران لە بەریتانیا ، هەرچەندە کاک دڵشاد میران هاوکاری بوو لەگەڵ کاک هۆشیار زێباری، بەڵام کاک هۆشیار ڕۆیشت لەبەر ئەو کۆبوونەوانەی نیویۆرک، کاک دڵشاد بەنوێنەرایەتی ئەو مایەوە ئەویش خزمەتێکی زۆری کردین و، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی چاپکراویان هەبوو کە هەر یەکەم ڕۆژ ڕۆیشتین دایان بە دەستمانەوە، خۆشە کە تۆ گەیشتیە هەرجێگایەک بەرنامەکەت بدەن بە دەستەوە کەوا بزانیت سەعات چەند چ کارێکت لە پێشە و، زانیاریشت لەسەر دەداتێ و، پاشان دێت تەرجوومەت بۆ دەکات قسەت بۆ دەکات، یان پێشبینیت بۆ دەکات، چونکە لەوانەیە لایەنی بەرامبەرت تۆ نەیناسی ، بۆت روون دەکاتەوە کەوا ئەو کەسانە بایەخ بە چی دەدەن زیاتر و، تۆ چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەیت باشە، ئەم شتانە جێگای خۆشحاڵی بوو لەو کەسانەی کە ناویانم هێنا و جێگای تەقدیر و پێزانینە، ئەوانی تر من ناوی کەس ناڵێم و، دەزگای تایبەتی خۆمان هەیە لە حکومەتدا و پێیان دەڵێم فلان کەستان زۆر باش نییە، سەبارەت بە دەعوەتی تازەی تر ، دەعوەتی تر زۆر هەیە، برادەرانمان لە سویدو دانیمارک و ئەڵمانیا و ئیتالیا دەعوەتیان بۆ ئامادە کردبووین، بەڵام کاتەکەمان تێپەڕی ئێمە دەمانەویست پەرلەمان پێش ئەوەی بچێتە پشووەوە بگەڕێینەوە و، ئیشوکاری تریشمان هەبوو، لەوانەیە ئەوە بۆ ماوەیەکی تر جێ بێڵین، دوو دەعوەتی تریش لە ئارادایە بە رای من گرنگن ئەویش هی ئیتحادی فیدرالی عالمییە لە نیۆیورک لە سەنتەری یەکێتی فیدرالی کە هەوڵ بدەین ببین بە ئەندام تیایدا، یا ئەندامی موراقیب و نزیک ببینەوە لێیان، یەکێکیان لە دەزگایەکی فیدرالی کرا ، تایبەتە بە پەرلەماناتی هەرێمی ، ئەمەش شتێکی تازەیە ، ئەو ئیتیحادەش کە لە لەندەن بینیمان هەوڵ دەدەن دەعوەتمان بۆ بکەن کە بچینە ئەوێ ، لە هەمان کاتدا لە پەرلەمانی بەریتانی سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ وەعدی داوە کەوا دوو دەعوەتمان بۆ بنێرێ یەکێکیان لە پەرلەمانی ئیرلەندی و، ئەوی تریشیان لە پەرلەمانی ئیسکۆتلەندی، هەمدیسان گرنگن و دەبێت بایەخی پێ بدرێت، ئیشتراکی دوەلیش لەسەر داوای خۆمان کاتی خۆی لە پاریس بە ناوی سەرۆکایەتی حکومەتەوە وتارمان لە کۆنگرەی ئیشتراکی دەولی خوێندەوە و، داوامان کرد کەوا ئیشتراکی دەولی داوا بکات و دەسپێشخەری

بکات ، بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی،  لە دواین دیداردا سکرتێری گشتی ئیشتراکی پێی راگەیاندم کە رەزامەندی کراوە لەسەر ئەو کۆنگرەیە و،  گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ ئەو ولاتانەدا و، بەتایبەتیش دەیانەوێت ولاتێک بدۆزنەوە لەو ولاتە ئەوروپیانە کە سەرۆک وەزیران لە خۆیان بێت، هەرچەندە خۆیان لە «٥٠» ولاتی ئەوروپیدا حوکم دەکەن،  بۆ ئەوەی لەسەر ئاستێکی رەسمی و گەورە بە توانایەکی باشەوە ئەو کۆنگرەیە بگێرن.

لەسەر مستوای سەرۆکی وەزارەتەکان وحزبە ئیشتراکییە جیهانییەکان ئەمە دەورێکی تایبەتی هەیە پێش ئەوەی کۆبوونەوەکە بگیرێت بەتایبەتی دەعوەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە کە لەوێ موداخەلەیەکی یانی دیراسەیەکی هەبێت لەسەر دۆزی کورد جا چ بابەتێک بێت، پاش ئەوە دابەش دەکرێت بابەت بابەت وەکو دیراسەیەکی پێشکەش کراو دەوری خۆی هەبێت لەو کۆبونەوەیەدا، ئەمە دەربارەی پرسیارەکانی کاک فەرەنسۆ، فەرموو کاک رجب شعبان.

**بەرێز رجب شـــعـــبـــان:**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی مە دڤێت علاقاتێت مە لەگەڵ پەرلەمانێت ئەوروپی یا جیهانی بە هێزتر بن و چاکتر بن. جەنابێ تە درێژەی بەحسی وەی هەندێک کە دێ چ پەرلەمان دەعوا بۆ پەرلەمانێ مەی کوردستانێ پێشکەش کریە، پرسیارم ئەوەیە کە جەنابی وە چ دەعوەت  پێشکەش کرنە بۆ پەرلەمانەکانی ئەوروپی و قەبیل کریە کە بێن یان نا؟ لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

من باسم کرد هەر چیەکمان دیوە دەعوەتمان کردووە، یانی ئەوەندە خانەدان بووین هەر چیمان دیوە دەعوەتمان کردوون، ئینجا پەرلەمان و وەزارات وشەخصیات و هەرچیەکمان دیوە، ئەو پەرلەمانانەی کە دەعوەتمان کردوون کە هی ئیسپانیایە بەلجیکایە، بەریتانیایە ئەمانە ئەندام و سەرۆکی لیژنەکانن و زۆر بە خۆشحالیەوە دەعوەتەکەیان قەبووڵ کرد وحەزیش دەکەن بێن و وفودیش دێن بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە تەرتیباتیان بۆ بکرێ. خۆتان دەزانن کە هاتن بۆ کوردستان ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵام هیواداریـن کە ئاسانکارییان بۆ بکرێت و بێنە ئێرە ، زۆر پێیان خۆشە بێنە کوردستان و زۆر مهتمن بێنە کوردستان بۆ ئێمەش سودێکی زۆر زۆر گەورەی هەیە پەیوەندی لەو رێگەیەوە زۆر بەهێز دەبێت، بەتایبەتی من حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم ئەو دەورەی ئەو وەفدەی باسک بینیوەییەتی کە لێرە بوو دەورێکی بێ هاوتایە یانی هەرچی میللەتی ئیسپانیا هەیە کردوویەتی بەدۆستی ئێمە و ئەو خزمەتەی کە لێرە کراون بێ سود نەبووە یانی ئەو گرنگییەی کە پێیان دراوە لێرە و ئەو خزمەتەی کە لێرە کراون ئیمە بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن خزمەت کراوین چۆن عیلاقاتیان بۆ دروست کردووین چۆن دفاعیان لە دۆزی کورد کردووەو کردوویانە بە قەزیەی خۆیان، هەموویان لەچەند حزبێکی جیاواز بوون لەناو پەرلەماندا، لەوانەیە دژی یەکتریش قسە بکەن، ودژی یەکتری بن، و پێیان ووتین وتیان ئێمە لەناو پەرلەماندا

مناقەشەی یەکتری دەکەین ئەو حوکم لەو وەرگرێ، ئەو حوکم لەو وەربگرێت ئەو ئەوی خەتا بار بکات بەڵام لەسەر دۆزی کوردی هەموومان موتتەفیقین، ئەمە ئەنجامی موعامەلەیەکی باشە، ئەنجامی دەعوەتێکە ئەنجامی اتصالێکی موباشرە بۆیە ئێمە گرنگیمان بەو لایەنە زۆر داوە و لە پاشەڕۆژیش گرنگی زیاتر پێ دەدرێ، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

کاک فەرەنسۆ بەناوی هەموومانەوە بەخێرهاتنەوەی کردی وجارێکی تر بەخێر بێیەوە هیوای سەرکەوتن دەخوازین بۆ هەر زیارەتێک و سەردانێک لە پاشەرۆژدا، ، هەرچەندە جەنابت بەکورتی باست کرد، بەڵام من چەند پرسیارێکم هەیە ئاراستەی بەڕێزتانی بکەم ، لەپێشەکی ئامادەیی خۆتان دەربڕی بۆ هەر پرسیارەکی کە ئەمە زیاتر منی هاندا بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە بکەم، یەکەم جەنابتان بەکورتی باسی هەموو ئیش وکارەکانی هەرێمتان کرد، لێرە پرسیاری من ئەوەیە ئایا مەسەلەی پاراستنا هەرێم حیمایەی دەولی لەسەر هەرێم تەبیعی بە شتێکی زۆر گرنگی دەزانین لەوانەیە بەئەساسی بزانین بۆ بەردەوام بوونە تەجروبەی وبۆ مانا تجروبەی، ئەمرۆکە چونکە ئەم زروفی تێیدا دەژین بێ حیمایەی دەولی لەوانەیە ژیان زەحمەت بێ چونکە احتماڵە، نەشەرمە نەتەخسیرەو نە کەمایەتییە بۆ ئێمە ئەمرۆکە جیهانی ئەمرۆ ئەمەی دەوێ بێ حیمایەی دەولی میللەتی کورد دێتە سەربڕانی وتەجروبە هەیە وشت بەردەوام دەبێت ئایا ئەڤ مەوزوعەت لەگەڵ ئەوان باس کردووە؟ ئەگەر باس کرایە استجابەی وان چییە بۆ ئەمە؟ بەتایبەتی وەکو بریتانیا و فەرەنسا کە هەردوو دەوڵەتی دایمی مەجلیسی ئەمن وهاوبەشی بڕیاری حیمایەنە وڤێ حیمایەتا هەر شەش هەیڤا لەوانەیە زیاتر بکەن لەوانەیە کاریگەری زیاتر بێت هەر شەش هەیڤا جارێک بخنە مەصیری ئیقلیمی، لەوانەیە بیخەنە ژێز گفتوگۆوە، ئەمە زیانی لەلایەنی ئابووری و لایەنی ئەمنی ئایا ئەو بابەتە لەگەڵ وان باس کراوە یان نا؟ ئەگەر باس کراوە ئیستجابەی وان چ بوو؟. یانی بۆ درێژ کردنەوەی حیمایە نەک شەش هەیڤا جارەکی لەوانەیە ساڵێک جارێک یانی ئەو بابەتە، دووەم ئەمرۆکە لەوانەیە زۆر روونە ئیجرائاتی نەشاز هەیە دژی کەس وکاری مە لە ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی  لە کەرکوک حملاتی تعریب هەیە، دەرکردن هەیە ئەڤ وەکو ممارسات انسانی وممارساتێ نیشتمان پەروەری ئەڤ مەوزووعە لەگەڵ وان باس کرد وەکو فشارێک بخرێتە سەر ئەوان، وان ئیجرائاتی نەشاز وان ئیجرائاتی نائیلزامی دژی کەس وکاری مە بێتە کرنێ لەگەڵ وان هاتە باس کردنێ یان نا؟. تا وەکو گوشاری بێنە سەر حکومەتی مەرکەزی کە ئەم ئیجرائاتە دژی کەس وکاری مە رابوەستێت، هەروەها پرسیارێکی ترم هەیە هەرچەندە درێژەم پێ دا دەربارەی خەتێ سی و شەش وسی و چوار ونیو، چونکە وەکو مەسەلەی حیمایە زۆر باس کرا کە ئەگەر سی و شەش ببێتە سی وچوارونیو لەوانەیە  زۆر بەرفرەتر بێت ئیشوکارمان ئاسان بێت وخطوطی مواصلات پەیدا ببێت ئەڤ مەوزوعی هەنێ وەکی من گوت جارێکی تر بزر ببێت

بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا کە هەردوو دەوڵەتی ئەندامی دائمی مجلیسی ئەمن وئەف مەوزووعە لێرە هاتە باس کردن وئیستجابەی وان چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس د.رزگار خۆی پرسیارەکان هەمووی لەو پرسیارانەن کە تەرکی کەین بۆ بەرژەوەندی گشتی، بەڵام وەڵامی هەندێکیان دەدەینەوە، لەوانەیە هەندێکی بڕبڕەی مەسائیلی سیاسی بن کە پەیوەندی بە حوکمەتەوە هەبێت، هەندێ مەسائیلی تایبەتی و خصوصی هەبێت. بێگومان حیمایەی دەولی میللەتی کورد بۆیە حیمایە کراوە چونکە خەتەرو مەترسی لەسەرە بەپێی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیاری ٦٨٨) بەپێی ئەو بڕیارە تەحالف حیمایەی کوردستان ئەکەن وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی بەرگری لە میللەتێک کە مهددە بە نەمان بۆ بەرگری لە میللەتێک کە کیماوی بەکارهێنراوە دژی شەری ئیبادە کراوە دژی و ئەم میللەتە لەترسی ئەوە ڕایکرد چووە سنوری تورکیاو ئیران، بەهۆی ئەوەوە ضمیری عالەم هاتە جوڵان هاتە هەژاندن وئەنجامی ئەوە بە موبادەرەیەکی فەرەنسی لەراستیدا ئەو کاتە میتران سەرۆک بوو موبادەرەیەکی فەرەنسی وپشتگیری جۆن مێجەر کە سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیا بوو (بڕیاری ٦٨٨) وەرگیرا کە حیمایەی کورد بکرێت، لەسەر ئەو ئەساسە (سێف هێڤن) دانرا وحیمایەی کورد دانرا و لەدوای ئەوەشدا خەتی سی وشەش دانرا، ئێمە لە راستیدا ئەوانەی ئەندامی مەجلیسی ئەمن و ئەندامی دایمی مجلسی ئەمنی و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسیم دیوە، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیم دیوە، کە دوو ئەندامی دائمین وهەردووکیان تەئکیدیان لەوە کردۆتەوە کە تاکورد ئەگات بە چارەیەک کە خەتەری لەسەر نامێنێت وخەتەری ئیبادەی لەسەر نامێنێ حیمایە بەردەوام دەبێت، ئەو قسەیەیان لەهەموو محافلێک کردووە وشتێکی شاراوە نییە، هەتا ئەوانەی مورەشەحەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمەریکا ئەو تەصریحاتانە دەدات، یانی مەسەلەی حیمایە، چونکە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە وکێشەیەکی مرۆڤایەتییە، تا ئەو مەترسیە هەبێت لەسەر کورد حیمایە هەر ئەمێنێ وئەو وەڵامەمان بەو شێوەیە وەرگرتەوە، تەبیعی کە چووینە ئەوێ بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە قسەمان کردووە وبەتەئکید یەکێک لە مەوازیعە ئەساسیەکان کە باسی دەکەم موعانات و مەشاکیل وئێش وئازاری گەلی کوردستانە ویەکێک لە ئێش وئازارە هەرە گەورەکان حملاتی (تعریب وتهجیر)ە کە لەکەرکوک وخانقین و سنجارو شوێنی تر دەکرێت، یانی ئێمە ئەگەر باسی ئەوە نەکەین واتا باسی هیچ شتێکمان نەکردووە وموتەئەکید بن لەشوێنی خۆیا زۆر بەباشی داوامان کردووە وداوای هاوکاریمان کردووە وداوای ئەوەمان کردووە کە هاوکاری بکرێین بۆ راوەستانی ئەو حملەیە و گەڕانەوەی وەزعەکە بۆ بارودۆخی جارانی وەکو ئەوەی ئەگەر بێتە وەبیریشت ئەوەی کە باسم کرد لە کۆنفراسی باریس کە کۆنفراسێکی زۆر رەئیسی و عەلەنی بوو یەکێ لەشروطی ئەوەی کە حەلی کێشەی کورد حەلێکی دائمی بێت، حەلی قەزیەی کوردی حەلێکی موستەقرو دائمی بێت ئەوەیە ئەبێت موراعاتی واقیعی تاریخی و جوگرافی کوردستان

هەمووی بکەن وبە هیچ حوجەتێک شارێکی وەکو کەرکوک یا خانەقین یان سنجار لە کوردستان جیا نەکەنەوە ئەگەر ئەمە نەکرێ حەلی قەزیەی کورد ناکرێت، ئەمە یەکێکە لەصلبی هەموو نەشاطێک، تصور دەکەم هەموو حزبێکی کوردستان و هەموو ئەندامێکی پەرلەمان و هەموو وەفدێکی کوردی کە بچێتە دەرەوە یەکێک لە مەسائیلی ئەساسی کە باسی دەکات شان بەشانی مەسەلە ئەساسیەکانی تر مەسەلەی (تعریب وتهجیر)ە وابزانم باسی هێلی سی وشەشیشم کرد هەر لەجوابی پرسیاری یەکەمدا، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مــــحـــمــــود فـــەندی دێرشـــەوی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سوپاسی ئێوە دەکەین وهیوادارین سەرکەوتووبن لە ئیش وکاری خۆتاندا، پرسیارا من کە لەجەنابی ئێوەی دەکەم هەرچەندە ئیشارەتت پێکرد، ئایا قەزیەی کورد مرۆڤایەتییە لە مساعدات ومرۆڤایەتی دەرباز نابێت بۆ مەسەلەیەکی سیاسی کە میللەتێکی حەقن لە ژین و ژیانا وەکو میللەتێن دنیا هەمییێ، ئەڤ یەک، دوو ئایا جەنابی ئێوە هزرک کریە کون هزرەکی دیکە چاوا بێکو هاتە کرن پەیوەندی وهاتوچۆ لە بەینا پەرلەمانێ ئەوروپی بێتە کرن بێکاڤاکا پیرۆزا بەلکەتیا عالەما ئیسلامی ئەڤ پەرلەمانا دەوڵەتی ئیسلامی ژین ئەڤ پەرلەمانا دەولەتی ئیسلامی بیکولەک بێتە کرن پەیوەندی مابەینا پەرلەمانێ کوردستانێ و پەرلەمانێ دەولەتی ئیسلامی ش ناوێ مجلس شورا یان پەرلەمان یان مجلس وطنی یان مجلس شعب بێکولەک بێتە کرن. حەقیقەت ئەم لایەنە ئەم داوا دەکەین نەیەتە سس کرن چونکی دەبێ ئەم بەری خۆ بدەین بزاڤا ئیسلامی لە جیهاندا نەک تەنها چوار کە لەگروی مەیە کوردێک و ملکێ بژیت حالە بن بۆ عەبدەکێ نە تەماشا نەیەتە کرن عالەما ئیسلامێ میللەتی کورد پەیوەندی و علاقاتێ و بەتایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی چونکی وەکو نمونە کە هەیە مە دیت پەیوەندی رحمەتی رێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی هەتا لە ناوەوەی کوردستاندا، عەفو لەعێراقدا پەیوەندی وی لەگەڵ هەندێ عەشائیری عەرەب وەکو شەممەر ئەڤ پەیوەندییە نەتیجا وێ شکەستنا چوونە شۆرشی ئەیلولێ مەدیت چۆنا ئیجابیاتی عەشائیری دەرکەت مالەکی بتەنێ ژین نەهاتن سەرئاخا کوردستانێ مع العلم ئەوەش شغیری خۆ نزیکتر بێت یانی ئەوەی پەیوەندیا کوردیا رێبەریا مەلا مستەفای بارزانی پەیوەندی رێکخست ما بەینا کوردا وعەشیرا شەممەردا لڤێری ئەگەر ناڤ میللەتی عەرەب بصورەتەکی عام ئەڤ چەند عەشریەکی عراقی بەتنێنە دڤێت چاڤێ خۆ بەرێ خۆ نەبینن ئەم مالی هەزر دەکەین شتەکی زۆر گرنگ بێت زۆر ممنون.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، جارێکی تر ئێمە باس دەکەین فەرەنسامان دیوە بەریتانیام دیوە بەلجیکامان دیوە، فاتیکانمان بینیوە لەندنمان بینی سەفەرەکە چونکە بۆ ئەوروپا بوو، سەفەرەکە بۆ جیهانی عەرەبی نەبوو وبۆ عالەمی ئیسلامیش نەبوو، ئەمە دوو جەناحی ترن کە لەراستیدا گرنگی تایبەتی پێ دەدرێ وچ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی چ لەکۆنیشەوە، لەزەمانی رەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی کە گرنگی تایبەتی بە عالەمی عەرەبی و بەعالەمی ئیسلامی دراوە شان بەشانی عالەمی دەرەوە، ئینجا بۆ ئەوەی التباس نەبێت بۆیە من

باسی ئەوە ناکەم چونکە سەفەرەکەم پەیوەندی بە ئەوێوە نییە بەشوێنەکی تر هەیە، چونکە جەنابت ئەو پرسیارەت پرسی، تەبیعی شتێکی گرنگە کە ئێمە بایەخ بە دراوسێکمانمان بدەین پێش هەموو کەسێک دوای ئەوە هاودینەکانمان کە دینیان نزیکی ئێمەیە وبەرژەوەندیان نزیکی ئێمەیە ئینجا دەست درێژ بکەین بۆ شوێنی تر، کە دەست درێژ دەکەین بۆ شوێنی تر ئەویش هەمووی لەرێگەی خزمەتی دۆزی میللەتەکەمانە لەرێگەی ئەوەیە ئێش وئازاری میللەتەکەمان کەم بکەینەوە لەرێگەی ئەوەیە کە بگەینە ئامانج وئەهدافی میللەتەکەمان، من موتەئەکیدم چ پەرلەمانی کوردستان چ هەموو لایەکی تر لەم جهودە بەردەوامن بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان کە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەرلەمانە عەرەبییەکاندا هەبێت لەگەڵ پەرلەماناتی ئیسلامیدا هەبێت، بەرقیاتیان بۆ ئەنێرین اتصالاتیان پێوە ئەکەین داوای زیاراتیان لێ دەکەین، دەعوەتیان دەکەین بەڵام تا ئێستا لەوە زیاتر کە پەرلەمانی کوردستان سەردانی ئەولای کردووە لەوێوە وەفدێکی وا ئاشکرا لەناحیەی پەرلەمانییەوە نەهاتووە، رەسمی هاتووە حکومی هاتووە، هی ئەحزاب هاتووە، وفودی شعبی هاتووە بەڵام وەکو پەرلەمان موباشر نەهاتووە، بەڵام هیوادارین ئەو تەوقەش بشکێت کە لەراستیدا شکاندنی ئەو تەوقە لە بەرژەوەندی ئێمەیە بۆیە ئەبێ ئیشی تێدا بکەین، ئێمە ئەبێ پێش هەموو شتێک ئیش لەوە بکەین کە علاقاتی ئێمە لەگەڵ پەرلەماناتی دەوروپشتماندا رەسمی بێت وەکو پەرلەمان بێت نەک علاقاتێکی نیمچە رەسمی بێت، بەنیسبەت قەزیەی میللەتی کورد ئایا لە انسانییەوە بەرەو سیاسی دەچوو لێرە دوو شت لێک جیا ناکەینەوە، حیمایەی کورد لەکوردستانی عێراقدا مەسەلەیەکی انسانییە بریارێکی ئینسانییە یانی لەبەر قەرارێکی انسانی یە، لەبەر قەرارێکی انسانی ئەو هەموو خەڵکەی چوونە سەر سنوور ئەو خەڵکەی کە رەویان کرد بریارێکی انسانی وەرگیرا بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ئیبادە نەبێت و حیمایە بکرێت، نەک حەلێکی سیاسی بۆ بدۆزێتەوە بەنیسبەت کوردستانی عێراق، بەڵام دۆزی کورد بەگشتی ئیمرۆ دۆزی کورد لەجیهاندا دۆزێکی سیاسی یە، یانی ئەو زەمانە بەسەرچووە کە بڵێین قەزیەی کوردی قەزیەیەکی انسانییە، خەڵک برسیەتی خەڵک ئەکوژرێ خەڵک تێنویەتی سەرمایەتی، ئەوە نییە، قەزیەی کوردی قەزیەیەکی سیاسی یە خەڵک دراساتی لەسەر دەکات تاریخی چییە موستەقبەلی چییە ئاواتی چییە حلولەکەی چییە چۆن حل دەکرێ بەڵام بریارێکی دوەلی نییە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، ئێمە دەبێت خەبات بکەین بۆ بریارێکی دوەلی بۆ چارەسەری قەزیەی کوردی و لەضمنی ئەو خەباتە کە بریاری پەرلەمانی کوردستان دەڵێ فیدرالیزم چارەسەرێکی واقیعی وراستە بۆ قەزیەی کورد، ئێمە ئەو شعارە بەرز دەکەینەوە و دوای ئەکەوین بە پەرلەماناتی دنیا دەیناسێنین بە حوکماتی دنیا دەیناسێنین حکومەتێکی دیموکراتی وشەرعی میللەتەکەمان بۆ ئەوەی سبەینێ لە محافلی دەوڵەتان ئەگەر رۆژ گەیشتە ئەوەی بیر لە قەزیەی کورد بکرێتەوە چارەسەری سیاسیانەی قەزیەی کوردی، ئەو حەلە رەچاو بکرێت بەڵام بەشێوەیەکی عام قەزیەی کوردی وەکو قەزیەی میللەتێک ئیمرۆ قەزیەیەکی سیاسی جیهانییە وقەزیەیەکی ساخنیشە لە جیهاندا یانی قەزیەیەکی لابەلایی نییە چونکە بەراستی بووە بە قەزییەکی گەورە، ئیمرۆ قەزییەکە هەموو دەوڵەتە ئەورپییەکان مەشغوڵ دەکات قەزییەکە ئەمەریکای مەشغول کردووە وهەموودەوڵەتە ئەورووپییەکانی مەشغول کردووە و هەموو دراوسێکانی ئێمەشی مەشغول کردووە، مەسەلەی برایەتی کوردو عەرەب لە حەقیقەتدا ئێمە

لەزۆر مەجالیسدا باسمان کردووە کە باس دەکرا ئەمان ووت ئێمە، خەڵکی کورد لەوانەیە لە دوورەوە سەیری کورد بکات و وابزانێ ئێمە میللەتێکین دەستمان تەنیا بەچەکەوەیە، بۆمبا ئەتەقێنین وشەڕ دەکەین و هەر خەریکی حەربین، بەڵام ئێوە لەواقیعی ئێمە تێنەگەیشتوون، ئێمە حرەکەیەکی دیموکراتی وئاشتیخوازین لەکوردستانی عێراقدا، عەریقترین حرکەی دیموکراتین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێمە ئەو تاکە حزبەین حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان وحزبی بارزانی نەمر تاکە حزبەکە لەنیزامی داخلیدا نووسراوە (لايقبل في الحزب من يعادي السلم والديمقراطية) ئێمە تاکە حزبێن کە خەباتیشمان کردووە ودیفاعمان کردووە لە میللەتێک کە خەتەری لەسەرە، ناچار کراوین ئینجا چەکمان هەڵگرتووە، بەرەغمی ناچار کردنمان بەرەغمی ساڵەهاساڵی خەبات و دەست دانە چەکمان لە شەست ویەکەوە تاوەکو ئێستا یا زیاتریش، پێش ئەوە رۆژێک لەڕۆژان پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی نەبردووە بۆ تیرۆر، رۆژێک لەڕۆژان مەدەنی نەکوشتووە ئەمە بەوەسیلەیەکی راستی نازانین، لە هەمان کاتیشدا هونەرێکی گەورە بۆ حزبی ئێمە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆک مستەفا بارزانیی نەمر ئەگەڕێتەوە کە لە هەموو دنیا شەڕ بووە بەشەڕی تورک وعەرەب بووە شەڕی فارس ونازانم کێ وهیند وئینگلیز، بەڵام لەکوردستانی عێراقدا رۆژێک لە رۆژان شەڕ نەبووە بە شەڕی کورد وعەرەب، بەڵکو بارزانیی نەمر شعاری برایەتی کوردو عەرەبی بەرزکردۆتەوە، ئەو هونەرە بۆ پارتی و سەرۆکی پارتی دەگەڕێتەوە، ئەمە سیاسەتێکی ئێمەیە بۆیە تەقیمێکی زۆر بەرزی سیاسەتی پارتی دەکەم، سیاسەتێکی واقیعی انسانی، دیموکراتی کراوە، پڕە لەژیانی تسامح و تفاهم لەنێوان دیانەتەکان واتجاهاتی سیاسی ئەوە تەنیا شعار نییە کە پارتی بەرزیکردۆتەوە بەڵکو لە واقعی عەمەلیدا پیادەی دەکات و بەپێی توانا هەوڵدەدا جێ بەجێی بکات، زۆر لایەن لەوانەی لەدوورەوە سەیری قەزیەی کورد ئەکەن ئەو واقیعەی پارتی نازانن، ئینجا پێویستە ئەبێ تێیان بگەیەنین هەوڵیشمان داوە لە پاشەڕۆژدا تۆزێک تیشک بخەینە سەر ئەو لایەنە، بەڕێز کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ بەخێرهاتنەوەی گەرم وسوپاس بۆ ئەو ماندووبوونە بە بەرهەمەتان هیوادارم کە بەتاکتیک پاش ماوەیەک بەرهەمی ببینن و دەرگایەکی تر بکاتەوە بۆ پەیوەندی هەرێم لەگەڵ دەرەوە. هیوادارم کە دوا سەردانی پەرلەمانیش نەبێت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سلێمانی دەردەچێت لەو کاتەی بەڕێزتان لەسەفەرەکەتان بوون وای بڵاو دەکردەوە لەو کاتەدا کە گوایە نوێنەری ئەوان لە ئەسپانیا و هەرێمی باسک سەردانی لێپرسراوەکانی ئەوێیان کردووە، بە قسەی ئەوان وایان نیشان داوە کە گوایە ئەم پەرلەمانە شەرعی نییە ئایا ئەو کارەی ئەوان هیچ تەئسیرێکی سەلبی هەبوو بۆ سەردانەکەی بەڕێزتان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا حەزم نەدەکرد باسی ئەو مەوزوعە بکەم، چونکە هیواداریين لە مجرای کۆبوونەوەکانی واشنتۆن هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە برۆین و چارەسەری کێشەی ناوخۆ بکەین لە بەرژەوەندی میللەتی کورد ولە بەرژەوەندی ئاشتی یەکی رێک وتەعامولێکی حزبانە یان مونافەسەیەکی شەریف، لەراستیدا شاراوە نییە و یەکەم جار نییە کە شتی وا دەکەن. برادەرانی یەکێتی

نیشمانی بەداخەوە، لەویّ نەک تەنیا نوێنەریان بەڵکو موزەکەرەی نوسراویان دابوو بەو پەرلەمانانە هەمووی، هەر شوێنێک ئێمە چووبووین ئەوان موزەکەرەیان دابوو ئەڵێن پەرلەمانی کوردستان نەماوە، چونکە ئێمە حزبێکی ئەساسین ئینسحابمان لیّ کردووە، لەبەر ئەوە پەرلەمانی کوردستان نەماوە و شەرعیەتی نییە و حەقیش نییە دەعوەتی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە بکرێت، یان بۆ نموونە بە محافلی تر ریّگە دراوە بەناوی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکرێت تەدەخول کراوە لە مەسەلەی گەورە، تەدخول کراوەو وتراوە دوو حکومەتی هەرێم هەیە لەکوردستان وئەمانە شەرعی نین ونابیّ بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەگەر کورد بەناوی حکومەتی کوردستانەوە شتێک بخوێنێتەوە بەرژەوەندی هەموو کوردی تیایە، بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەگەر بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە شتێک بکرێت بەرژەوەندی هەموو کوردی تیایە نەک مصلحەتی تاکە حزبێک، ئەمە بۆچوونێکی چەوتە، ئێمە بەداخەوە ئەو بۆچوونە بەراست نازانین لەراستیدا ئەمە کراوە وەکو باسم کرد وئێمە حەزیشمان نەکرد لای ئەو پەرلەمانانە هیچ باسی ئەو مەوزووعە بکەین، چونکە نایشارمەوە لێتان هەرکەسێک کە هات بە میوانی لای لایەنێک حەز دەکات رووی جوان وخۆش وگەشی خۆی پیشان بدات، مەشاکیلی ناوخۆمان پێویستە ئێمە خۆمان لەنێوان خۆماندا چارەسەری بکەین، بەڵام کەمن هاتم باسی لایەنی ترم بە خراپە کرد لایەنی تر هات بە خراپە باسی منی کرد هەردووکمان خراپ دەردەچین و میللەتی کورد هەمووی بە خراپ دەردەچێت، بۆیە ئێمە ئەگەر پرسیارمان لیّ نەکرایە حەقیقەت رەدمان دەدایەوە ئەو مەوزووعە پیشانیان داین موزەکەرەکەیان پیشان داین کە وابووە لەچەند شوێنێک ئێمە تەنیا شەرحی ئەوەمان لە بۆ کردن ووتمان پەرلەمانی کوردستان ساڵی ۱۹۹۲ هەڵبژاردرا یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستاندا، ئەنجامی هەڵبژاردن بەپێی راپۆرتەکانی جیهاتی محاید کەپێمان بووە رێکخراوی بەریتانی وئەوانەی موحاید ئەنجامی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بووە، پەرلەمانی کوردستان پێک دێت لەسەر ئەساسی ئیتفاقێک نەک ئەنجامی هەڵبژاردنە، پێک دێت لەچەند کوتلەیەک پەنجا ئەندامی پارتی وچل وحەوتی یەکێتی سیانی زەحمەت کێشان وپێنجی ئاشوری واتا لە سەدو پێنج ئەندام پەرلەمانی کوردستان پێک هێنرا، ئەو پەرلەمانە هەڵبژێردرا ماوەی تەمەنی پەرلەمان چوار ساڵە نەمان توانیوە لەو چوار ساڵەدا هەڵبژاردن بکەین چونکە کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بووە بەدوو پارچە ئەگەر ئێمە لە پارچەکەی خۆماندا بیکەین کە لەسەدا شەستی کوردستانە لەسەدا شەستی دانیشتوانیشە بەپێی تەقاریری ئومەمی متحدە بەپێی دابەش کردنی مەوادی (۹۸٦) ئەوە ئێمە هەڵبژاردن دەکەین لە ئەکثریەتدا ئەیکەین بەڵام هەڵبژاردنەکە نوقصان دەبیّ، کامل نابیّ، شەرعیەتی کامل نابیّ، لەهەمان کاتیشدا چونکە ئەکثەریەتی ئەندامانی پەرلەمان لە ساڵی ۹۲ ئەندامی پەرلەمانن دەوام دەکەن لەپەرلەماندا پەنجا کوتلەی پارتی دەوام دەکات، پێنجی کوتلەی برا ئاشوریەکان دەوام دەکەن شەش حەوتێکی برایانی سەر بەیەکێتی وەکو موستەقیل دەوام دەکەن وەکو ئەفراد دەوام دەکەن، لە پەرلەمانی کوردستاندا، دائیمەن نیصابی یاساییمان هەیە کە نیصابی یاسایی پەنجاو سێیە ئێمە شەست وسیّ ئەندام ئامادە دەبێت، بۆیە پەرلەمان بەپێی نیزامی داخلی تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە تا هەڵبژاردنێکی سەرانسەری، ئەمە راستیەکەیە ئینجا چۆنی سەیر دەکەن کەیفی خۆتانە لەراستیدا وەڵامیان تەنیا ئەوە بوو ئەیان ووت ئەو جۆرە داوایە حزبێک کە خۆی ئەکثەریەتی نەبێت بڵیّ پەرلەمان

شەرعیەتی نییە چونکە منی تێدا نیم ئەو داوایە خۆی شەرعی نییە خۆی دیموکراتی نییە، ئەوە وەلامیان بوو لەراستیدا ئێمە تەعلیقمان لەسەر ئەوە زیاتر نەبووە، سەفەرەکەشمان رەسمی بووە دەعوەتی رەسمی بووە و زۆر بە مستوایەکی بەرز استقبال کراوین و بایەخێکی تایبەتیمان پێدراوە ومن تصور دەکەم ئەوە سەرکەوتنە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ حزبەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان ئەوانەی ئێستا دەوام دەکەن وئەوانەی دەوامیش ناکەن ئەوانەی کە لەشوێنی ترن لەسلێمانی دادەنیشن نایەنە ئێرە سەرکەوتنە بۆ ئەوانیش چونکە ئەو پەرلەمانە پەرلەمانی ئەوانە ئاماژشمان بەوە داوە کە دەرگای پەرلەمان کراوەیە وهەموو کاتێکیش کراوەیە وپێمان خۆشە کە هەموو بێن پێکەوە چارەسەری راستەقینەو ئاشتی و بەردەوامی قەزیەکەمان، قەزیەی ناوخۆ بکەین چونکە هیچ چارەسەرێک هیچ قەزیەیەک چارەسەری شەرعی نییە ئەگەر پەرلەمان موافەقەتی لەسەر نەکات بەبریاری پەرلەمانی کوردستان نەبێت، لەراستیدا ئەوە بەس بوو وحەزیشمان نەدەکرد داخلی ئەو مەوزووعە بین و ئەگەر پرسیاریش نەکرایە من لە تەفصیلاتەکاندا هیچ باسی ئەوەم نەکردووە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەرێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد زۆر باش بوو و سەرکەوتوو بوو، هەروا جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد کە زیاد کردنی زیاراتی پەرلەمانی یا حزبی شتێکی زۆر پێویستە بۆ تجروبەی خۆمان و قەزیەی کوردستان هاتن بۆ ئەو جیهاتانەی وەکو ئیرلەندی و ئوسکوتلەندی یەکێتی پەرلەمانی جیهانی وهەروەها هی ئەقالیمی فیدرالی، لەراستیدا ئەوە هەشت ساڵە لە تەمەنی پەرلەمان وەکو ئاگادارم دوو زیارەت چوونە بۆ دەرەوە وابزانم لەماوەی هەشت ساڵ دوو زیارەت کەمە، هیوادارین کە جهود زۆرتر بن پەیوەندی زێدەتر بێت وباشتر بێت لەپاشەرۆژدا چونکە هەر خطەیەک هەبێت بۆ پاشەرۆژ لەگەڵ قیادەی پارتی وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ زێدەتر بەهێز کردن لەم مەجالەدا بۆ پەیوەندی دەرەوە وئیقلیمی زۆر بەسوودەو زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتەئکید هەوڵ دەدەین وا بکرێت هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەتایبەتی کابینەی چوارەم کە هەموو جهود صەرف بکرێت وتوانا صەرف بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانەکانی دنیا بە هەموو اتجاهەوە نەک حکومەتدا بەهێز بکرێت، انشاءالله سەرکەوتوو دەبین لەم بارەیەوە ، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەرێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی جەنابتان و یاوەران بەخێر بێنەوە، جەنابتان بەروونی باسی گەشتە رەسمیە سەرکەوتووەکەی بەرێزتان کرد وجێی خۆشحالیە کە بەم شێوەیە بایەخ بە کوردو کوردستان و نوێنەرە رەسمییەکان وکێشەکەمان دەدرێت بە تەئکید ناساندنی میللەتەکەمان بەگەلانی جیهان ئەرکێکی زۆر پیرۆزە و جەنابت بەباشی ئاماژەت بۆ ئەوە کرد، هیوادارین ئەو پەیوەندییانەی کە هەبوون لەپێشەوەتر وئێستاش هەر بەردەوامین پتەو تر بکرێت و بایەخیان زیاتر پێ بدرێت وئەو پەیوەندییە تازانەش کە تازە دروست کراون لە ئەنجامی ئەو گەشتەی بەرێزتاندا هیوادارین ئەوەش

بەباشی بایەخیان پێ بدرێت و گەشەیان پێ بدرێت لەراستیدا منیش تێبینی ئەوەم کرد کە جەنابت هیچ باسێکی ئەو اعتراضەتان نەکرد کە نوێنەری یەکێتی لەوێ دیارە بەرەسمی یاداشتی پێشکەش کردووە بەڵام جەنابتان روونتان کردەوە، بۆیە پێویست بە پرسیارەکەی من ناکات، سوپاسی هەڵوێستتان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د. لەراستیدا ویستم تەنها ئەوە پیشان بدەم من سێ بەڵگە یەکیان بەرنامەی سەفەرەکەی باسکە لەپەرلەمانی باسکەوە چاپ کراوە وەرەقەی رەسمی خۆیان کە بەناوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە باسکراوە وەفدی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی کۆنفراسی پاریسە بەناوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خۆیان تەبعیان کردووە، وئەمە هی وەزارەتی دەرەوەی هۆلەندەیە بەناوی سەرۆکی پەرلەمانەوە بەرنامەی ئیشەکەیان کارەکەیان داناوە وئیشمان لەسەر کردووە هەمووشی هەر هەمان شتە هەرچەندە پێویست نەدەبوو ئەو بەڵگانە لەگەڵ خۆما بیهێنم وپیشانی بدەم، ئیتر وای لێ هات، فەرموو کاک فەلەک.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر بێنەوە ئینشاءالله سەفەرەکەتان نەتائجی باشتری دەبێت، سوپاسی پیرۆزبایی بۆ بۆنەی دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم جارێکی تر بەناوی وەزیرەکانی هەرێم بەخێر هاتنتان دەکەینەوە، بێگومان سەفەرەکەتان لەدوو قۆڵەوە سەرکەوتوو بووە یەکێک ئەوەیە کە پەرلەمان پاش ئەو چەند ساڵە بێ دەنگیە جارێکی تر کەوتە سەر زمانی خەڵک، بێگومان ئەو پەیوەندییانەی کردووتانە ئەنجامی دەبێت و رەنگە لە هەندێ پەرلەمانی دەوروبەریش قسە هەیە ئومێدەوارین کە بتوانین ئەو پەیوەندیانە ئەنجام بدرێت. خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ئیشارەتی پێدەدەم دەربارەی پەیوەندی سەفەرەکەی ئێوەو بە حکومەتیشەوە واتە ئەو خاڵانەی باس کرا کە باسیان کردووە پەیوەندیان بە حکومەتیشەوە هەیە و هاوکارییە لەگەڵ حکومەت، لەگەڵ زانکۆ، لەگەڵ تەنزیمەکانی حکومەت و مەسەلەی خزمەت گوزاری ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە لە باسک باس کراوە ئەمانە هەمووی سەرکەوتنن بۆ حکومەتی هەرێم، بێگومان شت شت تەواو دەکات چەند پەیوەندی پەرلەمانی کوردستان بە دنیاوە بەهێز بێت بۆ حکومەت باشە، هەروەها بە پێچەوانەش چەند حکومەتی هەرێم بتوانێ چالاکی بنوێنێت بێگومان بۆ پەرلەمان باشە. سەفەرکەی ئێوە سەرکەوتنە بۆ حکومەتی هەرێمیش و ئومێدەوارین حکومەتی هەرێمیش ئەو فرسەتانە بە هەل بزانێت و بتوانێت بەش بەحاڵی خۆی لەرێگەی خۆیەوە پەیوەندیەکان یا ئەو بڕیارانەی کە هەیە جێبەجێ بکات. حکومەتی هەرێم لەم قۆناغەدا هەنگاوی باشتری ناوە بەتایبەتی وەکو کۆنفراسی واشنتۆن و ئەو پەیوەندیانەی کە لە سەرانسەری ئەوروپادا هەیە وەکوجەنابتان باستان کرد کە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەو ولاتانە، ئەوانەی کەوا دەوریان بینیوە ئەویش جێگای خۆش حاڵیە کەوا توانیویانە بەشێوەیەکی رەسمی پەیوەندی لەگەڵ دام ودەزگاکانی ئەو وولاتانە دابەستن ئەمەش لایەکی تری سەرکەوتنە بۆ ئەزموونەکە و مەبەستی هەمووشمان ئەوەیە کە چ پەرلەمان چ حکومەت چ دام و دەزگای حزبی و سیاسی و شەخصیات کە ئەزموونەکەمان بەرەو پێش ببەین و مەسەلەکەمان زیاتر بخەینە پێش چاو. ئەو کۆبوونەوەیەی لە پاریس کراوە و ئەو کۆبوونەوانەش کە

دەکرێ لە لایەن ئیشتیراکییەتی دەولیەوە و رەنگە کۆبوونەوەی تریش و ئەو دانیشتنانەی کە ئێستا لە واشتنون هەیە هەر هەمووی شایانی ئەوەیە کە بایەخ بدەن بە مەسەلەی کورد زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت وەکو جەنابتان ئیشارەتتان کرد کەوا مەسەلەی پاراستنی کورد، کەوا مەسەلەی پاراستنی ئەم تجروبەیە بەم شێوەیە یان بەشێوەی تر تا چەسپاندنی مەسەلەکە ئومێدەوارین بەردەوام بێت وەرنگیشە ئەو مەوزوعە لە دەزگاکان و کۆڕو کۆمەڵەی جیهانی چەسپاوە لەبەر ئەوە من دەبینم کەوا سەفەرەکەتان زۆر زۆر بە بەرهەم بووە و ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئێوە و پەرلەمان دەخوازم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەراستیدا لە ئەوەڵەوە من ئیشارەتیشم پێدا ئەم سەفەرە بە تەنسیق بووە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ناکرێ ئەم جۆرە سەفەرانە بەبێ تەنسیق لەنێوان هەردوو دەزگا بکرێ چ حکومەت چ پەرلەمان چونکە یەک تەواوکەری ئەوی ترن و یەک پاڵ پشتی ئەوی ترە و مەوزوعەکانیشمان بەگشتی موتەداخیلە یەعنی سەیر کەن وەفدێکی پەرلەمان، بڵێین سەرۆکی پەرلەمان چۆتە وولاتێکی ئەوروپی بە دەعوەتی پەرلەمانێک کەچی سەیر دەکەی یەکسەر حکومەت دەچێتە ئەو مەوزوعەوەو وەزارەتی خارجی دێت، رئاسەی وەزارە دێ چونکە گرنکی دان هەیە بە قەزیەی کوردی، بایەخی دان هەیە بەو مەوزوعانەی ئەمرۆ باس دەکرێ لە ساحەی عالەمیەوە کە پەیوەندی بە قەزیەی کوردەوە هەیە. پێش ئەوەی سەفەر بکەین تەنسیقمان کردووە و لە رێگای نوێنەرانمانەوە تەرتیبی جەدوەل و لیقائاتمان کردووە و تەنسیقەکە باش بووە و باشتریش ئەبێت و بەتەئکید ئەم تەنسیقە بەو جۆرە بەردەوام بێت بەرهەمی باشتر ئەبێت، وەکو ئەوەی باسم کرد، دووبارە سوپاسی کاک فەلەکەدین ئەکەمەوە بەمە کۆتایی هات بەکاری ئەم دانیشتنەمان بەپێی بەرنامەی کار. لەهەقیقەتا شتێک هەیە حەز دەکەم ئیشارەتی پێ بدەم، راستە دەورەی ئاسایی لە ٦/٣٠ تەواو بووە پەرلەمان لە ٧/١ وە لەپشوو دایە بەڵام پێویستە لەسەر لیژنەکان بەردەوام بن لەسەر ئیش و کارەکانیان وتەنسیق بکەن لەبەینی ئەندامانی پەرلەمان و بەردەوام بن لەئیشەکانیان بۆ ئەوەی مشاریعی خانووەکان ئەوانەی کەلایانە ئەوانەی مەشاریعیان لایە ئەوانەی شتیان لایە کۆتایی پێ بهێنن و پێش وەخت حازرو ئامادەی بکەن.

زۆر سوپاستان دەکەم.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**